
# ئازارەکانی ڤارتەری لاو




**وێنەی بەرگی وەرگێڕانی فارسی**

## یۆهان ڤۆلڤگانگ ڤۆن (گۆتە)

# ئازارەکانی ڤارتەری لاو

وەرگێڕانی لە فارسییەوە

## هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم

هەولێر- ٢٠١٨

# دەزگای ئاوێر


- ئازارەکانی ڤارتەری لاو
- یۆهان ڤۆلڤگانگ ڤۆن (گۆتە)
- وەرگێڕانی:هیمداد حوسێن و سەنگەر نازم
- دیزاینی بەرگ:ئاکار جەلیل
- چاپی یەکەم،هەولێر،٢٠١٨
- تیراژ: (١٠٠٠)دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکاندا ژمارە(    )ی ساڵی ٢٠١٨ی دراوەتێ

# پێشەکییەک بۆ وەرگێڕانی کوردی

ڕۆمانی ئازارەکانی ڤارتەری گۆتە، تا ئێستا بۆ سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی دونیا وەرگێڕدراوە و چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە ڕۆژئاوا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شاعیر و نووسەر و سیاسەتمەداراندا جێهێشووە.

ڕەنگە گۆتە لەسەردەمی خۆیدا زیاتر لە هەر نووسەر و شاعیرێکی دیکەی خۆرئاوایی ئاگاداری ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات بوو بێت، بەتایبەت لە غەزەلیاتی حافز و چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر دڵ و دەروونی ئەم کەڵە نووسەرەدا هەبووە بۆیەش دەبینین دیوانێکی خۆی ناوناوە بە دیوانی ڕۆژهەڵاتی، هەروەها لەئازارەکانی ڤارتەری گەنجدا ئاماژە بە یەکێک لە چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە دەدات، هەرچەندە گەلێک جار لێرە و لەوێ باس لە کاریگەربوونی گۆتە بە (مەلای جزیری)یش دەکرێت، بەڵام باس و بەڵگەیەکی ڕوون لەسەر ئەم بۆچوونە تا ئێستا لەئارادا نییە، سەرەڕای ئەدەبیات گۆتە ئاگادارییەکی زۆریشی لە ئایین و کلتوری خۆرهەڵاتی هەبووە، بە تایبەت ئایینی جوولەکە و ئایینی ئیسلام،

لەبەر ئەم هۆیانە ڕۆژ بە ڕۆژ لەلای نەتەوەکانی وەک عەرەب و فارس گرنگی و بایەخی زیاتری پێدەدرێت.

جگە لەمانە ئەوەی گۆتە لە نووسەر و شاعیرانی سەردەمی خۆی جیادەکاتەوە ئەو جیهانبینی و ڕوانینە قووڵەیە، کە بۆ ئەدەبی جیهانی هەیەتی، هەروەک ئەوەی دەبینین لەیەکێک لە گفتوگۆکانی لەگەڵ (ئیکرمان) لە ساڵی ١٨٢٧دا پێشنیازی ئەدەبێکی جیهانی دەکات هاوشێوەی ئۆقیانووسێک، کە تەواوی ڕووبار و جۆگەڵەکانی ئەدەبی نەتەوەکانی بڕژێتە ناو، هەرچەندە بەدیهاتنی ئەم بیرۆکەیە لەو سەردەم و تا ئێستاش شتێکی ئەستەمە، بەڵام لەلایەک تواندنەوەی بەستەڵەک و سنووره بەرتەسکەکانی نێوان ئەدەبەکان نیشاندەدات، لە لایەکیتریشەوە هەستی مرۆڤایەتی و سڕینەوەی ڕەگەزپەرستی، کە بێگومان ئەمەش پەیوەندی بە هەستی مرۆڤ دۆستانەی (گۆتە)ەوە هەیە.

گۆتە لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیدا ڕابەر و سەرئامەدی ڕێبازی ڕۆمانسیزمە و وەکو کەسایەتییەکی بەرجەستە هەرچەندە ماوەیەکی زۆر لەسەر ئەم ڕێبازە بەردەوام نەبووە و گەڕاوەتەوە ناو ڕێبازی کلاسیک، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاریگەییەکی زۆری لەسەر نووسەرە ڕۆمانسییە لاوەکانی سەردەمی خۆی و دوای خۆیدا جێهێشتووە، لەبەرئەوە زێدەڕۆییی نییە گەر بڵێین (ئازارەکانی ڤارتەر) مانیفێستی ڕۆمانسیزمە لە ئەڵمانیا، ئەمەش لەبەرئەوەی گۆتە بە قووڵی

فەلسـەفە و تێڕوانینـی ڕۆمانسـییەت بـۆ جیهـان و سروشـت لەم بەرهەمەدا دەخاتەڕوو.

گۆتە ڤارتەر وەکو ڕەمز و قوربـانییەکی جاویـدانەی خۆشەویسـتی نێـوان نێـرینە و مێیینـە نیشـان دەدات، لە هەمانکاتـدا بە زمـانێکی شـیعری پێوەنـدی نێـوان سروشـت و مـرۆڤ و جـوانی ژن و خەم و ڕەشبینی و تەنیایی و گومان و لـووتبەرزی چینـە دەسـەڵاتدارەکان و سادەیی مرۆڤی لادێ و ڕەوشتی پاک و خەیاڵ و بەرزەفـڕی مـرۆڤ و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و چوونە ناو ئەفسانە یۆنانی و ئەورووپییەکانمـان بە ئاسـانی بـۆ دەخـاتەڕوو، کە خـوێنەر لەگەڵ ڕووبەڕووبوونەوەیانـدا هەست بە تەواوێتی بەرهەمەکە و بیری فراوانی خاوەنەکەی دەکات.

هەرچۆنێـک بێـت تـا ئەمـڕۆ تەنیـا شـاکارە بەناوبـانگەکەی گۆتە (فاوسـت) لەلایەن (دلێـر میـرزا)ەوە بـۆ سـەر زمـانی کـوردی وەرگێڕدراوە و ئاوڕ لە بەرهەمەکانی دیکەی نەدراوەتەوە، بـۆیە ئـێمە بەپێویسـتمان زانـی ئەم شـاکارە بکەیـن بە کـوردی و بیخەیـنە بەردەسـتی خـوێنەرانی کـوردی، بەو هیـوایەی تینـوێتی ڕێبـوارانی ڕێگەی درێژی ئەدەب بشکێنێت.

لە وەرگێڕانـی ئەم دەقەدا پشـتمان بە سـێ دەقـی وەرگێـڕدراو بەستووە، کە دوانیان بە زمانی فارسی بوون و ئەوەیتریش بە زمـانی عەرەبـی بـووە، بەڵام وەرگێـڕانەکەی دکتۆر (سـەیید سـەعیدی فەیروزئابـادی)، کە یەکـێکە لە وەرگێـڕە هەرە بەناوبانگەکـانی

ئەدەبیاتی ئەڵمانی بۆ سەر زمانی فارسی لەم ڕۆژگارەدا، سەرچاوەی سەرەکی وەرگێڕانەکەمان بووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو وەرگێڕانەکەی دیکەی (نەسروڵڵای فەلسەفی)بە فارسی و دکتۆر (فوئاد فەرید)بە عەرەبی لە زۆر شوێنی ئەم وەرگێڕانەدا سوودیان لێ وەرگیراوە، بە تایبەت لەو شوێنانەی، کە هەستمان کردووە لەنگییەک هەیە پەنامان بۆ بردووە، ئەمەش لەبەرئەوەی زۆر کات بۆچوونی دوو کەس لە وەرگێڕاندا لە هی تاکە وەرگێڕێک باشترە.

هەبوونی ئەم هەموو وەسفەی سروشت لە ڕۆمانەکەدا ئەرکی ئێمەی قورستر کرد، چونکە لە هەندێک شوێندا هەست ناکەی، کە ڕۆمان دەخوێنیتەوە، بەڵکو لە کەش و هەوایەکی شیعری دایت، دۆزینەوەی ئەم هەموو وشە جوانەش بۆ ئەم وەسفانە کارێکی سەخت و دژوارە، بەڵام کەم تا زۆر توانیومانە بەسەر ئەم بەربەستەشدا زاڵ بین و خۆمان لە جووینەوە و دووبارەکردنەوەی دەربڕینە سواوەکان بپارێزین و بە زمانێکی سادە و ئاسان دەقەکە بخەینە بەردەم خوێنەران.

٢٠١٨/٤/١٤

## یادداشتی وەرگێڕی فارسی

ئازارەکانی ڤارتەری لاو لە ڕوانگەی مێژوییەوە دووەمین بەرهەمی گۆتەیە، گۆتە بۆ یەکەمجار ئەم کتێبەی لەساڵی ١٧٧٤ دا نووسی و چوار ساڵ دواتریش پێداچوونەوەی بۆ کرد. بەشی یەکەمی ڕۆمانی ئازارەکانی ڤارتەر بەو هۆیەی، کە بە دەسپێکی ڕۆمانە مۆدێرنەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی دایدەنێن لەسەر شێوەی نامەگۆڕینەوەیە و بەشی دووەمیشی تێکەڵەیەکە لە نامەکان و پەیامی کۆکەرەوەی ئەم نامانە.

ئەم بەرهەمە لەدوای تێپەڕینی زیاتر لە دوو سەدە هێشتا خۆشەویستترین بەرهەمی ئەدەبی جیهانییە، چونکە نووسەر تێیدا ڕۆحی یاخیبووی سەردەمی ئەدەبی (زریان و لافاو storm and flood) بە چاکی نیشان دەدات، ئاماژەگەلێکی فراوان بە بلیمەتی و سوربوون و پێداگری لەسەر هەستی مرۆڤ تایبەتمەندی سەرەکی ئەم قۆناغەیە و گۆتەیش، کە خۆی یەکێکە لە پێشەواکانی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییە چەندین جار لەم بەرهەمەدا ڕەخنە لە عەقڵگەرایی

بێخەوشی سەردەمی ڕۆشنگەری دەگرێت و هەوڵدەدات کۆت و بەندە باوە کۆمەڵایەتییەکان تێک بشکێنێت.

شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەی گۆتە لەم بەرهەمەدا (منی گێڕەرەوە)یە و لە قاڵبی نامەگەلێکی جۆراوجۆردا بۆ هاوڕێیەکی گیانی بەگیانی بیرۆکە و هەستەکانی کەسایەتی سەرەکی (ڤارتەر) باس دەکات، ئەم گۆشەنیگا و تەکنیکی گێڕانەوەیە ئەو هەلە بە گۆتە دەدات تا ببێتە سەرمەشقی زۆرێک لە نووسەران و بیرمەندانی دوای خۆی، دەوترێت ناپلیۆن چەندین جار ئەم بەرهەمەی خوێندۆتەوە و لەسەردەمی لەشکرکێشی بۆ سەر ڕووسیا ئەم بەرهەمە هاوسەفەری بووە، (نیچە)ش، کە ڕێزێکی زۆر بۆ گۆتە دادەنێت، کاریگەرییەکی زۆری لە ئازاراەکانی ڤارتەر وەرگرتووە و چەمکگەلێکی وەک (وێڵ) و (گیانی بەرزەفڕ)ی لەم نووسینەدا بەدەستهێناوە، هەرچۆنێک بێت لەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم بەرهەمە لە ئەڵمانیادا شەپۆلێک لە هەوادارانی ڤارتەر یا بە دەربڕینە باوەکە (ئاڵوودە و سوتاوی ڤارتەر) دەرکەوتن و بەهۆی بارودۆخی سیاسی و دیکتاتۆریەتی ئەو سەردەم گەنجانێی زۆر ڤارتەریان کردە ڕابەری ژیانی خۆیان، جل و بەرگێکی هاوشێوەی ڤارتەریان پۆشی و بەدوای لۆتەی واقیعی و مەزاری ڤارتەر کەوتن لەو شارانەی، کە گۆتە لێیان ژیابوو.

زۆرێک لە شیکەرەوەکانی بەرهەمەکانی گۆتەیش ئەم بەرهەمە بە گۆشـەیەک لە ژیـانی خـودی گـۆتە دادەنـێن و لەو بـاوەڕەدان، کە عیشقی گۆتە بە شارلۆتە بۆف تـیمەی سـەرەکی ئەم ڕۆمـانە بـووە، تەنـانەت (تۆمـاس مـان)ی نووسـەری بەناوبـانگی سـەدەی بیسـتەمی ئەڵمانی لەسەر بنەمای چیرۆکی ڕاستەقینەی شارلۆتە بۆف ڕۆمانێکی بەناوی (لۆتە لە ڤایمار) نووسیوە.

ئەم کـاریگەریی و هەواداریـیە بە ئازارەکـانی ڤـارتەری لاو تـا ئەمڕۆش بەردەوامی هەیە و ڕەنگە باشـترین نموونەش شـانۆنامەیەک بێت بەناونیشانی (ئازارە نوێکـانی ڤـارتەری لاو)، کە لە سـاڵی ١٩٧٢ دا (پیلنـزدۆرف) نووسـیویەتی و تـا ئێسـتاش لە ئەڵمانیـادا نمـایش دەکرێت.

بابەتی سەرەکی ئازارەکانی ڤارتەر عیشق و مردنە، خۆشەویسـتی بـۆ ژنێـک لێوانلێـو لە بلیمەتـی ڤـارتەری لاو بەرەو خۆکوشـتن پـاڵی پێوەدەنێـت و لە کۆتاییـدا بەرەو هەمـان چارەنووسـی خۆشەویسـتی قەدەغەی ئـۆدیپی ئەفسـانەیی پەلکێشـی دەکـات، لە پێوەنـدی سـێ قـۆڵی خۆشەویسـتییەکی لەم جـۆرەدا دەبێـت یەکێـک خـۆی بکـاتە قوربـانی و خۆشـبەختی و شـادمانی ئەوانیتـر دابـین بکـات، هەر ئەم بـابەتەش بونیـادێکی تراژیـدی بەم بەرهەمەی گـۆتە دەبەخشـێت و ڤــارتەری دیلــی چنگــی چــارەنووس ڕادەســتی ئەم قەزا و قەدەرە

دەبێت، لە هەمان کاتدا هەڵسوکەوتی ڤارتەر لە کۆتاییدا ئاماژەیەکە لە حەزی نەمری و جاویدانی.

لە کۆتاییدا سوپاسگوزراری مامۆستا (سەفدەر تەقی زادە)م کە وەکو هەموو کات بەشێک لەم ڕۆمانەی خوێندەوە و چەند ڕێنماییەکی کردم.

لە کۆتایی ئەم کتێبەدا (شیکردنەوەیەک بۆ ئازارەکانی ڤارتەر) بە قەڵەمی ئەندرێ مۆروا و بە وەرگێڕانە نایابەکەی خاتوو (دکتۆر زەهرا خانلەری کیا) هێنراوەتەوە، بەو ئومێدەی کە ئەم شیکردنەوە و وەرگێڕانەکەی یادێک بێت لەم خانمە نووسەر و وەرگێڕە بەرزە.

**دکتۆر سەیید سەعید فەیرۆزئابادی**

١٣٨٤

هەولێر نامەی کتێب

# ئازارەکانی ڤارتەری لاو

هەوڵمداوە هەر چییەکم لەبارەی بەسەرهاتی ڤارتەری بێنەوا دەستکەوتووە کۆی بکەمەوە و لەم کتێبەدا بیخەمە بەردەستتان و دەزانم لەسەر ئەمە سوپاسم دەکەن، ئێوەش ناتوانن لە ستایشکردنی ئەو و خۆشەویستیتان بۆ ڕۆح و کەسایەتی ئەو دریغی بنوێنن و فرمێسکێکی زۆر بۆ چارەنووسی ئەو هەڵدەڕژن.

ئەی ڕۆحی میهرەبان، ئەی ئەوەی، کە تۆش وەکو ئەو هەست بە دژواریەکان دەکەی، بەهۆی ئازارەکانی دڵ و دەروونت هێور و ئارام بکەرەوە، هەرچەند بەهۆی چارەنووس یا بەهۆی کەمتەرخەمی خۆت تا ئێستا هاوڕێیەکی یەک ڕوو و ڕاستگۆت نەدۆزیوەتەوە، ڕێگە بدە، کە ئەم کتێبە ببێتە هاوڕێ و هاوەڵت.



# یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن (گۆتە)

# بەشی یەکەم

**چواری مەی(١٧٧١)**

ئێجگار شادمانم، کە لەوێ ڕۆیشتووم! ئەی چاکترین هاوڕێ، دڵـی مرۆڤ یەجگـار سـەیرە!تۆم زۆر خـۆش دەویسـت و جیـابوونەوە لێـت بەلامەوە شتێکی نەگونجاو و نەشیاو بوو، بەڵام ماڵئاواییم لێکـردی و ئێستا شادمانم!دەزانم کە ئەم هەستەم پێدەبەخشـی و لـێم دەبـوری، ئایا تەواوی حەزلێکردنەکانی دیکەشـم بەهـۆی چارەنووس نەبـوو تـا دڵێکی وەک دڵی من بخاتە ترس و پەرێشانییەوە؟ لیۆنـۆرەی دامـاو! لەگەڵ ئەمەدا مـن هـیچ کەمتەرخەمیـیەکم نەبـووە، ئەو کـاتەی کە خوشـکەکەی بە گاڵتەجـاڕییە لاسـارانەکانی خـۆی ئـامرازگەلێکی ڕابـواردنی دڵڕفێنـانەی بـۆ مـن هێنـابوویە کـایەوە، عەشـق لە دڵـی کچۆڵەداماوەکەدا بەئاگا دەهات و منیش کـارێکم لەدەسـت نەدەهـات! بەڵام لەگەڵ ئەمەدا، ئایـا مـن هـیچ گونـاه و کەموکوڕییەکم نیـیە؟ ئایـا هەسـتەکانی ئەوم نەوروژانـدووە؟ ئایـا مـن گـاڵتەم بەو ئامـاژە

حەقیقییەی سروشت نەکردووە،کە چەندین جار ببووە مایەی خەندەی ئێمە و ئەسڵەن پێکەنیناوی نەبوو ؟ئاخ سەیرە، ئەم مرۆڤە دەتوانێت چەند گازاندەیەک لەخۆی بکات! ئەی چاکترین هاوڕێ، دەمەوێ...

سوێند دەخۆم، کە دەمەوێت چاکسازی لەخۆمدا بکەم و لەمە بەدواوە تووشی ئەو وردە گەمژەییانە نەبم، کە چارەنووس دەیخاتە سەر ڕێگای ئێمە، دەمەوێت ساتی دەسکەوت بژمێرم و ڕابردووەکان بە لەبیرچوونەوە بسپێرم. ئەی چاکترین هاوڕێ، گومانی تێدانییە کە تۆ لەسەر حەقی و مرۆڤەکان ئازارێکی کەمتریان دەچەشت ئەگەر — هاتوو خودایان بە هۆکاری ئەم ڕەفتار و هەڵسوکەوتە دابنابووایە – لەگەڵ ئەمانەشدا ڕژدی مێشکی خۆیان بە گەمژەییەکانی ڕابردوو پیس نەدەکرد و زیاتر چاویان لەسەر چرکەساتە هەنوکەییەکانیان دەبوو و کەمتر دووچاری ڕەنج و ئازارەکانی ژیان دەبوون.

تکایە بەدایکم بڵێ، کە ڕاسپاردەکەی ئەو بە چاکترین شێوە ئەنجام دەدەم و بە زوویی هەواڵەکەی پێدەگەیەنم.لەگەڵ پورمدا قسەمکردووەو هیچ ئاماژەیەکی خراپم نەدۆزییەوە لەو هەموو شتەی، کە سەبارەت بەو پێیان دەوتین. ژنێکی شاد و پڕ جۆش و خرۆش خاوەن دڵێکی یەکجار فراوان و چاکە، بەسەرهاتی ئازاری دایکمم لە پشکی پاشماوەی میراتییەکەی بۆ باسکرد و ئەویش چەند هۆکار و بەڵگە و مەرجێکی شیکردەوە، کە دوای یەکلابوونەوەیان ئامادە دەبێت تەواوی پشکی میراتییەکە و تەنانەت زیاتر لەوەش بدات،

بەكورتی نامەوێت ئێستا لەوبارەیەوە شتێك بنووسم، بەدایكم بڵێ ئیشەكان دەكەونە سەر ڕێچكەی خۆیان.

هاوڕێی میهرەبان لەكاتی كۆتایی ئەم كارەدا تێگەیشتم كە خراپ تێگەیشتن و خاو و خلیچكییەكان ڕەنگە زیاتر لە فێڵ و پیسییەكان ببنە هۆی گومڕایی لە جیهاندا، لانیكەم ئەم دوو تایبەتمەندییەی دوایی بەبێ گومان ناكاریگەرتر نین لە دوو هۆكارەكەی سەرەتا.

لەڕاستیدا بارودۆخی من لێرە باشە، تەنیایی مەرهەمێكی شیفابەخشی دڵی منە لەم شوێنە بەهەشتییەدا و زۆربەی كات بەهاری لاوی ڕاستەوخۆ دڵی لەرزۆكی من پڕ دەكات، هەر درەختێك، هەر پەرژینێك لە دەستە گوڵێك دەچێت و مرۆڤ حەزدەكات وەكو پەپوولەیەك دەركەوێت و لەم دەریای عەترانەدا ببێتە مەلەوان و بەدوای خۆراكی خۆیدا بگەڕێت و بیدۆزێتەوە.

خودی شارەكە ئەوەندە سەرنجڕاكێش نییە، بەپێچەوانەوە جوانی سروشتی دەوروبەرەكەی وەسف ناكرێت. هەر ئەم جوانییە بووە هۆی ئەوەی خوالێخۆشبوو كۆنت (فۆن م)ی باغێك لەسەر یەكێك لە گردەكان بنیات بنێت. ئەم گردانە هەر یەكێكیان بەڕەنگێكی یەجگار جوان پێكدەگەن و دۆڵێكی زۆر جوان پێكدەهێنن. باغەكە سادەیە و هەر لەگەڵ چوونە ناوی زوو هەست بەوە دەكەی، كە دروستكراوی دەستی باغەوانێكی زانا نییە، بەڵكو دڵێكی لێوانلێو لە عەشق نەخشەی كێشاوە و مەرامێكی دیكەی جگە لە چێژی خۆی نەبووە.

لە ژوورێكی بچووك و وێرانەدا، كە حەزی لێبووە و منیش خۆشم دەوێت چەند دڵۆپە فرمێسكێك لە چاوانم هەڵوەرین، ئەوەندە ناخایەنێت، كە من دەبمە خاوەنی ئەم باغە. باغەوانەكەش لەم چەند ڕۆژەی، كە هاتوومەتە ئێرە پەیوەست بووە بە منەوە و لە ئایندەشدا هیچ نیگەرانییەكی نابێت.

هەواڵنامەی كتێب


alamy stock photo

**دەیەمی مەی**

جۆش و خرۆشییەکی پەرجوئاسا بەسەر ڕۆحی مندا زاڵ بووە و بارودۆخم ڕێک لەم بەرەبەیانییە شیرینە بەھارییەدا دەچێت، کە زۆر چێژی لێدەبینم، تەنیام و لەژیان لەم شوێنەدا ، کە بۆ کەسانێکی هاوشێوەی ڕۆحیەتی من ئەفرێندراوە، شادمانم ئەی هاوڕێی میهرەبان وەها هەست بە خۆشبەختی دەکەم و نوقمی ئەو هەستە ئارامبەخشەی ژیان بوومە، کە تەنانەت کارە هونەرییەکانیشم فەرامۆش کردووە، ئیتر ناتوانم نیگارکێشیش بکەم، تەنانەت هێڵێک بکێشم و هەرگیز بە ئەندازەی ئەم چرکەساتانە هەستمنەکردووە، کە نیگارکێشێکی مەزنم. هەر کاتێک، کە تەم چواردەوری من لەم دۆڵە جوانە دادەپۆشێت و خۆر لە بەرزایی ئاسماندا بەسەر ڕووی تاریکی نادیاری جەنگەڵەکەدا شەکەت دەبێت و تەنیا چەند تیشکێکی دەگاتە ئەم فەزایە پاکە، هەر جارێک لە مێرگە بەرزەکانی کەناری جۆگەلەی ڕەوان ڕادەکشێم و پشت لە زەوی نقومی تەماشای گژوگیاکان دەبم، هەر بارێک کە جۆش و خرۆشی ئەو دونیا بچووکەی نێوان پێی و پەلە بێشومار و بچووکەکانی کرمەکان و مێشولەکان نزیکتر لە دڵی خۆم هەستپێدەکەم و بوونی ئەو خودا بەرز و توانایە درک دەکەم، کە ئێمەی لەسەر شێوەی خۆی ئەفراندووە و تێیدا ئەم سەرچاوە ئەزەلییەی عیشق دەبینم، کە تاھەتایە بە شادمانییەوە ئێمە دەخاتە فڕین و پارێزەری ئێمەیە، ئاخ ئەی هاوڕێی میهرەبان هەر جارێک، کە

هەولێر ئامێدی کتێب

چاوم بەسەر ئەم هەوراز و نشێویەی خۆردا هەڵدەهێنم و جیهانی دەوروبەر لە وجودمدا وەکو ڕووی مەعشوق ئارامی هەڵدەبژێرێت، نقومی تامەزرۆ دەبم و لەبەرخۆمەوە بیردەکەمەوە و دەڵێم: ئای خۆزگە بەخت یارت دەبوو و دووبارە ئەم وێنانەت دەخولقاندەوە، دەتتوانی بە کاغەز ڕۆح ببەخشی و ئەو هەستە لێوانلێوە و گەرمی بەخشە بخەیتەڕوو، کە دەبێتە  ئاوێنەیەک لە دڵی تۆ، چونکە دڵی تۆیش ئاوێنەیەکە لە وجودی بێسنوری پەروەردگار! هاوڕێی ئازیز من دەفەوتێم و لەبەرامبەر توانای پڕ شکۆی ئەم دەرکەوتن و ڕەنگدانەوانە لەپەل و پۆ دەکەوم.

**دوازدەی مەی**

لەوە تێناگەم،کە ڕۆحگەلێکی فریودەر و هەڵخەڵەتێنەر لەم سەرزەمینەدا بە گشت لایەکەوە پەرش و بڵاو بوونەتەوە، یا ئەو خەیاڵە دڵگیرەی بەهەشتی ئاسمانی لە دڵی مندا دەبێتە هۆی ئەوەی کە دەوروبەری خۆم بەهەشت ئاسا وێنابکەم، هەر لەو نزیکانەدا کانییەک هەیە،کە من هەروەکو ڕووە گەشەکانی ئەو پەرییە دەریاییەی نێو ئەفسانە کۆنەکانی فڕەنسی و خوشکەکانی دێوانەی بووم. لە گردێکی بچووک، کە بەرەو خوار دەچێت خانووێکی شێوە گومەزی لەپێش خۆتدا دەبینی و بیست پلیکانە لەو شوێنە بەرەو خوارتر دەڕۆی و لەوێدا زوڵاڵترین ئاو لە دڵی بەردە مەڕمەڕیەکاندا هەڵدەقوڵێت، دیوارێکی بچوک کە لەسەرەوە چواردەورەی داوە و

درەختگەلی بەرز دەوروبەریان داپۆشیوە و فێنکی و شێداری ئەو شوێنە سەراپا زۆر سەرسوڕهێنەر و ترسناکە، ڕۆژێک نییە کاتژمێرێک لەوێدا دانەنیشم، پاشان کچانێک لە شارەکەوە دێن و ئاو دەبەن، ئەمە کارێکی سادەی بێ گرفت و پێویستە، کە لە ڕۆژگاری ڕابردوودا تەنانەت کچە پاشاکانیش ئەنجامیان دەدا.هەر جارێک کە لەم شوێنەدا دادەنیشم بیری ژیانی باوکساری لە مێشکمدا بەرجەستەدەبێت و ئەوە دێنمە یادم، کە باوکان و دایکانی ئێمە هەموویان لە تەنیشت ئەم کانیانەدا ئاشنای یەکتری بوون و دڵیان داوە بەیەک و ڕۆحە چاکەخوازەکان هێشتاش لە نزیک ئەم چاڵاو و کانیاوانەدا بەرەو هەموو لایەک دەڕۆن، ئاه، ئەو کەسەی کە هەستێکی لەم جۆرەی نییە، بێگومان لەپاش گەشتێکی پڕ لە گەڕان و شەکەتی لە ڕۆژێکی هاویندا چێژی لە فێنکی ئەم کانیاوانە وەرنەگرتووە.

**سێزدەی مەی**

دەپرسی چاکتر نییە کتێبەکانم بۆ بنێری؟ هاوڕێی ئازیز، تو پاکی خودا وەکو ئەوەی بووە من لە شەڕی ئەم کتێبانە قورتار بکە! ئیتر نامەوێ کەسێک ڕێنماییم بکات، شادم بکات و بڵێسەیەک لە ناخمدا هەڵگیرسێنێت، دڵی من خۆی پڕ جۆش و خرۆشە، من تەنیا ئارەزووم لە گۆرانییەکی لایلایەیە و وەڵامی ئەم خواستەم لە گەورەیی ئەودا، واتە هۆمێری ئازیزی خۆمدا دەستکەوتووە، چەندین

جـار بەم لایلایـانە ئـارامیم بە شـەپۆلی خرۆشـانی خـوێنی خـۆم بەخشـیوە، چـونکە هەرگیـز جیـاوازتر و نائـارامترم لەم دڵە نەدیـوە.
هاوڕێی میهرەبـان! ئایا پێویسـتە ئەم شتەت بـۆ بگێـڕمەوە، کە تـۆ خۆت چەندین جار شایەتی حالی دڵڕەنجاویم بووی و غەمم بە شـادی و خەفەتی شیرینم بە عیشقێکی وێران و خـراپ گـۆڕاوە؟ منـیش ئەم دڵە بچـووکەی خـۆم وەکـو منـداڵێکی نەخـۆش تیمـار دەکەم و ئارەزووەکـانی جێبەجـێ دەکەم، ئەم نهێنیـیە بە هـیچ کەس مەڵـێ، چونکە خەڵکانێک هەن، کە لەم ڕەفتـار و هەڵسـوکەوتەی مـن دڵیـان دەشکێت.

**پازدەی مەی**

هەندێک خەڵکی لادێـکە دەمناسـن و خۆشـیان دەوێـم ، زیـاتر لە هەموویان منـداڵان، لە ڕوانـگەی ئەوانەوە قسـەکانی مـن غەمهێـنەرە، ڕۆژانی سەرەتا،کە چوومە لایان و بەشـێوەیەکی هاوڕێیـانە دەربـارەی هەندێک بابەت پرسیارم کرد، گروپێک وایان بیردەکردەوە،کە مەرامـی گاڵتەپێکردنیـانم هەیە، هــەر بۆیــە بە تونــدی منیــان لە خۆیــان دوردەخستەوە، هیچ نەڕەنجاوم، چونکە بەڕوونی ئەو هەستەم هەبوو، کە پێشتریش هەستم پێکردبوو، مەبەستم ئەمەیە، کە خەڵکی چینـی سـەرەوە بەردەوام بە مەودایەکـی زۆر خۆیـان لە خەڵکـی ڕەشـۆک دوورەپەرێز دەگرن و وا بیـردەکەنەوە، کە هـاوڕێیەتی لەگەڵ خەڵکـی ڕەشۆک لە گەورەییان کەم دەکاتەوە و ئێستا گروپێکـی بەهـانەچی و

بێشـەرمیش هەن،کە بە ڕواڵەت دێـنە نـاو خەڵـک و بەبێ شـەرمی خۆیان خەڵک هەستیارتر دەکەن.

چاک دەزانم، کە ئێمە وەکو یەک نین لەگەڵ یەکتریـدا و نـاتوانین بەم جۆرە بین، بەڵام لە چاوی مندا ئەو کەسـەی کە وا بیردەکـاتەوە پێویستە خۆی دورەپەرێز بگرێت لە خەڵکی ڕەشۆک تـاوەکو ڕێزێکـی بـۆ دابنـێن، ڕێـک وەکـو ترسـنۆکێکی چەپەڵ وایە، کە لە ترسـی سەرکەوتنی دوژمنەکەی خۆی هەڵدێت.

لەو ماوانەدا چووبوومە لای کانیەکە و خزمەتکارێکی گەنجـم بینـی کە گۆزەی خۆی لەسەر نزمترین پلیکانە دانابوو و سەیری دەوروبەری دەکرد و چاوەڕوانی هاوڕێییەکی دەکرد تـا یـارمەتی بـدات و گـۆزەکە لەسەر سەری دابنێت

چوومە خوارەوە و لە کچەکەم ڕوانی ، گـوتم : کـچە جـوان ڕێگـە دەدەی هاریکاریـت بـکەم؟ ڕوخسـاری تـا بنەگـوێی سـور هەڵـگەڕا و گـوتی: ئـاە، نـا، ئاغـا! بەبـێ هـیچ قسـەیەکی دیـکە سەرپۆشـەکەی لەسەری دانا و من کۆمەکم کرد، سوپاسـێکی گـوت و لەپلیکانەکانـدا بەسەر کەوت.

## حەڤدەی مەی

ئاشـنـایەتیم لەگەڵ خەڵکـانێکی زۆر پەیـداکردووە، بەڵام هێشـتـا نەچـوومەتە نـاو کـۆڕ و کۆبوونەوەکانیـانەوە، نـازانم بـۆچی لە دیـدی خەڵکەوە من کەسێکی سەرنجڕاکێشم، چونکە ئەوان منیان زۆر خۆش

دەوێت، تەنیا کاتێک خۆشەویستی خۆیان بۆم دەردەبڕن، کە لە کورتەڕێییەکدا هاوڕێیەتییان دەکەم و لەتەکیاندا دەڕۆم ئەمەش دڵم تەنگ دەکات، ئەگەر دەپرسی خەڵکی ئێرە چۆنن، بەناچاری وا وەڵامدەدەمەوە: هاوشێوەی خەڵکی هەر شوێنێکی دیکە! جۆری مرۆڤ لە هەموو شوێنێکدا یەکسانە، زۆرینەی زۆری تەمەنی خۆیان کاردەکەن تا بە زیندوویی بمێننەوە و هەر ئەو ماوە کەمەی، کە دەستیان لە کار بەتاڵ دەبێت، وەها بۆیان تۆقێنەرە،کە بەهەر بەهایەک بێت دەخوازن لێی ڕابکەن،ئای ئەمە چارەنووسی مرۆڤە!

خەڵک یەجگار میهرەبانن! کاتێک، کە خۆم لەیاددەکەم و لەگەڵیاند سوود لەو شادمانیانە وەردەگرم ، کە هێشتا بۆ مرۆڤەکان بوونیان هەیە، واتە دانیشتن لە سەر مێزێک لەگەڵ چەند کەسێکی دڵ کراوە و میهرەبان، پیاسەیەک، یا سەمایەک لەکاتی خۆیدا و هاوشێوەی ئەم جۆرە شتانە، هەموویان هەستێکی خۆش لە دڵمدا دروستدەکەن، تەنیا نابێت ئەوە بهێنمە یادم، کە لە ناخی مندا هێزگەلێکی دیکەی پوچ شاردراوەتەوە و ناچارم بە وردی و وریاییەوە لە چاوی کەسانی دیکەی بشارمەوە، ئاه، هەر ئەو شتە دڵم دەڕەنجێنێ، سەرباری ئەمەش چارەنووسی خەڵکانێکی وەکو ئێمە ئەوەیە،کە هیچ کەس بە دروستی لێیان تێنەگات و درکیان پێنەکات.

بەداخەوە، کە ئیتر هاوڕێی سەردەمی لاوێتیم نییە! بەداخەوە، کە لەڕابردوودا بەو ئاشنا بووم! بەخۆم دەڵێم: تۆ نەزانی! بەدوای

شـتێکی کە لەم کۆتـاییەدا نـاتوانی بەدەسـتی بهێنـی، بەڵام مـن سەردەمێک بەدەستم هێنـابوو، دڵـم لێوانلێـو بـوو لەو ڕۆحە بەرزەی، کە وا بیـرم دەکـردەوە لە ئامـادەیی ئەودا پـێگە و پـایەیەکم هەیە، بەرزتر لەوەی کە هەبووم، چونکە بۆ هەر شتێک کە ئـارەزووم لێبـوو پێیدەگەیشتم ، خـودای میهرەبـان! ئایا هـیچ هێزێـک لە ڕۆحـی من بەهەدەر نەچـووە؟ ئایـا نەمـدەتوانی لەلای ئەو دەسـتم بەو هەسـتە سەرسـوڕهێنەرە بگـات، کە لە دڵـی خۆیـدا شـوێنێک بـۆ سروشـت دەکاتەوە؟ ئایا تانوپۆی هاوڕێیەتی ئێمە جوانترین هەست نەبوو، کە هەنـدێک جار بە تەنزێکی تونـدوتیژ تەنانەت تائەنـدازەی بێشـەرمی دەڕۆیشـت و هەمـووان ئەوەیـان بە نیشـانە و ئامـاژەیەکی بلیمەتـی دادەنـا؟ و تەمەنـی ئەو کـورتتر بـوو لە مـن و پـێش مـن لە گـۆڕدا پـاڵکەوت.هەرگیز فەرامۆشـی نـاکەم، هەرگیـز نیگـا مـات و هێمنـانە ئاسمانییەکەی ئەو لەیاد ناکەم.

چەنـد ڕۆژێـک لەمەوبەر لەگەڵ گەنجێـک بەنـاوی (ف) ئاشـنابووم، گەنجێکی ڕووخۆش بە سیمایەکی لێوانلێو لە خۆشبەختی، لەو زوانە زانکۆی تەواوکـردووە و خـۆی بە زانـا نازانێت، بەڵام وا بیردەکـاتەوە زیاتر لە کەسانی دیکە دەزانێت، هەستدەکەم کەسـێکە هەوڵـدەدات و زۆر خۆی ماندوو دەکات، بە کـورتی سـوودی لە زانست وەرگرتـووە، لەبەرئەوەی پێیـان وتـووە، کە مـن زۆر نیگارکێشـی دەکەم و زمـانی یۆنانی دەزانـم — کە لێـرەدا دوو شـتی سەرسـوڕهێنەرن- هـاتە لام و

هەرچی لە هەگبەیدا بوو لە باتۆ تا ڤیۆد، لە دی پیل تا ڤینکڵمان هەمووی ڕشت و دڵنیایی پێدام، کە بەشی سەرەتای تیۆری زولستەری بەتەواوەتی خوێندۆتەوە و تەنانەت دەستنووسێکی (هانین)ی لەبارەی لێکۆڵینەوە لە سەردەمی و یۆنان و ڕۆمای کۆن هەیە، گوتم: زۆر چاکە.

لەگەڵ پیاوێکی چاکی دیکە ئاشنایەتیم پەیداکردووە،کە دادوەرە و مرۆڤێکی ڕووخۆش و میهرەبانە، دەڵێن سەیرکردنی ئەو لەنێو منداڵەکانیدا دڵی مرۆڤ شاد دەکات، چونکە نۆ ڕۆڵەی هەیە بەتایبەت زۆر باسی کچە گەورەکەی دەکەن، داوای لێکردم بچمە دیدەنی و لەچەند ڕۆژی داهاتوودا دەچم، لە ڕاوگەی میرنشین و دەوروبەری سەعات و نیوێک دورتر لێرە ژیان بەسەر دەبات و پاش مردنی هاوسەرەکەی لەبەرئەوەی ژیانی شار بۆی سەخت و ناخۆش بووە مۆڵەتیان پێداوە لەوێ ژیان بگوزەرێنێت.

لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەش یەکانگیر بووم، کە چەندین کەسایەتی لاساییکەرەوە و پێکەنیناوین و ئەسڵەن ناتوانرێت بەرگەیان بگریت، بە تایبەت هاوڕێیەتی لەگەڵیاندا سەختترین کاری دونیایە.

خودات لەگەڵ! ئەم نامە شتێکی مێژووییە و بە ئارەزووی دڵی تۆیە.

## بیست و دووی مەی

ژیـانی مـرۆڤ لە خەون دەچێـت، ئەم ڕاسـتییە لەپـێش منیشـدا کۆمەڵە کەسێک وتویانە و ئەم هەستە بەردەوام لە ناخی مندایە، ئاە ڤیلهـێلم، هەر جارێـک چەنـد لەمپەرێـک دەبینم، کە هێـزە چالاک و بزۆکەکەی مرۆڤ سنووردار دەکات، هەر جارێک کە دەبینم ئەم هێـزە گەورە و بەتوانـایە ڕاسـتەوخۆ بـۆ دابینکردنـی خواسـتگەلێک بەفیـڕۆ دەدرێـت ، کە هـیچ ئامـانجێکی، جـگە لە بەردەوامیـدان بەم ژیـانە گەوجـانەیە نیـیە و لەپاشـانیش ئاسـودەییەکی ڕووکەشـانە، کە لە مەبەست و مەرامێکی ئەم گەڕان و هاتوچۆیەدا بەدەستهاتووە جـگە لە نامورادییەکی خەونئاسا شتێکی دیکە نییە، چونکە مـرۆڤ لەسـەر ئەو دیوارانەی، کە دیلە تێیدا، بێجگە لە وێنەگەلێکی ڕەنگاوڕەنـگ و دیمەنگەلێکی درەوشاوە شـتێکی دیـکە ناکێشـێت، زمـانم دەگیرێـت و ڕووم وەلاوە دەنێم و جیهانێکی سەرسوڕێنەر بەدەسـت دێنم!زیـاتر بە هەست و چاوچنۆکییەکی کپ و نـاڕوون تـائەوەی بەشـکڵێکی دیـار و بە توانایەکی جووڵاو، پاشان جیهان بەشێوەی ئاڵۆز و نادیار دەبیـنم و نوقمی خەون پێی پێدەکەنم.

لەبارەی ئەمەوە،کە منداڵان هۆکـاری ئارەزووەکـانی خۆیـان نـازانن گشت فێرکاران و پەروەردەکارانی ڕۆشـنبیر کـۆک و هـاوبیرن ، بەڵام هیچ کەسێک نایەوێت ئەم شتە باوەڕ بکات و لەڕوانگەی مـنەوە ئەوە بە تەواوەتی ڕوونە، کە کەسە پێگەیشـتووەکانیش وەکـو منـداڵان لەم

هەوالنامەی کتێب

جیهانەدا بەخاو و خلیچکی ڕێگا دەکووتنەوە و هیچ شتێک لەبارەی هەڵوێست و مەرامی خۆیان نازانن و بۆ بەدەسهێنانی ئامانجە ڕاستەقینەکان تێناکۆشن و بە حەلوا و شیرینی و حەیزەران فەرمانڕەوایەتییان بەسەردا دەکەن.

بە مەیل و ئارەزووەوە لای تۆ دان بەوەدادەنێم، کە وەڵامی تۆ نازانم، دەڵێی بەختیارترین خەڵک ئەوانەن، کە وەکو منداڵان لە چرکەساتی ئێستادا دەژیێن، بووکەشووشەکانی خۆیان لەگەڵ خۆیاندا بۆ هەموو شوێنێک دەبەن، جلەکانیان لەبەر دادەکەنن و جلی دیکەیان لەبەر دەکەن و بە وریاییەکی زۆرەوە بەدوای چەکمەجەیەکدا دەڕۆن، کە دایک شیرینییەکانی تێیدا شاردۆتەوە و دەرگاکەی کلۆمداوە و هەر جارێک بە تامەزرۆییەوە دەگەنە مەرامی خۆیان بە دەمێکی پڕ لە شیرینییەوە هاواردەکەن: دیسان پێمان بدە! ئەمانە کۆمەڵە کەسێکی بەختەوەرن، هەروەها کەسانێک بەخت یار و یاوەریانە، کە کارە گەمژەییەکانی خۆیان، یا تەنانەت هەستەکانی خۆیشیان زۆر بە گەورە دادەنێن و ئەوانە مایەی ڕزگاری و شادمانی جۆری مرۆڤن، هەر بۆیە کە ئەم کارانە بە کاری زۆر گەورە ناودەنێن، خۆش بەحاڵی کەسێک، کە بتوانێت بەم جۆرە بێت! بەڵام ئەو کەسەی بەبێ فیزییەوە دەزانێت مەبەست لەم هەموو شتە چییە، ئەو کەسەی، کە دەبینێت هەر هاوڵاتییەک دەخوازێت باغچە بچووکەکەی خۆی بگۆڕێت بۆ بەهەشتێک و بێنەوایەک، کە بێ هیچ زەحمەتییەک،

بەڵام بەدەم نالینەوە بارێکی قورس بەسەر کۆڵی خۆیدا دەدات و ڕێگای خۆی دەکوتێتەوە و هەردووکیشیان حەزدەکەن چرکەیەک زیاتر و زووتر ڕۆژ هەڵبێت و تیشکی خۆر ببینن، خۆی بێدەنگ و خامۆشە و جیهانی خۆی لە ناخی خۆیدا بنیات دەنێت و بەخت یار و یاوەریەتی، چونکە مرۆڤە، لەپاشاندا بەهەر ئەندازەیەک دیل بێت، بەردەوام لە دڵدا هەست بە شیرینی ئازادی دەکات و ئەم هەستەی هەیە،کە هەر چرکەیەک ئارزوو بکات، دەتوانێت ئەم زیندانە جێبهێڵێت و ماڵئاوایی لێبکات.

## بیست و شەشی مەی

تۆ لە مێژە ئەوە دەزانی، کە نیشتەجێبوون لە هەر شوێنێکدا بۆ من ئاسانە و دەتوانم لە کونجێک، خانۆچکەیەک بدۆزمەوە و بە هەموو شتە دیاریکراو و سنووردارەکانەوە ژیان بەسەر ببەم، لێرەدا کونجێکی خەڵوەتیم پەیداکردووە، کە منی شەیدای خۆی کردووە.

نزیکەی یەک سەعات لە شار دووردەکەویتەوە، شوێنێکە، کە پێیدەڵێن (ڤالهاییم)[1]، ئەم شوێنە لە بناری گردێکی یەجگار جوانە و لە تولەڕێیەکدا، کە بەرەو گوند دەچێت بەیەکجاری سەرانسەری دۆڵەکە دەبینی، خاوەنی مەیخانەیەک، کە سەربازی تەمەن و

[1]. خوێنەران هەوڵنەدەن کە ئەو شوێنانەی لەم کتێبەی بەردەستیان ناویان هاتووە بدۆزنەوە ، چونکە لە ڕوانگەی کۆکەرەوە شتێکی پێویست بوو کە ئەو ناوە واقیعیانەی کە لە نامەکاندا ناویان هاتووە بیانگۆڕێت، بۆیە دۆزینەوەیان شتێکی بێسوود و ئەنجامە.

گەورەییەکەی میهرەبان و دڵشادە، شەراب و بیرە و قاوە دەفرۆشێت و جوانتر لەمانە دوو درەختی زەیزەفون، کە بە لقە پەرش و بڵاوەکانیان گۆڕەپانە بچووکەکەی حەوشەی کڵێسا دادەپۆشن.

دەوروبەری ئەم گۆڕەپانە خانووەکانی گوند و کۆگا و زەوییە کشتوکاڵییەکانە، هەرگیز نەمتوانیبوو شوێنێکی وەها ئارام و دوور لە ژاوەژاو بدۆزمەوە، دەڵێم مێزێکی بچووک و کورسییەکم لە مەیخانەکە بۆ بهێننە ئەم شوێنە، لەوێدا قاوەیەک دەخۆمەوە و بەرهەمەکانی هۆمێری ئازیز دەخوێنمەوە. یەکەمین جار،کە بەڕێکەوت لەپاش نیوەڕۆیەکی خۆش هاتمە بن ئەم درەختانە، ئەم کونجە خەڵوەتییەم دۆزییەوە، هەموو خەڵک لە کێڵگە بوون تەنیا کوڕێژگەیەکی چوار ساڵان لەسەر زەوی دانیشتبوو و منداڵێکی شەش مانگەی لەسەر قاچەکانی دانابوو و بە دەستی منداڵەکە پاڵەپەستۆی دەخستە سەر سنگی خۆی ڕێک وەکو کورسییەک بوو بۆ منداڵەکە و ئاگای لەو شادییەی،کە لە چاوە ڕەشەکانی منداڵەکە دەدرەوشایەوە نەبوو و بەئارامی دانیشتبوو، تەماشکردنی ئەم دیمەنە بەلامەوە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، لەسەر هەوجاڕێکی ئاسنین، کە بەرامبەری ئەوان بوو دانیشتم و بەچێژێکی زۆرەوە وێنەی ئەو دوو برایەم کێشا، پەرژینی تەنیشت و دەرگای کۆگاکە و چەند چەرخەیەکی شکاوی عەرەبانە ڕێک بەهەمان شێوەی کە لەدوای یەک بوون بۆ تابلۆکەم زیاد کرد و پاش تێپەڕینی کاتژمێرێک تێگەیشتم کە نیگارێکی ڕێک و

پێـــک و یەجگـــار سەرنجڕاکێشـــم کێشـــاوە، بەبـــێ ئەوەی کەمتـــرین بیرۆکەی خۆم لەسـەر بارکردبێت، ئەم خـاڵە بـووە هـۆی ئەوەی، کە لەسـەر پـلانەکەی خـۆم گـورج بـم و لە داهـاتوودا سروشـت بـکەمە بنچینـەی کارەکـانی خـۆم، تەنیـا سروشـتە،کە دەوڵەمەنـدییەکی بـێ کۆتـــایی هەیە و هونەرمەنـــدی گەورە دروســـتدەکات و دەردەخـــات، دەتوانرێت زۆر لەبارەی سودمەندییەکانی یاسا هونەرییەکان بگوترێت، ڕێـــک هاوشـــێوەی ئەو ستایشـــکردنانەی، کە لەبـــارەی کـــۆمەڵی شارستانییەوە دەگوترێت، مرۆڤێک کە بە پشت بەستن بەم یاسایانە هونەری خۆی بئافرێنێت هەرگیز شتێکی پوچ و نزم دەرناخات و ڕێک هاوشـێوەی کەسـێکە،کە لەسـەر بنەمـای یاسـاکان ژیـانی خـۆی پێکدێنێت و هەرگیز بۆ دراوسێیەکی ئازاردەر یـا کەسـێکی شـەڕانگێز ناگۆڕێت،بەڵام بەپێچەوانەوە هەر چی دەیانەوێت با بیڵێن تێکڕای ئەم یاسایانە هەستی ڕاستەقینەی سروشـت و خسـتنەڕووە هـونەرییەکەی نابوت دەکات!

تۆ دەڵێی ئەم کارە زۆر دژوارە! تەنیا شتی سنووردار دەئافرێنێت و سەرە لقە زیادە جوانەکانی مێـو دەبڕێـت و هاوشـێوەی ئەم جـۆرە قسانە دەکەیت، هـاوڕێی میهرەبـان باشـتر نیـیە بـۆ تـۆ پێکچوانـدێک بهێـنمەوە؟ ئەم ڕوداوە ڕێـک وەکـو عیشـقە. پیـاوێکی گەنـج دڵـی دەچێتە سەر کچێـک، تێکـڕای کاتژمێرەکـانی ڕۆژ لە تەک ئەو کـچەدا بەسـەر دەبـات، تەواوی تواناکـانی خـۆی لەم ڕێگـایە بەفیـڕۆ دەدات،

تێکـڕای ســەروەت و ســامانی خــۆی خەرجــدەکات تــا بتوانێــت چرکەساتێک بە کچەکە بڵێت دڵی بۆ ئەو لێدەدات، لەناکاو پیاوێکی بــێ مەعریفەتــی نــزم پێیــدەگات، پیاوێــک کە پێگەیەکــی هەیە و پێیدەڵێت: ئەی پیاوی گەنج و چاک، دڵداری کارێکی مرۆییە، تەنیا پێویســتە مــرۆڤ دڵــداری بکــات! ڕۆژی خــۆی دابەش بکــات بەو شـێوەیەی کە چەنـد کاتژمێرێـک بـۆ کـار تەرخـان بکرێـت و کـاتە بەتاڵەکانیش بەشی مەعشوقە. حیسابی ماڵی خۆت بکەیت و لەوەی کە لە پێویسـتیت زیـادە بە تێڕوانینـی مـن دەتوانیـت دیـارییەک بە بـۆنەی ڕۆژی لەدایکبـوون یـا ڕۆژی ناولێنـان بەو بـدەیت، هەرچەنـد نابێــت زیــادەڕۆیی بکەیــت- ئێســتا ئەگەر ئەم عاشــقە پەنــد و حیکمەتێکی لەم چەشنە پەسەند بکات و کاری پێبکات دەگۆڕێت بۆ گەنجێکی سوودبەخش و من بە گشت پادشایەک ڕادەسپێرم، کە ئەو بباتە لای خۆی و کارێکی پـێ بسـپێرێت، تەنیـا عیشـقی ئەو دەگـاتە کۆتایی و ئەگەر هونەرمەند بێت هـونەرەکەی کۆتـایی پێـدێت. ئـاە ، ئەی یــارانی دڵســۆز! لەبەرچــی بــاوبۆرانی بلیمەتــی بە کەمــی هەڵدەسـتێت و بەشـێوەی لافـاوێکی خرۆشـاو دەردەکەوێـت و ڕۆحە سەرسوڕماوەکانی ئێوە دەخاتە لەرزەوە؟ یارانی ئازیز لەسـەر هەردوو لێوارەکە چەند بەڕێزێک بە ئاسـودەیی دانیشـتوون، کە لافـاوێکی لەو جـۆرە بـاغ و لالەزار و کێڵگەکانیـان لەناودەچێـت و هـەر بۆیـە، کە

بەردەوام بەشێوەیەکی هۆشیارانە هەوڵدەدەن بەهۆی بەنداوەکانەوە ڕێگەی مەترسییەکانی داهاتوو بگرن و خۆیان بپارێزن.

## بیست و حەوتی مەی

بەو شێوەیەی،کە دەبینم نقوومی شادی و بەزم و لێکچواندنەکان و وتاربێژی بوومە و ئەوەم لەیاد چووە،کە چارەنووسی ئەو منداڵانەت بۆ بگێڕمەوە، بە تەواوەتی نقوومی هەستی نیگارکێشیم، هەر بەو شێوەیەی، کە لە نامەکەی دوێنێدا بە کەمی بۆم باسکردبووی، لەسەر هەوجاڕەکەی خۆمدا دوو کاتژمێر دانیشتم، لەم کاتەدا ژنێکی گەنج بەدوای منداڵەکاندا هات، منداڵەکان لە شوێنی خۆیان نەجوڵابوون، ژنەکە بە سەبەتەیەکی بچووکەوە،کە لە قۆڵی خۆی کردبوو لە دوورەوە هاواریکرد: ( فیلیپ، ئافەرین بۆ تۆ! کوڕێکی یەجگار چاکی)، سڵاوێکی لە من کرد، منیش سوپاسم کرد، هەڵسام و لێیان نزیکبوومەوە و لێم پرسی ئایا دایکی ئەم منداڵانەیە؟ ژنەکە وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە و لەو کاتەی، کە پارچە نانێکی دەدایە کوڕێژگە گەورەکە، منداڵە بچووکەکەی بەرزکردەوە و لێوانلێو لە عیشقی دایکایەتی ماچیکرد و گوتی ( بە فیلیپم گوتبوو،کە پارێزگاری لە منداڵە بچووکەکەم بکات، لەگەڵ کوڕە گەورەکەم چوومە شار تا نانی سپی و شەکر و دەفری گڵێنە بکڕم) دەرگای سەبەتەکە کراوە بوو من هەموو ئەم شتانەم دەبینی ژنەکە لە بەردەمم بوو: ( دەمەوێ بۆ هانز، ئەو منداڵە بچووکەم ئەمشەو سوپ

لێبنـێم، کـوڕە گەورەکەم، ئەم کـوڕە عەیـارە دوێنـێ لەگەڵ فیلیـپ لەسەر چێشتی نـاو دەفـرەکە بـوو بە کێشـەیان و دەفـرەکە کەوت و شـکا). پرسـیاری کـوڕە گەورەکەم لە دایکـی کـرد، خەریـک بـوو دەیویست بڵێت، کە کوڕەکە لە ناو پاوان بە دوای قازەکان کەوتووە و بەربۆتەوە لەوکاتەدا سەر و سیمای کوڕەکە بە لقە بندوقێکەوە، کە لە دەسـتی گرتبـوو بـۆ بـرای دووەمـی، پەیـدابوو ، لەگەڵ ژنەکە بەردەوامـیم بە گفتوگـۆکەدا و تێگەیشـتم، کە ئەو کچـی بەڕێـوبەری قوتابخانەیە و مێردەکەی گەشتی بۆ سویسرا کردووە تا میراتی کوڕە مـامەکەی وەربگرێـت و بیهێنێـتەوە. ژنەکە دەیگـوت: ( دەیانویسـت مێردەکەم هەڵبخەڵەتێنن و وەڵامی نامەکانیان نەدەدایەوە، هـەر بۆیـە خۆی ڕێگای ئەم گەشتەی گرتەبەر، خوا بکا بەڵایەکی بەسەر نەیەت، چونکە ماوەیەکە باس و هەواڵێکم لێوەی نییە)، جیـابوونەوە لەم ژنە بـۆم شـتێکی دژوار بـوو، یەکەو سـککەیەکم[٢] دایە هەر یەکێـک لە منداڵەکان و سـککەیەکی زیاتریشـم دایە منـداڵە بچووکەکە، تـاوەکو هەر کاتێک چووە شار بەشە نانێکی زیـاتری بـۆ بکڕێت، پاشـان هەر یەکەمـان ڕێـی خۆمـان گـرتە بەر. ئەی ئـازیزترین هـاوڕێ، لێـت ناشارمەوە ئەگەر هیچ شـتێکم لەبیـر نەچێت، تەنیـا ژاوەژاو و هەرای بینینی خولقێنراوێکی لەم جـۆرە دەبێـتە سـوکنایی و ئارامبەخشـی ژانەکـانم، مەبەسـتم ئەو ژنەیە، کە بە ئاسـودەییەکی بەخـتەوەرانە لە

[٢]. (کرۆیتزەر). و. کوردی

قەڵەمڕەوی سنووری بوونی خۆیدا هەنگاو دەنێت و ڕۆژ بە شەو و شەو بەڕۆژ دەگەیەنێت،کەوتنی گەڵای درەخت دەبینێت و هەموو بیر و یادی گەیشتنی زستانە.

لەو کاتەوە زیاتر دەچمە دەرەوە، منداڵەکان بە تەواوەتی خویان پێوە گرتووم و هەر جارێک قاوەیەک دەخۆمەوە قەندێک دەبێتە بەش و پشکی ئەوان و شەوانیش نان و کەرە و ماستی خۆم لەگەڵیاندا دابەش دەکەم، هەموو یەکشەممەیەک سکەیەکم لێ وەردەگرن، ئەگەر پێش نانی ئێوارە لەوێ نەبم ژنی مەیفرۆشەکە بە ناوی منەوە سککەکانیان دەداتێ.

لەگەڵ مندا زۆر گیانی بەگیانین و هەموو ڕووداوەکانی خۆیانم بۆ دەگێڕنەوە بە تایبەت لەو کاتەدا چێژ لە پێوەندی و تامەزرۆییەکەیان وەردەگرم،کە منداڵانی گوندەکانی دیکەش کۆدەبنەوە.

زۆر سەختە وا لەو دایکە بگەیەنم، کە چیتر نیگەران نەبێت و نەڵێت: ( منداڵەکان ڕەنگە ئەو بەڕێزە بێزار بکەن).

**سی مەی**

ئەوەی لەو زوانە لەبارەی نیگارکێشی بە تۆم گوت، بێ گومان لەبارەی شیعریشەوە ڕاستە،تەنیا هێندە بەسە،کە ئەم بابەتە بالایە بناسین و بوێری خستنەڕوویمان هەبێت و گومانی تێدانییە، کە لەم دەربڕینە کورتەدا چەند شتێکی زۆر خۆیان حەشارداوە، ئەمڕۆ دیمەنێکم بینی، کە ئەگەر تەنیا ئەو دیمەنەم بخستایەتە سەر کاغەز

و بمنوسیبایە دەبوویە جوانترین هونراوەی جیهان، بەڵام بەڕاستی مەبەستی شیعر چییە؟ تەنیا خستنەڕووی دیمەنەکان و ژینگەیەکی جوان؟ ئایا هەر جارێک کە دەمانەوێت لەگەڵ دیاردەیەکی سروشتی هەست بە هاودڵی بکەین پێویستە لەسەر قاڵبی شیعر دەریبخەین؟ ئەگەر بەم پێشەکییە چاوەڕوانی دەرخستنی شتێکی باڵا و بەرزی ، هەمدیسان فریوت خواردووە، چونکە لەم بارەشەوە ، تەنیا کورێژگەیەکی دەشتەکی هۆکاری وروژاندنی ئەم هەستە بزواوە هاوسۆزیەیە لە مندا و منیش وەکو هەمیشە ئەم ڕووداوە بە چاکی ناگێڕمەوە و وابیردەکەمەوە تۆش بە نەریتی خۆت پێمدەڵێی زێدەڕۆیت کردووە، ئەم جارەش ڤاڵهایمە و بەردەوام ڤاڵهایمە،کە ئەو شتە دەگمەنانەی لێ ڕوودەدات.

چەند کەسێک لە کەش و هەوایەکی ئازادانە لەژێر درەختە زەیزەفونەکان بۆ خواردنەوەی قاوە کۆببوونەوە، لەبەرئەوەی ئامادەبوون لەنێو ئەو کۆمەڵە کەسەدا بۆ من شتێکی خۆش نەبوو بۆیە بە هۆی بەهانەیەک خۆم لێ دوورکردنەوە.

کوڕەلاوێکی دەشتەکی هەر لەو دەورووبەرە لە ماڵێک هاتە دەرەوە و سەرقاڵی چاککردنەوەی ئەو هەوجاڕە بوو، کە لەو ماوەیەدا وێنەم کێشابوو، چونکە کەیفم پێی هات دەستم کرد بە گفتوگۆکردن لەگەڵی و لەبارودۆخیم پرسی و زۆر زوو لەگەڵ یەکتری بووین بە هاوڕێ و هاوشێوەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ ئەم جۆرە مرۆڤانە

هێندەی نەبرد دۆستایەتی و متمانە لەنێوانماندا زیاتر بوو، ئەوەی باسدەکرد،کە لای بێوەژنێک کاردەکات و بێوەژنەکە هەڵسوکەوتی لەگەڵیدا باشە، هێندە دەربارەی ژنەکە قسەی کرد و باسی کرد، کە من زوو تێگەیشتم بە دڵێک، نەوەک سەد دڵ دڵبەند و عاشقی ئەو ژنە بووە،دەیگوت ژنەکە ئیتر ئەوەندە گەنج نییە و مێردی یەکەمی ڕەفتاری خراپی لەگەڵ کردووە و بۆیە نایەوێت لەگەڵ کەسێکی دیکەدا هاوسەرگیری بکات و لە باسکردنەکانیدا وادەردەکەوت، کە بێوەژنەکە لەبەر چاوی زۆر جوان و سەرنجڕاکێشە و زۆر حەزی دەکرد ژنەکە وەکو مێردی خۆی پەسەندی بکات تا بەم کارەوە دەرفەتێک بقۆزێتەوە و یادەوەرییە چەوتەکانی مێردی یەکەمی لە مێشکی ژنەکەدا بسڕێتەوە، پێویستە قسەکانی موو بە موو بۆ تۆ بگێڕمەوە تا ببینی چ هەستێکی پاک، چ عیشق و وەفایەک لە ناخیدا شاردراوەتەوە، بەڵێ بۆ کارێکی لەم جۆرە پێویستە بەهرەی گەورەترین شاعیری جیهانم هەبێت تا بتوانم بارودۆخی خستنەڕوو، هەماهەنگی دەنگ، ئاگری پەنهانی نیگای بە ڕوونی بگێڕمەوە، نا ناکرێت بە هیچ وشەیەک ئەم نەرم و نیانی و جوانییە بخرێتەڕوو، کە لە ناخ و ڕەفتاریدا شاردرابووەوە، ئەوەی گوتم جگە لە دەرخستنێکی هەرزەکارانە و نەشارەزاییانە شتێکی دیکە نەبوو بەتایبەت ئەم بابەتە بەلامەوە هەژێنەر بوو،کە گەنجەکە لەوە دەترسا من لەبارەی پێوەندییەکەی لەگەڵ بێوەژنەکەدا بەدگومانی بکەم و گومان لەم

پێوەنـدییە ڕاسـتەقینە بـکەم، ئەو کـاریگەرییەی قسـەکانی لاوەکە لەباری ڕووخسـار و قەد و بـاڵای ژنەکە، کە بەبێ هـیچ نیشـانەیەکی جوانی و قەشەنگی گەنجەکەی مەفتون و دیلی خۆی دەکرد، تەنیا لە قـووڵایی ڕۆحـی مـن شـاردراوەتەوە، لە سەرانسـەری ژیـانی خۆمـدا پێوەنـدییەکی وەهـا بـێ کـۆت و بەنـد و مەرج و عیشـقێکی پـڕ لە تامەزرۆییانەی هێندە پاکم نەبینیوە، تەنانەت پێداگری لەسـەر ئەوە دەکەم،کە ئەم پـاکییە لە مێشـکی منـدا جـێگەی نـابێتەوە و لە خەونیشدا ئەم پاکییە نابینم، ئێستا کە بە تـۆ دەڵـێم یادەوەری ئەم بێگوناهی و حەقیقەتی قووڵایی ڕۆحی من دەخاتە شـڵەژانەوە و ئەمە نمـوونەی وەفـاداری و میهرەبـانییەکی بەردەوامە لە مێشـکی منـدا و منـی دڵ سـوتاو لەم هەسـتانە، لە ئـاگری پەرۆشـیدا دەسـوتێم ، سەرزەنشتم مەکە.

دەمەوێـت هەرچـی زووتـرە ئەو ژنە ببیـنم ، یـا کە بەچـاکی بیـردەکەمەوە وایـدەبینم باشـترە خۆپـارێزی لە کـارێکی لەم جـۆرە بکەم، چاکترە لە چاوی عاشقەکەدا ئەو ببینم، ڕەنگە لە چاوانی مندا ئەوە نەبێـت، کە ئێسـتا لەپـێش ڕووی خۆمـدا دەیبیـنم ، بەڕاسـتی لەبەرچی دەبێت ئەم وێنە جوانە تێکبدەم؟

## شازدەی جون

لێم دەپرسی لەبەرچی نامەت بۆ نانووسـم؟ تـۆ خـۆت لە هەمـوو شتێک ئاگاداری، پێویستە مەزەندەی ئەوە بکەی،کە من بـارودۆخێکی

باشم هەیە و لە ڕاستیدا لەگەڵ کەسێک ئاشنایەتیم پەیداکردووە و ئەم ئاشنابوونە کاریگەری خستۆتە سەر دڵم. من ... هیچ نازانم.

شتێکی زۆر دژوارە،کە بە ڕێک و پێکی ڕوداوەکەت بۆ باس بکەم و بڵێم چۆن لەگەڵ بوونەوەرێکی خۆشەویستی وەها ئاشنابووم. نقوومی شادیم و هەست بە خۆشبەختی دەکەم و هەر بۆیە ئاشکرایە،کە نابمە مێژوونوسێکی چاک.

فریشتە! — ئاە! هەموو کەسێک دەربارەی مەعشوقەکەی خۆی وەها دەڵێت، مەگەر وانییە؟ لەگەڵ ئەمەدا من ناتوانم بە تۆ بڵێم تا چ ئەندازەیەک بێ کەم و کورتییە، هێندە بەسە کە تەواوی بیر و هۆشی من بۆتە ئەو.

پێم سەیرە خوداوەند ئەم هەموو دڵسۆزییە و لە هەمانکاتدا هۆش، ئەم هەموو میهرەبانییە لە هەمانکاتدا بەتوانایی و ئاسودەیی و ئارامی ڕۆحی لە هەمان ساتدا ژیان و چالاکی حەقیقی لە ناخی ئەودا پێکەوە کۆکردۆتەوە.

ئەوەی لەبارەی ئەوەوە دەیڵێم جگە لە قسەی بێ سەر و پا و چەند خەیاڵپڵاوییەکی ناڕێک شتێکی دیکە نییە و ناکرێت تەنانەت گۆشەیەک لە تایبەتمەندییەکانی بخەمەڕوو.

دواتر، نا، دواتر، نا هەر ئێستا بۆتی باس دەکەم، ئەگەر لەهەمان کاتدا نەنووسم هەرگیز بەم شێوەیە نابێت، ئاخر لەنێوان خۆماندا بێت لەو کاتەی،کە پلانم داناوە بنووسم سێ جار دەمویست

قەڵەمەکە فڕێدەمە سەر زەوییەکە و بڵێم ئەسپەکەم بۆ زین بکەن و بچمە دەرەوە، ئەمڕۆ بەیانی سوێندم خوارد نەچمە دەرەوە لەگەڵ ئەمەدا گشت چرکەیەک دەچمە لای پەنجەرەکە تا ئەوە ببینم،کە خۆر بەتەواوەتی هەڵاتووە یان نا..

نەمتوانی بەسەر ئەم هەستەدا زاڵ بم و بەناچاری بەپەلە بۆ دیداری چوومە دەرەوە، ئێستا دووبارە گەڕاومەتەوە، ڤیلهێلم دەمەوێت نان و کەرەی ئێوارە بخۆم و بەسەرهاتەکان بۆ تۆ بنووسم، هەر جارێک، کە ئەو لەنێو منداڵە شاد و خۆشەویستەکان، لەنێو حەوت خوشک و براکەیدا دەبینم خۆشی و شادییەکی سەیر دەچێتە ناو دڵمەوە.

ئەگەر بەم جۆرە بەردەوام بم لە کۆتاییدا تۆ هەروەکو سەرەتای ئەم نامەیە لە هیچ شتێک تێناگەی، بە هێمنی گوێبگرە دەمەوێت بە هەر شێوەیەک، کە بووە وردەکارییەکان باس بکەم.

لەو زوانەدا بۆم نووسیبووی کە لەگەڵ دادوەری ئێرەدا بەڕێز(س) ئاشنایەتیم پەیداکردووە و ئەو داوای لێکردم، کە بچمە کونجی خەڵوەتییەکەی ئەو، یا چاکتر ئەوەیە کە بڵێم بچمە مەملەکەتە بچووکەکەی ئەو ، ماوەیەک خۆم لەم کارە دواخست و ڕەنگە ئەگەر دەستی چارەنووس منی بۆ ئەو شوێنە ڕانەکێشابوایە، ئەوا هیچ کات ئەو گەنجینەیەم نەدۆزیبوایەوە، کە لەم کونجەدا شاردرابووەوە.

گەنجانی ئێرە کۆڕێکی سەماکردنیان لە گوندەکەدا ڕێک خستبوو منیش بە جۆش و خرۆشەوە بەشداریم تێداکرد، کچێکی میهرەبانی جوانم داوەتکرد، کە بۆ سەماکردن لەگەڵم بێت، کە خەڵکی ئێرەیە و کەسێکی سادەیە،پێکەوە بڕیارماندا من گالیسکەیەک بەکرێ بگرم و لەگەڵ هاوتا سەماکەرەکەی خۆم و کچە خاڵەکەی بڕۆینە ئەم میواندارییە و لەسەر ڕێگا (شارلۆتە س)یش لەگەڵ خۆمان ببەین.

خەریکبوو لەنێو بەشێکی دارستانەکەدا، کە درەختەکانی بڕابوون بەرەو ڕووی کوخی ڕاوەکە دەڕۆیشتین هاوڕێکەم پێیگوتم: ( لەگەڵ ژنێکی جوان ئاشنا دەبیت)) خاڵۆزاکەی بەدوای قسەکانی ئەو کەوت و گوتی: ( وریابە دڵت نەچێتەسەری!) پرسیم لەبەرچی؟ وەڵامی دایەوە: (پەیمانی هاوسەرگیریی ئەویان بە پیاوێک داوە، پیاوێکی زۆر میهرەبان، کە چۆتە گەشت تا کارەکانی ڕێک بخات، چونکە باوکی مردووە و ئەو بەدوای کارێکی گونجاوەوەیە)ئەم هەواڵە لە دیدی مندا گرنگییەکی ئەوتۆی نەبوو.

هێشتا چارەکە سەعاتێک مابوو لە ونبوونی خۆر لە پشت کۆسارانەوە،کە گەیشتینە پێش ماڵی دادوەر، کەش و هەوا تووش و نالەبار بوو و ژنان لە باوبۆرانێک دەترسان بەهۆی چەند پەڵە هەورێک، کە لە ئاسۆدا کۆببوونەوە، هەوڵمدا ترسی ئەوان بەهۆی پێشبینییە لەخۆباییانەکانم دەربارەی کەش و هەوا لەبار ببەم و

خۆشـم دەمزانـی، کە دەشـێت ئەم بـاوبۆرانە بەرنـامەی ئـاهەنگەکە تێکبدات.

لە گالیسـکەکە هـاتمە خـوارەوە و خزمەتکـارێکی کـچ هـاتە نزیـک دەروازەکە و داوای لێکردین چـرکەیەک چاوەڕوانبین تـا خـاتوو لـۆتە بێـت، مـن چـوومە نـاو کۆشـک و مـاڵە جـوانەکەی ئەوان و لە پلیکانەکـانی پێشـەوەی تەلارەکە تێـپەڕیم و کە گەیشـتمە ڕێـڕەوەکە جـوانترین دیمەنـی ژیـانم لەبەر چـاوانم بەدەرکەوت، لە ڕێـڕەوەکەدا پێکڕا شـەش منـداڵی دوو تـا یـازدە سـاڵانە لەدەوری کچێکـی ناسـک کۆببوونەوە، کچۆڵەکە باڵایەکی مامناوەندی هەبوو و پۆشاکێکی سپی و سـادە لەبەربـوو، کە سـەر دەسـت و سـینگی بە قـردێلەی سـوور ڕازێنرابوویەوە، نانێکی ڕەشی لەدەستدا بـوو و بەپێـی تەمەن و سـاڵ و دڵبردن بە میهرەبانییەکی فراوانەوە نانی پێـدەدان و هەر منـداڵێک بە دەنگـێکەوە، کە هـیچ ئامـاژەیەکی نـاڕازیبوونی تێـدا نەبـوو دەیگوت (سـوپاس!) ئەمە لەکاتێکـدا بـوو، کە منـداڵەکان بە دەسـتە بچووکەکانیـانەوە بەرەو لای خوشـکەکەیان دەهـاتن و ئەو هێشـتا نـانەکەی لەت نەکردبـوو لەدەسـتیان وەردەگـرت و بە چێژێکـی دەمەوعەسرانەی خۆیان دەیانخوارد و دەڕۆیشتن، یا بەپێی خەسـڵەتە تایبەتییەکانی تەمەنی خۆیان بەرەو لای دەرگـای کۆشـکەکە دەهـاتن تا کەسە بێگانەکان و ئەو گالیسـکەیە ببیـنن، کە وا بڕیـار بـوو لـۆتە پێی بڕوات، کچەکە وتی: ( داوای لێبوردن دەکەم، کە ئێوەم بێزارکرد

و هاتنە ئێرە و خاتوونەکانم خستە چاوەڕوانییەوە، پۆشینی جل و بەرگ و چەند کارێکی دیکە بۆ ماوەیەک بەتەواوەتی میواندارییەکەی لەبیر بردبوومەوە، کە نانی دەمەو عەسر بدەم بە منداڵەکانم و ئەوانیش بێجگە لە من لە دەستی هیچ کەسێکی دیکە نان وەرناگرن) خۆناساندنێکی ئاساییم کرد و دڵم یەکسەر پەرێشان و پەشێوی بەژن و باڵا و دەنگ و ڕەفتاری ئەو ببوو، هەر ئەوەی کە چووە ژورێکی دیکە تا دەستکێش و باوەشێنەکەی خۆی بهێنێت هەلێکم بۆ ڕێککەوت تا لەم پەرێشانی و سەرگەردانییە دەربازم بێت، منداڵەکان لە دوورەوە بە وردی و وریاییەوە لە منیان دەڕوانی و من بەدوای بچووکترینیان کەوتم، منداڵێک بوو بە ڕوخسارێکی زۆر جوان و کامەران، منداڵەکە خۆی کێشایە دواوە و پاشتر لۆتە هاتە ناو ڕاڕەوەکە و وتی: ( لویس، تەوقە لەگەڵ ئامۆزاکەت[٣] بکە!) کوڕیژگەکە بە ئازاییەکی تەواوەوە ئەم کارەی کرد و من نەمتوانی بەر لەخۆم بگرم و بەبێ سەرنجدان لە لووتە سوورەکەی ،میهرەبانانە ماچمکرد، لەو کاتەی کە تەوقەم لەگەڵ لۆتە دەکرد گوتم: (گوتت ئامۆزا؟ وا بیردەکەیەوە،کە بەو ئەندازەیە بەخت یار و یاوەرم بێت کە خزمی ئێوە بم؟) بە ڕووێکی خەندەئامێز لەسەر لێوانیەوە وتی: (ئاە، ئێمە مام و کوڕە مامی زۆرمان هەیە و حەیفە، کە ئێوە لەم

[٣]. لە هەردوو دەقەکە عەرەبی و فارسییەکەی دیکە نووسراوە کوڕە مام(ئامۆزا) تەنیا لە وەرگێڕانەکەی دکتۆر فەیروزئابادیدا نووسراوە مام بۆیە ئێمە کوڕە مامامان بە پەسەندتر زانی.و.کوردی

ئارەزووە سوودمەند نەبن). لەکاتی ڕۆیشتندا سۆفی یازدە ساڵەی ڕاسپارد، کە لەدوای خۆی گەورەترین کچ بوو، ئاگاداری منداڵەکان بێت و چاودێرییان بکات و سڵاوی ئەویش بگەیەنێت بە باوکی لەدوای گەڕانەوەی لە سوارچاکی، بە منداڵەکانی گوت، کە ڕێک وەکو قسەکانی ئەو گوێڕایەڵی قسەکانی (سۆفی) بن، چەند کەسێک هەمان پەیمانیان بەو دا،کچۆڵەیەکی قژ خۆڵەمێشی و بوێر،کە دەوروبەری شەش ساڵان بوو گوتی: ( بەڵام سۆفی وەکو تۆ نییە، لۆتە تۆمان زیاتر خۆش دەوێت). دوو کوڕێژگەی گەورەتر لەپشتی گالیسکەکەوە هاتنە سەرەوە و لۆتە بە ویستی من ڕێگەی پێدان تا دارستانەکە لەگەڵمان بێن بەو مەرجەی پەیمان بدەن سەر نەخەنە سەری یەک و بەتوندی گالیسکەکە بگرن.

هێشتا لە گالیسکەکە دانیشتبووین و خاتوونەکان ئەو دەرفەتەیان بەدەست نەخستبوو تا سڵاو و ئەحواڵ پرسی لێک بکەن و دەربارەی پۆشاک و بەتایبەتیش کڵاو قسە بکەن و زمانیان لە قسەکردن گەرم نەببوو، کاتێک لۆتە بە گالیسکەچییەکەی گوت ئاگادار بێت دوو برایەکەی لێرە دابەزێنێت، هەر دوو برایەکە دووبارە دەیانویست بە تامەزرۆییەوە دەستی لۆتە ماچ بکەن، برا گەورەکە بە نەرم و نیانییەکی زیاتر و بەو شێوەیەی،کە شایەنی کچێکی پازدە ساڵانەیە و براکەی دیکە بە توندی و بە فیزەوە دەستی خوشکیان ماچکرد.

لۆتە گـوتی سـڵاوی مـن بە منـداڵەکانی دیـکە بگەیەنـن و ئـێمە بەردەوامیمان بە ڕێگەی خۆماندا.

خاڵۆزای هاوڕێکەم لە لۆتەی پرسی ئەو کتێبەی، کە تازە پێیداوە خوێندۆیەتـیەوە یـان نـا، لـۆتە لە وەڵامـدا وتی: (نـا، حەز لەم کتێـبە نـاکەم، دواتـر پێتـانی دەدەمەوە، کتێـبەکەی پێشـترێش هێنـدە لەوە چـاکتر نەبـوو) مـن لـێم پرسی (مەبەسـتت چ کتێبـێکە؟) بە بیسـتنی وەڵامـی ئەو سـەرم سـوڕما...[٤] لەپاشـاندا هەر قسـەیەکی دەکـرد کەسـایەتییەکی گەورەم لەپشـتیدا دەبینـی و لەگەڵ هەر قسـەیەکدا برووسکە و تیشکێکی نوێی هۆشم لە هێڵەکانی ڕوخساریدا دەبینـی و وردە وردە وەکـو گوڵێـک شـکۆفەی دەکـرد، چـونکە هەسـتی دەکـرد منیش لە واتای قسەکانی تێدەگەم.

دەیگوت: (کاتێـــک کە گەنجتـــر بـــووم، ئەســـڵەن حەزم لە خوێنـدنەوەی ڕۆمـان نەبـوو، خـودا دەزانێـت، کە زۆر حەزمـدەکرد یەکشەموان لە کونجێک دابنیشم و لە قـووڵایی دڵـمەوە ببمە هـاوڕێی بەختەوەری و بەدبەختییەکانی کچە پەرییەکان، تەنانەت نکۆڵی لەوە نــاکەم،کە هێشــتا ئەم کــارە بەلامەوە شــتێکی سەرنجڕاکێشــە،بەڵام چونکە بە دەگمەن کتێبێک دەخوێنمەوە بۆیە دەبێ ئەم کتێبە بەپێی

[٤]. وا پێویست دەکات، کە ئەم بەشە لە نامەکەدا بسڕینەوە و نەبینە مایەی ناڕەحەتی بۆ کەسێک، هەرچەندە لە بنەڕەتدا نووسەران بۆ نیشاندانی کچێکی گەنج یا پیاوێکی شێواو هێندە بە شتێکی لەو جۆرە ڕازی نین.

حەزو ئـارزووی مـن بێـت و حەزی لێـبکەم، زیـاتر نووسـەرێکم خـۆش دەوێـت،کە لە بەرهەمەکانیـدا وێنەکێشـانێکی دونیـای خـۆمی تێـدا بـدۆزمەوە، هەر ئەو هەسـت و حـاڵە وایکـردووە،کە چیـرۆک بەلامەوە شتێکی سەرنجڕاکێش و کـاریگەر بێـت، ڕێـک وەکـو ژیـانی مـن لەنـاو ماڵـدا ، کە بـێ گومـان بەهەشـت ئاسـا نیـیە، بەڵام لەگەڵ ئەمـانەدا سەرچاوەی بەختەوەرییێکی زۆرە ).

هەوڵم دەدا ئەو خرۆشانەی،کە لە ئەنجامی گوێبیستی ئەم قسانەدا بەسـەرم هـاتووە بشـارمەوە، ئاشـکرایە،کە ئەم هەوڵە سـوودێکی ئەوتـۆی نەبـوو، چـونکە هەرئەوەی کە گوێبیسـتی بۆچـوونە زووتێپەڕەکەی لەبارەی چیرۆکی قەشە ویکفیێڵـد و بەرهەمـی...[٥] بـووم هەوساری سنووری خـۆم لەدەسـت دەرچـوو و هەرچـی پێویسـت بـوو وتم و پاش ماوەیەک،کە لۆتە ڕووی لەوانی دیکە کـرد تـا بەردەوامـی بەقسەکانی بدات یەکسەر بە سەرسوڕمانییەوە هەستمکرد کەسـانێکی دیکەش هەن،کە بە دەمێکـی کـراوە و واق وڕمـاو لێـرە دانیشـتوون و مـن ئامـادەیی ئەوانـم لەیـادچووە، خـاڵۆزا بە کـەپووە بچـووک و پێکەنینـاویەکەیەوە چەنـد جارێـک سـەیری کـردم، بەڵام مـن هەرگیـز سەرنجم لەم ڕوانینە نەدا.

---

[٥]: لێرەشدا ناوی چەند نووسەرێکی ئەڵمانی هاتبوو و سڕایەوە، هەر کەسێک کە لۆتە ستایش بکات و بەشدار و هاوبەش بێت لە هەستەکانی ئەودا ، بێگومان ئەم بەشە لە قوڵایی دڵی قسەکانی ئەودا تێدەگات و کەسانێکی دیکەش خواستیان لەسەر ئەوە نییە، کە ئاگایان لەم ناوانە هەبێت.

قسە هاتە سەر سەما و چێژی سەماكردن، لۆتە گوتی: (تەنانەت ئەگەر ئەم خواست و ئارەزووەی من نادروستیش بێت ، ئەوا دان بەوە دادەنێم،كە ئەوەندە شارەزا نیم لە سەماكردن، هەر كاتێك،كە نائاسوودەم بە پیانۆ ناڕێكەكەی خۆم ئاوازی سەمایەكی گشتی دەژەنم، هەموو كارەكان چاكدەبنەوە و غەم و خەفەت لەدڵم دەچێتە دەرەوە).

لەبەرئەوەی من دەناسیت و دەزانیت، كە لەكاتی ئەم گفتوگۆیەدا نقومی تەماشای ئەو چاوە ڕەشانە بووم، ڕۆحم شەیدا و دێوانەی ئەو لێوە پاراو و ڕوومەتە تەڕانە بووە، نقوومی مانای قووڵی قسەكانی بووم و زۆربەی ئەو دەربڕینانەی، كە دەیگوت گوێم لێنەببوو، بە كورتی كە گەیشتینە شوێنی سەماكردنەكە، وەكو خەواڵوویێك لە گالیسكەكە هاتمە خوارەوە و وەها لەو جیهانەی دەمەو خۆرئاوا نقوومی خەون بووم، كە نەغمەی مۆسیقام نەدەبیست، ئەم نەغمەیە لە تەلارێكی درەوشاوەوە دەگەیشتە ئەم ناوە.

دوو بەڕێز بەناوەكانی (ئاودران )و ئەوەیترش كە ناوی نازانم — كێ هەیە بتوانێ تێكڕای ناوەكان لەبیر بكات؟– وا بڕیار بوو لەگەڵ خاڵۆزای هاوڕێكەم و لۆتە سەما بكەن، لە نزیكی گالیسكەكەوە پێشوازییان لێكردین و لەگەڵ هاودەمە سەماكەرەكانی خۆیان ڕۆیشتن و منیش لەگەڵ هاودەمەكەی خۆمدا چوومە سەرەوە.

لەســەر شــێوازی (مەنیۆیت) ســەمامان دەکــرد و لەدەوری یەک دەخـولاینەوە، داوای سـەماکردنم لە هەمـوو ژنەکـان کـرد و تەنـانەت بەدڕەوشترینیان نەیتوانی قـۆڵی لە قـۆڵی کەسانی دیـکە بکـاتەوە و کۆتــایی بە ســەماکە بهێنێــت ، لــۆتە و هاوســەماکەرەکەی لەســەر شێوازی ئینگلیزی سەمایان دەکرد و تۆ حەتمەن وا هەستدەکەی، کە لە ڕاوەســتان لە ڕیزێــک لەگەڵ ئەودا هەســتێکی چــاکم دەبێــت، پێویستە سەمای ئەو ببینی! ئەگەر ئەو ببینی تێدەگەی،کە بە گیـان و دڵ سەما دەکات، تەواوی ئەندامی ئەو ئاماژەیەکە لە هاوئاهەنگی و ئارامی و ئـازادی، وەک بڵێـی سـەما تـاکە بـابەتی گـرنگە و جـگە لە سەما بیر لە شتێکی دیکە ناکاتەوە و بێگومان لەم چرکەساتەدا هـیچ کەس نابینێت.

بۆ گەڕی دووەم داوای سەماکردنم لێی کرد و ئەو خۆی وتی، کە گەڕی ســێیەم پــێکەوە ســـەما بکەیـــن و بەئـــازادییەکی تەواو خۆشەویستانە دڵنیایی پێمدا، کە زیـاتر حەزدەکـات لەسـەر شێوازی ئەڵمانی سەما بکات، پاشان وتی (لێرە وا باوە، کە هەر جووتێـک کە پێکەوە هـاتوون لەکـاتی سـەمای ئەڵمانیـدا پێویسـتە پـێکەوە سـەما بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی هاوتـاکەی مـن نەیـدەتوانی بە چـاکی سـەما بکــات و سوپاســگوزاریم لێــدەکات لەوەی، کە لەم کــارەدا بیبــورم، هاوتــاکەی ســەمای ئێــوەش ئەم ســەمایە نازانێــت و پێوەنــدییەکی لەگەڵی نییە و من لەکاتی سەمای ئینگلیزیدا ئەوەم دیت،کە ئێوە بە

چاکی لەسەر شێوازی ڤاڵس سەماتان دەکرد، ئێستا گەر حەزدەکەی کە لەگەڵمدا بە ئەڵمانی سەما بکەی بەدوای هاوتاکەی من بڕۆ و مۆڵەت لەو وەربگرە و منیش بەدوای هاوتا سەماکەرەکەی ئێوە دەڕۆم. پێشنیارەکەیم پەسەند کرد و پێکەوە بڕیارماندا هاوتا سەماکەرەکانمان لەم پشوەدا پێکەوە گفتوگۆ بکەن.

سەماکە دەستی پێکرد! چرکەساتێک لە جوڵەی ناسکی دەستەکانی یەکتری چێژمان وەرگرت، وای جوڵەی نەرم و ناسکی ئەو چ چێژ بەخش بوو! نۆرە گەیشتە ڤاڵس و هەر جوتێک دەستیکرد بە خولانەوە، ئاشکرابوو کە سەرەتا ڕێکی سەماکە کەمێک شێواوی پێوە دیار بوو، چونکە بەدەگمەن کەسێک ڤاڵس دەزانێت، شتێکی زیرەکانەمان کرد و ڕێگەماندا ئەوانیتر هونەری خۆیان تا کۆتایی نیشان بدەن و هەر ئەوەی کە جەماوەری نەشارەزا مەیدانی سەماکەیان چۆڵکرد، هەموو نیگاکان خرانە سەر ئێمە و جووتێکی دیکە، واتە ئاودران و هاوتاکەی. هیچ کاتێک ئەوەندە گورج و گۆڵ نەبووم ، خۆشەویستترین ئافریدەی پەروەردگار لە ئامێزم بوو و لەگەڵ ئەودا وەکو بروسکەیەک دەخولاینەوە و هەموو شتێک لە چواردەورمان دەخولایەوە و ڤیلهێلم ڕاستگۆیانە بڵێم لەگەڵ خۆمدا سوێندم خوارد هیچ کاتێک مۆڵەت نەدەم ئەو کچەی کە خۆشم دەوێت لەگەڵ کەسێکی دیکە جگە لە من سەما بکات، هەتا ئەگەر گیانم لەو ڕێگەیەدا فیدا بکەم، تۆ کە لە مەبەستی من تێدەگەی!

پیاسەیەکمان لەناو تەلارەکە کرد تا هەناسەیەکی تازە هەڵمژین ، پاشان لۆتە دانیشت و چەند پرتەقاڵێکی لێ وەرگرتم، کە هێنابووم و تاکە پرتەقاڵگەلێک بوون کە مابوونەوە و تامێکی خۆشی هەبوو، تەنیا کێشەی من ئەوە بوو کە هەر قاشێک لەو پرتەقاڵەی کە پێمدەدا وەکو ڕێز نواندنێک بەدەستەکانی بۆ کەسی تەنیشتی ڕادەگرت و ئەویش هەڵیدەگرت و ئەم کارەش وەکو تیرێک لەسەر دڵم دەچەقی.

لە سەمای ئینگلیزیی دووەمدا ئێمە دووەمین جووت بووین، کە سەمایان دەکرد، لەنێو ڕیزەکانی کەسانی دیکەدا سەمامان دەکرد و تێدەپەڕین و من خودا دەزانێت بە چ هەستێک لە شادمانی بازووی ئەوم گرتووە و لەچاوانی ڕامابووم، چاوانێک، کە حەقیقیترین و پاکترین و بە سەفاترین خۆشەویستییەکانی نیشان دەدا، گەیشتینە تەنیشت ژنێک، کە دیمەنە میهرەبانەکەی ڕووخساری، کە هێندە گەنج خۆی نەدەنواند بۆ من شتێکی سەیر بوو، بە خەندەوە سەیری لۆتەی کرد، پەنجەی بەرزکردەوە و لەکاتی تێپەڕین لە ئێمە دوو جار ناوی ئەلبێرتی بەشێوازێکی هەڕەشەئامێز درکاند.

بە لۆتەم گوت (ئەلبێرت کێیە؟ هەڵبەتە ئەگەر بێڕێزی نەبێت)دەیویست وەڵامم بداتەوە لەوکاتەدا بۆ جووڵەی پێچاوپێچی سەماکە ناچاربووین لێک دابڕێین و من لەکاتی ئەم تێپەڕینە شوێنەواری نیگەرانیم لە تەوێڵیدا بینی، لە کاتێکدا کە قۆڵی بۆ

جوولّەی دواتر دەهێنا لای من گوتی (لەبەرچی دەبێت ئەم بابەتە لە ئێوە بشارمەوە؟ ئەلبێرت ئەو پیاوە میهرەبانەیە کە من دەستگیرانی ئەوم) ئەو هەواڵە نوێ نەبوو(چونکە کچانی هاوتەکم لە گالیسکەکە ئەم شتەیان بە من گوتبوو)،بەڵام وەکو ئەوە بوو لەناکاو هەواڵێکی نوێم بەمێشکدا هاتبێت، چونکە هەرگیز تا ئەو چرکەساتە سەبارەت بە پێوەندی ئەو لەگەڵ خۆم، کە لەو ماوە کەمەی کۆتاییدا ئەوەندە لەبەرچاوم ئازیز ببوو. هێندە بیرم نەکردبووەوە، هێندە بەسە کە دووچاری شێواوی بووم و خۆم لەیاد چووبووەوە و بە هەڵە لە نێوان جووتێکدا تێپەڕیم و ئەم جوولّەیەش ڕێک و پێکی ئەوانی تێکدا و تەنیا بەهۆی ئامادەیی هۆشی تەواوی لۆتە و ڕێنیشاندانەکەی بوو، کە دووبارە ڕێکوپێکی بۆ ناو گۆڕەپانی سەماکە گەڕایەوە.

سەماکە هێشتا کۆتایی نەهاتبوو، کە لە ئاسماندا چەند بروسکەیەکم بینی، هەمان ئەو بروسکانە بوون، کە پێشترێ لە ئاسۆدا بینیبووم، وام بەبیردادەهات،کە دەبێتە مایەی ساردبوونی کەش و هەوا، بەڵام توندییەکەی زیاتر کردبوو و هەورەتریشقە دەنگی لە مۆسیقاکە بەرزتر بوو ، سێ کەس لە ژنان لە ڕیزی سەماکە چوونەدەرەوە و پیاوە هاوتاکانیشیان بەدوای ئەواندا کەوتن، ڕێک و پێکی سەماکە تێکچوو و ژەنیاران دەستیان لە ژەنین هەڵگرت، ئەوە شتێکی سروشتییە،کە هەر جارێک بەدبەختییەک یا شتێکی تۆقێنەر لە کاتی چێژوەرگرتن لە خۆشییەکان دێتەپێشەوە کاریگەرییەکی

زیاتر لە کاتەکانی دیکەدا دەخاتە سەرمان. بەشێک لەوە بەهۆی ئەو پەرچەکــردارەیە،کە بەشــێوەیەکی زینــدوو و جــووڵاو هەســتی پێدەکەین، چونکە تەواوی هەستەوەرەکانمان ڕاستەوخۆ هەستیار و چالاک دەبـن و بەم هـۆیەوە خێراتـر کـاریگەرییەکە قبـوڵ دەکەیـن، هۆکارەکانی باسکردن و خستنەڕووی ئەم بابەتە، بێگومـان ڕوخسـارە تێکچـڕژاو و سەرسـوڕماوەکانی ژنانێـک بـوو، کە سـەمایان دەکـرد، زیرەکترینیان لە کونجێکدا دانیشت و پشتی بە پەنجەرەکەدا و گـوێی خۆی گرت، ژنێکی دیکە لەپێشی ئەودا کەوتە سەر ئەژنۆ و سەری لە نێو قاچەکانی ژنـی یەکەم شاردەوە، سێیەمین کەس شـوێنی خـۆی لەنێـوان ئەم دوو کەســەدا کـردەوە و نقــوومی فرمێســک ببــوو و خوشکەکانی لە ئامێز گرت، چەند کەسێک دەیانویست بچنەوە ماڵەوە و چەند کەسێکی دیکەش ئەسڵەن نەیاندەزانی چیان دەوێت هۆشێکی ئەو تۆیان نەبوو تا هەڵپەرستییەکانی خانمانی دیکە، کە بە ڕووکەش یەجگـار سـەرقاڵ بـوون وەڵام بـدەنەوە و ئەو نزایـانەی، کە بەهـۆی ترسـەوە بەنـاوی خـودا و دیـدی خـودا دەسـتی پێـدەکرد لە لێـوە جوانەکـانی ژنـان دوربـخەنەوە، چەنـد پیاوێـک چـوونە دەرەوە تـا لە ئارامیدا سبیل بکێشن و خەڵـکەکەی دیـکە پێشـوازییان لە پێشـنیازە زیرەکانەکەی ژنە خانەخوێیەکە کـرد و چـوونە ژوورێـک، کە پەردە و تولەبەندی لێبوو هێشتا نەگەیشتبووینە ژوورەکە، کە لـۆتە سـەرقاڵی

ڕیزکردن و دانانی کورسییەکان بوو بەشێوەی بازنەیی و پێشنیازی بۆ هەموان کرد،کە بەشێوەیەکی دەستەجەمعی یاری بکەین.

چەند کەسێک بە ئومێدی چێژی ئەم یارییە، لیکیان لە دەم دەچۆڕایەوە، لۆتە گوتی (یاری ژماردنە، سەیرکەن! من لە ڕاست بەرەو چەپ دەسووڕێمەوە و هەرکەسێک دەبێت ژمارەیەک، کە بەری دەکەوێت بڵێت و بەردەوامی بەم یارییە دەدەین )،سەیرکردنی ئەم یارییە شتێکی سەرنجڕاکێش بوو، لۆتە بەدەستە کراوەکانییەوە دووبارە دەخولایەوە، یەکەمین کەس گوتی یەک و کەسی دووەم دوو و سێ و یارییەکە بەردەوامی هەبوو، پاشان لۆتە بە خێرایی هەنگاوەکانی خۆی زیادکرد و خێراتر و خێراتر خولایەوە ، یەکێک هەڵەی کرد و لەناکاو دەنگی زللەیەک لەبن گوێی ئەودا زرنگایەوە، هێندەی نەبرد لەنێو قاقای ئەوانی دیکەدا دەنگی زللەی دووەمیش گەیشتە گوێمان، من خۆم دوو جار زللەم خوارد و بەچێژەوە هەستمدەکرد،کە ئەم لێدانانانە قایمتر بوو لەو زللانەی، کە لۆتە لە کەسانی دیکەی دەدا، دەنگی قاقا و ژاوەژاو بووە هۆی ئەوەی پێش ئەوەی بگەینە ژمارە هەزار یارییەکە بپچڕێت، هاوڕێیان دەستە دەستە لەدەوری یەک کۆدەبوونەوە و باوبۆرانەکە ئارام بووەوە، بە دوای لۆتەدا کەوتم و چوومەوە تەلارەکە، لە ڕێگادا گوتی: ( هەر بەڕاستی ئەم زللانە کەش و هەوای بارانـاوی لە بیری هەمووان بردەوە )،نەمتوانی وەڵامێکی بدەمەوە، پاشان بەردەوامی بە قسەکانی

دا: ( من مرۆڤێکی ترسنۆکم، بەڵام بەهۆی ئازایەتییەکی ڕووکەشانە و بەمەرامی بەخشینی ئازایەتی بەوانی دیکە خۆشم ئازایەتیم پەیداکرد) چووینە لای پەنجەرەکە، دەنگی هەورەتریشقە لە دوورەوە دەهات و بارانێکی ورد و نەرم دەباری و بۆن و بەرامە ژیان بەخشەکەی بە هێزێکی زۆر و هەوایەکی گەرمەوە بەرەو ڕوومان دەهات، لۆتە ئانیشکی دادابووەوە،ڕوانین و نیگای هەموو شوێنێکی گرتبووەوە، لە ئاسمان و پاشانیش لە منی دەڕوانی، بینیم چاوانی پڕە لە ئەسرین، دەستی خستە سەر دەستم و گوتی: ( کلۆپستۆک!) بە خێرایی چامەیەکی جوانی هۆنراوی ئەم شاعیرە ئەڵمانییەم، کە ئەو بیری لێدەکردەوە هێناوە بیرم و نقومی هەستێک بووم،کە لە ناخمدا جۆشی دەدا و هەڵدەقوڵا، توانای ئەم هەستەم نەبوو، چەمامەوە و بە فرمێسکی لێوانلێو لە شادمانی دەستیم ماچکرد، دوبارە لە چاوەکانیم ڕوانی و شیعرەکەم خوێندەوە: **ئەی میهرەبان! ئای! خۆزگە لێرە دەبووی و تارمایی و ڕەنگدانەوەی خواوەندانەی خۆت لەم چاوانەدا دەبینی و ئەوسا دەبوو ناوی تۆ بەبێ هیچ بێڕێزییەک، کە کەسانی دیکە دەیهێننە سەر زمانیان و باسی دەکەن، نەژنەوم.**



**نۆزدەی جون:**

نازانم بەسەرهاتی خۆمم تا كویێ بۆت باسكردووە، تەنیا ئەوە دەزانم،كە كاتژمێر دووی پاش نیوەشەو بوو خۆم خستە سەر جێگاكەم و ئەگەر وا بڕیار بوایە لە بری نووسین لە حزوری خۆتدا ڕووداوەكەت بۆ باسبكەم، ڕەنگە تا بەیانی تۆم بە بێداری بهێشتبوایەوە و چاوت نەچوبایە خەو.

ئەوەم بە تۆ نەگوت،كە لە كۆڕی سەماكردنەكەدا چۆن هاتینەوە ماڵ، بەڵام ئەمڕۆش ئەم دەرفەتەم نییە.

جوانترین و شكۆدارترین خۆرئاوابوونی خۆر بوو و لەچواردەوری ئێمەدا دارستانێكی باراناوی و هەوایەكی پاك! هاوڕێكانی ئێمە خەویان لێكەوتبوو، لۆتە لێی پرسیم: ( ناتەوێ بخەویت؟ خەیاڵتان لەلای منەوە ئاسوودە بێت) سەیری ئەوم كرد و گوتم: ( تا كاتێک كە ئەم چاوانە كراوە بن هەرگیز خەوم لێناكەوێت) هەردووكمان تا بەر دەرگای ماڵی لۆتە بێدار بووین، خزمەتكارەكە دەرگاكەی كردەوە و لە وەڵامدا بە لۆتەی گوت باروودۆخی باوكی و منداڵەكان باشە و خەویان لێكەوتووە، لەپاشاندا بەو خواستە ماڵئاواییم لێكرد، كە ڕێگە بدات لە هەمان ڕۆژدا سەردانی بكەم، وەڵامێكی ئەرێنیانەی دایەوە و من هاتمەوە، لەو چركەساتەوە مانگ و خۆر و ئەستێرەكانی ئاسمان نابینم، نازانم ڕۆژە یا شەو، تەواوی جیهانم فەرامۆشكردووە.

**بیست و یەکی جون:**

ڕۆژانێکی وەها بەختیارانە بەسەر دەبەم، کە پەروەردگار تەنیا بە دۆستە باوەڕدارەکانی خۆی دەبەخشێت.

هەر چارەنووسێکیش بۆ من بێتە پێشەوە، هیچ کات نالێم لە شادومانی، پاکترینی کامەرانییەکانی ژیان سوودمەند نەبووم، تۆ کە ڤالهاییم دەناسی و من لێرەدا نیشتەجێ بووم و لێرەدا تا لۆتە نیو سەعاتە ڕێیە، کە چاو لێک دەنێم خۆم لەوێدا دەبینمەوە و لەکامەرانییەک بەهرەمەند دەبم، کە کۆتایی خۆشبەختیی مرۆڤە.

ئەو ڕۆژەی کە بەپێ بەرەو لای ڤالهاییم دەڕۆیشتم ئەسڵەن بەبیریشمدا نەدەهات، کە لە بەهەشتێکی لەم جۆرە نزیک ببمەوە! چەندین جار ئەم خانۆچکەیەی ڕاو، کە ژوانگەی تەواوی ئارەزووەکانمە، لە پیاسە و گەڕانە دوور و درێژەکانی خۆم، هەندێجار لە سەر چیا و هەندێجار لە دەشت و ئەوبەری ڕووبارەکە لێم ڕوانیوە.

ڤیلهێلمی ئازیز لەبارەی عەشق و ئارەزووی مرۆڤ بۆ فراوانکردن و گەشەپێدانی ژیانی خۆی و دۆزینەوەی شتە تازەکان و گەڕانەکانی زۆر بیرمکردۆتەوە و لەپاش ئەمەش بیرم لەم هەستە ناخەکییە کردۆتەوە، کە مرۆڤ ڕادەستی سنوردارییەکان دەکات و دەیکاتە دیلی داب و نەریتەکان و ناچاری دەکات ڕێگایەکی ڕاستەوخۆ هەڵبژێرێت بەبێ ئەوەی سەیری چەپ و ڕاستی خۆی بکات.

بەلامەوە سەیرە،کە هاتمە ئێرە و لە سەر بەرزایی گردەکە لەم خەرەندە جوانەم ڕوانی و شەیدای گشت کونجێکی بووم! ئەوێ دارستانێکی بچووکە! ئای! خۆزگە تۆش دەتتوانی تێکچڕژاوی سێبەری دارەکان ببینی! ئەوێ لوتکەی کێوە! ئای! خۆزگە دەتتوانی لە لوتکەوە لەم شوێنە کاکی بە کاکییە بڕوانی! زنجیرە گردەکان و دۆڵە هۆگرەکان! ئای، خۆزگە دەمتوانی لەوێ ڕێگەم ونبکەم! ڕامکردە ئەوێ و گەڕامەوە ئەوەم دەست نەکەوت، کە ئومێدم بۆی خواستبوو، ئاە شوێنەئاڵۆز و دوورەدەستەکان بەلامەوە وەکو ئاینده وایە! تەواوی دونیا لەبارودۆخێکی ئاوابووندا بەرامبەر ڕۆحی ئێمەدا ڕاکشاوە.هەستی ئێمە وەکو چاوەکانمان نقومی ڕوانینە و خۆمان دەبینین، ئا! خۆزگە دەکرا ناخی خۆمان ڕادەستی ئەم هەستە بکردبوایە و لەم هەستە تایبەتە گەورە و شکۆمەندەدا لێوانلێوی شادی بواین. ئاە! ئەگەر بەهەڵەداوان بەرەو ڕووی بڕۆین و بگەینە ئەوێ، ئەگەر ئێرە ببێتە ئەو شوێنەی،کە ئێمە لێی وەستاوین هەموو شتێک وەکو ڕابردوو دەبێت و ئێمەش نقوومی هیلاکی و دیلی کۆت و بەندەکان دەبین و ڕۆحی ئێمە لە تینوێتی ئەو بادە ژیانبەخشەدا دەسوتێت.

هەر بۆیە گەڕیدەی سەرلێشێواو لەکۆتاییدا دەگەڕێتەوە بۆ نیشتیمانی خۆی و لە خانۆچکەی خۆی و لە ئامێزی هاوسەر و لەناو منداڵەکان و بە ئیش و کارییەوە هەوڵدەدات پارێزگاری لەم

کامەرانییە بکات، کە لە گشت کونجێکی جیهاندا بەدوای گەڕاوە و بەدەستی نەهێناوە.

هەر کاتێک دەمەوسپێدان لە ماڵ دێمە دەرەوە دەچمە ڤاڵهاییمی ئازیزی خۆم و لەوێ لە باغێکدا فاسۆڵیا بۆ خۆم کۆدەکەمەوە ، دادەنیشم و پەلکیان لێدەکەمەوە و لەم نێوەندەدا بەرهەمی هۆمێر[٦] دەخوێنمەوە، هەر جارێک لە چێشتخانە بچووکەکەدا مەنجەڵێک و بڕە کەرەیەک هەڵدەگرم و فاسۆڵیاکان لەسەر ئاگر سووردەکەمەوە سەرقاپەکەی لەسەر لادەبەم و هەمدیسان فاسۆڵیای دیکەی لەسەر دەکەم و تێکی دەدەم، ڕێک وەکو خوازبێنیکەرانی پینیلۆپە،کە مانگا و بەرازەکانیان لەپێشی سەر دەبڕی، پارچە پارچەیان دەکرد و لێیان دەنا، لێوان لێو دەبم لە هەستی ژیان، سوپاس بۆ خودا هیچ هەستێکی دیکە، جگە لەم هەستە حەقیقی و هێمنەم نییە و ئارەزووم لە ژیانی باوکسالارانە نییە و دەتوانم بەبێ هیچ خۆدەرخستنێک ئەم هەستە لەگەڵ ژیانی خۆمدا تێکەڵاو دەکەم.

شتێکی چەندە چاکە،کە دڵی من لێوڕێژە لە شادمانییەکی سادە و بێ مەترسی پیاوێک، کە قەڕنابیت کۆدەکاتەوە و ئەم قەرنابیتە خۆی پێیگەیاندووە و پەروەردەی کردووە نەوەک تەنیا ئەم قەڕنابیتە، بەڵکو ڕۆژە خۆشەکانی ژیان و دەمەوسپێدە جوانەکانیش

[٦]. لە زۆر شوێنی ئەم ڕۆمانەدا نووسەر باس لە بەرهەمەکانی هۆمێر دەکات، لێرەدا زیاتر مەبەستی لە خودی ئۆدیسایە، نەک ئەلیادە، چونکە باس لە وێڵی و سەرگەردانی و گەشتەکانی ئۆدیسیۆس و خوازبێنیکەرەکانی پینیلۆپەی هاوسەری دەکات.و.کوردی

دروستکراوی خودی خۆیەتی، چونکە خۆی ئەوانی پێگەیاندووە و لە دەمەوئێوارە خۆشەویستەکاندا ئاودێری کردووە و لە گەورەبوون و پێگەیشتنیاندا کامەران بووە و بەجارێک لە تەواوی ئەوانە چێژ دەبینێت.

## بیست و نۆی جون

پێریێ کە پزیشک لە شارەوە بۆ سەردانیکردنی دادوەر هات، منی بینی کە لەسەر زەویدا لەگەڵ منداڵەکانی لۆتە دانیشتبووم و منداڵەکان خۆیان دەخستە پشت و سەر و گوێلاکم و هەندێکیشیان گاڵتەیان لەگەڵدا دەکردم و من ختوکەم دەدان و ئەوانیش پێدەکەنین، دکتۆر کە کەسێکی زۆر جیددی و وشکە لەکاتی قسەکردندا لۆچەکانی قۆڵی کراسەکەی چاکدەکرد و لەسەر تەوێڵیدا لۆچێکی درێژ ڕێی داکوتابوو، ئەم هەڵسوکەوتەی منی هێندە بە شایستەی کەسێکی سەنگین نەدەزانی و من ئەم بابەتەم لە رەنگ و ڕوخساریدا خوێندەوە، بەڵام دەرفەتی خۆهەڵقورتاندنم پێنەدا و هەندێ قسەی عاقڵانەم پێگوت و جارێکی دیکە خۆم سەرقاڵی یاریکردن لەگەڵ منداڵەکان و دروستکردنی خانوێک لە کاغەز کردەوە، پاشان ئەویش گەڕابووەوە شار و گوتبووی: ( منداڵەکانی دادوەر خۆیان یەجگار بێئەدەب بوون و ئێستا ڤارتەریش ئەوان خراپتر دەکات).

ئەرێ، ڤیلهێلمی ئازیز، خۆشەویستترین بنیادەمی سەر گۆی زەوی لەناو دڵی ئەم منداڵانەن، هەر جارێک کە دەیانبینم لە شتە ورد و بچووکەکانیش تۆوی هەموو چاکی و هێز و تواناکان بەدی دەکەم،کە لە ڕۆژگارێکی داهاتوودا یەجگار سوودمەندانە بەکاردەهێنرێن، هەر جارێک لەم کەللەڕەقییەیاندا چەسپاوی و قاییمی داهاتووی کەسایەتییان و لە ئازایەتییەکەیان هەستی خۆش خولقی و چالاکانەیان دەبینم،کە دەبێتە مایەی تێپەڕین و ڕزگاربوونیان لە هەموو مەترسییەکانی جیهان، هەستدەکەم کە هیچ ئاماژەیەکی کەم و کوڕی و خراپی لە ناخیاندا نییە! بەردەوام، بەردەوام قسە زێڕینەکانی مامۆستای مرۆڤایەتی (حەزرەتی مەسیح) دووبارە دەکەمەوە: **وای لە حاڵتان، ئەگەر نەگۆڕێن بۆ سەر شێوەی منداڵان!)** ئەی میهرەبانترین یار، ئێمە لەگەڵ ئەو منداڵانەی کە وەکو خۆمانن و پێویستە سەرمەشقی ئێمە بن وەکو کەسانی ژێردەستە هەڵسوکەوت دەکەین.

دەڵێین ئەوان نابێت هیچ حەزێکیان هەبێت! ئایا ئێمەش خاوەنی حەز نین؟ ئەم خۆبەگەورە زانینە بە چ هۆکارێکە؟- لەبەرئەوەی ئێمە بەتەمەنترو باشترین! پەروەردگاری میهرەبان لە ئاسماندا چاودێری منداڵانی بچووکتر و گەورەتر دەکەی و نەک زیاتر و کوڕەکەشت (مەسیح) پێشتر گوتوویەتی، کە لە کامیان زیاتر چێژ دەبینی. خەڵکانیش باوەڕیان بە پەیامبەری تۆ هەیە، بەڵام

گوێبیستی قسەکانی نابن (ئەمەش چیرۆکێکی کۆنە و لەمێژە هەروا بووە!) و منداڵەکانی خۆیان بە ئارەزووی خۆیان پەروەردە دەکەن خوات لەگەڵ ڤیلهێلم! ئیتر نامەوێ لەم بارەوە چەنەبازی بکەم.

## یەکی جوولای

بە دڵە بەدبەختەکەی خۆم ،کە حاڵی لە نەخۆشی سەرەمەرگ خراپترە، هەستدەکەم وجودی لۆتە بۆ هەر نەخۆشێک بەخششێکە، چەند ڕۆژێک لەشار لەلای ژنێکی داوێنپاک دەمێنێتەوە، پزیشکەکان دەڵێن ئاخر و ئۆخریەتی و لەو چرکەساتانەی کۆتایی ژیانیدا دەخوازێت لۆتە لەلای بێت، هەفتەی ڕابردوو لەگەڵ ئەودا چووینە دیداری قەشە... ، بۆ گەیشتن بەم گوندە پێویستە کاتژمێرێک لە کۆساران بەپێ بڕۆیت، دەوروبەری کاتژمێر چوار گەیشتینە ئەوێ، لۆتە خوشکە بچووکەکەی خۆشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، گەیشتینە حەوشەی ماڵی قەشە، کە دوو دار گوێزی بەرز سێبەریان خستبووە سەری و بینیمان پیرەمێردێک لە سەر کورسییەکی پێش دەروازەی ماڵەکە دانیشتووە، هەر قەشە چاوی بە لۆتە کەوت گیانێکی نوێی بەبەرداهاتەوە و گۆچانە خوار و خێچەکەی خۆی لەبیرچوویەوە و ئازایانە هاتە پێشوازی، لۆتە بەرەو لای قەشە ڕایکرد و ئەوی دانیشاندەوە و خۆی لەتەنیشتی دانیشت، سڵاوی باوکی بە قەشە گەیاند و بچووکترین کوڕە ناشرین و پۆخڵەکەی قەشە، کە مایەی دڵخۆشی و گۆچانی کاتی پیری دەستی ئەو بوو، لەباوەشکرد،

خۆزگە لەوێ دەبووی و دەتبینی چۆن پیرەمێردەکە سەرقاڵ دەکات، بەدەنگی بەرز قسەی دەکرد تا گوێیە قورسەکانی پیرەمێردەکە بیبیستێ، قسەی لەبارەی ئەو مرۆڤە بەهێز و بە قەد و قەڵافەتانە دەکرد،کە لەناکاو مردبوون، قسەی لەبارەی کانیاوە کانزاییەکانی (کارلزباد) دەکرد و ستایشی ئەو پلانەی قەشەی دەکرد،کە دەیویست هاوینی داهاتوو بچێتە ئەوێ، پاشان دەیگوت پیرەمێردەکە چاکتر و ڕووخۆشتر لە سەردانی جاری پێشترێ دەردەکەوێت. لەم نێوانەدا من لەگەڵ هاوسەری قەشەکە سڵاو و ئەحواڵپرسیم کرد، پیرەمێردەکە بە تەواوەتی شاد و گەش بووەوە منیش لەبەرئەوەی چارەیەکم نەبوو جگە لە باسکردنی دارگوێزەکان،کە بە میهرەبانییەوە سێبەریان خستبووە سەر سەرمان، پیرەمێرد بە کەمێک دژوارییەوە بەسەرهاتی دارگوێزەکانی بۆ باسکردین: (ئەو پیرەدارە نازانم کێ چاندویەتی، بەڵام دەڵێن قەشەیەک چاندوویەتی، بەڵام دارگوێزەکەی پشتی ئەو ڕێک هاوتای تەمەن و ساڵانی هاوسەرەکەمە و مانگی ئۆکتۆبەر دەبێتە پەنجا ساڵ، خەزوورم سپێدەی ئەو ڕۆژەی، کە کچەکەی چاوی هەڵهێنا ئەو دارەی چاندووە، لەپێش مندا قەشەی ئێرە بوو و هێندە ئەو دارەی خۆش دەویست،هەر باس ناکرێت. منیش کەمتر لەو ئەم درەختەم خۆش ناوێت، هاوسەرم لەژێری ئەم دارە لە هەیوانەکەدا دانیشتبوو و شتی دەچنی، کە من بیست و حەوت ساڵ پێش ئێستا بە جلی خوێندکارێکی دەست بەتاڵ بۆ

یەكەمین جار هاتمە ئەم ماڵە)). لۆتە لە بارودۆخی كچەكەی پرسی، قەشەكە وتی كچەكەی لەگەڵ بەڕێز(شمیت) بۆ كاركردن چۆتە كێڵگە،پاشان پیرەمێردەكە پاشماوەی چیرۆكەكەی باسكردو گوتی : میهر و خۆشەویستی دڵی قەشەی پێشوو و كچەكەی لە دڵدا چەقیوە و سەرەتا وەكو یاریدەدەر[٧] و پاشانیش بۆتە جێنشینی ئەو، هێشتا هێندە تێنەپەڕیبوو لە تەواوكردنی ئەم سەربوردەیە،كە كچەكەی لەگەڵ بەڕێز شمیت لە باغەكەوە بەرەو ڕووی ئێمە هاتن، لێوڕێژ لە میهرەبانی و گەرمی بەخێرهاتنی لە لۆتە كرد، منیش ناچارم بڵێم،كە لە دیدی منەوە ئەوەندە ناشرین نەبوو، كچێكی گەنم ڕەنگ و گورج و گۆڵ،كە لە دیدی گشت كەسێكی ئەم گوندەدا سەرنجڕاكێش بوو، مەعشوقەكەی ئەو(چونكە بەڕێز شمیت وا خۆی نیشاندەدا، كە عاشقی كچەكەیە) پیاوێكی بەئەدەب و كەمدوو بوو سەرەڕای پێداگری لۆتە نەیدەویست لە گفتۆگۆكانی ئێمەدا بەشداری بكات، ئەوە زیاتر بووە هۆی نائاسوودەیی هۆشم ئەو شتە بوو، كە لە هێڵەكانی نێوچەوانی تێیگەیشتم زیاتر بەهۆی خۆپەسەندی و گاڵتەپێهاتنەوەیە، تا ئەوەی بەهۆی كۆت و بەندی ناخییەوە بێت، كە خۆی لە ئێمە دوورە پەرێز دەگرێت و هەوڵدەدات ئەو شتە لە ئێمە بشارێتەوە، بەڵام بەداخەوە ئەم مەسەلەیە كەمێك دواتر بە تەواوەتی

[٧]. (خۆری. پلەیەكی كڵێسایە .و.كوردی).

ڕوونبووەوە، چونکە هەر ئەوەی،کە (فریدریکە) لەگەڵ من و لۆتە دەستی بە پیاسە کرد، ڕوخساری پیاوە گەنم ڕەنگییەکە ڕەش و تار هەڵگەڕا، لۆتە قۆڵی منی ڕاکێشا و تێیگەیاندم، کە زۆر زیاتر لە ئەندازەی پێویست لەگەڵ فریدرکەدا ڕەچاوی ڕێزگرتن و ئەدەبم کردووە، من هێندەی هیچ شتێک لەوە نائاسوودەتر نابم، کە مرۆڤەکان ئازاری یەکتر بدەن، بە تایبەت گەنجان لە هەڕەتی لاوێتیدا، چونکە دەتوانن پێشوازی لە تەواوی کامەرانییەکان بکەن و پەسەندی بکەن لەبەرامبەردا بە ڕوخسارە گرژومۆنەکانی خۆیان ڕۆژە خۆشەکانی ژیانی خۆیان بەفیڕۆ دەدەن و دواتریش ئەنجامی ئەم زیانە بێ قەرەبووە درک دەکەن، ئەم بابەتە من ئازار دەدات و تەنانەت شەو لەو کاتەی، کە گەڕاینەوە بۆ ماڵی قەشە و لەسەر مێز شیرمان خواردەوە و لەبارەی کامەرانی و ئازارەکانی دونیا قسەمانکرد و من سەرەداوی قسەم لەدەستم گرت و سکاڵام لە بەدخولقی و خراپیەکانی خەڵک کرد، نەمتوانی بەرگەی ئەم بابەتە بگرم و گوتم: ( ئێمەی مرۆڤەکان زۆربەی کات سکاڵا و گلەیی لە تەمەن کورتی دەکەین و دەڵێین ڕۆژە خۆشەکانی تەمەن کەمە و ڕۆژە ناخۆشەکانیش یەجگار زۆرن، ئەم کارە بە تێڕوانینی من هەڵەیە، ئەگەر بەردەوام دڵکراوە و پەسەندکەری بەخششەکان بواین، کە پەروەردگار بە ئاسانی بە ئێمەی داوە، ئەوا هێز و توانایەکی تەواومان بۆ بەرگەگرتنی چەپەڵییەکان دەبوو ، خوانەخواستە ئەگەر

بهاتبایە پێشەوە) هاوسەری قەشەکە وتی: ( ڕەوشت و خولّق و خوی ئێمە لە دەستی خۆماندا نییە، زیاتر وابەستەیە بە جەستەمانەوە! ئەگەر کەسێک بارودۆخی باش نەبێت، حەزی لە هیچ شتێک نییە) من پالّپشتی تێروانینەکەیم کرد و گوتم: ( کەواتە پێویستە ئەم حالّە بە نەخۆشی لەقەلّەم بدرێت و بەدوای چارەسەردا بگەڕێین بۆی؟) لۆتە گوتی: ( شتێکی سەرنجڕاکێشە، منیش باوەڕم وایە، کە زۆربەی شتەکان پێوەندییەکی تەواویان بەخودی خۆمانەوە هەیە، خۆم ئەم بابەتەم تاقیکردۆتەوە،ئەگەر شتێک یا کەسێک ئازارم بدات و تووڕەم بکات، لە شوێنی خۆمدا هەلّدەستم و دەچمە ناو باغچەکە و لەبەر خۆم ئاوازێک بە ورتە ورت دەلّێمەوە و ئەم هەستە دوور دەکەوێتەوە). گوتم: ( ئەمە ڕێک هەمان ئەو شتەیە،کە من دەمویست بیلّێم، گرژی و مۆنی ڕێک وەکو تەمبەلّی وایە، چونکە خۆی جۆرێکە لە تەمبەلّی. سروشتی ئێمە زۆر پێوەندی بە تەمبەلّییەوە هەیە و تەنانەت ئەگەر توانایەکی تەواومان هەبێت بۆ هەیبەت و گەورەیی خۆمان و کارێک بە دروستی بکەین، هەمدیسان لە کۆتاییدا چێژێکی زۆر لە تەمبەلّی دەبینین)، وریایی و وردبینی فریدریکە بە تەواوەتی جووڵابوو، گەنجەکە ڕەخنەی لە من گرت: ( مرۆڤ بەسەر خۆیدا زالّ نییە و بە دەگمەن دەتوانێت هەستەکانی خۆی بە ئارەزووی خۆی دەربخات) وەلّامم دایەوە: ( لێرەدا مەسەلەی هەستی ناپەسەندی لەئارادایە و هەر کەسێک بە خواست و ئارەزووی خۆی دەیەوێت لێی

دەربـاز بێـت و کەس نازانێـت چ ئەنـدازەیەک هێـز و توانـا بـۆ ئەم هەوڵـدانە بەفیـڕۆ دەدەدات، بێگومـان هەر کە نەخـۆش بێـت، بەدوای پزیشکی زۆردا دەگەڕێت و بۆ چاکبوونەوە سڵ لە گێژبوون و تاڵترین دەرمانەکـــان ناکـــاتەوە). بینـــیم کە پیرەمێـــردەکە خۆپـــارێزەکە هەوڵـــدەدات گـــوێی لە قســـەکانی ئـــێمە بێـــت و بەشـــداری لە گفتوگۆکەمانـــدا بکـــات، ڕووم لەو کـــرد و بە دەنگێکـــی بەرزتـــر قسەمکرد: ( هەمووکەس لەپێناوی دورکەوتنەوە لە گونـاه ئامۆژگـاری خەڵکـی دەکەن، مـن هەرگیـز گوێبیسـتی ئەوە نەبـووم،کە کەسـێک لەبەرامبەر دوورکەوتنەوە لە مۆنی ئامۆژگاری خەڵک بکات)[^8] گـوتی: ( دەبێت ئەم کارە قەشەکانی شار بیکەن، چـونکە دەشـتەکی ئەم ڕووە مۆنەیان نییە، بەڵام ئەم کـارە هەنـدێجاریش بـێ زیـانە و دەشـێت لە گونـدەکەی ئێمەشـدا بکرێـت بـۆ ژنە قەشـەکە و بەلانـیکەوە بـۆ دادوەریـش پەنـد و عیبـرەتێکە) هەموویـان دەسـتیان کـرد بە قاقـا و ئەویش لە قووڵایی دڵییەوە پێکەنی تا کەوتە کۆکەوە و ئەم ڕووداوە بووەهۆی ئەوەی، کە گفتوگۆکەمان ماوەیەک بپچڕێت، پاشـان پیـاوە گەنجەکە درێژەی دایێ و گوتـی: ( ئێوە ترشڕوویيتان بە گوناه داناوە، بە بۆچـوونی مـن ئەمە زێـدەڕۆییە) وەڵامـم دایەوە: ( تەنـانەت ئەوەی دەبێتە هۆی زیان گەیاندن بە خـۆی و کەسـانی دیـکە وای پێـدەڵێن،

[^8]: یۆهان کاسپەر لواتەر لەو زوانە ئامۆژگارینامەیەکی لەم بارەیەوە نووسیوە،کە دەبێتە تەواوکەری ئامۆژگارییەکانی کتێبی یوحەننا.

لەکاتێکدا کە بەهیچ جۆرێک بەم شێوەیە نییە، ئایا هێندە بەس نییە، کە ناتوانین هۆکارەکانی خۆشبەختی یەکتر فەراهەم بکەین و بەناچاری هەستی خۆشی،کە هەندێجار لە هەر دڵێکدا شاردراوەتەوە لە یەکتری بڕفێنین؟ بۆ نموونە ناوی کەسێک بهێنە،کە ترشڕوو بێت و لەهەمان کاتدا هێندە ڕێک بێت، کە ئەم تایبەتمەندییە لە ناخی خۆیدا بشارێتەوە و بەتەنیایی باری ئەوە لەکۆڵ بکات بەبێ ئەوەی خۆشبەختی دەوروبەرەکەی خۆی لەناوببات! ئایا ئەم هەستە زیاتر جۆرە ئازارێک نییە لە ناشایستەیی لەخود و ناڕازی بوون لە خود، کە لەسەر بنەمای بەخیلییە و بەهۆی خۆپەرستییەکی گەمژانەوە دێتەکایەوە، خەڵکێکی بەدبەخت دەبینین، کە ناتوانین بەئاسانی خۆشبەختییان پێشکەش بکەین و بەرگەگرتنی ئەم بابەتە بۆ من شتێکی دژوار و سەختە)، لۆتە زەردەخنەیەکی بۆ کردم، چونکە شاهێدی ئەو تامەزرۆیی و گەرمی و سۆزە بوو، کە من قسەم پێدەکرد و فرمێسکە ڕیزبەستووەکان لە چاوانی فریدریکەدا منی ناچارکرد بەردەوامی بە قسەکانی خۆم بدەم و گوتم: ( وای لە حاڵی ئەو کەسانەی، کە سوود لە توانای خۆیان وەردەگرن تا خۆشی لە دڵێک بڕفێنن، کە ملکەچیانە و سەرچاوەی گشت شادییەکانە، تەواوی بەخشش و خەڵاتەکانی جیهان تەنیا بۆ چرکەیەکیش ناتوانن ببنە جێگرەوەی ئەو شادمانییەی، کە ستەمکارێک بە بەخیلی خۆیەوە لەناوی بردبێت).

لەم کاتەدا دڵم پڕ لە هەست بوو، بیری یادەوورییەکانی ڕابردوو ڕۆحمی ئازاردەدا و ئەشک لەچاوانم شۆڕدەبوونەوە.

هاوارمکرد: (خۆزگە هەموو ڕۆژێ، هەموان دەیانگوت تۆ هیچ کارێکت نییە جگە لە ورووژاندنی هەستی خۆشی لە دڵی هاوڕێیان و زێدەکردنی خۆشبەختییان و بەم شێوەیە خۆیشت لەم هەستانەدا بەشدار و هاوپشک دەبیت، ئایا دەتوانی لەو کاتەی، کە قووڵایی ڕۆحەکانی ئەوان بەهۆی ترسێکەوە ئازار دەچێژێت و غەم ئاسودەیی ئەوانی تێکداوە تۆزقاڵێک سوکنایی بۆ دڵەکانیان فەراهەم بکەی؟

ئێستا تووشی تۆقێنەرترین و کوشندەترین نەخۆشی بووی، کە لە ڕۆژە خۆشەکانی ژیاندا بوویتە دیلی ئەو و لە ناختدا بەشێوەیەکی بەزەیی بزوێن هێلانەی کردووە و بەبێ هیچ هەستێک لە ئاسمان دەڕوانی و ئارەقی مەرگ کەوتۆتە سەر تەوێڵە ڕەنگ پەڕیوەکەت، ڕێک وەکو گەمژەیەک لەبەرامبەر چارپاکەت وەستاوی و لە قووڵترین چینەکانی ناخت هەست بەوە دەکەی، کە سەرباری گشت سەروەت و سامانێک هیچ کارێکت لەدەست نایەت و ئەم ترسە لەناوەوە بوونتی وشک کردۆتەوە و ئامادەی بۆ هەڵاتن لێی، هەموو دارایی و سامانی خۆت بدەی، تا تۆزقاڵێک هێز و توانا و چرکەیەک بوێری بەدەست بێنی).

بیرهێنانەوەی بەسەرهاتێکی لەم جۆرە، کە خۆیشم سەردەمێک بینەری بووم لەکاتی خستنەڕووی ئەم قسانەدا بە توندی کاری

لێکردم، بە دەسەسڕەکەم پێش چاوی خۆم گرت و لەنێو خەڵکەکەدا هاتمە دەرەوە، تەنیا دەنگی لۆتە بوو، کە منی بانگ کرد و دەیگوت: ( دەمانەوێ بڕۆین) ئەم دەنگە منی گەڕاندەوە بارودۆخی خۆم، ئەم دەنگە لە ڕێگادا سەرزەنشتی دەکردم و دەیگوت بۆچی وەها بەشێوەیەکی ناخ هەژێن و سوتێنەر وا بیر لە هەر بابەتێک دەکەیتەوە و بەم کارە بەبێ هیچ گومانێک خۆت لەناو دەبەیت! پێویستە وریای خۆت بیت! ئاە، ئای فریشتە! هەرچی بێت، دەبێت لە پێناوی تۆدا بە زیندوویی بمێنمەوە!.

## شەشی جولای

شارلۆت هێشتا لەلای ئەو پیرێژنەیە،کە لە سەرەمەرگدایە و هەر وەکو خۆیەتی، ئەو ئەفرێندراوە گەش و میهرەبانە لەهەر شوێنێک دەڕوانێت ئازارەکان سارێژ دەکات و شادی دڵەکان فەراهەم دەکات. دوێنی عەسر لەگەڵ هەردوو خۆشکەکەی (ماریانە و ئیمیلی بچووک) چووە دەرەوە، من ئاگام لەم بابەتە هەبوو و ئەوانم لە ڕێگادا بینی و بوومە هاوتەکیان لەم پیاسەیەدا، لەدوای کاتژمێر و نیوێک بەپێ ڕۆیشتن گەیشتینە نزیکی شار و چووینە لای کانییەک کە بەلامەوە یەجگار ئازیز بوو و ئێستا هەزاران جار خۆشەویستتر بووە. لۆتە لەسەر دیوارێکی نزم دانیشت و ئێمە لەچواردەوری کۆبووینەوە، سەیرێکی دەوروبەرم کرد ،ئاە! دووبارە ئەم چرکەساتە لە یادەوەریمدا زیندووبوویەوە، کە بەتەنیا دەژیام گوتم: ( ئەی کانیلەی

ئـازیز، لەو کـاتەوە چیتـر لەلای فێنکـاییەکەی تـۆ پـاڵنەکەوتووم و لەهــاتوچۆ بەم نــاوەدا بە پەلە ڕامکــردووە هەنــدێجار تەنــانەت تەماشایەکی تۆشم نەکردووە)سەیری خوارەوەم کـرد و بینـیم ئیمیلـی سەرقاڵی پەرداخە ئاوێکە و بەرەو سەرەوە دێت، سەیری لـۆتەم کـرد بە تەواوەتی ئەو هەستە خۆشەم لەخۆمدا بەدیکرد کە بەهۆی بینینی ئەو لە ناخمدا هەڵدەوروژا ، لەم نێوانەدا ئیمیلی بە گلاسـە ئـاوەکەوە هات، ماریـانە دەیویسـت پەرداخەکەی لەو وەربگرێـت و کچـۆڵەکە بە شیرینترین دەربڕینی منداڵانە هاواریدەکرد: ( نا، نـا! سـەرەتا دەبێـت لـۆتە بیخـواتەوە!) لەم حەقـیقەت و میهرەبـانییەی کە لە وشــەکانی منداڵەکە خۆیان حەشاردابوو وەها بەسەراپایی لێوانلێوی شادی کردم کە جگە لە لەباوەشکردنی منـداڵەکە و بەرزکـردنەوەی لەسـەرزەوی و مــاچکردنی ڕوومەتە گەرمــی بەخشــەکانی، ڕێگەیەکــی دیــکەم بــۆ دەربڕینـی ئەم هەسـتەی خـۆم بـۆ نەمـایەوە، منـداڵەکە بەبـێ وچـان قیژەیەکی لێهەڵسا و دەستی بەگریان کرد.

لـۆتە گوتی: (کـارێکی باشـت نەکـرد) پاشـان دەسـتی منـداڵەکەی گرت و لە پلیکانەکان چووە خوارەوە و گوتی: ( هەر ئێستا دەسـت و دەموچــاوت بە ئــاوی ســازگاری کــانیەکە دەشــۆم و بــاش دەبیــت) وەســـتابووم و دەمبینـــی کە منـــداڵەکە بە گرنگـــی و جیـــددییەکی تەواوەوە دەسـتە بچـووک و تەڕەکـانی بە ڕوومەتەکـانی دادێنێـت و لەوباوەڕەیە کە بە ئاوی پەڕچووئاسـای کـانییەکە پیسـی ڕووخسـاری

لادەچێت و لە هێنانەدەرەوەی پیسی ڕیشێکی چڵکن و ڕزگاری دەکات.

لۆتە دەیگوت: ( ئیتر بەسە) بەدوای یەکدا ئاوی بە دەموچاوی دادەکرد و وەک بڵێی هەرچەندە بیشوات هێشتا کەم بێت، ڤیلهێلمی ئازیز لەلای تۆ دان بەوەدادەنێم کە هەرگیز تا ئەو ڕۆژە بە ڕێزگرتنێکی لەم جۆرە شاهێدی مەڕاسیمی مۆرەشۆر(تعمید)ێکی لەو جۆرە نەبووم و ئەو دەمەی کە لۆتە لە پلیکانەکان سەردەکەوت زۆر حەزمدەکرد خۆم لەپێش قاچەکانی ئەودا بخەمە سەر زەوییەکە ڕێک وەکو پەیامبەرێک کە تێکڕای گوناهەکانی میللەتەکەی خۆی پاککردۆتەوە.

شەو چارەیەکم نەبوو جگە لەوەی، کە بە نقوومی شادمانییەوە ئەم ڕووداوە بۆ پیاوێک باس بکەم، کە بەکەسێکی زیرەک و چاساغم دەزانی، لەبەرئەوەی پیاوێکی عاقڵە. گوتی: ( لۆتە کارێکی باشی نەکردووە، نابێت درۆ لەگەڵ منداڵان بکرێت، کارگەلێکی لەم جۆرە دەبێتە هۆی هەڵەکردن و وڕێنە خوڕافاتەکان، هەر لەم سەرەتایەدا پێویستە منداڵان لەم خوڕافاتانە بپارێزین و وریایان بین) ئەوەم هێنایەوە بیرم کە پیاوەکە هەشت ڕۆژ بەر لە ئێستا منداڵەکەی مۆرەشۆر کردبوو و بەم هۆیەوە وەڵامێکم نەدایەوە و ئەم حەقیقەتەم لە دڵی خۆمدا پەنهان کرد و گوتم: ( ئێمە دەبێت لەگەڵ منداڵاندا هەمان ئەو هەڵسوکەوتە بکەین، کە پەروەردگار بەئێمەی ڕەوا

دەبینیٚ و هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا دەکات، چونکە پەروەردگاریش ئێمە نقوومی خەونە شیرینە پاکەکانی خۆمان دەکات و بەرەو گشت لایەک دەمانبات و لەم خۆشبەختییەمان پێدەدات).

## هەشتی جولای

تا چ ئەندازەیەک هەڵسوکەوتی ئێمە منداڵانەیە! بۆ یەک نیگا چ نرخ و بەهایەک دەدەین! تا چ ئەندازەیەک منداڵانەین! چووینە ڤالْهاییم و ژنانیش هاتنە دەرەوە. لەکاتی دابەزین وابیرمدەکردەوە کە کە لە چاوە ڕەشەکانی لۆتە شتێکم بینیوە- من ببەخشە، من لە گەمژەیەک زیاتر نیم! پێویستە خۆت ئەو چاوانە ببینی! کورتیدەکەمەوە (چونکە چاوانم بەهۆی خەوی زۆرەوە خەریکە دادەخرێن ) بینیم ژنان سواری گالیسکە دەبن ، لە نزیکی گالیسکەکە بەڕێزێکی گەنج و (سلدشتات و ئاودران) و من وەستاوین، لەناکاو دەستمکرد بە قسەکردن لەگەڵ ئەم پیاوە چروک و بێهۆشانە، بەدوای چاوانی لۆتە گەڕام، ئاە یەک بەیەک سەیری دەکرد، بەڵام چاوی لە من، لە من، من کە گێژو وێژ لەویٚ وەستابووم نەدەڕوانی و سەیری نەدەکردم!لە دڵی خۆمدا هەزار جار ماڵئاواییم بەو گوت! لەمنی نەدەڕوانی! گالیسکەکە جوڵەی کرد و ئەشک لە چاوانی مندا قەتیس مابوو، بە چاو بەدوای کەوتم و لەناکاو بینیم کڵاوی لە گالیسکەکە هاتەدەرەوە و خۆی هەڵگێڕایەوە تا ئاوڕێک لەدواوە بداتەوە، ئایا نیگای ئەو لەپێناوی من بوو؟ ئەی هاوڕێی میهرەبان ! من

ژێردەستەی ئەم گومانەم و ئەم بابەتە مایەی دڵنەوایی و سوکنایی منە کە ڕەنگە ئەو بۆ دیتنی من بێت، کە ئاوڕی لەدواوە دایەوە! شەو شاد! ڕەفتاری ئێمە تا چ ئەندازەیەک منالآنەیە!

## دەی جولای

پێویستە بێیت و ببینی،کە لەهەر کۆڕ و دانیشتنێکدا قسەیەک لەبارەی لۆتەوە دێتەئاراوە من چ بارودۆخێکی گەمژانەم دەبێت!ئەگەر لە من بپرسن، کە حەز بە لۆتە دەکەیت، وەڵامدەدەمەوە: حەزی پێبکەم؟ من بێئەندازە ڕقم لەم وشەیە دەبێتەوە، مەگەر دەکرێت مرۆڤێک حەزی بە لۆتە بێت و تەواوی هەست و هەڵچوونەکانی پڕ نەبێت لە عیشقی ئەو، لەو زووانە یەکێک لە منی پرسی حەز لە کتێبی ئۆسیان دەکەی یا نا!

## یازدەی جولای

بارودۆحی خاتوو(م) زۆر خراپە، چونکە ئازاری لۆتە دەبینم نزادەکەم حاڵی باش بێت، بە دەگمەن ئەو لەلای هاوڕێیەک دەبینم، ئەمرۆ ڕووداوێکی سەیری بۆ باس کردم، هاوسەرە پیرەکەی خاتوو(م) مرۆڤێکی ڕەزیل و دەست نووقاوە، کە زۆر ژنەکەی لە ژیاندا ئازار داوە و لە نەداری و نەبوونیدا ژیانی لەگەڵ ژنەکەی بەسەر بردووە، بەڵام ژنە داماوەکە هەمیشە ڕێگەچارەیەکی بۆ کێشەکانی خۆی دۆزیوەتەوە، چەند ڕۆژ لەمەوبەر کە پزیشک هاتووە و وتوویەتی، کە ژنەکە تەمەنی هێندە نەماوە، ژنە بەدبەختەکە

مێردەکەی بۆ لای خۆی بانگکردووە و پێیگوتووە: (پێویستە شتێک بە تۆ بڵێم کە ڕەنگە دوای مردنم ببێتە هۆکاری پەرێشانی و ناڕەحەتی تۆ، تاوەکو ئێستا ماڵ و لانەی تۆم بە چاکی و قەناعەتێکی باش بەڕێوەبردووە و تۆش پێویستە من ببوری، لەوەی کە سی ساڵە تۆم فریوداوە، لە سەرەتای ژیاندا تۆ خەرجییەکی کەمت بۆ چێشتخانە و شتەکانی دیکەی ژیان لەبەرچاو دەگرت، کاتێک خەرجی ژیان زیاتر بوو و تۆش کار و کاسبییەکی چاکترت دەستکەوت، نەمتوانی تۆ ڕازی بکەم کە خەرجی ژیان بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە خواستەکان زیاتر بکەی، بە کورتی خۆت دەزانی کە بە منت دەگوت لەم ماڵە پڕ ئامۆشۆیەدا دەبێت هەر حەفتەیەک بە حەوت سککە بەڕێیبکەم، بەبێ هیچ سەرپێچییەک پارەکەم وەردەگرت و ئەو پارەیەی کە کەمی دەکرد بۆ خەرجییەکە لە داهاتەکەی تۆم دەردەهێنا و هیچ کەسێک نەیدەزانی کە خاتوونی ماڵ لە داهاتەکەی تۆ پارە دەدزێت، هیچ دەستبڵاوییەکم نەکردووە و ئەگەر بە تۆم نەگوتبایە، ئەوا هەمدیسان بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە چاوم لە ژیان لێکدەنا ، تەنیا ئەو بەدبەختەی کە دوای من بەڕێوەبردنی ئیشەکانی ماڵەکەی لە ئەستۆ دەگرێت نەیدەزانی چۆن دەرەقەتی خەرجی ماڵەکە بێت و تۆ بەردەوام دەتگوت کە هاوسەری یەکەمم بەم پارەیە ماڵەکەی بەڕێوەبردووە).

لەبارەی گەوجی مێشکی مرۆڤەوە قسەم بۆ لۆتە کرد و جەختم لەسەر ئەم خاڵە کردەوە کە چۆن دەبێت کەسێک نەزانێت کە ماڵێک بە چل سککە بەڕێوەدەبرێت بە حەوت سککە بەڕێوەبردراوە، بەڵا من خودی خەڵکانێکم ناسیوە کە وایان بیردەکردەوە هاوشێوەی ئەوەی لە پەیمانی کۆن (تەوڕات)دا هاتووە لە ماڵی خۆیاندا هیزە ڕوونی ئیلیای پەیامبەریان هەیە.

## سێزدەی جولای

نا خۆم فریونادەم! لە چاوە ڕەشەکانیدا پەیوەندییەکی حەقیقی بە خۆم و چارەنووسم دەبینم، ئەرێ هەستیپێدەکەم و بێگومان دەتوانم پشت بە بانگی دڵم ببەستم و بڵێم- ئایا ئەو مۆڵەتەم هەیە و دەتوانم ئەم ئارەزووە ئاسمانییە بهێنمە سەر زمانم؟- ئەو ئارەزووەی کە منی خۆش دەوێت!

منی خۆش دەوێت! و تا چ ئەندازەیەک بۆتە شتێکی بەهادار بۆ بەردەوامیدان بە ژیانم، ڕەنگە تەنیا بتوانم ئەم حەقیقەتە بۆ تۆ بڵێم، چونکە تۆ خۆت ئەهلی چێژ و سەلیقەی ، لەو کاتەوەی کە ئەو منی خۆش دەوێت بوونی خۆم یەکجار بە ئازیز دەزانم.

نازانم ئەمە بێشەرمییە یا هەستی پەیوەندییەکی حەقیقی؟ ئەو پیاوە ناناسم کە لەناو دڵ لۆتە جێی داگیرکردووە و ترس دەخاتە دڵمەوە، لەگەڵ ئەمەدا هەر کاتێک لەبارەی دەستگیرانەکەیەوە بەجۆش و خرۆش و خۆشەویستییەوە قسە دەکات، ڕێک لە کەسێک

دەکەم کە تەواوی هەیـبەت و شـانازی و شـان و شـکۆ و تەنـانەت شمشێرەکەشیان لێسەندووە.

## شازدەی جولای

ئاە! هەر جارێک پەنجەم بە پەنجەی یا قاچم لەژێر مێز بە قـاچی دەکەوێـت خـوێنی نـاو دەمارەکـانم بە جـۆش دێـت! وەکـو ئـاگر لەم هەستە هەڵدێم و هێزێکی نادیـار دووبـارە بەرەو ئەو بـانگم دەکـات و سەرم گێژ دەخوات، ئاە! ڕۆحە بێ گوناە و بێ کۆت و بەندەکەی ئەو هەسـت ناکـات کە ئەم جـووڵە و بەریەککەوتنـانە دڵـی مـن چـۆن دەڕەنجێنێت، هەرجارێک کە لە کاتی گفتوگۆدا دەست لەسەر دەسـتم دادەنێـت و بـۆ چـاکتر خسـتنەڕووی تێڕوانینـی خـۆی لە مـن نزیـک دەبێـتەوە هەسـتدەکەم کە هەناسـەی ئاسـمانی لە دەمـی دەبارێـت و لەسەر لێوانم دەنیشێتەوە. ڤیلهێڵمی ئازیز! خۆزگە ڕۆژێـک دەمتـوانی دەستم بەم هەستە ئاسمانیی و متمانەپێبوونە بەرزە بگات! لە قسەی دڵی من تێدەگەی، نا دڵی مـن گەنـدەڵ و پـیس نییـە! تەنیـا لاوازە! لاواز! ئایا ئەمەش ئاماژەیەک نییە لە گەندەڵی؟

بەلامەوە بوونەوەرێکی پیـرۆزە و بە بینینـی تەواوی ئەم عیشـقەی مـن خـامۆش دەبێـتەوە، هەرگیـز لەوە تێنـاگەم کە لە نزیـک ئەودا چ هەستێکم هەیە، وەک بڵێـی پـارچە پـارچەی نـاخم لێـک دادەپچـڕێن، ئـاوازێکی تـایبەت بەخـۆی هەیە، کە بەپیـانۆ بەسـادەیی و ڕەوانـی و هێـزە فریشتەئاسـاکەی دەیژەنێـت! زۆر حەز لەم گـۆرانییە دەکـات و

هەر ئەم ئاوازەشـە، کە بە زرنگـانەوەیەی یەکەمـین نـۆتەکەی مـن لە کۆت و بەندی تەواوی ئازار و پەرێشـانی و بیـرۆکە پووچەکـان ڕزگـار دەکات.

هەرچییەکیان دەربارەی هێزی کۆن و سیحرئامێزی مۆسیقا وتـووە سـەبارەت بە مـن ڕاسـت دەردەچێـت، هەر نەغمەیەکـی سـادە مـن شەیدای خـۆی دەکـات! لـۆتە ڕێـک لەکاتێکدا ئەوە دەژەنێت کە مـن حەزدەکەم بە تەقاندنی گوللەیەک لەسەر سەرم کۆتایی بەژیانی خـۆم بهێنم! سەرگەردانی و تاریکایی خۆی بەڕۆحی مندا هەڵدەواسێ و مـن هەناسەیەک بەئارامی هەڵدەکێشم.

## هەژدەی جولای

ڤیلهێلمی ئازیز، تەواوی دونیا بە بێ عیشق شـتێکی هـیچە! ڕێـک لە فانۆسـێکی سـیحری دەچێـت کە ڕوونـاکی و تروسـکاییەکی تێـدا نیـــیە! هەر ئەوەی کە فانۆســـەکە دادەگیرســـێنیت وێنەگەلێکـــی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر دیوارە سپییەکە دەردەکەون! تەنـانەت ئەگەر ئەم وێنانە جگە لە تارماییەکی زووتێپەڕ شتێکی دیکە نەبن، هەر جارێـک وەکو گەنجانێکی دڵپاک لەبەردەمیان ڕادەوەستم بە بینینیان شـادمان دەبم، ئەمڕۆ نەمتـوانی بچمە دیـدەنی لـۆتە، میـوانێکی خـۆلێلانەدراو بـــووە ڕێگـــر لەبەردەم ئەم کـــارە، دەبـــوو چـــیم بکردبـــوایە؟ خزمەتکـارەکەی خـۆمم نـاردە لای تـا بەلانـیکەم لەنزیکـی خۆمـدا کەسـێکم لەلابێـت کە ئەمـڕۆ لەلای بـووە، بەپەلەپەلییەکـی زۆرەوە

چـــاوەڕوانی گەڕانەوەی خزمەتکـــارەکەم دەکـــرد و بە ســـەرلەنوێ بینینەوەی یەجگار دڵخۆش بووم! ئەگەر شەرم ڕێگر نەبوایە سـەریم لە ئامێزم دەگرت و ماچمدەکرد.

دەڵـــێن ئەگەر بەردە فســـفۆڕییەکان لە بەرامـــبەر تیشـــکی خـــۆر دابنێیت ڕۆشنایی خۆر هەڵدەمژن و لەشەودا هەمـان نـور و ڕۆشـنایی دەدەنەوە، کوڕیژکەکە لە هۆشـی منـدا بەم جـۆرە بـوو،ئەم هەسـت و مەزەندەیەی کە چـاوانی لـۆتە بە ڕووخسـار و ڕوومەت و قۆپچەکـانی پۆشـــاک و یەخەی چـــاکەتەکەی کـــوڕیژگەکە کەوتـــووە بـــوونی کـوڕیژگەکەی بەلامەوە بەهــادار و ئــازیز دەکـرد! لەو چرکەسـاتەدا دەمویسـت هەزاران سـککەی زێـڕی بەدیـاری پێبـدەم، لە بینیـنەوەی هەستێکی یەجگار خۆشم هەبوو، ڤیلهێلم خـودا نەتبەخشـێت، ئەگەر بەم هەڵسوکەوتەم پێبکەنیت، ئایا ئەم هەستە خۆش و چاکە لە دڵـی مندا وەکو تارماییەکی زووتێپەڕ نییە؟

## نۆزدەی جولای

گشـت بەیـانییەک لێوانلێـوم لە شـادمی و لەگەڵ بینینـی خـۆری جوان هاوار دەکەم: ( ئەو دەبینم! ئەو دەبینم!) تەواوی ڕۆژەکە هیچ ئارەزوێکی دیـکەم نیـیە، گشـت هیواکـانی مـن لەم ئـارەزووەدا خـۆی حەشارداوە.

## بیستی جولای

هێشتا بۆچوونی ئێوەم سەبارەت بە گەشتکردن لەگەڵ جەنابی باڵوێز بۆ... پەسەند نەکردووە، زۆر حەزناکەم کە ببمە ژێردەستەی کەسانی دیکە و هەموو دەزانن کە ئەم پیاوە زۆر توندوتیژە، دەڵێی دایکم حەزدەکات من کارێکم هەبێت و جموجۆڵێک بکەم، ئەو وتەیە دەمخاتە پێکەنین، ئایا ئێستاش کارێک ناکەم؟ ئایا هیچ جیاوازییەکی هەیە کە من سەرقاڵی ئەم جۆرە کارە گاڵتەجاڕانە بم؟ هەموو کارێکی دونیا پووچە و هەر مرۆڤێک کە لەپێناوی کەسانیتر و بەبێ عیشق و حەز و خواست بۆ بەدەستهێنانی پارە یا ناوبانگ کارێک بکات لە گەمژەیەک بەولاوە شتێکی دیکە نییە!

## بیست و چواری جولای

لەبەرئەوەی لە نامەکەدا نووسیوتە کە بەلاتەوە گرنگە من نیگارکێشیم بیرنەچێتەوە، هێندە ئارەزووم نییە قسە لەمبارەوە بکەم، بێجگە لەوەی کە بە تۆ بڵێم لەو کاتەوە نیگارکێشیم نەکردووە.

هەرگیز تا ئێستا بەم جۆرە بەختەوەر نەبوومە و سروشتێکی لەم جۆرە و تەنانەت وردە بەرد و گژوگیاکانیم وەها سەرڕێژ لە جۆش و خرۆشەوە سەیرنەکردووە و نەبینیوە، لەگەڵ ئەمەدا نازانم چۆن ئەم هەستەم بخەمەڕوو، توانای بەرجەستەکردنم زۆر لاواز بووە و هەموو شتێک لەبەر چاوم وەها لە جوڵە و گۆڕاندایە کە ناتوانم هیچ

نیگارێـک بکێشـم، بەڵام وا بیـردەکەمەوە ئەگەر قورڕێـک یـا مـۆمێکم هەبوایە، ئەوا پەیکەرێکم دروستدەکرد، ئەگەر بارودۆخی ڕاستەقینەی من گۆڕانکارییەکی تێبکەوێت، پـارچە قورڕێـک هەڵـدەگرم و شـکڵێکی پێدەبەخشم، شێوەگەلێک ڕێک وەکو شیرینی!

تا ئێستا سێ جـار ویسـتوومە وێـنەی لـۆتە بکێشـم و گشـت جارێـک هەوڵەکەم بێسـوود بـووە، ئەوەی زیـاتر دەبێـتە مـایەی نیگەرانـیم ئەوەیە مـــاوەیەک لەمەوبەر خەریکبـــوو وێنەیەکـــی هاوشـــێوەی ئەو بکێشم، پاشان تەنیا وێنەیەکی سێبەرەکەییم کێشا و ئەمەش بـۆ مـن بەس بوو.

## بیست و پێنجی جولای

ئەرێ، لۆتەی ئازیز هەموو شتێک دابین دەکەم و جێبەجـێ دەکەم و کارگەلێکی زۆر و زەوەندترم پـێ بسـپێرە،تەنیا یەک داوام لە ئێـوە هەیە: چیتر سوود لە لم وەرمەگرە بۆ وشـككردنەوەی مەرەكەبـی ئەو نامانەی کە بۆم دەنووسیت، ئەمـڕۆ بەخێرایـی نـامەکەم خسـتە سـەر لێوانم و لە ژێر ددانەکانم هەستم بە وردەلمەکان کرد.

## بیست و شەشی جولای

هەندێجار پلان دادەنێم ، کە هێندە نەچـمە دیـدەنی، بەڵـێ، بەڵام کـێ هەیە بەرگەی ئەم پـلانە بگرێـت؟ تەواوی ڕۆژ تـامەزرۆی بینینـی مـن فریـودەدات و گشـت ڕۆژێـک لەگەڵ خۆمـدا سـوێند دەخـۆم، کە بەیانی ناچمە لای، کاتێک دەبێتە بەیانی هۆکـارێکی بنبـڕ دەدۆزمەوە

و پـێش ئەوەی دەرفەتەکە لەدەسـت بـدەم لەلای ئەوم، هەنـدێجار شەوان لەکاتی ماڵئاواییکردندا دەڵێت: ( ئێوە بەیانی دێن؟) کێ هەیە بتوانێـت لە وەڵامـدانەوەیەکی ئەرێنیـانەی پرسـیارێکی لەم جـۆرە خۆپارێزی بکات؟ هەندێجار ئەنجامدانی کارێکم پێ ڕادەسپێرێت و من وا بیردەکەمەوە کە چاکترە خۆم ئەنجامی کـارەکەی پێبڵـێم، هەنـدێ کـات کەش و هەوای ڕۆژ زۆر خۆشـە و مـن دەچـمە ڤاڵهـاییم و هەر ئەوەی کە دەگەمە ئەوێ، تەنیـا مەودای نیـو کـاتژمێر ڕێ لەو دوورم ! زیاد لەپێویست لە پانتایی ژیانی ئەو نزیک بوومەتەوە و چرکەیەک دواتر خۆم لە نزیکی دەبینمەوە! دایەگەورەم یەکێـک لە چیرۆکەکـانی هەزار و یەک شـەوەی دەربـارەی کێـوی موگناتیسـی دەزانـی، لەم چیرۆکەدا ئەو کەشتییانەی کە لە کێوەکە نزیک دەبوونەوە بەرەو لای خۆی ڕایدەکێشان، بزمارەکان بەرەو لای کێوەکە دەفڕین و گەشتیارە داماوەکان لەنێو پارچە تەختەکانی کەشتییەکە گیریان دەخوارد.

## سی جولای

ئەلبێـرت هـاتۆتەوە و مـن دەبێـت بـڕۆم ، سـەرەڕای ئەوەی ئەو باشترین و نەجیبترین مرۆڤێکە کە مـن لە گشـت لایەنـێکەوە ئەوم بە بەرزتـر لەخـۆم دادەنـا، بەڵام بەرگەی ئەوەم نەدەگـرت کە ئەو بە خاوەنی بوونەورێکی بێ کەموکوڕی لەم جۆرە ببینم ، دەڵێم خـاوەن! هێندە بەسە ڤیڵهێڵمی ئازیز ئەو زاوای ئەمماڵەیە! پیـاوێکی چاک و خۆشەویسـت کە ناچـاری بەنەرمـی هەڵسـوکەوتی لەگەڵ بـکەی

خۆشـبەختانە لەمەراسـیمی پێشـوازیکردنی لەوێ نەبـووم! بینینـی مەراسـیمێکی لەم جۆرە دڵـی مـن زامـدار دەکـات، پیـاوێکی یەکجـار نەجیبە، کە تاوەکو ئێستا لـۆتەی لە بەرامـبەر منـدا مـاچ نەکـردووە، خـوا پاداشـتی بـداتەوە! لە پـای ئەو ڕێـزەی، کە لە لـۆتەی دەگرێـت منیش پێویستە ڕێزی بۆ دابنێم، خۆشی دەوێـم و وا مەزەنـدە دەکەم ئەمە کاریگەری قسەکانی لـۆتە بێـت تـا ئەوەی هەسـتی خـۆی بێـت، چـونکە ژنـان  لەم جـۆرە کـارانەدا زۆر شـارەزا و وریـاترن و مـافی خۆشـیانە، چـونکە هەر جارێـک بتـوانن دوو عاشـقی خۆیـان بە پەیوەنـدی و نێـوانێکی چـاک لەتەک یەکتریـدا ببیـنن، کە هەڵـبەتە شتێکی دەگمەنە، هەست بە زاڵبوون دەکەن.

لە هەمانکاتدا مـن هـیچ کاتێـک ڕێزگـرتن لە ئەلبێـرت لەبیرنـاکەم، ڕوخساری ئارامی ئەو لەگەڵ ڕۆحی پەشێوی مـن کە هەرگیـز نـاتوانم بیشارمەوە، زۆر دژیەکن، مرۆڤێکی پڕ هەستە و لۆتەش ئاگـای لەمـن هەستە هەیە.

بە دەگـمەن بێتـاقەتە و تـۆ چـاک دەزانـی کە مـن زیـاتر لە هەر تایبەتمنـدییەکی دیـکە ڕقـم لەم خەسـڵەتە دەبێـتەوە و لێـی بێـزارم. ئەلبێرت من بە پیاوێکی زرنگ و خـاوەن هـۆش دادەنێـت و دڵبەنـدی من بە لۆتە و کـامەرانی و شـادومانی ڕاسـتەقینەی شـاراوە لە گشـت هەڵسوکەوتێکمدا هەستی سەرکەوتنی ئەو دوو هێنـدە زیـاد دەکـات و سەد هێندە خۆشەویستی بۆ لۆتە زیاتر دەکات، هێشتا ڕوون نییە کە

لۆتە بە نواندنەکانی خۆی ئازار دەدات یا نا، هەر چۆنێک بێت من ئەگەر لە جێگەی ئەو بوومایە هێندە لە فرتوفێڵی ئەم ئەهریمەنە بێ ترس نەدەبووم .

بە هەر چەشنێک بێت، جیاوازی نییە! هەر چۆنێک بێت شادی من لە پێکەوە بوون لەگەڵ لۆتەدا لەبارچووە، پێویستە ناوی گەوجی لێبنێین یا شێتی؟ ئەسڵەن ناو و ناونیشان چ گرنگییەکی هەیە! ئەم بارودۆخە خۆی گوزارشت لە هەموو شتێک دەکات! تێکڕای ئەوەی ئێستا دەیزانم، لە پێش هاتنەوەی ئەلبێرتیش دەمزانی، دەمزانی کە نابێت هیچ داواکارییەک سەبارەت بە شارلۆت بخەمەڕوو و هیچ داواکارییەکیشم نەبوو- واتە تا ئەندازەیەک لەو هەموو میهرەبانییە هیچم داوانەکرد- ئێستا ئەو بوونەوەرە بێشەرم و بێچارەیەم کە بە سەرسوڕماوی بارودۆخی خۆی دەبینێت و ئەوەیتریش بە واقیعی پێیدەگات و کچەکە لە چنگی دەڕفێنێت

ددانەکانم لێکدەدەم و بە بێهێزی و بێتوانایی خۆم پێدەکەنم و دوو هێندە بەو کەسانە پێدەکەنم کە دەیانگوت چارەنووسی من بێجگە لە نائومێدی و بێهیوایی شتێکی دیکە نییە، چونکە هیچ کارێکی دیکە، جگە لە چاوپۆشی ناتوانرێت بکرێت، ئاە! پەروەردگارا من لە شەڕی ئەم بێ شەرمانە ڕزگار بکە! بەنێو دارستانەکاندا دەڕۆم و ئەو کاتەی کە دەگەمە لۆتە و دەبینم ئەلبێرت لە باغەکەدا و لەژێر کەپرەکە لە تەنیشتی دانیشتووە و من هیچ کارێکم لەدەست نایەت

دێوانە دەبم، چەند هەڵسوکەوتێکی گەمژانەم لێ دەردەکەوێت و چەند کارێکی نادروست ئەنجام دەدەم، لۆتە ئەمڕۆ بە منی گوت: ( بۆ خاتری خودا! تکادەکەم چیتر ئەم کارانەی دوێنێ شەو دووبارە نەکەیتەوە، هەر جارێک کە خۆشحاڵن هەڵسوکەوتتان ترسێنەرتر دەبێت!) لەنێوانی خۆماندا بێت من چاودێریدەکەم تا بزانم ئەلبێرت بۆ کارێک دەچێتەدەرەوە یا نا و هەر جارێک دێمە ڤاڵهاییم و دەبینم لۆتە بەتەنیایە، حاڵم باش دەبێت.

### هەشتی ئۆگۆست

ڤیلهێڵمی ئازیز، تکا دەکەم ئەم شتە لەبەرچاو بگریت، مەبەستی من ئەو مرۆڤانەن،کە شیاوی بەرگەگرتن نین و لێمان دەخوازن ڕادەستی چارەنووسی خۆمان بین، تۆ نەبووی. ئەسڵەن وابیرناکەمەوە کە تۆ بۆچوونێکی لەم چەشنەت هەبێت، لەڕاستیدا حەق بەتۆیە. ئەی میهرەبانترین هاوڕێ تەنیا شتێک هەیە ئەویش ئەمەیە، کە لە دونیادا بە دەگمەن هەلی هەڵبژاردنت هەیە و هەست و شێوازەکانی هەڵسوکەوتی خەڵک هێندە جۆراوجۆرە کە ڕێک وەکو دەنوکی باریکی باز و دەنوکی ئەستوری ئەوان خۆی دەنوێنێت و دەتوانرێت لێک جیابکرێنەوە.

لەبەر ئەمە نابێت لەمن بڕەنجێیت، کاتێک هۆکار و بیانوەکانت پەسەند نەکەم و هەوڵبدەم لەنێوان ئەم دوو ڕێگەیەی ژیان ڕێگەیەک بۆخۆم بگرم.

دەڵێی: ( ئایا ئومێدەواری كە بە لۆتە بگەی، یا هیچ ئومێدێكت نییە، لە حاڵەتی یەكەمدا هەوڵبدە ئەویش ناچاری ئەم كارە بكە، هەوڵبـدە تا ئارەزووت بەدەست بهێنی، بێجگە لەم حاڵەتە ئاگـادارت دەكەمەوە كە لەم هەستە هیلاكییە ڕابكەی ، چونكە ئەم هەستە تەواوی توانات لەبار دەبات) هاوڕێی ئازیز، قسەیەكی چاكت كرد، بەڵام كارەكە وەها سوك و ئاسان نییە.

دەتوانیت لە كەسێكی بەدبەخت،كە ژیانی ئەو بەهۆی نەخۆشـییەكی سـەخت ڕوو لە كۆتـاییە، چـاوەڕوانی ئەوە بكەیـت، كە بە لێـدانی خەنجەرێـك لە جەسـتەی خـۆی ئەم ئـازارە بـۆ هەمیشـە كۆتـایی پێبهێنێـت؟ ئایـا هەمـان نەخۆشـی كە هێـز و توانـا لە كەسـەكە دەسێنێت، لە هەمانكاتدا بوێری ئەو بۆ ڕزگـاربوون لەم ئـازارە بە بـا نادات؟

ڕەنـگە بە لێكچوانـدنێكی هاوشـێوەی ئەمە بتوانیـت بەم چەشـنە وەڵام بـدەیتەوە: كـێ هەیە كە ئامـادە بێـت بە هەبـوونی بـازوێكی گەنیـوو ، بە گومـان و دودڵیـی خـۆیەوە گیـانی خـۆی بخـاتە مەترسییەوە و بـازوی خـۆی نەبڕێـت؟ - نـازانم ، ئێمە مەبەسـتمان نیـیە بەو لێكچوانـدنانە ئـازاری یەكتـر بـدەین، هێنـدە بەسـە، بەڵـێ ڤیڵهـێلم! هەنـدێ جـار بـۆ چركەسـاتێك هێنـدە لێوانلێـو دەبـم لە ئـازایەتییەكی بێسـنوور و ترسـێنەر، كە ئەگەر لەم چركەسـاتەدا دەمزانی دەبێت بۆ كوێ بڕۆم، ئەوا بێگومان دەكەوتمە ڕێ.

**شەو**

ئەمڕۆ دووبارە یادداشتەکانی خۆم، کە ماوەیەکە لە نوسینیاندا خاوەخاویم تیایاندا کردووە لەدەست گرتەوە و سەرم سوڕما و بینیم پێ بە پێ لەم ڕێگایەدا هەنگاوم ناوە! پێگەی خۆم بەردەوام بە ڕۆشنی دۆزیوەتەوە، بەڵام هەڵسوکەوتێکی منداڵانە لەمندا دەرکەوتووە و ئێستا کە بەڕوونی دەڕوانم، لەوە تێدەگەم کە ئومێدێک بۆ باشبوون نییە.

**دەی ئۆگۆست**

ئەگەر دێوانە نەبووام، ئەوا دەمتوانی خۆشبەختانەترین و چاکترین ژیانم هەبێت، چەند بارودۆخێکی جوانی لەم جۆرە بۆ کامەرانیی ڕۆحی مرۆڤ بە ئاسانی فەراهەم نابێت، مەبەستم ئەم بارودۆخانەیە کە من هەمە،ئاە! گومانی تێدانییە،کە تەنیا دڵی ئێمە خۆشبەختی فەراهەم دەکات، بوون بە ئەندامێک لە خێزانێکی خۆشەویست، سوودمەندبوون لە میهری باوکی خێزانەکە هەروەکو کوڕێک و خۆشەویستی و پەیوەندی منداڵەکان لەگەڵمدا وەکو باوکێک و بەتایبەت لۆتە! چونکە ئەلبێرتی خانەدان هیچ کاتێک بە ترشڕوویی خۆشبەختی من لەناو نابات و بەردەوام بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە و هاوڕێیانە من پەسەند دەکات و دەڵێت: تۆ لەدوای لۆتە ئازیزترین هاوڕێی منی! ڤیلهێلم بیستنی قسەکانی یەکتر لەو کاتەی کە پێکەوە پیاسە دەکەین و دەربارەی لۆتە قسە دەکەین یەجگار چێژبەخشە،

له دونیـادا هـیچ پەیوەنـدییەکی گەوجـانەتری وەک ئەم پەیوەنـدییە بوونی نییە، بەڵام من هەر جارێک دەکەومە یادی و بیری لێدەکەمەوە فرمێسک لە چاوانم دێنەخوارەوە .
ئەلبێرت هەندێ جار قسە لەبارەی دایکە چاکەکارەکەی لـۆتە دەکـات و وا باسدەکات کە لەنـاو نـوێنی مەرگـدا مـاڵ و منـداڵەکانی لە لـۆتە سپاردووە و لۆتەشی بەدەسـتی ئەو (مەبەسـت لە ئەلبێرتە .و.کـوردی) سـپاردووە و لە کـاتە سـەختەکاندا  لە بـارودۆخی دارایـی خێـزان و بـــابەتە گرنگەکـــان دایکێکـــی ڕاســـتەقینە بـــووە و تۆزقاڵێـــک لە خۆشەویستی دایکایەتی دوور نەکەوتۆتەوە ، بەبێ ئەوەی کاری خۆی لەیاد بچێت و شادی خۆی و هەستی شادمانی لەدەسـت بـدات، شـان بە شانی لۆتە دەڕۆم و لە لێواری ڕێگا گوڵ لێـدەکەمەوە و بەوردی و وریاییەوە چەپکە گوڵێـک دروسـتدەکەم و پاشـان ئەم چەپـکە گـوڵە دەخەمە ڕووبارەکە و دواتـریش دەوەسـتم و سـەیری جـوڵەی چەپـکە گـوڵەکە دەکەم لەنـاو ئـاوەکەدا. نـازانم بـۆم نووسـیوی، کە ئەلبێـرت دەیەوێـت لێـرە بمێنێـتەوە و کـارێکی بە داهـاتێکی بەرز لە دەربـار هەبێت یا نا، چونکە لە دەرباردا ئەویـان زۆر خـۆش دەوێـت، لەڕووی ڕێکوپێکی و جیددیەت لەکـار بە دەگـمەن کەسـێکی هاوشـێوەی ئەوم بینیووە .

## دوازدەی ئۆگۆست

بـێ گومـان ئەلبێـرت باشـترین مـرۆڤە لەم دونیـایەدا، دوێنـێ ڕوداوێکـی سـەیر لەنێـوانی مـن و ئەودا ڕوویـدا، چـوومە دیـداری تـا ماڵئاوایی لێ بکەم، چونکە حەزمدەکرد بە سواری ئەسپ بچمە ناو کۆساران و لەم جێگایەشە کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، ئێستا کە لەم خـانۆچکەیەدا دێـم و دەچـم بەردەوام لە دەمانچەکـانی ئەلبێـرت دەڕوانـم، پێمگـوت: ( دەمانچەکـانتم بـۆ گەشـت پێبـدە) گـوتی: ( لە لایەنی منەوە هیچ ڕێگەرییەک نییە، تەنیا ئەوە هەیە کە دەبێت خۆت ئەزیەت و ماندووبوونی پڕکردنەوەیان لە ئەستۆ بگریت ، من تەنیا بۆ مـانەوەیەکی ڕواڵەتیـانە پارێزگارییـان لێـدەکەم و بـۆ جوانکـاری هەڵمواسیون) دەمـانچەیەکم هەڵگـرت و ئەو بەردەوامـی بە قسـەکانی دا: (لەو کاتەوەی کە سەرباری وریاییەکی زۆر ڕوداوێکی دڵتەزێن هاتە پێشـمەوە، چیتـر نامەوێـت سـەروکارم لەگەڵ هـیچ جـۆرە چەکێـک هەبێت)تامەزرۆ بووم تا چیرۆکەکە بزانم و ئەلبێرتیش وای باسـکرد: ( نـزیکەی سـێ مانـگ لە لادێ لەلای هـاوڕێیەک بـووم، کە چەنـد دەمـانچەیەکی بچـووکی هەبـوو، ئەم دەمانچـانە بەتـاڵ بـوون و مـن شــەوان بە خەیــاڵێکی ئاســوودەوە دەخەوتــم، دوای نیــوەڕۆیەکی بارانــاوی بە ناچــاری لە ماڵــدا دانیشــتبووم و نەمــدەزانی چــۆن دەمانچەکـان پاکـدەکەنەوە، ئەوانـم بە خزمەتکـارەکە دا تـا پاکیـان بکاتەوە و پڕیان بکاتەوە، خزمەتکـارەکە گـاڵتەی لەگەڵ کچۆڵەیەکدا

دەکرد و دەیویست کچۆڵەکە بترسێنێت خوا خۆی دەزانێت کە چ بوو کاتێک چەکەکە تەقی، لەبەرئەوەی میلەکە هێشتا لەناو دەمانچەکە بوو بۆیە گوللەکە بەرەو ڕووی کچۆڵەکە دەرپەڕی و پەنجەی ئەسپێ کوژەی دەستی ڕاستی کچۆڵەکەی شکاند، من پێبژاردن و خەرجی دەرمانەکەیم دا و لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ئیتر چەک پڕناکەمەوە، هاوڕێی ئازیز وریایی واتا چی؟ مەترسی هەمیشە لە کەمینیدایە!) دەزانی کە من ئەلبێرتم زۆر خۆش دەوێت، تەنیا لەو کاتانە نەبێت کە بەڵام و ئەگەر دەهێنێتەوە، ئیتر بەم جۆرە نییە ، چونکە مەگەر هەموان نازانن کە لەهەر یاسایەکدا ڕێزپەڕێک هەیە؟ سەیر لەوەدایە، کە ئەلبێرت هەموو کارەکانی ڕاست و دروستن! هەر جارێک کە وابیردەکاتەوە بە پەلە و بێ قووڵبوونەوە و بەشێوەیەکی نەگونجاو لەگەڵ حەقیقەتدا قسەی کردووە، ڕاستەوخۆ جەخت دەخاتە سەر بابەتی باسەکە و چەند ڕوونکردنەوەیەکی دیکەی دەخاتەسەر و یا لێی کەم دەکاتەوە بەم شێوەیە ئەو هەستەی سەرەتایی وەلاوە دەنێت. بەم هۆیەوە نقوومی قسەکردن بوو و من ئەسڵەن گوێم بە قسەکانی نەدا، ملکەچی بیرۆکەکانی خۆم بووم و بە جووڵەیەکی خێرا دەمی دەمانچەکەم لەسەروی چاوی ڕاست و لەسەر لاجانگم دانا، ئەلبێرت چەکەکەی لەدەستم دەرهێنا و گوتی: ( وای! ئەوە چی دەکەی؟) گوتم: ( تێیدا نییە) بە پەشۆکاوییەوە وەڵامی دامەوە: ( تەنانەت ئەگەر هیچیشی تێدا نەبێت، نابێت کارێکی وەها بکەی ،

ئەسڵەن ناتوانم لەوە تێبگەم کە مرۆڤێک بەم ئەندازەیە گەمژە بێت کە خۆی بکوژێت، هەر تەنیا بیرکردنەوە لەم بابەتە دەبێتە مایەی هەستی ڕق لێبوونەوە لە ناخمدا.))

هاوارمکرد: ( ئێوەی مرۆڤەکان هەمیشە قسەگەلێکی دووبارە دەجونەوە و دەڵێیت ئەم کارە گەمژانە و ئەوەیتر عاقڵانە، چاکە یا خراپە! ئەم قسانە واتای چییە؟ ئایا تا ئێستا لە هۆکارەکانی گشت هەڵسوکەوتێکت کۆڵیوەتەوە؟ ئایا بە ڕەهایی هۆکاری هەر کارێک دەزانیت و دەڵێیت ئەم کارە بەناچاری ڕویداوە؟ ئەگەر واتکردبوایە، ئەوا بەم پەلەپەلییە بڕیارت نەدەدا) ئەلبێرت گوتی: ( تۆ دان بەوەدا دەنێی کە هەندێک لە هەڵسوکەوتەکان ناپەسەندن و هۆکارەکەی گرنگی نییە).

وەکو نیشانەیەکی ڕادەست بوون شانم هەڵتەکاند و قسەکانی ئەوم قبوڵکرد ، بەڵام گوتم: ( بەڵام هاوڕێکەم لەم لایەنەشدا هەڵاوێردن گەلێک بوونی هەیە، ڕاستە کە دزی ڕەفتارێکی ناپەسەندە، بەڵام ئەو مرۆڤەی کە بەهۆی برسێتی زۆر و ترس لە مردن بۆ تێرکردنی ورگی خۆی و خێزانەکەی دەست بۆ دزی دەبات، شایستەی بەزەیی پێداهاتنەوەیە یا سزادان؟ کێ هەیەکە هەوەڵین بەرد بۆ پێدادانی پیاوێک هەڵبگرێت کە بەهۆی زاڵبوونی تووڕەییەکی ڕاستەقینە ژنە خیانەتکار و تەواو ناپاکەکەی خۆی کوشتووە و بەو هۆیەوە بۆتە قوربانی ؟ یا کچێک کە لە چرکەساتی سەرمەستی و

بێئاگایی لە هەوا و ئارەزووی عیشقدا جڵەوی لەدەستداوە، بگرە لە یاسا و دەسەڵاتی دادوەری ئێمەشدا بە ساردییەوە بەدوای کارەکەیدا دەچن، دواتر لە کارەکە دەکشێنەوە و بە سزای ناگەیەنن)

ئەلبێرت گوتی: ( ئەم بابەتە شتێکی دیکەیە، چونکە مرۆڤێک کە دەبێتە دیلی هەستەکانی، عەقڵی خۆی لەدەست دەدا و دەتوانرێت بە مەست و دێوانە هەژمار بکرێت)

بە زەردەخەنەیەکی سەرلێوانەوە بەدەنگێکی بەرزتر گوتم: (ئاه! ئەی مرۆڤە عاقڵەکان! عیشق! مەستی! دێوانەیی! ئێوە سەبارەت بەمانە بە ئاسوودەیی قسە دەکەن، وەک بڵێی هەرگیز لەم هەستانە هاوبەش و هاوپشک نەبوون! ئەی مرۆڤانی پابەند بە ڕەوشت! جوێن بە مەستان دەدەن، ڕقتان لە گەمژەکان دەبێتەوە و وەکو ڕاهیبان بە تەنیشتیان تێدەپەڕن و وەکو فەریسییەک سوپاسی خوا دەکەن کە ئێوەی وەکو ئەوان دروستنەکردووە، من چەندین جار سەرخۆش بوومە، هەستی عیشق منی پەلکێشی دۆڵی دێوانەیی کردووە و هیچ شەرم لەم دوو کارە ناکەم، چونکە بایی خۆم ئەو ئەزموونەم هەیە و تێگەیشتووم لەوەی کە تەواوی ئەو مرۆڤە سەرسوڕسوڕهێنەرانەی کە کاری گەورە و بەڕووکەش ناکردەنییان ئەنجام داوە لە سنوری مەستی و دێوانەیی تێپەڕیون.

لە ژیانی ئاساییدا ناکرێت بەرگەی ئەوە بگیرێت کە هەر کەسێک لە کاتی کارێکی سەربەخۆیانە، بوێرانە و ڕاستەوڕاست هاوار بکات:

ئەم پیاوە مەستە، دێوانەیە! ئەی هۆشمەندانی مێشک وشک شەرم بکەن! ئەی حەکیمان شەرم بکەن!))

ئەلبێرت هەوڵیدا هێمنی بەرقەرار بکات و گوتی: ( ئەمە هەمدیسان کونجێکە لە بیرۆکەکانی تۆ و هێندە ڕاست ناکەی کاتێک باوەڕت وایە ، کە دەتوانرێت خۆکوشتن لەگەڵ ڕەفتارە بەرزەکانی مرۆڤ پێوانە بکرێت و بکێشرێت، چونکە ئەم کارە شتێک نییە جگە لە نیشانەی لاوازی، چونکە ئەوە ئاشکرایە کە مردن ئاسانترە لە بەرگەگرتنی ژیانی پڕ لە ئازار)

دەمویست کۆتایی بە باسەکە بێنم، چونکە هەر کاتێک کەسێک هەوڵدەدات بە دروشمێکی سواو من قاییل بکات کە لەناخی دڵمەوە قسەدەکەم، ئەوا بەتەواوەتی توڕیی بەسەرمدا زاڵ دەبێت، بەڵام ئەو جارە بەسەر خۆمدا زاڵ بووم، چونکە چەندین جار گوێبیستی ئەم قسانە ببوم و ببومە دیلی توڕەیی، بەم هۆیەوە بە هەستێکی پڕ لە جۆش و خرۆشەوە وەڵامیم دایەوە: ( تۆ ئەم کارە بە لاوازی دادەنێیت؟ تکا دەکەم کە بەشێوەیەکی ڕواڵەتیانە بەم وتەیە فریو نەخۆی، نەتەوەیەک کە لەژێر نیری بەرگەنەگیراوی ستەمکارێک ئازار دەچێژێت و دەناڵێنێت، ئەگەر سەرەنجام ڕۆژێک خوێنی بە جۆش بێت و کۆت و بەندەکان بپچڕێنێت، ئایا نەتەوەیەکی لاوازە؟ مرۆڤێک کە لە ترسی سوتانی ماڵەکەی تەواوی هێزی خۆی کۆدەکاتەوە و بەئاسانی چەند بارێکی قورس بەرز دەکاتەوە، کە لەکاتی ئاساییدا

تەنـــانەت نەیتوانیـــوە بشـــیان جـــولێنێتەوە، کەســـێک کە بەهـــۆی تـورەییەکی سـەرچاوەگرتوو لە سـوکایەتیپێکردنەوە پەلاماری شـەش کەس دەدات و دەیانبەزێنێـت مرۆڤێکـی لاوازە؟ هـاوڕێی ئـازیز ئەگەر هەوڵدان نیشانای هێز و توانایە، ئەی باشە لەبەرچی زێدەڕۆیی کردن لێـی بە دژ و پـێچەوانە دادەنـێن؟) ئەلبێـرت سـەیرێکی منـی کـرد و گوتی: ( لە من مەڕەنجێ، بەڵام هەر نمـوونەیەک کە لەم زەمیـنەیەدا دەیانهێنیتەوە پەیوەندییەکی بە بـابەتەکەوە نیـیە) گـوتم: ( لەوانەیە، چەنـــدین جـــار منیـــان سەرزەنشـــت کـــردووە لەوەی کە شـــێوازی بەڵگەهێنانەوەکـانم دەگـاتە ئەنـدازەی خەیـاڵپلاوی، مـۆڵەت بـدە، تـا بزانم دەتوانین بەشێوەیەکی دیکە لەم بابەتە بڕوانین و لەوە تێبگەین کاتێ مرۆڤێک پلان دادەنێت تا لەژێر باری ناخۆشی ژیان ڕاچڵەکێ چ هەسـتێکی هەیە، چـونکە تەنیـا کاتێـک دەتـوانین ڕاسـتگۆیانە قسـە لەبارەی شتێکەوە بکەین، کە هەمان هەستمان هەبێت)

بەردەوامـیم بە قسـەکانمدا: ( سروشـتی مـرۆڤ سـنور و تخـوبێکی تـایبەتی هەیە، واتە  تـا ئەنـدازەیەکی دیـاریکراو دەتوانێـت بەرگەی شادمانی و ڕەنج و ئازار بگرێت، هەر کاتێک کە ئەم بارودۆخانە زیـاد لە ئەندازە تێدەپەڕن لەناودەچێت و دەفەوتێت. هیچ گرنگییەکی نییە کە کەسەکە بەهێز یا بێهێز بێت، بەڵکـو ئەوە گـرنگە کە توانـای ئەو ئەندازە ئازارە دەگرێت یا نا، دەشێ ئەم ئازارە ڕەوشتی یا جەستەیی بێت و بەتێڕوانینی من ئەوە سەیرە کە کەسێک بڵێت ئەو مرۆڤەی کە

پەنا بۆ خۆکوژی دەبات مرۆڤێکی ترسنۆکە، لەکاتێکدا کەمتر گوێبیستی ئەوە بووین کە کەسێک بەهۆی تای بەرزەوە دەمرێت بە کەسێکی ترسنۆک هەژماری بکەن).

ئەلبێرت هاواریکرد: ( دژیەک، دژیەکێکی هەڵەیە!) وەڵامیم دایەوە: ( نەک بەو ئەندازەیەی کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە، هەر کاتێک نەخۆشییەک وەها هێرش بکاتە سەر جەستەی مرۆڤێک کە بەشێک لە هێز و تواناکانی لەناوببات و بەشێکی تری پەک بخات و هیچ کەسێک نەتوانێک کۆمەکی نەخۆشەکە بکات و بەهیچ شێوەیەک نەتوانرێت هەستی سەلامەتی بۆ کەسەکە بگێڕدرێتەوە، پێویستە بەرگەی ئەم ئازارە بگیرێت.

باشە هاوڕێی ئازیز مۆڵەت بدە لەڕووی عەقڵییەوە لەم بابەتە بکۆڵینەوە، مرۆڤ بە سنوردارییەکانییەوە ببینە، کە هۆکارە دەرەکییەکان لەسەری باردەکەن، بیرۆکەکانی دەچەسپێنن و لە کۆتاییدا وردە وردە تەواوی ئارامی عەقڵی دەشێوێنن و لەناوی دەبەن.

مرۆڤی خاوەن عەقڵ مرۆڤێکی بێهودەیە کاتێک بڕوانێتە بارودۆخی ئەم کەسە بەدبەختە، بێهودەیە لەوەی کە هەوڵبدات وا لەو کەسە بکات کە بەرگەی ئازار بگرێت!ڕێک هەمان بارودۆخی کەسێکی تەندروستی هەیە کە لەتەنیشت قەرەوێڵەی نەخۆشێک وەستاوە و

ناتوانێت بە هێز و توانای خۆی تەنانەت تۆزقاڵێک کۆمەکی نەخۆشەکە بکات).

لە ڕوانگەی ئەلبێرتەوە گفتۆگۆکەمان باسێکی گشتگیر بوو، ئەوم بەرەو لای باسی ئەو کچە برد کە ماوەیەک لەمەوبەر جەستەکەیان لە ناو ئاو گرتبوویەوە و چیرۆکی کچەکەم بۆ دوبارە کردەوە و گوتم: ( کچۆڵەیەکی گەنجی میهرەبان کە لەسنورێکی بەرتەسکی نێو کارەکانی ماڵ و بەرنامەگەلێکی حەفتەیی و دیاریکراو گەورەبووە هیچ چێژێک ناناسێت بێجگە لەوەی کە یەکشەموان لەدوای پاککردنەوەی تەواو لەگەڵ کچانێکی هاوشێوەی خۆی بۆ پیاسەکرد بچێتە شار، ڕەنگە لە کەرنەڤاڵێکی شکۆداردا تەنیا جارێک سەمای کردبێت، ڕەنگە بە تەواوی هەست و جۆش و خرۆشی دڵسۆزانەی خۆیەوە کاتژمێرێک لەبارەی هۆکاری گرفتێک، یا دەربارەی ژنە دراوسێییەیەکەیان قسەی پاشملەی کردبێت، پاشان سروشتە پڕ جۆشەکەی هەست بە خواستە ناخەکییەکانی دەکات و ئەم خواستانە بە باسکردنەکان و ستایشکردنەکانی پیاوان دوو هێندە زیاتر دەبن، ئەو خۆشیانەی ڕابردوو وردە وردە بەلایەوە دەبنە شتی بێمانا تا ئەوەی کە ئاشنای پیاوێک دەبێت و هەستی نامۆیی ڕاستەوخۆ بەرەو لای پیاوەکە ڕایدەکێشێت، پیاوەکە دەبێتە هەموو خواست و ئومێدەکانی و دونیای چواردەوری خۆی فەرامۆش دەکات و هیچ نابینێت، جگە لەم پیاوە و تەنیا ئارەزووی دیداری ئەو پیاوەی هەیە!

كـــچەكە تەنیـــا لەڕێـــگەی ئەو هەســـتە بێمانایـــانەی كە بەرهەمـــی خۆپەرستین بەڕێكەوت گلاو نەبووە، بە شێوەیەكی نقوومبـوو لە حەز و ئارەزوو دەیەوێت ببێـتە هاوسـەری ئەم پیـاوە و بە پەیوەنـدییەكی تاهەتایە بەو شـادمانییانە بگـات كە خـۆی بێبەشـە لێیـان و چێـژ لە تەواوی ئەو كامەرانییـــانە وەربگرێـــت كە لەتامەزرۆیانـــدا خەریـــكە دەسوتێت، تەنیا ئەو بەڵێـنە دووبـارانە دەبیسـتێت، كە وەكـو مـۆری دووپـــاتكردنەوەن بـــۆ ســـەر هەمـــوو ئومێـــدەكانی، وتە دڵـــداریی و بوێرانەكـــان خۆشەویســـتییەكەی دوو هێنـــدە زیـــاتر دەكەن و لە لەئەنجامدا دەخرۆشێت، پاشان دەست درێژ دەكات تـا بگـاتە تەواوی ئارەزووەكـانی و پیـاوە مێبـازەكە لە هەمـان چركەسـاتدا بەجێـی دەهێڵێت، كچەكە لەبەرامبەر كەندەڵانێكدا وشكەڵاتووە و هـیچ بیرێـك نایەتە مێشكییەوە، هەموو شوێنێك لەبەر چاوی ڕەش و تـارە، هـیچ ئومێدێك، هیچ سوكناییەكی دڵ و هیچ باس و خواسێك نییە! چونكە پیاوەكە ئەوی بەجێ هێڵاوە و كچۆڵەكە واتای بوونی خۆی لە بـوونی ئەودا بەدەستهێناوە، لەم چركەساتەدا كچۆڵەكە ئەو دونیـایە پـان و بەرینە نابینێت كە لەبەرامبەری دایە، تەنانەت ئەو مرۆڤانەی دیكەش نابینێـت كە ڕەنـگە ئەم هەڵەیەی بـۆ چـاك بـكەنەوە، هەسـت بە تەنیایی دەكات، وەلانراو لە دونیا و بەشـێوەیەكی كـوێرانە بە دڵێكـی لێوانلێو لە نائومێدی خۆی لە دۆڵەكە دەخاتە خـوارەوە تـا بە مـردن كۆتایی بە هەموو ئازارەكانی بهێنێت. ئەلبێرت سەیركە ئەمە چیرۆكی

ژیانی هەندێک لە مرۆڤەکانە و ئایا بە بڕوای تۆ ئەمە ئاماژەیەکە بۆ نەخۆشی؟ کاتێک سروشت لەم هەزاران ڕێیەی هێز و توانا شێواو و جیاوازەکان هیچ ڕێگەیەکی دەرچوون نادۆزێتەوە و مرۆڤ جگە لە مەرگ هیچ ڕێگە چارەیەکی دیکەی نییە.

هاوار بە حاڵی کەسێک کە بتوانێت ئەم ڕوداوە ببینێت و بڵێت: کچۆڵەی دێوانە!ئەگەر ئارامی بگرتبوایایە ئەوا کات کاری خۆی دەکرد، نائومێدییەکانی کەم دەکردەوە و پیاوێکی دیکە پێیدەگەیشت و دڵنەوایی ئازارەکانی دەدایەوە- ڕێک لەوە دەچێت کە کەسێک بڵێت: دێوانەی داماو! بەهۆی (تا)وە دەمرێت! ئەگەر ئارامی بگرتبووبایە تا تواناکانی هێور دەبوونەوە و سروشت و خوی باشتر دەبوو ، سوری خوێنی هێمن دەبوویەوە و هەموو شتێک بە چاکی کۆتایی پێدەهات و تا ئەمڕۆ زیندوو دەبوو!)

ئەلبێرت کە ئەم بەراوردکردنە هێشتا بەلایەوە ڕوون نەبوو، چەند ڕەخنەیەکی گرت و پێیگوتم، کە تۆ لەبارەی کچێکی سادەوە قسەت کردووە، بەڵام مرۆڤی خاوەن هۆش، کە هیچ کۆت و بەندێکی نییە و ڕەمز و نهێنی دونیا دەزانێت چۆن دەشێت هەڵسوکەوتێکی لەم چەشنە بە پەسەند بزانێت و نەتوانێت لەم بابەتە تێبگات. هاوارمکرد: ( هاوڕێی ئازیز، مرۆڤ مرۆڤە و ئەو کەمە هۆشەی، کە دەشێ کەسێک هەیبێت هەر کاتێک کە عیشق بەدوای مرۆڤێکدا دێت و سنوورەکانی مرۆڤێک دەڕوخێت، یا کەم دەبنەوە، یا ئەسڵەن

لەناودەچن، ڕەنگە لەسەرووی ئەوەشەوە بێت) ئەم ڕستەیەم گوت و کڵاوەکەمم هەڵگرت، بە دڵێکی لێوانلێو لە غەمەوە لەیەکتر دابڕاین بەبێ ئەوەی لە قسەی یەکتر تێبگەین، ئەوە شتێکی سەیرە کە لەم جیهانەدا هەندێک کەس لە قسەی یەکتر ناگەن.

## پازدەی ئۆگۆست

ئاشکرایە کە لەدونیادا هیچ هەستێک، جگە لە هەستی خۆشەویستی مرۆڤ نەدار ناکات، لە هەڵسوکەوتی لۆتە ئەوە تێگەیشتم کە هەرگیز حەز لەوە ناکات من لەدەست بدات و منداڵەکانیش بە تەنیا بیریان لەم بابەتە دەکردەوە کە من گشت سپێدەیەک بچمە دیدەنییان، ئەمڕۆ چوومە دەرەوە تا پیانۆکەی لۆتە ڕێکبخەمەوە، بەڵام نەمتوانی، چونکە منداڵەکان داوایان لێکردم چیرۆکێکیان بۆ باس بکەم و لۆتەش دەیگوت کە پێویستە ئەم خواستە بەدی بهێنم، نانی دەمەو عەسرانم لەنێوانیاندا دابەشکرد و منداڵەکانیش لە دەستی مندا ڕێک وەکو لۆتە بە خۆشەویستییەوە نانەکانیان وەرگرت، چیرۆکی شاژنێکێکم بۆیان باسکرد کە چەند دەستێکی جادوویی خزمەتیان دەکرد، دڵنیایی بە تۆ دەدەم کە زۆر شت لە چیرۆکەکان فێربووم و لەکاریگەری چیرۆک بۆ سەر منداڵان یەجگار سەرم سوڕماوە، چونکە کاتێک بەناچاری واقیعیەتێکی دەوروبەرم بۆ چیرۆکەکە زیاد دەکەم و دەیگێڕمەوە لە پاشاندا چیرۆکەکەم بیردەچێتەوە و منداڵەکان هەر زوو دەڵێن کە جاری

پێشـــووتر چیـــرۆکەکە بە جـــۆرێکی دیـــکە بـــوو، لەبەر ئەم هـــۆیە هەوڵدەدەم بەبێ هیچ گۆڕانکارییەک لەسەر هەمان ڕیتم چیرۆکەکەیان بۆ باس بکەم، **لەم ڕووداوە ئەوە فێربـووم، کە نووسـەر بە گـۆڕینی چیرۆک لە چاپی دووەمی بەرهەمەکەدا بەتایبەت ئەگەر لە ڕوانـگەی ئەدەبییەوە چیرۆکی یەکەمی باشتر بوو بێت، ئەوا بێگومان زیان بە کتێـبەکەی دەگەیەنێـت، ڕوانینـــی یەکەم ئاســـوودەیی بە مـــرۆڤ دەبەخشێت و سروشتی ئەو بە جۆرێکە، کە سەرچڵترین ڕووداوەکان قایلی دەکات و هاوار بەحاڵی کەسێک،کە بیەوێت ئەم ڕۆڵە بسڕیتەوە و وێنەیەکی نوێ بخاتەڕوو.**

**هەژدەی ئۆگۆست**

ئایا ڕێگەچارەیەک بێجگە لەمە نییە : کە هەر کەسێک ڕۆژگارێک مـــایەی خۆشـــبەختی مرۆڤێـــک بـــووە، لە ڕۆژانـــی دواتـــردا ببێـــتە سەرچاوەی بەدبەختییەکانی ئەو؟

ئەو هەستە پڕ لە جۆش و خرۆشەی دڵم بۆ سروشـتێکی زینـدوو، کە منی لێوانلێو دەکرد لە شـادمانییەکی زۆر و دونیـای دەوروبەرمـی بۆ بەهەشتێک دەگۆڕی ، ئێستا بۆتە مایەی ئازارێکی بەرگەنەگیـراو و هەســـتێکی ئـــازاردەر، کە لەهەمـــوو شـــوێنێکەوە بەدوامەوەیە، هەر کاتێـــک کە جـــاران لەســـەر بەردەکـــان لە ڕووبـــارەکە تـــا ســـنووری گردەکانی نزیک دۆڵە بەپیتەکەم دەڕوانی و دەمبینـی، کە گژوگیاکـان لە دەوروبەرم دەڕۆن و کانییەکـان هەڵـدەقوڵێن، هەر جارێـک کە ئەو

کێوانە لە بنارەوە تا لوتکە داپۆشراون بە درەختـی لەتەک یەک، ئەم دۆڵانە بە لاربـوونەوەی جۆراوجـۆر و جـوانترین ئەو دارسـتانانەی،کە سێبەریان لێیان کردبوو، جووڵەی هێواش و ئـارامی ڕووبـارەکە لەنێـو قامیشەڵانە ورتەورتکەرەکـان و وێـنەی هەورگەلـێکم لەسـەر ڕووەکەی دەبینی کە (با) دەمەوئێواران لە ئاسمان شنەی دەکرد، هەر کاتێک کە دەنگـی باڵنـدەگەلێکم دەبیسـت، کە ژیانیـان بە دارسـتانەکە دەبەخشـی و ئـاوازی ئەو ملیۆنـان مێشـولانەی، کە لە دواهەمـین تیشکی سووری خۆردا ئازایانە سەمایان دەکرد و دواهەمـین تیشـکی لەرزۆکـی خـۆر سیسـرکەکانی لە مێـرگەکەدا ڕزگـار دەکـرد و دەنگـی خشەخشێک، کە لەژێر پـێم بـوو و منـی دەخسـتە یـادی زەویـیەوە و قەوزەیەک کە لە بەردێکـی ڕەق خـۆراکی خـۆی دەسـتدەکەوت و ئەو بێشـەڵانەی، کە گردێکـی لمـین و وشـک لەژێـریەوە بـوو و گیـای سروشتی لێدەڕوا و ڕازی ژیانی ناخی هەڵقرچاو و پیـرۆزی سروشـتی لە مندا ئاشکرا دەکـرد، گشـتیانم لە دڵـی پـڕ لە تـامەزرۆی خـۆمەوە جێـدەکردەوە و بوونەوەرەکـانی دونیـای نەمـر هەمـوو شـەوێک لە هۆشمدا دەکەوتنە جووڵە، چیا سەرکەشـەکان منیـان لەخـۆ دەگـرت، چەنـد هەڵـدێرێک لەبەرامـبەرم بـوون و جـۆگەڵە وەرزییەکـان بەرەو خوارەوە شۆڕدەبوونەوە، ڕوبارەکان لەبـن پێمـدا دەکەوتـنە جـووڵە و دارستان و کۆسار دەخرۆشان و من کاریگەری ئەوانم لەسـەر یەکتـری لە قـولایی زەویـیەوە بە تەواوی هێـزە نەبینراوەکـانەوە دەبینـی و

لەبارێکـدا لەسـەر ڕووی زەوی و ژێـر ئاسـمان جۆرەهـای جـۆری بـوونەوەران لە جـۆش و خرۆشـدا بـوون، لە هەمـوو شـوێنێکدا بوونەوەرەکـان بە هەزاران ڕوخسـاری جۆراوجـۆرن و لە هەمانکاتـدا مرۆڤەکان لەماڵەکانی خۆیان و پەنـاگەیەکی هـێمن نیشتەجێبوون و لە هۆشـی خۆیانـدا حـوکمی جیهـان دەکەن!ئەی دێـوانەی بەدبەخـت! ئەی ئەوەی کە گشت شتێک بەبێ نرخ و بەها دادەنێی، چونکە خۆت گەمـــژەی! لەو کۆســـارانەی کە پێـــی مرۆڤـــی ناگـــاتی تـــا ئەو دەشـتانەی،کە هـیچ کەس هەنگـاوی بەسـەردا نەنـاوە تـا قـووڵایی ئۆقیانووســـە نەناســـراوەکان ڕۆحـــی ئەم بەدیهێـــنەرە بە نەمـــری هەناســـەدەدات و هەر گەردیـــلەیەک کە ئەم ڕۆحە هەســـتپێدەکات و لەگەڵیدا گەشە دەکات دووچاری جۆش و خرۆش و شادمانی دەبێت، ئـای لەو سـەردەمانەدا بە بینینـی پەڕوبـاڵی ئەو نەورەسـانەی، کە لەسەر سەرم دەفڕین شـەوقی دیـداری دەریـا بێسـنوورەکان لە دڵمـدا زیندوو دەبوونەوە و دڵم دەیخواست لە بـادەی کەفچڕێنـی بێسـنووری ئەو شـادمانییە شـەپۆلاویانە بنۆشـم و چرکەسـاتی دیـل بـوون لە پانتایی سنورداری سینەی خۆمدا هەست بە دڵۆپێک لە خۆشبەختی وجود بکەم، دڵۆپێک کە گشت وجود لەگەڵ خۆیدا دەئافرێنێت.

ئەی برا، تەنیا بیرەوەری ئەم چرکەساتانە هەستی خۆشبەختی لە دڵـی منـدا دەژیێنێـتەوە، تەنـانەت ئەم هەوڵـدانە بـۆ یادکردنەوەیـان هەسـتگەلێکی نەگـوتراو و نیشـاندانێکی دووبارەیـان، ڕۆحـم دەخـاتە

فڕین و هەستی ترس و تۆقین لە بارودۆخی هەنووکەییم دوو هێندە زیاتر دەکات.

پەردە لە لێواری ڕۆحم لادراوە و دیمەنی ئەو ژیانە نەمرە لە ناخمدا گۆڕاوە بۆ گێژەلوکەی گۆڕێک، کە لێوارە ئاوەڵا و نەمرەکەی چاوەڕوانی منە، ڕەنگە بڵێی: وایە!ئایا هێندە کوشندەیە؟ چونکە هەموو شتێک وەکو ڕەشەبایەک کۆتایی پێدێت و بەدەگمەن وزەیەکی پێویستی هەیە بۆ درێژەدان بە ژیانی، ئای! ئایا هەموو شتێک دیل و نقومی ئەم شەپۆڵە خێرایە لەکاتی پێکدادان لەگەڵ بەردەکان پەرش و بڵاو دەبێتەوە؟ ساتێک نییە کە ژیانی تۆ و نزیکەکانت قووت نەدات و هیچ دەمێک نییە، کە تۆ وێران نەبیت و بێجگە لەمە چارەیەکت نییە، تەنانەت سادەترین پیاسەکردنیش هاوتایە لەگەڵ نرخی مردنی هەزاران کرمی داماو و بە هەر هەنگاوێک شاری مێروولەگەلێک وێران دەبێت، کە بۆ دروستکردنی ئەو شارە ڕەنجێکی زۆریان کێشاوە و بەم کارە جیهانی ئەوان بۆ گۆڕێکی بێنرخانە دەگۆڕێت، ئەرێ! تەنانەت کارەساتە دەگمەنەکانی دونیا، ئەو لافاوانەی کە لادێکانی ئێوە کاول دەکەن، بومەلەرزەیەک کە شارەکانی ئێوە بەئارەزووی دەڕوخینێت کار لەمن ناکات، ئەوەی دڵم دەخاتە لەرزە ئەو وزە قوتدەرەیە کە لە تێکڕای سروشتدا شاردراوەتەوە، هەمان ئەو هێزەی کە هیچ شتێک دروستناکات و ناتوانێت هێزە هاوشێوەکان و خۆیشی لەناو ببات، ئا بەم چەشنە

لێوانلێــو لە ترســەوە بەرەو گشــت لایەک هەنگــاو دەنــێم! لەنێــوان ئاسمان و زەمین و وزە شاراوەکانی دەوروبەری خۆم! جگە لە دێوێک هیچ شتێکی دیکە نابینم، کە تا هەتایە قوتـدەدات و تـا ئەبەد کـاوێژ دەکات.

## بیست و یەکی ئۆگۆست

بەبێ هودەییەوە گشـت بەیـانییەک دەسـتەکانم بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو درێــژدەکەم ، هەمــوو ســپێدەیەک کە بە تونــدی لە خەونەکــان ڕادەپەڕم، بێهودە لەسەر جێخەوەکەمـدا بەدوای دەگەڕێـم و ئەو کـاتە کە خەونێکـــی پـــاک و خـــۆش بەختـــانە دەمخـــاتە هەڵەوە و وابیـــردەکەمەوە کە لەنـــاو پـــاوانەکە لە تەنیشـــم دانیشـــتووە و دەســـتەکانیم گرتـــووە و نقـــوومی هەزاران مـــاچی دەکەم، ئـــاه! هەر جارێک کە خەواڵوانە بە سستی و خـاویەوە بەدوایـدا دەگەڕێـم و لەم هەستەدا نقوومی شادمانی دەبـم لافـاوی فرمێسـک لە دڵـی ڕەنجـورم دێتەخوارەوە و بە بێ هـیچ دڵـدانەوەیەک بـۆ ئاینـدەی ڕەش و تـاری خۆم دەگرییێم.

## بیست و دووی ئۆگۆست

ڤیڵهـێڵم، ئەمە جـێگەی بەدبەختیـیە، کە وزە چالاکەکـانی نـاخم دووچـاری سسـتییەکی ڕاڕا بـوون، نـاتوانم بـێ ئـیش دانیشـم و هـیچ کارێکیشـم لەدەسـت نـایەت، ئیتـر هـیچ وزەیەکـی خەیـاڵکردن و هەستێکم سەبارەت بە سروشت نییە و لە کتێـب بێـزارم، هەر کاتێـک

کە ئێمە بەدوای بەدەستهێنان و دۆزینەوەی بوونی خۆمـانەوەین، ئەوا هیچ بەدەست ناهێنین، سوێند دەخۆم، کە هەندێجار ئارەزووم دەکـرد کرێکارێـک بومـایە، کە ڕۆژانە هەقدەسـتی وەردەگـرت تـا لانـیکەم بەیانیان لەکاتی لەخەو هەڵسان ناچاربوونێک بۆ کـار و ئومێـدێک بـۆ ئاینـدە لە دڵـی دەروونـم هەبـوایە. زۆربەی کـات ڕژدی بە ئەلبێـرت دەبەم، کە نقووم بووە لەناو دۆسیەکانەوە و لەناو دڵمدا دەڵێم ئـای! خـۆزگە مـن لەجـێگەی ئەو بوومـایە! چەنـدین جـار هـاتوومەتە سـەر ئەوەی، کە نـامەیەک بـۆ تـۆ و وەزیـر بنووسـم و ئەو کـارە لە باڵوێزخـانە پەسـەند بـکەم، مەبەسـتم ئەو کـارەیە، کە تـۆ دەتگـوت بەبـێ گومـان مـن بـۆ کـارەکە پەسـەند دەکەن، خۆیشـم هەمـان بیروباوەڕم هەیە ، وەزیر لەمێژە خۆشەویستییەکی زۆری بۆ مـن هەیە و چەندین جار پێشنیازی ئەوەی بۆ کردووم، کە سەرقاڵی کارێک بـم و هەندێجاریش بەڕاستی دەمەوێت وابکەم، لەپاشـاندا هەر جارێـک کە بیـر لەم بـابەتە دەکەمەوە و چیرۆکـی ئەسـپێک دێـتەوە یـادم، کە لەپێناوی ئـازادی خۆیـدا ڕێـگە دەدات زینـی بـکەن و هەوسـار بـخەنە لالغـاوی و تـا سـنووری مەرگ سـواری پشـتی بـن، نـازانم دەبێـت چ کارێـک بـکەم- هـاوڕێی ئـازیز! ئایـا ئەم شـێوازەی مـن بـۆ گـۆڕینی بارودۆخی ژیان و بوونم ئاماژەیەک نییە لە نائارامی من، کە هەمیشـە و لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵمدا دەبێت؟

**بیست و هەشتی ئۆگۆست**

لەڕاستیدا ، ئەگەر نەخۆشییەکەی من چارەسەری هەبێت، ئەوا تێکڕای خەڵک ئەم کارەیان ئەنجام دەدا، ئەمڕۆ ساڵڕۆژی لەدایکبوونمە و بەیانی زوو زەرفێکم لە ئەلبێرتەوە بۆهات و وەرمگرت، ئەمە هەمان ئەو قردێله بوو کە لۆتە لەکاتی یەکترناسینمان بەسەر سینگییەوە بوو،، دوو کتێبی گیرفانیش لەناو کیسەکە بوو، کە بریتی بوون یەکەمین چاپی بەرهەمەکانی هۆمێری بڵاوکەرەوەی ڤێتشتاین، کە زۆر لەمێژە ئارەزووم دەکرد و بەم شێوەیە ئیتر پێویستی نەدەکرد نوسخە قەبەکانی چاپی ئەرنست لەکاتی پیاسەکردندا لەگەڵ خۆم ببەم، سەیرە!

ئەوان لە پێشتر ئارەزووەکانی من دەزانن و هەموویان بەم میهرەبانییە بچووکانەوە بەدوای هاوڕێیەتین لەگەڵ مندا، ئەم دیاریانە هەزار جار بەهادارترە لە دیارییە بەرچاوەکان کە تیایاندا خۆپەرستی دیاریدەرەکە لە بەهای ئێمە کەم دەکاتەوە، هەزاران ماچ لەم قردێلە دەکەم و لەگەڵ هەر هەناسەیەکدا یادەوەرییەک لە خۆشبەختییەکانی ئەو ڕۆژە خۆش و دەستنەکەوتوانە دەخزێنمە ناو سینەم، ڤیلهێلم بارودۆخێکی وەهام هەیە و لێو لە لێو ناکەمەوە، گوڵەکانی ژیان تەنیا دیاردەگەلێکی ڕواڵەتین! زۆرێک لە درەختەکان بەبێ بەجێهێشتنی ئاسەوارێک لەدوای خۆیان لەناودەچن و هەندێکیان دەبن بە میوە و تەنیا ژمارەیەکی کەمی ئەم بەرهەمانە پێدەگەن!

لەگەڵ ئەمەدا درەخت زۆرە، زۆر، ئاە! ئەی برای ئازیز! ئایا دەتوانین ئەم میوە پێگەیشتوانە نادیدە بگرین و ڕوویان تێنەکەین، چێژیان لێ وەرنەگرین و لێگەڕێین بۆگەن ببن؟

خوات لەگەڵ! هاوینێکی چاکە و من زۆربەی کات لەسەر لقی درەختەکانی باغی لۆتە دادەنیشم و مەقەستێکی درێژم لەدەست دایە و هەرمێکان لە نوکی درەختەکەوە لێدەکەمەوە، لۆتە لەو خوارە وەستاوە و هەر جارێک کە میوەیەک دەخەمە خوارەوە، ئەو میوەکە لەسەر زەوی هەڵیدەگرێتەوە.



## سی ئۆگۆست

بەدبەخت، ئایا دێوانە نیت؟ ئەم خۆشەویستییە پڕ لە ژاوەژاوە لەپای چییە؟ ئیتر بێجگە لەو هیچ کارێکی دیکە ئەنجام نادەین، هێزی خەیاڵی من هیچ ڕوخسارێکی دیکە بێجگە لە ڕوخساری دڵڕفێنی ئەو نابینێت و منیش تەواوی دونیا بە بچووکراوی تەنیا لەودا دەبینم ،ئەم هەستە چرکەساتێکی خۆشم بەدیاری بۆ دەهێنێت تائەوەی بەناچاری لەو دادەبڕێم، ئاە! ڤیلهێلمی! لەبەرچی دڵی من تا ئەم ئەندازەیە پەشێوە! هەر کاتێک دوو سێ کاتژمێر لە تەنیشتیدا دادەنیشم و لە ڕوخسار و ڕەفتار و بارودۆخی ئاسمانیانەی قسەکانی تێردەبم و وردە وردە بیرم ڕۆشن دەبێتەوە، چاوانم ڕەش و تار دەبن و گویم لە هیچ نابێت و هەستێک گەرووم دەگرێت، دڵم دەکەوێتە ترپە تا ڕێگایەک بۆ ڕزگاربوونی بیرم بدۆزێتەوە و سەد هێندە زیاتر دەبێت. ڤیلهێلم زۆربەی کات نازانم کە لەم جیهانەدا دەژییم یان نا! هەندێ جار ئەگەر غەم بەسەرمدا زاڵ بێت و لۆتە دڵنەوایيم بداتەوە تاوەکو بە گریان لەسەر دەستەکانی لەم بارە کزەدا ڕزگارم بێت، ناچارم ڕاکەم ڕووبکەمە بیابان و چۆڵییەوە! پاشان لە کێڵگەکان دەخولێمەوە، بەسەر کێوێکی سەخت هەڵدەگەڕێم و شادومانی من تەنیا ئەوەیە، کە بە کوێرە ڕێیەکی دارستاناوی و دڕکاویدا تێبپەڕم و دڕکەکان جەستەم زامدار بکەن! پاشان حاڵم کەمێک باش دەبێت! کاتێک بەهۆی تینوێتی و ماندوێتی

زۆرەوە لەنێو ڕێگاکە دورودرێژەکەدا ڕادەکشێم، کاتێک، لەنیوەی شەودا کە خەپلەی تەواوی مانگ لەسەر سەری مندایە، لە دارستانەکەدا بەتەنیا لەژێر درەختێک کە بەلاری گەشەیکردووە دادەنیشم تا ژانی بنەپێی زامدارم کەمێک کەمبکەمەوە و پاشان لە ئاسودەیی و تەنیایی دارستانەکەدا خەو دەمباتەوە و تا خۆرهەڵاتن بێدار نابمەوە[9]!ئاه! ڤیڵهێڵم! ژیان لە ژورێکی بچووکدا بە پۆشاکێکی زبر و دڕ و پشتێنێکی دڕکاوی بەلامەوە چێژبەخشترە و دڵم ئارەزووی ئەوە دەکات، خوات لەگەڵ! دەزانم کە ئەم هیلاکییە بێجگە لە گۆڕ هیچ کۆتاییەکی دیکەی نییە.

## سێی سێپتێمبەر

دەبێت لێرە بڕۆم! ڤیڵهێڵم سوپاسگوزاری تۆم کە پاڵشتیت لە پلانە ڕاڕا و گومانـاوییەکەی من کرد، چواردە ڕۆژ لێرە دەڕۆم و هەوڵدەدەم ئەو فەرامۆش بکەم، پێویستە لێرە بڕۆم، لۆتە هەمدیسان لە شارە و لە ماڵی هاوڕێیەکیتی و ئەلبێرتیشی لەگەڵە، پێویستە لێرە بڕۆم!

[9]. لە وەرگێڕانەکەی دکتور سەعیدی فەیروزئابادیدا نوسراوە لەناو هێمنایی و تەنیایی دارستانەکەدا تا بولێڵ دەگریم، بەڵام لە دوو وەرگێڕانەکەیتردا نووسراوە تا خۆرهەڵاتن خەوم لێدەکەوێت، ئێمەش هی دوو وەرگێڕانەکەمان بە ڕاست زانی و سوودمان لێوەرگرتن و وەک خۆی دامان نایەوە.و.کوردی.

**دەی سێپتێمبەر**

شەوێکی سەیر بوو! ڤیلْهێلْم! ئێستا بەرگەی گشت مەینەتییەک دەگرم، ئیتر لۆتە نابینم!ئەی ئازیزترین دۆست درێغ، کە ناتوانم دەستت لە مل بکەم و هەزاران دڵۆپە فرمێسک لە ئامێزی تۆدا بڕێژم و خەفەتی خۆمت بۆ باسبکەم، مەبەست ئەو هەڵچوون و ژاوەژاوەیە، کە لەناو دڵمدا لەئارادایە، لێرە دانیشتووم و هەناسەبڕکێم گرتووە و هەوڵدەدەم خۆم هێمن بکەمەوە و لە چاوەڕوانی بەیانی دام و بە هەڵاتنی خۆر ئەسپەکانیش ئامادە دەبن.

ئەلبێرت پەیمانی پێدابووم لەپاش نانی ئێوارە بە زوویی لەگەڵ لۆتە بێتە ناو باغەکەوە، من لە هەیوانی ژێر درەختە بەڕووەکاندا وەستابووم و سەیری خۆرێکم دەکرد، کە بۆ دوایەمین جار لە سەرووی ئەو دۆڵە جوان و ئەو ڕووبارە مەندە ئاوا دەبوو، چەندین جار لەگەڵ لۆتە وەستاوم و سەیری ئەم نمایشە شکۆدارەی سروشتم کردوە و لەو شەقامە پڕ لە درەختەدا دەهات و دەچووم، کە زۆرم خۆش دەویست، هەستێکی شاراوە و خۆشەویست ببووە هۆی ئەوەی تەنانەت پێش ناسینی لۆتەش لێرە بوەستم و چەندە چێژبەخش بوو ئەو کاتەی،کە هەردووکمان دوای یەکترناسینێکی سەرەتایی، خۆشەویستی هاوبەشی خۆمان بۆ ئەم شوێنە ئاشکراکرد، بەڕاستی شوێنێکی شاعیرانەیە، کە من بەرجەستەبوونی شاکارە هونەرییەکانی تێدا دەبینم.

سـەرەتا لەنێـوان دار بەڕووەکانـدا دیـمەن و ئاسـۆ دوورەدەسـتەکان دەبینی — ئای! ئەوە دێنمەوە یاد، کە وابیردەکەمەوە بۆ تۆ بابەتێکم نووسـیبوو و باسـی ئەوەم کردبـوو، کە دیوارەکـانی دار چنارەکـان بێئەندازە هەمـوو شـوێنێکیان دەورەداوە و بەهـۆی لقەکـانی دارەکـان شـەقامەکە هەمیشـە تـاریکترە تـا لەکۆتاییـدا بە شـوێنێکی داخـراو دەگات و لەو شوێنەدا ترس لە تەنیایی سەراپات دادەگرێت، ئێستاش وابیردەکەمەوە کە لەوکاتەی بۆ هەوەڵین جار لە نیوەڕۆیەکدا هـاتمە ئەم شوێنە هەسـتێکی سـەیر و نـامۆم هەبـوو و وام هەسـتدەکرد، کە لەم شـوێنەدا خۆشـبەختی و ئـازار پـێکەوە پەیوەسـتی ئەزمـوون دەکەم.

نیو کاتژمێرێک نقوومی بیرۆکە تاڵ و شـیرینەکانی ئەم هیجـران و دیـدەنییە دووبـارەیە بـووم، تـا ئەوەی گـوێم لە کەسـێک یـا چەنـد کەسـێک بـوو، کە لە پلیکانەکـانی هەیـوانەکەدا سـەردەکەوتن بەرەو لایان ڕامکرد، دەستی لۆتەم گـرت و مـاچێکم لە سـەر دەسـتی کـرد، لەوکاتەی دەمویسـت قسـەبکەم مانـگ لەپشـت گـردە داپۆشـراوەکانی دارسـتانەکە هەڵات، قسـەمان لەبـارەی بـابەتگەلێکی جۆراوجـۆر کـرد بەبێ ئەوەی ئاگامان لەخۆمان بێت لە ژورێکی تاریک نزیک بووینەوە، لۆتە هاتە ناو ژوورەکە و دانیشت، من و ئەلبێرتیش لەلای دانیشـتین، بەڵام بەهۆی پەشـێوییەوە نەمتـوانی زۆر دانیشـم، هەڵسـامەوە بەرەو پێشـیان چـووم و چەنـد هەنگاوێـک ئەمـلا و ئەولام کـرد و دیسـان

دانیشتمەوە، بارودۆخێکی تۆقێنەر بوو، لۆتە سەرنجی ئێمەی بەرەو مانگ ڕاکێشا، مانگ لەودیوی قەدە ئەستورەکانی دار چنارەکان تەواوی هەیوانەکەی بەردەممانی ڕووناک دەکردەوە، بەکورتی دیمەنیکی شکۆدار و یەجگار سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە دەوروبەری ئێمە نقوومی تاریکی بوو، بێدەنگ بووین. پاش ماوەیەک لۆتە گوتی (هەرگیز لەژێر ڕۆشنایی مانگدا بەپیاسە ناڕۆم تا نەخواستە یادی مردوان لە هۆشمدا زیندوبێتەوە، یا هەستی مردن و ترس لە داهاتوو بەسەرمدا زاڵ بێت)

پاشان بە ویقارێکی تایبەت بەردەوامی بە قسەکانی دا: ( ئەمە چارەنووسی ئێمەیە! بەڵام ڤارتەر ئایا جارێکی دیکە یەکتری دەبینینەوە؟ ئایا هەمدیسان یەکتری دەناسینەوە؟ بۆچوونی ئێوە چییە؟ ئێوە چی دەڵێن؟) لەکاتێکدا کە دەستم بەرەو ڕووی درێژکرد و ئەشک لە چاوانم قەتیس مابوو گوتم: ( لۆتە بێگومان یەکتری دەبینینەوە! لەم دونیایە یا لە دونیاکەی تر یەکتری دەبینینەوە!) چیتر نەمتوانی قسەیەک بکەم.ڤیلهێلم ئایا لەڕاستیدا لە چرکەساتێک کە لەناو دڵمدا دەمویست ماڵئاواییەکی ترسناکی لێبکەم، ناچار بوو پرسیارێکی لەم چەشنە بکات؟)

پاشان پرسی: ( ئایا مردووە ئازیزەکانی ئێمە لەبارودۆخی ئێمە بەئاگان، ئایا دەزانن بارودۆخی ئێمە باشە و بە خۆشەویستییەکی سۆزناک بیریان لێدەکەینەوە؟ ئای! هەر جارێک لە شەوانی سەرڕێژ

لە بێدەنگیی لەناو ڕۆڵەکانی ئەو، لەنێو منداڵەکانم دادەنیشم و ئەوان بەجۆرێک لەچواردەورم کۆدەبنەوە وەک بڵێی لە چواردەوری دایکی خۆیان کۆبوونەتەوە، وا هەستدەکەم کە دایکم لەلای منە، هەر کاتێک بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسک چاو دەنوارمە ئاسمان و ئارەزوو دەکەم بۆ چرکەیەک لێم بڕوانێت و ببینێت کە هێشتا لەسەر پەیمانەکەی خۆم، هەمان ئەو پەیمانەی کە لەسەرە مەرگدا پێمدا وەفادارم، واتە دایکایەتی بۆ ڕۆڵەکانی دەکەم، بە هەستێکی تایبەت لە قوڵایی دڵەوە دەڵێم: من ببەخشە، ئەی میهرەبانترین! چونکە ناتوانم وەکو تۆ بم بۆ ئەوان، ئاە! بەڵام هەر کارێکم لەدەست بێت ئەنجامی دەدەم، هەموویان جل و بەرگ و پۆشاکیان لەبەردایە و خۆراکیان هەیە بۆ خواردن، بەڵام جیاوازی نێوان پارێزگاری و خۆشەویستی چییە؟ ئەی ڕۆحی پاک و میهرەبان، خۆزگە دەتتوانی هەست بەو گونجاوی و هاوسۆزییەمان بکەی! ئەگەر کارێکی وەها بلوابوایە بێپایان سوپاسی پەروەردگارت دەکرد و بە تاڵترین و دواهەمین دڵۆپە فرمێسکی خۆشبەختی ڕۆڵەکانت داوات لێدەکرد)

ئەرێ، ڤیلهێلم ئەم دەربڕینانەی دەربڕی! کێ هەیە بتوانێت ئەم وتانە دووبارە بکاتەوە؟ چۆن دەشێت وشە سارد و مردووەکان ئەم هۆش کراوەییە و ڕۆحە بەرز و ئاسمانییەی ئەو وەسف بکەن؟ ئەلبێرت بە هێمنی لەگەڵیدا کەوتە قسە: ( لۆتەی ئازیز، یەجگار کاریگەر بووی بەم بارودۆخە! دەزانم کە لە دڵتدا زۆر باوەڕت بەم

کارە هەیە، بەڵام تکادەکەم...) لۆتە گۆتی: ( ئاە! ئەلبێرت دەزانم هەرگیز ئەو شەوانەت لەیاد ناچێتەوە کە هەموومان پێکەوە لە چواردەوری ئەو مێزە بچووک و بازنەییەدا دادەنیشتین و باوکم لە گەشت بوو و منداڵەکانیشمان خەواندبوو، تۆ زۆربەی کات کتێبێکی باشت بۆ خوێندنەوە دەهێنا و بە دەگمەن بیرت دەکەوتە سەر خوێندنەوەی کتێبەکە، ئایا وابەستەبوون بەم ڕۆحە جوانەی دایکم گرنگتر نەبوو لە هەر کارێکی دیکە؟هەمان ئەو خانمە جوان و نەرم و نیان و شادمانەی، کە بە بەردەوامی سەرقاڵی ئیش بوو!

پەروەردگار خۆی شاهێدی ئەو گریانانەی شەوانەم بووە، کە منی نقووم تیایاندا لەسەر پێخەفەکەی خۆمدا لەبەردەم قاپییەکەی ئەو داوامدەکرد ، کە منیش تووشی هەمان ئەو سیفاتانەی دایکم بکات و هاوشێوەی ئەو بە منیشی ببەخشێت.

خۆم خستە سەر پێی و دەستیم گرت و هەزاران دڵۆپە فرمێسم ڕژاندە سەر دەستەکانی و هاوارمکرد: ( لۆتە! لۆتە! بەزەیی و میهرەبانی خوا برژێت بەسەر تۆ و ڕۆحی دایکت!) لە کاتێکدا، کە دەستیم دەگوشی گوتی: (خۆزگە! ئەوت بدیبوایە، شایەنی ئەوە بوو کە ئێوە ئەوتان بناسیبوایە!)هەستمدەکرد بێهۆش دەبم، هەرگیز کەسێک قسەیەکی ستایش ئامێزتری هاوشێوەی ئەم جۆرە دەربڕینەی بە من نەگوتبوو، گوتی: ( ئەم خانمە لە هەرەتی لاوێتیدا چاوی لە ژیان لێکنا، چونکە بچووکترین کوڕی شەش مانگان بوو!

نەخۆشییەکەی ئەوەندە درێژەی نەکێشا، لەگەڵ ئەوەدا هێمن بوو و خۆی ڕادەست کرد، تەنیا تەنیایی منداڵەکانی و بەتایبەت ئەو منداڵە بچووکەیان بەلایەوە شتێکی ئازاراوی بوو، خەریک بوو دواهەمین هەناسەکانی هەڵدەکێشا کاتێک بە منی گوت: منداڵەکان بهێنە لام، منیش بەگوێم کرد و منداڵەکانم هێنا، کە هیچ هەواڵێکیان لە روداوەکە نەبوو و هیچ شتێکیان نەدەزانی، لە چواردەوری قەرەوێڵەکەی کۆبوونەوە، دایکم دەستی بەرزکردەوە و نزای بۆ کردن و یەک لەدوای یەک ماچی کردن و وتی بڕۆن، پاشان ڕووی لە من کرد و گوتی: دایکایەتی بۆ ئەوان بکە! سوێندم خوارد کە ئەو شتە بکەم! گوتی: کچەکەم پەیمانێکی قورسم پێدەدەی، پێویستە دڵێکی دایکانە و چاوانێکی دایکانەت هەبێت.چەندین جار لەو فرمێسکانەی تۆ ، کە وەکو سوپاسگوزاری هەڵتدەڕشتن درکم بەوە کردووە، کە تۆ دەزانی هەستی دایکایەتی چییە. ئەم هەستەت سەبارەت بە خوشک و براکانی خۆت هەبێت و بەرامبەر بە باوکت هەروەکو هاوسەرێکی وەفادار و گوێڕایەڵ بە، تۆ ئازاری ئەو هێور دەکەیتەوە – پاشان لەوی پرسی- باوکم لەماڵ چووبووە دەر تا ئەو غەمە قورس و گرانەی کە لەدڵی خۆیدا هەستی پێدەکرد لە ئێمە بشارێتەوە، پیاوە داماوەکە لەژێر باری ئەم غەمە پشتی کووڕببووەوە.

ئەلبێرت تۆ لە ژوورەکە بووی دایکم دەنگی هەنگاوەکانی کەسێکی بیست و پرسی کێیە و ویستی بێیتە لای و هەر ئەوەی، کە من و

تۆی بینی بە نیگایەکی ئاسوودە و ئارامەوە ئەوەی گوت، کە ئێمە بەختەوەرین و بەختەوەر دەبین) ئەلبێرت دەستی لە ملی کرد و ماچی کرد و هاواریکرد:

( ئێمە بەختەوەرین! بەختەوەر دەبین!) ئەلبێرت، کە هەمیشە لەسەرخۆ بوو جڵەوی لەدەستدابوو و منیش ئاگام لە بارودۆخی خۆم نەبوو.

پاشان لۆتە گوتی: ( چارەنووس وای دەخواست، کە دەست لەم ژنە بەربدەین! پەروەردگارا! هەندێجار وا بیردەکەمەوە کە مرۆڤ چارەیەکی دیکەی نییە، جگە لەوەی کە دەست لە دەستی خۆشەویستترین کەسی ژیانی بەربدات، تاڵی ئەم ڕوداوە تەنیا منداڵەکان هەستیان پێدەکرد و تا ماوەیەک گلەییان هەبوو لەوەی، کە بۆچی پیاوانی ڕەشپۆش دایکمانیان لەسەر شانی خۆیان لە ماڵ بردە دەرەوە!)

لۆتە هەڵسایەوە و من وەک بڵێی لە خەو بەئاگابێمەوە و بەسەرسامییەوە لەسەر جێگاکەم دانیشتم، دەستیم خستە ناو دەستمەوە. گوتی: ( دەبێت بڕۆین، کاتی هاتووە) دەیویست دەستی بکێشتە دواوە و من ئەم دەستەم توندتر لەناو دەستەکانی خۆم دەگوشی. هاوارمکرد: دووبارە هەم یەکتر دەبینینەوە، هەمدیسان یەکتری بەدەست دێنینەوە و لەنێو ئەم هەموو مرۆڤە هەمدیسان یەکتر دەناسینەوە، ئەگەر بمویستبایە بەئارەزووی خۆم دەڕۆیشتم و

لەڕاستیدا دەمەویت بلێیم بۆ هەمیشە. ناتوانم بەرگەی دەربڕینی ئەم ڕستەیە بگرم، خوات لەگەڵ لۆتە! خوات لەگەڵ ئەلبێرت! بە ئومێدی دیدار. لۆتە بە گاڵتەیەکی زۆر تایبەت و ناسکەوە وتی: ( لەوباوەڕەدام، خوات لەگەڵ تا بەیانی!) من هەستم بە قورسی ئەم وشەی بەیانییە کرد! ئاه! ئەو چرکەساتەی، کە دەستی لەنێو دەستەکانم دەردەهێنا ئەم بابەتەی نەدەزانی، ئەوان بەڕێگەی ناو باغەکەدا ڕۆیشتن و من وەستام، لەژێر ڕۆشنایی مانگدا سەیری ئەوانم کرد و ڕامکردە پێش هەیوانەکە و لەژێر سێبەری دار زەیزەفوونە بڵندەکاندا پۆشاکە سپیەکەیم بینی کە لە نزیک دەرگای باغچەکەدا دەدرەوشایەوە، دەستەکانم بۆ درێژکرد و ئەو سپێتییە لەبەرچاوم ونبوو.



# بەشی دووەم

## بیستی ئۆکتۆبەری ١٧٧١

دوێنێ گەیشتینە ئێرە، بارودۆخی باڵوێز باش نییە، بۆیە چەند ڕۆژێک لەماڵ دەمێنێتەوە، ئەگەر هێندە بە بیانوو و بێڕەوشت نەبوایە، ئەوا هەموو شتێک لەجێی خۆیدا دەبوو، هەستدەکەم چارەنووس ئەزموونگەلێکی سەختی بۆ من فەراهەم کردووە، بەڵام پێویستە بوێر بیت! کەمێک هێوری و لەسەرخۆیی بەرگەگرتنی ئەم دژواریانە ساناتر دەکات! لەسەرخۆیی؟ هەر کە ئەم وشەیە دەنووسم پێکەنینم دێت، ئاه! بە کەمێک ساویلکەییەوە دەگۆڕێم بۆ بەختەوەرترین مرۆڤ لەسەر ئەم گۆیی زەوییە، چی دەڵێم؟ لەم چرکەساتەدا کەسانی دیکە بە کەمێک هەوڵ و تواناوە زیاتر لە من خۆویستانە ستایشی خۆیان دەکەن، من گومان لە وزە و توانای خۆم دەکەم؟ پەروەردگاری میهرەبان! ئەی ئەوەی، کە ئەم هەموو بەخششە هی تۆیە، لەبەرچی نیوەی ئەوە لە من ناسەنیتەوە و

لەجیـــاتی ئەوە هەســـتی بـــاوەڕبوون بە خۆبـــوون و قەنـــاعەتم پێنابەخشی؟

لەسـەرخۆیی! لەسـەرخۆیی! بە ئـارامگرتن ڕۆژگـار باشـتر دەبێـت، لەبەرئەوە ئەی یـاری میهرەبـان پێتـدەڵێم تـۆ لەســەر حەقــی، لەو کاتەوەی کە گشت ڕۆژێـک لەنـاو خەڵکـم و کـاردەکەم و دەبیـنم چـی دەکەن و چـۆن هەوڵـدەدەن، بـارودۆخێکی باشـترم هەیە، لەبەرچـی سروشتی هەریەکێکمان بەشـێوەیەکی تـایبەتە و ئـێمە خۆمـان لەگەڵ هەموو کەسـێک و هەموکەسـێکیش لەگەڵ خۆمانـدا بەراورد دەکەیـن، بێگومان خۆشـبەختی یـا بەدبەختـی ئـێمە پێوەنـدییەکی تەواوی بەو هۆکارانەوە هەیە، کە لەناوی دەژییـین و هـیچ کارێـک لەم بـوارەدا لە تەنیایی ترسناکتر نییە، هێزی خەیاڵمان کە سروشتێکی بـاڵای هەیە، لە دیمەنە خەیاڵبزوێنەکانی پیشە و هونەری شاعیری پاراو دەبێـت و ڕاستەوخۆ بوونەوەرێک دێنیتەکایەوە،کە ئـێمە خۆمـان لە نزمترینیـان ئاستی ئەوان داین و گشت شتێک بێجگە لە خودی ئێمە شـکۆدارتر و تەواوتر دێـنە پـێش چـاو، ئەمە شـتێکی ئاشـکرایە، چەنـدین جـار وا هەست دەکەین، کە شتێکی کەممان هەیە و ڕێک هەمان ئەم کێماسی و کەموکورتییەمـان بەشـێوەیەک لەبەرچـاودا دەردەکەوێـت کە لەلای کەسـانی دیـکە هەبێـت، هەربۆیـە ئەوەی هەمـانە و زیـاتریش لەوە هەستێکی خۆشی ئایدیاڵی بە کەسـەکە دەبەخشـین و بەم کارەمـان ئەو کەسە خۆشبەختە دەبێتە تەواوکەر و ئەفرێنەری ئێمە.

بەپێچەوانەوە هەر کاتێک، سەرباری لاوازی و هیلاکی خۆمانەوە بەردەوامی بە کارەکە دەدەین، ئەوا بەگشتی درک بەوە دەکەین، کە بە جووڵە پڕ لە خواری و خێچییەکەمان بەلەمەکەی خۆمان، کە بە چارۆگە و سەوڵ دەجوڵێتەوە بەرەو پێشتر دەبەین، ئەمەش هەمان هەستی ڕاستەقینەی کەسێکە، کە کەسانیتر بە هاوتای خۆی یا خوارتر لە خۆی دەبینێت.

## بیست و شەشی نۆڤێمبەری١٧٧١

وردە وردە لێرەبوون بەلامەوە دەبێتە شتێکی ئازاردەر، باشترین بارودۆخ ئەوەیە، کە کارێک بۆ کردن بوونی هەبێت و لەپاشاندا ئامادەیی خەڵکێکی زۆر، کە بە ڕووخسارە نوێکانی خۆیانەوە لە هۆشی مندا دیمەنێکی سەرنجڕاکێش دەهێننەکایەوە. لەگەڵ کۆنت (س) ئاشنایەتیم پەیداکردووە، پیاوێکە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕێزی لەلای من زێدەتر دەبێت، هۆشێکی فراوان و زانستێکی زۆری هەیە و لەبەرئەوەی سنگ فراوان و نەرم و نیانە، بۆیە لە هەموو شتێک تێدەگات،هەڵسوکەوتی ئەوە نیشاندەدات، کە بەهای هاوڕێیەتی خۆشەویستی دەزانێت، هەوەڵین جار،کە بۆ ئەنجامدانی کارێک چووبوومە دیدەنی دوای چەند قسەیەک،کە کردمان درکی بەوە کرد کە لەقسەی یەکتری تێدەگەین، بەم هۆیەوە قسەگەلێک لەگەڵ مندا دەکات، کە لەگەڵ هیچ کەسی دیکە نایکات، تەنانەت ناتوانم بەدروستی ڕەفتارە میهرەبانانەکەشی لەگەڵ خۆمدا نیشان بدەم، ئەم

خۆشبەختییە ڕاستەقینە و پڕ جۆش و خرۆشە تەنیا کاتێک بوونی هەیە، کە ڕۆحێکی گەورە ڕۆحێکی دیکە پەسەند دەکات.

## بیست و چواری دیسێمبەر

بالۆێز زۆر ئازارم دەدات، خۆم پێشبینی ئەم لایەنەم کردبوو، شێتێکی یەجگار تەواوە کە هاوتای نییە، هەر هەنگاوێک کە هەڵیدەنێت ڕێک هاوشێوەی قەیرە کچانە، مرۆڤێکە هیچ کاتێک لە کاری خۆی ڕازی نییە و بەم هۆیەشەوە سوپاسی کەسێک ناکات، هەرئەوەی کە من بە ئارەزوو و حەزلێبوونەوە کارێک ئەنجام دەدەم و ڕوداوەکەی بەهەمان ئەو شێوەی،کە هەیە باسدەکەم بۆ وچان دەتوانێت لەم بارەیەوە داد و بێداد بکات و بڵێت: ( چاکە، بەڵام بەوردی بڕوانە، وشەیەکی چاکتر، ئامرازێکی بەستنەوەی چاکتریش دەتوانرێت بدۆزرێتەوە) من بە تەواوەتی نقوومی تووڕەیی دەبم، هیچ ئامرازێکی بەستنەوە و هیچ (واوێک) نابێت زیاد و بێسوود بێت و بە هەر جۆرە شوێن گۆڕینێکی بنەڕەتەکانی ڕستە، کە هەندێک جار لە نووسینەکانی مندا دەبینرێت تەواو پێچەوانە و دژە، ئەگەر ڕیزکردنی ڕستەکانی دەق لەسەر بنەمایەکی باو و ڕێک ڕیز نەکەم، ئەوا هیچی لێ تێناگات، کارکردن لەگەڵ مرۆڤێکی لەم چەشنە شتێکی ئازاردەرە.

باوەڕبوونی کۆنت (فۆن ک) بە من تاکە هەستێکە،کە جۆش و خرۆشی بە من داوە، لەو زوانە ڕاستگۆیانە بە منی دەگوت، کە لە

سستی و ڕامانی لەئەندازە بەدەری بالۆیز نیگەرانە، دەیگوت: ( کەسانێک کاری خۆیان و کەسانی دیکەش قورس دەکەن، بەڵام چارەیەک جگە لەمەنە نییە، کە مرۆڤ خۆی بەرامبەر ئەوانە ڕێک وەکو گەشتیارێک بەراورد بکات، کە بۆ سەرکەوتن لە چیایەک پێویستی بە کەسانی دیکە هەیە، ئاشکرایە ئەگەر کێوێک نەبێت، ڕێگاکە هەموارتر و کورتترە، بەڵام چیاکە لێرەیە و ڕێگرە و دەبێت لێی تێپەڕیت!).

سەرۆکەکەم لە خۆشەویستی کۆنت بۆ من ئاگادارە و لەم بابەتە تووڕە دەبێت و سوود لە هەر هەلێک وەردەگرێت تا لەلای من بە پاشملە باسی کۆنت بکات، ئەوە ئاشکرایە کە منیش لەبەرامبەر ئەمەدا قسە لەگەڵ ئەودا دەکەم و ئەم ڕوداوەش کارەکە ئاڵۆزتر دەکات، تەنانەت دوێنی منی تووڕەکرد، چونکە مەبەستی لە خودی منیش بوو و گوتم: ( بۆ کارە گەورەکان کۆنت کەسێکی زۆر گونجاو و شایستەیە، گشت کارەکان بە سانایی وەردەگرێت و دەست و قەڵەمێکی چاکی هەیە، بەڵام لەناخیدا هاوشێوەی ئەو نووسەرە ئەدەبییانەی، کە بەرهەمەکانیان فەرامۆشکراوە، بەدەگمەن دەتوانرێت ئاماژەیەک لەو مەعریفە قووڵەی بدۆزرێتەوە) پاشان سەیرێکی منی کرد و وەک ئەوەی بیەوێ بڵێت: ( ژانی ئەم قسەیەت هەستپێکرد؟) بەڵام ئەم قسەیە منی نەڕەنجاند، من کەسانێک سەرزەنشت دەکەم، کە بەم جۆرە بیردەکەنەوە و هەڵسوکەوت دەکەن، بەرامبەری

وەستامەوە و بە توندی وەڵامیم دایەوە و گوتم: ( کۆنت کەسێکە کە پێویستە بەهۆی کەسایەتی و پێگە مەعریفییەکەیەوە ڕێزی لێبگیرێت، من کەسێک ناناسم، کە سەرکەوتوو بێت تا ئەم ئەندازەیە هۆشمەند بێت و دەربارەی مەسەلە جۆراوجۆر و بێشومارەکانەوە مەعریفەیەکی لەم چەشنەی هەبێت و لەگەڵ ئەمەدا بۆ سوودی تێکڕای خەڵک کەڵک لەم مەعریفەیە وەربگرێت). بەلای ئەو پیاوەوە ئەم وتانە زۆر سەیر بوون بە خۆمم گوت بۆ ئەوەی چیتر تووڕە نەبم، ئەوا پێویستە لەم بارەوە لەگەڵ ئەودا قسە نەکەم.

هەمووو ئێوەن، کە لەم ڕوداوەدا کەمتەرخەمیتان هەیە، ئەرێ، ئێوە کە منتان بە قسەکانی خۆتان خستە قەفەسەوە و دەتانگوت کار و چالاکی بارودۆخی من باش دەکات! چالاکی! ئەگەر ئەو کەسەی کە پەتاتە دەچێنێت و دەچێتە شار پەتاتەکەی خۆی بفرۆشێت کارێکی سوودمەندتر لە من ئەنجام نەدات، ئەوا ئامادەم دە ساڵ خۆم بدەمە دەست دیلی و لە کۆت و بەند و زنجیردا لەسەر کەشتی بەندەکان دانیشم، ئەرێ ئەمە بارودۆخی منە.

ئەم بەدبەختییە زۆرە، ئەم هیلاکییەی کە لەنێو خەڵکی بەدڕەوشتی ئێرە بوونی هەیە بێزارکەرە! ئەو پلە و پۆست ویستییەی ئەوان، ئەو وردی و چاودێریەی ئەوان بۆ پێشگیری کردن لە کەسانی دیکە و ئەو گەمژەترین خرۆشانانەی، کە هیچ شتێک نایانشارێتەوە.

بۆ نموونە لێرە ژنێک هەیە،کە بەرامبەر هەر کەسێک هێندە قسە لەبارە خانەدانێتی و موڵکدارێتی خۆی دەکات، کە گشت کەسێکی نامۆ وابیردەکاتەوە ئەم ژنە شێتە و زۆر بە دەگمەن دێتە سەر باسی هەستی خانەدانێتی و ناوبانگی شارەکەی ، بەڵام کارەکە لەمەش ئابروبەرانەترە، چونکە ئەم ژنە خەڵکی لادێیەکی ئەو دەورووبەرەیە و کچی نووسەری دادگایە، سەیرکە من ئەسڵەن ناتوانم لە بیرۆکەکانی ئەم جۆرە مرۆڤە تێبگەم، کە هیچ شتێک تێناگات و ئامادەیە بۆ گەیشتن بە مەرامەکەی خۆی بفرۆشێت.

هاوڕێی ئازیز لە ڕاستیدا هەر ڕۆژێک زیاتر لەوە تێدەگەم، کە بەراوردکردنی کەسانی دیکە لەگەڵ خۆم کارێکی گەمژانەیە و لەبەرئەوەی زیاد لەپێویست سەرقاڵی خۆمم و دڵم دیلی شڵەژاوی و پەشێوییەکی هەمیشەییە، حەزدەکەم پێوەندیم بە کاری کەسانی دیکەوە نەبێت،تەنیا بەو مەرجەی ئەوانیش ئەو هەلەم پێبدەن، کە ڕێگەی خۆم بگرم.

ئەوەی زیاتر لە گشت شتێک ئازارم دەدات ئەم بۆنە کۆمەڵایەتییە ئابڕووبەرانەیە، دەزانم تێگەیشتنی جیاوازی نێوان چینەکان بەلامەوە شتێکی سەختە، بەڵام نابێت ببێتە ڕێگر لەوەی کە من سوود لەم کەمە کامەرانی و ئەو تروسکاییە کەمەی خۆشبەختی دونیا وەربگرم، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لەکاتی پیاسەکردندا لەگەڵ خانم (فۆن ب) ئاشنایەتیم پەیدا کرد، کچێکی خۆشەویستە کە سەرەڕای داب و

نەریتە وشکەکانی ژیانی ئێرە زۆربەی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی خۆی پاراستووە،لەکاتی قسەکردن و گفتوگۆی نێوانماندا هەردووکمان خۆشحاڵ بووین و لە کاتی ماڵئاواییکردندا مۆڵەتم لێی خواست کە دووبارە بچمە دیدەنی، هێندە بە ڕووکراوەیی ئەو مۆڵەتەی پێدام کە ئەسڵەن نەمتوانی چاوەڕوانی دەستی چارەنووس و هەلێکی دیکە بکەم، خانم خەڵکی ئێرە نییە و لەلای پوری ژیان بەسەر دەبات، من هێندە حەز بە ڕوخساری ئەو پیرەژنە ناکەم، گرنگییەکی زۆرم پێیدا و ڕووی قسەکانم زیاتر لەو بوو و دوای نیو کاتژمێر لە کۆتاییدا برازاکەی ئەوەی بۆ باسکردم، ئینجا تێگەیشتم: پوریێ لە ساڵانی تەمەنی پیریدا سامانەکەی کەمبوونەوەیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە و سەروەتێکی وەهای نییە، ئەقڵ و هۆشێکی ڕێک و پێکی نییە و تاکە پاڵپشتی درەختی خێزانی باب و باپیرانیەتی و تاکە پەناگەی چینە کۆمەڵایەتییەکەیەتی، کە پێیەوە پێوەستە و هیچ چێژێکی دیکەی جگە لەمە نییە کە لە شوێنە بەرزەکەی خۆیەوە لە خەڵک بڕوانێت، لە گەنجێتیدا جوان بووە و کەمێک دواتر ژیانی خۆی بە با داوە، سەرەتا بە خۆویستی و فیزەوە پیاوانی گەنجی ئازار داوە و لە ساڵانی پیریدا سەری ڕادەستبوونی بەرامبەر پیرەمێردێک کەچ کردووە و بە بەهایەکی لەم چەشنە و دەرامەتێکی کەم قۆناغی پیری لەگەڵ ئەودا بەسەر بردووە و پیرەمێردەکەش مردووە، ئێستا لە

پیریدا هەست بە تەنیایی دەکات و ئەگەر برازایەکی میهرەبانی لەم چەشنەی نەبووبایە، ئەوا کەس سەیریشی نەدەکرد.

## هەشتی جەنیوەری ١٧٧٢

ئەم کۆمەڵە کەسە خەڵکانێکی سەیرن، کە تەواوی بیر و هۆشیان لای مەراسیم و بۆنەکانە و ساڵانێک بە تەواوی هەوڵ و کۆششی خۆیانەوە تەنیا ئەوە دەخوازن لە کورسی سەرۆکایەتی هەنگاوێک نزیک بکەونەوە! نا مەبەستم ئەوە نییە، کە کارێکی دیکەیان نییە بیکەن، نەخێر ئیشێکی زۆریان هەیە، چونکە دەربارەی ئەم بابەتە بێسوودانە، کە لە ڕوانگەی خۆیانەوە یەجگار سوودبەخشە زۆر قسە دەکەن، هەفتەی ڕابردوو ڕووداوێکی لەم شێوەیە لەکاتی پێشبڕکێی گالیسکەی سەر بەفر ڕوویدا و تەواوی مەراسیمەکە و چێژەکەی تێکدا.

شێتەکان لەوە تێناگەن، کە ئەو کەسەی بەرزترین کەسە و گرنگییەکی زۆری هەیە، هیچ کارێک بە خواستی خۆی ئەنجام نادات! ڕێک وەکو پاشایەکە، کە وەزیرەکەی جڵەوی کارەکانی ئەوی لەدەستدایە و ئەم وەزیرەش لە واقیعدا نووسەرەکەی حوکمڕانیی دەکات! لەبەرئەوە هەوەڵین و باڵاترین کەس کێیە؟ بە بڕوای من ئەو کەسەیە،کە بە بەرزییەوە لە خەڵکانی دیکە دەڕوانێت و هێز یا جادوێکی وەهای هەیە، کە بۆ گەیشتن بە پلانی خۆی سوود لە وزە و هەستەکانی ئەوان وەردەگرێت.

## بیستی جەنیوەری

لۆتەی ئازیز پێویستە ئەم نامەیە لێرە بۆ ئێوە بنووسم، لێرە لە میوانخانەیەکی لادێیی بچووکم، کە بەهۆی خراپی کەش و هەواوە پەنام بۆ هێناوە، لەو کاتەوەی کە لە شاری غەماوی (د) و لەنێو کەسانێکی نامۆ و خەڵکانێک کە هیچ پێوەندییەکی ڕاستگۆیانە و دڵسۆزانەم لەگەڵیاندا نییە ژیان بەسەر دەبەم، چرکەیەک نەبووە کە لەناو دڵمدا ئارەزووی نووسینی نامەیەکم بۆ ئێوە نەبێت و ئێستا لەم خانۆچکەیەدا لە تەنهایی و لەم کەش و بارودۆخە داخراو و سنووردارە، کە بەفر و تەرزە بە توندی بەر پەنجەرەی ژوورەکەم دەکەون، ئێوە یەکەمین بیرۆکەن کە بە مێشکی مندا دێن، ئاە! لۆتە هەر ئەوەی کە هاتمە ناو ئەم ژوورە ڕوخسار و یاد و یادەوەری ئێوە تەواوی ناخمی داگیرکرد!هەستێکی پیرۆز و پاک! پەروەردگاری میهرەبان! هەر لەهەمان چرکەساتی سەرەتاوە!

ئەی میهرەبانترین ، ئەی خۆزگە! منی دیلت لەم لافاوی پەرێشانییە دەبینی! هەستەکانم بەردەوام دیلی غەمن و چرکەیەک دڵم شاد نابێت و یەک کاژێری خۆش دابین نابێت! هیچ ! هیچ! وەک بڵێی لەبەردەم سندوقی نواندنی بووکەڵەدا وەستاوم و تێپەڕینی پیاوان و ئاژەڵگەلێکی بچووک دەبینم و لەخۆم دەپرسم: ئایا چاوانم بە دروستی دەبینێت و هەڵە ناکات، منیش لەم نواندنەدا بەشدارم، تەنانەت لەسەرووی ئەوەشەوە منیان وەکو بووکەڵەیەک لە یارییەکە

داناوە و هەندێجار دەستە دارینەکانی هاوڕێکەی تەنیشتم دەخەمە ناو دەستمەوە و بەهۆی ترسەوە هەنگاوێک دەکشێمە دواوە، شەوان لەبەرخۆمەوە دەڵێم چێژ لە هەڵاتنی خۆر وەردەگرم ، کە بەیانی دێت لەسەر جێگاکەم هەڵناسمەوە، بە ڕۆژیش ئەو ئومێدەم هەیە، کە بە بینی مانگ شادمان بم ، بەڵام کە شەو دێت لە ژوورەکەم دەمێنمەوە، بەڕاستی نازانم لەبەرچی لەخەو هەڵدەستم و بۆچی دەخەوم.

ئەو هەوێنەی،کە مایەی جووڵەی ژیانمە چیتر بوونی نییە و ئەو هەستەی،کە لە نیوەی شەوان منی دڵخۆش دەکردو دەمەو سپێدان بێداری دەکردمەوە لەناوچووە. لێرەدا تاکە ژنێکم دۆزیوەتەوە، خاتونێک بەناوی (فۆن ب)کە هاوشێوەی ئێوەیە، لۆتە هەڵبەتە ئەگەر بکرێت کەسێک بە ئێوە بەراورد بکرێت. ئاە! دەڵێی کە ڕەنگە جێگەی چەند یەکترناسینێکی بێ نرخیش لەنامەکەیدا بکاتەوە! ئەوەی وتم هێندە دوور نییە لە حەقیقەت، لەم دواییانەدا زۆر ڕووخۆش و ئاسوودە بوومە، چونکە جگە لەم هەڵسوکەوتە ناتوانم شتێکی دیکە بکەم، گاڵتە دەکەم و بە ژنان دەڵێم: هیچ کەسێک لە من باشتر ناتوانێت ئێوەی ژنان ستایش بکات و (**ئەوان دەڵێن: درۆ بکە، چونکە بە بێ درۆ ئەم کارە ناکرێت، ئێوە لە مەبەستی من تێدەگەن؟**) خەریکبووم قسەم دەربارەی خاتوو(ب) دەکرد، ژنێکی پڕ هەست و سۆزە کە لە چاوە شینەکانی دەتوانیت ئەم شتە بەدی

بکەیت، لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەی خۆی ڕازی نییە، چونکە ئەم پێگە و چینە کۆمەڵایەتییە هیچ یەکێک لە ئارەزووەکانی بۆ بەدی ناهێنێت، زۆر حەز لەوە دەکات لەم ژاوەژاوە ڕابکات و ئێمە کاتێک پێکەوە لە کەش و هەوای لادێدا بە شادمانییەکی زۆرەوە نقوومی ئارەزووەکان دەبین.ئاە! قسە لەبارەی ئێوەوە دەکەین! چەندین جار ستایشتان دەکات، نەک بەهۆی ناچارییەوە، بەڵکو بە ئارەزووی خۆی و بە تامەزرۆییەوە گوێ بۆ بەسەرهاتی ژیانی ئێوە شل دەکات و ئێوەشی خۆش دەوێت.

ئاە! ئای خۆزگە لە بەر پێیەکانی ئێوە لەو ژوورە جوان و بچووک و هۆگرەدا دەبووم و منداڵە بچووکەکان لەچواردەوری من یارییان دەکرد و هەر جارێک، کە لە هات و هاواریان ماندوو و وەڕز ببووای، من بە چیرۆکێکی ترسناک ئەوانم لە دەوری خۆم کۆدەکردەوە و ئارامم دەکردنەوە.

خۆر بە شکۆدارییەکی زۆرەوە لەم شوێنە داپۆشراو بە بەفرەوە ئاوا دەبێت، گەردەلول و ڕەشەباکە هێوربۆتەوە و من پێویستە دووبارە لەم قەفەسەدا دا بمێنمەوە،خودات لەگەڵ! ئایا ئەلبێرت لەلای ئێوەیە؟ چۆنە...؟ خودا لەم پرسیارە بمبەخشێت.

## هەشتی فێبریوەری

لەم هەشـت ڕۆژەی پێشـوودا كەش و هەوا زۆر تـووش بـوو، بەڵام ئەم كەش و هەوایە كـاریگەرییەكی زۆر خۆشـی بەسـەرمنەوە هەیە، چـونكە لەو ڕۆژەوەی كە گەیشـتوومەتە ئێـرە هـیچ ڕۆژێكـی جـوانم نەدیـوە، كە كەسـێك تێكـی نەدابێـت و منـی نەڕەنجانـدبێت ، بەڵـێ ئەگەر بەڕێكـی و بە بەردەوامـی بـاران ببارێـت، ڕەشـەبا هەڵبكـات و هەموو شوێنێك سەهۆڵ بیبەستێت، ئەوا وابیـردەكەمەوە كە بـارودۆخ لەماڵەوە خراپتر نابێت لە دەرەوە یا بەپێچەوانەوە و هەرچۆنێك بێت ئەمە بارودۆخی منە، هەر كاتێك كە خۆر لە دەمەوسپێدان هەڵدێت و پەیمـانی ڕۆژێكـی خـۆش دەدات، هەرگیـز ئەوە لەیـاد نـاكەم، كە بەدەنگێكـی بەرزەوە بڵـێم: هەمدیسـان بەهرەیەكـی خـودایی بـوو بە قسمەت و بەشی ئێوە تا جارێكی دیكە بەفیڕۆی بدەن : تەندروستی، ناوبانگی باش، كـامەرانی، ئاسـودەیی! ئەوان زۆربەی كـات ئەم كـارە بەهۆی گەمژەیی و هەڵەتێگەیشتن و كۆت و بەندەكانەوە بەكۆتا دێنن و ئەگەر گـوێ ڕادێـری بـۆ قسـەكانیان، تەنـانەت بەبەزەییـانەترین بۆچوونەكانیان مـایەی نیگەرانـی و داخە، هەنـدێ جـار دڵـم ئـارەزوو دەكات لەبەردەمیان بكەومە سەر ئەژنۆ و لێیان بپـاڕێمەوە كە هێنـدە بەپەلە ئەژدیهای توڕەیی لەناو ناخی یەكتردا بێدار نەكەنەوە.

**حەڤدەی فێبریوەر**

دەترسم، کە من و باڵوێز ئیتر نەتوانین بەرگەی یەکتر بگرین، بەهیچ شێوەیەک ناکرێت ڕەفتاری ئەم پیاوە بەرگەی بگیرێت، شێوازی ئیش و شێوەی ڕەفتاری وەها پێکەنیناوییە، کە ناتوانم لە سەرپێچیکردن و بەرهەڵستیکردنی ئەودا خۆپارێزی بکەم، زۆربەی کات هەر کارێک، کە بە شێواز و بیرۆکەی خۆم ئەنجامی دەدەم شتێکی ئاساییە، کە ڕەزامەندی ئەو کێش ناکات و بەدەست ناهێنێت، هەر لەو ماوەیەدا لەم بارەیەوە سکاڵای بۆ دەربار بەرزکردۆتەوە و وەزیریش وریاکردنەوەیەکی تاڕاددەیەک سەرزەنشتکاری بە مندا، بەڵام هەرچۆنێک بێت وریاکردنەوە بوو و من لەو کاتەی، کە نامەیەکی تایبەتم لەوەوە پێگەیشت[١٠]، مەبەستم بوو کۆتایی بە کارەکەی خۆم بهێنم، مەبەست لە هەمان ئەو نامەیەیە، کە من لەبەرامبەریدا سەری ڕادەستبوونم کەچ کرد و نامەیەکی بەرز و باڵا و بەخشندانە و حەکیمانە بوو، لەم نامەیەدا هەستیاری زیاد لە پێویستی منی سەرزەنشت کردووە و بیرۆکە مەزنەکانی منیان لەبارەی کاریگەری بۆ سەر کەسانی دیکە و چالاکی زۆرتر لە کار و میهرەبانیدا ستایش کردبوو، نوسیبووی، کە نابێت

---

[١٠]. بەهۆی نائاسودەیی نێرەری پایەبەرزی نامەکە، ئەم نامەیە و نامەیەکی دیکەمان سڕییەوە، کە دواتر ڕوونکردنەوەی لەبارەیەوە دەدەین، چونکە وامان بیرکردەوە،کە دەربارەی بوێرییەکی وەها، سەرەڕای سوپاسێکی بێپایانی خوێنەران ناتوانین پۆزشێکیان بۆ بهێنینەوە.

ئەم هەستە لەناو بچێت، بەڵکو پێویستە توندییەکەی کەم بکرێتەوە و هەوڵبدرێت لە ژیانی واقیعیدا پەیڕەو بکرێت و بەهۆیەوە زۆرترین کاریگەری بخرێتە سەر کەسانی دیکە. هەشت ڕۆژ بەهۆی ئەم نامەیە ورەم بەرزبووەوە و خۆم کۆکردەوە و لەگەڵ خۆمدا ئاشتەوایم کرد، ئاسودەیی ڕۆحیی زۆر جوان و شادمانانەیە و لە خودی خۆیدا قەشەنگە، هاوڕێی میهرەبان خۆزگە ئەم گەوهەرە بەهەمان ئەو ئەندازەیەی کە جوان و بەهادارە، فانی و ناسک و لەناوچوو نەبوایە.

## بیستی فێبریوەری

سۆز و میهرەبانی خودا بڕژێت بەسەر ئێوە ئازیزانی من و تەواوی ئەو ڕۆژە خۆشانەی، کە لە من حەرام دەبێت بە ئێوەی ببەخشێت!

ئەلبێرت سوپاسگوزاری تۆم کە منت هەڵخەڵەتاند، چونکە من لە چاوەڕوانی وەرگرتنی ئەم هەواڵە بووم، کە ئاهەنگی هاوسەرگیری ئێوە کەی بەڕێوە دەچێت و هەوڵمدەدا بە شادمانییەکی تەواوەوە وێنەی لۆتە لە دیواری ژوورەکەم بکەمەوە و لەگەڵ نامەکانی دیکەدا بیخەمە ژێرخاکەوە، ئێستا ئێوە هاوسەرگیریتان لەگەڵ ئەودا کردووە و ئەم وێنەیە هێشتا لێرەیە! ئەم وێنەیە دەبێت لەشوێنی خۆیدا بمێنێتەوە! لەبەرچی نا؟ دەزانم کە منیش لە هۆشی ئێوەدا جێگەیەکم هەیە و لە دڵی لۆتەشدا جێگایەک، کە هیچ ئازارێک بە تۆ ناگەیەنێت و دووەمین جێگایە و منیش ئەمەم دەوێت و پێویستە ئەم قەدر و پلەوپایە بپارێزم، ئاه! ئەگەر لۆتە منی لەیاد دەچووەوە،

تــورەیی تەواوی نــاخمی دەگــرتەوە. ئەلبێــرت بەم بیــرۆکەیە دۆزەخ لەبەر دەمی خۆمدا دەبینم، خوات لەگەڵ ئەلبێرت! خـوات لەگەڵ ئەی فریشتەی خوا، خوات لەگەڵ لۆتە!

## پازدەی مارس

هەســـتێکی ناخۆشـــم هەیە هەربۆیـــە لێـــرە دەڕۆم، ددانەکـــانم لێکـدەدەم! نەفـرەت لە ئەهـریمەن! ناشـێت ئەم هەسـتە لەنـاوبچێ و گوناهی ئەوە گشتی لە ئەستۆی ئێوەیە، ئێوە کە منتان هاندا، منتان هەڵفڕاند، منتان ئازاردا تا کارێک پەسەند بکەم، کە بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ ڕۆحمـدا نەدەگونجـا، ئێسـتا هەسـتێکی وەهـام هەیـە! ئێـوەش هەســتێکی لەم جۆرەتــان هەیە! بــۆ ئەوەی چیتــر نەڵێــی بیــرۆکە سەرنجڕاکێشــەکانی مــن گشــت کارەکــان تێکــدەدا، کــاکی بەڕێــز چیرۆکێکــی ســادە و سەرنجڕاکێشــم بــۆت نووســیوە،کە تۆمــارکردنی چیـــرۆکەکە بەلای گشـــت مێژوونوســـێکەوە شـــتێکی چـــاک و سەرنجڕاکێشە.

کۆنـت (ک)منی خـۆش دەوێـت و ڕێـزم لێـدەگرێت، هەمـوو ئەمـانە دەزانیت و سەدەها جاریش پێمگوتـووی، دوێنـێ منـی بـۆ نـانخواردن داوەتکردبـوو، ڕێـک لە هەمـان ئەو ڕۆژەی، کە وابڕیـاربوو شـەوەکەی کۆمەڵە پیاو و ژنێکی خانەدان میـوانی ئەو بـن و مـن ئەسـڵەن بیـرم لەلای ئەوە نەبوو و سەرنجم لەوە نەدابوو کە ڕێگا بە ئـێمەی بچـووک و ژێردەست نادەن ، نـانم لەگەڵ کۆنـت خـوارد و پاشـان پـێکەوە لە

کۆشـکە گەورەکە پیاسـەمان کـرد و مـن لەگەڵ ئەو و فەرمانـدەی پۆلیس (ژەنەڕاڵ ب)،کە تازە هاتبوو قسەم کرد و کاتی میواندارییەکە نزیـک بـووەوە، خـوا شـاهێدە کە مـن هـیچ بیرۆکەیەکـی تـایبەتم لەمێشکدا نەبوو، لەوکاتەدا خاتوو (فۆن س) لەگەڵ مێردە بەڕێزەکەی و کچەکەی، کە هاوشێوەی قازە هاتنە ژوورەوە، کچۆڵەکە سـینگێکی پان و قەڵافەتێکی باریکی هەبوو، سێ قۆڵی لەکـاتی تێپەڕینیانـدا بە چاو و کونە لوتە خانەدانییەکانیانەوە بە ڕوانینێکی وەهـا تەماشـایان کـردم کە تەواوی خەڵـک ڕقیـان لەم جـۆرە ڕوانیـنە دەبێـتەوە، دەمویسـت ماڵئـاوایی بـکەم و چـاوەڕێ بـووم کۆنـت گفتوگـۆیە بێـزارکەرەکەی خـۆی لەگەڵیانـدا بەکۆتـا بهێنێـت و لەو کـاتەدا خـاتوو (ب)ی هـاوڕێم هـاتەژوورەوە، لەبەرئەوەی هەر کاتێـک ئەو دەبیـنم هەسـت بە خۆشـی دەکەم، بـۆیە مـامەوە و لەپشـت کورسـییەکەی ئەو وەسـتام و پـاش مـاوەیەک هەسـتمکرد کە هێنـدە وەکو جاران بەئاسـودەییەوە قسـە ناکـات و بـارودۆخی شـێواوە، ئەم بابەتە سەرنجی ڕاکێشـام، بەخـۆمم گـوت نەکەی ئەویش هاوشـێوەی تەواوی خەڵکەکەیە و نیگەران بـووە و دەیەوێـت بـڕوات، وەکـو خـۆم مـامەوە، چـونکە وام گومـان دەکـرد هەڵەم و بـاوەڕم نەدەکـرد، ئومێدەوار بووم بە میهرەبانییەوە قسـەیەکم لەگەڵ بکـات و شـتەکەی پێشـووم بیـربچێتەوە، لەم نێـوانەدا تێکـڕای میوانەکـان هـاتن، بارۆن (ف) بە جل و بەرگەکـانی سـەردەمی تـاج لەسـەرنانی فرانتـزی

یەکەم، بەڕێـز (ر) کە بە جەنـابی خـانەدان بـانگی دەکەن لەگەڵ ژنە لالەکەی خـۆی و ئەوانـی دیـکە ، لەڕاسـتیدا نابێـت بەڕێـز (ی) لەبیـر بکەم کە کون و شەبەقەکانی پۆشاکە فرانکینییە کـۆنەکەی خـۆی بە پارچەگەلی ئەم سەردەمە پینە کردبوو و گەیشتە جێ و لەگەڵ من و چەند کەسـێکی ناسـیاو بە کـورتی قسـەی کـرد، نقـومی بیرکـردنەوە بووم و تەنیا سـەرنجم لەسـەر خـاتوو (ب)بوو، هەرگیـز سـەرنجم لەوە نەدا ،کە ژنان لەوسەری کۆشکەکە لەبن گوێی یەک قسەیان دەکـرد و پاشتریش پیاوان هـاتنە تەکیـانەوە و خـاتوو (فۆن س) لەگەڵ کۆنـت قسـەی دەکـرد، ئەم ڕوداوە دواتـر خـاتوو (ب) بـۆی باسـکردم، لە کۆتاییـدا کۆنـت بەرەو ڕووم هـات و منـی بـردە لای پەنـجەرەیەک. گوتی: ( ئێوە بەچـاکی لە پێوەنـدی هاوڕێیـانەی نێوانمـان ئاگـادارن، بەڵام پێناچێت ئەم کۆمەڵە کەسە بە ئامادەبوونی ئێوە لێرەدا هێنـدە دڵخـۆش و ڕازی بـن، هەرگیـز نـامەوێ..) قسـەکەیم بـڕی و گـوتم: ( خـاوەن شـکۆ، زۆر لـێم ببـوورە دەبـوایە خـۆم پێشـتر بمزانیبـوایە و ماڵئاواییم بکردایە، بەڵام دودڵییەک بووە ڕێگـر لەبەردەم ئەم کـارە)، پاشان زەردەخەنەیەک و ڕێز نواندنێکم کـرد، کۆنـت دەسـتی منـی بە هەستێک گوشی کە خۆی لە خۆیدا دەرخەری نهێنی نـاخی ئەو بـوو، بە هێمنــی لە کــۆمەڵی خانەدانــان جیــابوومەوە و ڕۆیشــتم و لەنــاو گالیسـکەیەکی یەک ئەسـپی دانیشـتم و بەرەو ڕووی (م) ڕۆیشـتم تـا لەوێـدا لەسـەر بەرزایـی گـردەکە سـەیری ئـاوابوونی خـۆر بـکەم و

پـارچەیەکی جـوان لە کتێبـی هـۆمێر بخـوێنمەوە و ئەوە ببیـنم، کە بەرازەوانی پیاوچاک چۆن پێشوازی لە ئۆلیس دەکـات،ئەمە تەواوی بەسەرهاتەکە بوو، تا ئێرە گشت کارەکان باش بوون.

شـــەو گەڕامەوە ســـەر مێـــزەکەی خـــۆم، چەنـــد کەســـێک لە چێشتخانەکە بوون، ئەوان لە گۆشەیەکدا خەریکـی یـاری زار بـوون و سەرپۆشـی مێزەکەیـان کشـاندبووە دواوە و لەم نێـوانەدا یەکەمـین کەسی بەڕێز (ئادلین) هاتەژورەوە و کڵاوەکەی داگرت و لەکاتێکـدا کە لە مـن نزیـک دەبـووەوە بە هێمنیـیەوە گـوتی: ( دڵتەنـگ بـووی؟) گـوتم: (من؟)–گـوتی (لەوەی کە کۆنـت تـۆی لە میوانـدارییەکە کـردە دەرەوە!)گوتم نا: ( نەفرەت لە هەموو ئەوانە! خۆم زیاتر حەزمـدەکرد بێمە دەرەوە) گوتـی: ( شتێکی چاک بوو کە ئەم کارە هێندە بەلاتەوە دڵـتەنگکەر نەبـوو، تەنیـا مـن دڵتەنـگ بـووم، ئەم دەوروبەرە زۆر جـوانە)، یەکســەر بیـرم لە ڕووداوەکە کـردەوە و لەبەر خـۆمەوە وام بیردەکردەوە، کە تەواوی ئەو کەسانەی دێنە سەر مێزەکەی من و من دەبینن لەبەر ئەم هۆکارە سەیرم دەکەن! خوێنم هاتە کوڵان!

بۆ هەر شوێنێک دەڕۆیشتم کەسـانی دیـکە بە بەزەیـیەوە سـەیری منیــان دەکــرد و دەنگــی ئەو چاوچنۆکــانەی، کە ســـەرکەوتووبوون دەهاتە گوێم، کە دەیانگوت: سەیرکەن دەرئەنجامی کـاری ئەو کەسـە بـوێرانەی کە سەرکەشــی دەکەن و لەوبـاوەڕەدان کە بەم هـۆیەوە لە گشت کۆت و بەندێکی کۆمەڵایەتی ڕزگار بوون. دڵم ئارەزووی دەکـرد

خەنجەرێـک هەڵگـرم و لەسـەر دڵمـی بچەقێـنم، چـونکە بەناچـاری شاهێدی ئەوە بـووم، کە هەر چییـان دەخواسـت دەیـانگوت و منـیش چـارەیەکم نەبـوو جـگە لە دان بەخـۆداگرتن، چـونکە شـتێکی چـاکتر لەمە بەرامبەر ئەوان نەبـوو، ئـاە، ئەو کـاتەی کە قسـەکانیان پـوچ و بێبنەمایە و بنج و بنەوانێکی نییە، ئەوا دەتوانرێت بە ئاسانی خۆیان لێ لابدەی و لێیان تێپەڕی.

## شازدەی مارس

لە هەمـوو کەسـێک و هەمـوو شـتێک تـووڕەم، ئەمـڕۆ بەڕێـکەوت لەسەر شەقام خاتوو(ب)م بینی، نەمتوانی جڵەوی خۆم بگرم و ئەوم بانگ کرد و هەرئەوەی، کە کەمێک لە کەسانی دیکە دوور کەوتینەوە دڵتەنگــی خـۆم ســەبارەت بە هەڵســوکەوتەکەی خســتەڕوو، بە هەڵچونێکی ناخەکییەوە وتی: ( ئاە! ڤارتەر ئایا ئێوە کە هەستی مـن شارەزان، دەتوانیت ئەم جۆرە پەرێشانییەی من لێکبـدەیتەوە؟بەهۆی ئێـوەوە چ دڵتەنگیـیەکم نەچەشـت؟ هەر لەو چرکەسـاتەی، کە پـێم خستە ناو کۆشکەکە پێشبینی تەواوی ڕووداوەکەم کـرد و دەمویسـت بەئێوە بڵێم، دەمزانـی کە ژنـانی فـۆن(س) و (ت)ئەگەر ئێـوە لەوێ بمابووانەوە لەگەڵ مێردەکانی خۆیان دەڕۆیشـتن، دەمزانـی کە کۆنـت نایەوێت ئێوە بڕەنجێنێت و پاشـانیش ئەم هەمـوو ژاوەژاوە!) تـرس و نیگەرانـی خـۆم شـاردەوە و گـوتم: ( مەگەر چـی بـووە؟) چـونکە هەرچییەک کە (ئادلین) پێرێ پێیگوتبـووم لەو دەمەدا وەکـو ئـاوێکی

کولاو لەناو دەمارەکانی خۆمدا هەستمپێدەکرد، لەکاتێکدا کە ئەشک لەچاوانی ئەم بوونەوەرە خۆشەویستە ڕیزی بەستبوو پێگوتم: ( ئەم بارۆدۆخە بۆ من یەجگار دژوار بوو)،من هێندە بەسەر خۆمدا زاڵ نەبووم و دەمویست بکەومە سەر قاچەکانییەوە و هاوارم کرد: ( بۆم ڕوون بکەرەوە) فرمێسکەکان لەسەر ڕوومەتەکانی خاتوون غلۆر دەبوونەوە، تەواوی ناخم پڕ بوو لە تورەیی، کچۆڵە بێ ئەوەی بیەوێت بیشارێتەوە فرمێسکەکانی سڕیەوە و پاشان گوتی: ( ئێوە پورم دەناسن، ئەویش لەوێ بوو و بە سەرسوڕماوییەکی زۆرەوە شاهێدی گفتوگۆی ئەوان بوو! ڤارتەر دوێنی نەمتوانی لەبەرامبەریدا بەرهەڵستی بکەم و ئەمڕۆش بەیانی زوو ئامۆژگارییەکی لەبارەی ئێوەوە باسکرد و بەناچاری گوێم بۆ شلکرد کاتێک سەرزەنشتی ئێوەی دەکرد و تەنیا ئەوەم دەتوانی و مۆڵەتی ئەوەم هەبوو، کە تا ئەندازەیەک بەرگری لە ئێوە بکەم).

هەر وشەیەک کە دەهاتە سەر زمانی وەکو تیرێک بوو لەسەر دڵم دەچەقی، نەیدەزانی کاتێک بێدەنگ دەبوو چ میهر و بەزەییەکی بەرامبەر من دەنواند، سەر لەنوێ ئەوەشی بۆم باسکرد، کە لە پاشملەدا چییان پێمگوتووە و چ کەسانێک بەهۆی ئەم هەڵسوکەوتە هەستیان بە سەرکەوتن کردووە، لە سزادان و تەمبێکردنی من بەهۆی بوێری و سەرکێشی بەرامبەر کەسانی دیکە، کە لە ماوەی ڕابردوودا

سەرکۆنەی ئەم ڕەفتارەیان کردووە ، چەندە شادمان و دڵخۆش بوون.

ڤیلهێلم بیستنی ئەم ڕوداوە لە زمانی ئەو کچە بە دەنگێکی لێوانلێو لە هەستی هاوسۆزی، بارودۆخی منی تێکدا و قینێک لە دڵمدا هاتەکایەوە، دەمویست کەسێک بوێری بکات و بەهۆی هەڵسوکەوتەکەمەوە سەرکۆنەم بکات تا بە خەنجەرێک جەستەی کون کون بکەم و تەنیا بە خوێنڕێژی بارودۆخم سەرلەنوێ چاک دەبێتەوە، ئاه! سەد جار دەستم برد و چەقۆیەکم هەڵگرت تا سینەم هەڵدڕێنم و ئەم دڵە مەینەت زەدەیە ڕزگار بکەم، بیستوومە ئەو ئەسپەی کە ڕەسەنە کاتێک زۆر غارغارێن دەکات و جەستەی گەرم دەبێت و گۆڕەپانەکە بەرەو ڕووی تەسک و تریسک دەبێتەوە، ئەوا ڕەمەکیانە دەمارێک بە ددانی دەپچڕێنێت و بەم شێوەیە چاکتر دەتوانێت هەناسە هەڵکێشێت، منیش هەستێکی لەم جۆرەم هەیە و دەمەوێت دەماری خۆم ببڕم تا ئازادییەکی جاویدانە بۆ خۆم بهێنمەکایەوە.

## بیست و چواری مارس

داوامکردووە من لە کارکردن لە دەربار ببەخشن و دەست لەکارکێشانەوەکەم پەسەند بکەن و ئومێدەوارم وەڵامێکی ئەرێنی وەرگرمەوە و ئێوەش من ببورن، کە لەسەرەتادا ڕاوێژم لەگەڵ نەکردن، پێویستە لێرە بڕۆم و ئێوەش هەر شتێک بڵێن و بتانەوێت من بە مانەوە لێرە ڕازی بکەن، هیچ سوودێکی نابێت. ئەم هەواڵە

تاڵە بە دایکم بدە، من نازانم دەبێت چی بکەم و ئەویش چارەیەکی نییە جگە لە قبوڵکردنی ئەم واقیعیە، کە ناتوانم هیچ یارمەتییەکی ئەو بدەم، بێگومان بۆ ئەویش ئەمە هەواڵێکی ئازاردەرە، بینینی ئەم ڕوداوەی، کە کورەکەی لە ڕێگای گەیشتن بە پێگەیەکی باڵا و باڵوێزایەتی وەها وەستاوە و دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ناو کەسانی ئاسایی...! هەر ئەنجامێک کە دڵتان دەخوازێت لەم ڕووداوە هەڵیبهێنجن و ئەو هۆکارانەی کە بەهۆیانەوە دەمتوانی لەوێ بمێنمەوە بیخەنە مێشکتانەوە ، بەڵام حەیف تازە درەنگە و بەسەرچووە، من دەڕۆم و ئێوەش دەزانن دەچمە کوێ، کۆنت کە لە هاودەمی و هاوڕێیەتی لەگەڵ مندا چێژی دەبینی کاتێک بە مەبەست و مەرامەکەی زانی ویستی بچمە دیداری و پەیمانی پێدام قەرەبوی بکاتەوە و لەبەرئەوەی تا ئەندازەیەک لە قسەکانی یەکتری دەگەین، دەمەوێت ئومێدم بە میهر و موحیببەتی ئەو هەبێت و بچمە ماڵەکەی.

### هەواڵێکی گرنگ

## نۆزدەی ئەپریل

سوپاسگوزاری ئەم دوو نامەیەتم، وەڵامی نامەکانم نەداوەتەوە، چونکە تا ئەو کاتەی کە دەستلەکارکێشانەوەکەمیان لە دەربار پەسەند نەکردبوو، وەڵامێکم نەدەدایەوە، دەترسام دایکم بچێتە لای وەزیر و کارەکام ئاڵۆزتر بکات، بەڵام ئێستا کارەکە کۆتایی پێهاتووە

و وەڵامــی دەســت لەکارکێشانەوەکەشــم لێــرەیە، نامەوێــت تەواوی بەسەرهاتەکەتان بۆ باس بکەم، چونکە دەبێتە هۆی دڵتەنگییەکی زۆر بۆ ئێوە، شازادەی جێنشین بە بیانوی ماڵئاوایکردن بیست و پێنج سککەی زێڕ(دوکا)ی پێمدا، لەتەک نامەیەک کە فرمێسکی لە چاوانم هێنایە خوارەوە، بۆیە ئیتر پێویستم بەو برە پارەیە نییە کە بۆ دایکمم نووسیبوو تا بۆم بنێرێت.

## پێنجی مەی

بەیانی لێرە دەڕۆم و لەبەرئەوەی لەو ڕێگایەی، کە پێیدا دەڕۆم تا شوێنی لەدایکبوونم شەش میل پتر نییە، بۆیە دەمەوێت ئەوێش ببینم و ئەو ڕۆژە خەونئاسا و سەرڕێژ لە خۆشبەختیانەی ڕابردووم هێنایەوە یادم، دەمەوێت لە هەمان ئەو دەروازەیە بچمە ناوییەوە کە دایکم دوای مردنی باوکم منی لەو شوێنە خۆش و جوان و هۆگرە لەگەڵ خۆیدا برد تا لە شارە تاقەت پڕوکێنەکەیدا دیلم بکات، خوات لەگەڵ ڤێلهێڵم، لەم گەشتە گوێبیستی چەند هەواڵێک دەبیت.

## نۆی مەی

سەردانیکردنی شوێنی لەدایکبوونی خۆمم ڕێک وەکو گەشتیارێک بەڕێزێکی زۆرەوە بەجێهێنا و هەستگەلێکی نامۆ بەسەر دڵم زاڵ بوو،لای دار زەیزەفونێکی گەورە و لە نزیک شوێنێک کە چارەگە سەعاتێک مەودای لەگەڵ شارەکە هەیە، پێمگوتن گالیسکەکە بوەستێنن، دابەزیم و فەرمانمدا گالیسکەکە بڕوات، دەمویست بە پێ

بـڕۆم و ســەرلەنوێ تەواوی یادەوەرییەکـانی ڕابـردوو لەنـاو دڵمـدا بـژییێنمەوە، لەژێـر دار زەیزەفـونەکە وەسـتام، کە لە ڕابـردوودا و لە ڕۆژانی منداڵیمدا دواسنور و تخوبی پیاسـەکانم بـوو، سـەیر گۆڕابـوو! ئەو ڕۆژانە نوقمی نائاگایی و خۆشبەختی دەمویست بەرەو دونیایەکی نەناسراو بـڕۆم و لەدڵـدا ئومێـدم هەبـوو، کە چێـژ و سوودەکان لەم دونیایە وەردەگرم و سینەی پڕ حەز و فانی خۆم لێیـان پـڕ دەکەم و کـامەران دەبـم، ئێسـتا لەو دونیـایە پـان و پـۆڕەدا هەمدیسـان دەگەڕێمەوە. ئاە هاوڕێی من، بە زۆرێک لە ئـارەزووە بەباچووەکـان ، بە پلانگەلێکی بێسوود و بێ بەرهەم!کۆسارێکم لەپـێش خۆمـدا بینـی کە هەزاران جـار ئـارەزووم بـۆ خواسـتبوو، ئەو ڕۆژانە دەمتـوانی چەندین سەعات لەوێدا دابنیشم و ئارەزووی دیداری ئەو کۆسـارانە بە خۆشەویسـتییەکی فـراوان لەنـاو دڵمـدا بەخێـوبکەم، ئـارەزووی ڕێ ونکردن لەناو ئەو دارستان و دۆڵانەی کە لەچاوی مندا میهرەبانـانە و لەکـاتی ئێـوارەدا دەکەوتـنە بەرچـاو و هەر جارێـک کە لەکـاتێکی دیاریکراودا ناچار بووم بگەڕێمەوە، بە نەفرینێکی زۆرەوە نەمـدەتوانی ئەو شـوێنە بەجـێ بهـێڵم! لەشـار نزیـک بـوومەوە، سـڵاوم لە هەمـوو خانوە کۆن و ئاشناکانی شار کرد و لە خانوە تازە دروسـتکراوەکان و هەر گۆڕانکارییەکی نوێ کە لەشـار ڕویـدابوو دڵتەنـگ بـووم، بەرەو لای هەمان دەروازە ڕۆیشتم و دوبارە هەمان هەست لە مندا ژیـایەوە. یـاری میهرەبـان نامەوێـت بە وردی تێکـڕای ڕووداوەکە بگێـڕمەوە،

چونکە هەرچەندێکیش ئەم هەستە بەلامەوە سەرنجڕاکێش بێت، ئەوا گێڕانەوەکەی دەبێتە چیرۆکێکی وەڕزکەر، پلانم دانابوو لە نزیکی بازاڕ ڕێک تەنیشت خانوە کۆنەکەی خۆمان نیشتەجێ بم، لەکاتی ڕۆیشتن بۆ ئەوێ بینیم ئەو قوتابخانەیەی کە تیایدا پیرەژنێکی بەرز و بەڕێز ئێمەی لە چواردەوری خۆی کۆدەکردەوە بۆتە دوکانی وردەفرۆشی، بێ ئەوەی خۆم بمەوێت ئەو پەرێشانی و فرمێسک و سەرگەردانی و ترسانەم کەوتەوە یاد کە لەم شوێنە تەنگەدا لەناو سنگمدا پەنهانم کردبوون ،وەستام و ئەم کارە سەرنجی کەسێکی ڕانەکێشا، هاوشێوەی گەشتیارێک بووم کە لە سەرزەمینی پیرۆزدا هێندە بیرەوەری شوێنە ئاینییەکان ناهێنێتەوە یادی و لەکۆتاییدا ڕۆحی دیلی ڕێگا و ڕێچکەی خۆیەتی و ئەم یادەوەرییە تەنیا یەکێکە لەو هەزاران یادەوەرییەی ئەو: لە قەراغی ڕووبارەکە بەرەو خوار چووم تا گەیشتمە خانوێکی بەرچاو، ئەم ڕێگایە هەرچۆنێک بێت ڕێگەی من و هەمان ئەو شوێنە بوو کە لە تەمەنی منداڵیدا لەوێدا بەردمان دەخستە ناو ئاو و هەوڵمان دەدا بەردەکات هەرچی زۆرترە لەسەر ڕووی ئاوەکە بخلیسکێن، بە خۆشییەکی زۆرەوە ئەوەم هێنایەوە یادم کە لێرە دەوەستام و سەیری تێپەڕین و ڕۆیینی ئاوم دەکرد و بە سەرسامییەکی زۆرەوە بە چاو بەدوای جوڵەی ڕووبارەکە دەکەوتم و لەبەرخۆمەوە بیرمدەکردەوە، ڕووبارەکە دەگاتە شوێنێک کە شوێنێکە بۆ سەرچڵیبازی و سەرکەشی و ڕێک لەو

شوێنە بوو کە ئیتر دەستم لە خەیاڵبازی هەڵدەگرت، لەگەڵ ئەمەدا ناچاربووم بەردەوامی بە ڕێگاکەم بدەم، بڕۆم تا لە دورەدەستەکان ونبم- **یاری میهرەبان ئەوە دەبینی کە باوانی مەزنی ئێمە چ دنیایەکی بچووک و لێوالێو لە خۆشبەختییان هەبووە! هەستەکان و شیعرەکانیان چەندە پاک و بێگوناهانە بووە!** هەر جارێک کە ئۆلیس قسە لەبارەی دەریا بێسنورەکان و سەرزەمینە ناکۆتاکان دەکات، بێجگە لە حەقیقەت شتێکی دیکە ناڵێت و هەستە ناخەکی و پڕ لە ڕەمز و نهێنییەکەی خۆی دەخاتەڕوو ، ئەسڵەن چ گرنگییەکی بۆ من هەیە کە وەکو منداڵانی قوتابخانەکان بانگەشەی ئەوە بکەم زەوی خڕە؟ مرۆڤ تەنیا پێویستی بە مشتە خۆڵێکە تا لەسەری خۆشبەخت و دڵشاد بێت هەروەها تۆزقاڵێک زەوی تا لەژێریدا ئاسودە بێت.

ئێستا لێرە لە کۆشکی ڕاوگەی شازادەم، ژیان لەگەڵ شازادە خۆشە، چونکە ئەو پیاوێکی سادە و ڕاستگۆیە،بەڵام خەڵکانێکی سەیر و سەمەرە لە دەوروبەری ئەون، کە من هەرگیز ناتوانم لێیان تێبگەم. خەڵکانێکی شەڕانگێز نین، بەڵام ڕووخساری کەسانی گەورە و بەڕێزیشان تێدا نابینرێت، هەندێجار وا دێتە بەرچاوم، کە خەڵکانێکی نەجیب و مەزنن، بەڵام ناتوانم پشتیان پێ ببەستم و باوەڕیان پێبکەم، هۆی نائاسودەیی زیاتر قسەگەلێکە کە شازادە دەیکات و دەربارەی چەند بابەتێک قسە دەکات کە تەنیا گوێی

لێبووە و خوێندویەتییەوە و بە تایبەت لە ڕوانگەیەكەوە دەیانخاتەڕوو كە كەسانی دیكە ویستوویانە لە هۆشی ئەودا بەدی بهێنن و بیخەنەڕوو.

شازادە عەقڵ و توانا و زیاتریش لەمانە ستایشی دڵی من دەكات و ئەم دڵەی منیش تاكە شتە شانازی پێدەكەم و سەرچاوەی تەواوی هێزەكان و تێكڕای خۆشبەختی و بەدبەختییەكانە، ئاە ئەوەی من دەیزانم، گشت كەسێک دەشێ بیزانێت، بەڵام دڵی من بێجگە لەخۆم هیچ كەسێكیتر ناتوانێت هەیبێت.

## بیست و پێنجی مەی

بیرۆكەیەكم لەمێشكدا هەبوو، كە نەمدەویست پێش بەدیهاتنی بۆ ئێوەی باس بكەم، بەڵام ئێستا كە بەم جۆرەی لێنەهاتووە، دەتوانم باسی بكەم. دەمویست بچمە جەنگ، ماوەیەكی زۆر بوو،كە حەزمدەكرد شتێكی وەها بكەم. لە بنەڕەتدا زیاتر بەهۆی ئەمەوە بەدوای شازادە كەوتم، چونكە ئەو ژەنەڕاڵی سوپای.. ە، لەكاتی گەشت و گەڕاندا مەرامی خۆم پێگوت، منی لەم كارە ئاگاداركردەوە و گوتی ئەگەر گوێ لە قسەكانی ئەو نەگرم، ئەوا بێگومان هەست زاڵ بووە بەسەر مێشكی مندا.

## پازدەی جون

هەرچی دەتەوێت بیڵێ، من ئیتر ناتوانم لێرە بمێنمەوە، ئەسڵەن من لێرە چیدەكەم؟ كات بە قورسی بۆم تێدەپەڕێ، شازادە بە

چاکترین شێوە پێشوازیم لێدەکات و لەگەڵ ئەمەدا مانەوە لێرە بۆ من گونجاو نییە، لە بنەڕەتدا ئێمە هیچ ڕوێکی هاوبەش و لێکچوومان لەگەڵ یەکدا نییە، ئەو پیاوێکە ئەهلی هۆش و عەقڵە، بەڵام ساویلکەیە، هەڵسان و دانیشتن لەگەڵیدا بەلامەوە چاکتر و سەرقاڵکەرتر نییە لە خوێندنەوەی کتێبێک. هەشت ڕۆژی دیکەش دەمێنمەوە و سەرلەنوێ ڕێگەی شوێنێکی دیکە دەگرمەبەر، باشترین کار کە لێرەدا کردوومە نیگارکێشییە، شازادەش هەستی هونەری هەیە و ئەگەر ئەم هەستە نزمەی دانایانە لە ناخیدا نەبوایە و تەنیا بە چەند زاراوەیەکی باوی هونەری بەسەندەی نەکردبوایە، ئەوا هەستی ئەو لەبارەی هونەرەوە زیاتر دەبوو، هەر کاتێک کە لەگەڵ ئەودا سواری سەر باڵی خەیاڵ دەبین و قسە لەبارەی سروشت و هونەر دەکەین و ئەو لەناکاو وابیردەکاتەوە کە بە گوتنی چەند زاراوەیەکی باوی هونەری کارێکی چاک ئەنجام دەدات، ددانەکانم لێکدەدەم.

**شازدەی جون**

بەڵێ، من ئاوارەیەک، ڕێبوارێکم لەم جیهانەدا! ئایا ئێوە زیاترن لەمە؟

**هەژدەی جون**

مەبەست و ئامانجی من کوێیە؟ تەنیا بە تۆی دەڵێم. چواردە ڕۆژیتر دەبێت لێرە بمێنمەوە و پاشان وایدەرخەم کە دەمەوێت بچمە

سەردانی کانەکانی...،بەڵام لە بنەڕەتدا هیچ پێوەندییەکم بەم جۆرە کارانەوە نییە، دەمەوێت لە نزیکی لۆتە بم و ئەمە تەواوی ڕوداوەکەیە، گاڵتە بە دڵی خۆم دەکەم، بەڵام بە ئارەزووی ئەو ئیش دەکەم.

## بیست و نۆی جوڵای

نا، بارودۆخ باشە! هەموو کارەکان لەجێی خۆیاندان!مێردەکەی! ئاه پەروەردگارا، ئەگەر ئەم خۆشبەختییەت بە من دەبەخشی، ئەوا تەواوی تەمەنم لەبەردەرگاتدا نزام دەکرد، مەبەستم نییە قسەیەک بەپێچەوانەی خواستی تۆ بڵێم، لەبەر ئەم فرمێسکانە لە من ببوورە، لەبەر ئەم ئارەزووە پوچ و بێسوودانە لە من ببوورە! خۆزگە! لۆتە ببوایە هاوسەری من! ئای خۆزگە! دەمتوانی ئەو خۆشەویسترین ئەفرێندراوەی جیهان لە ئامێز بگرم، ڤیلهێلم هەر جارێک ئەلبێرتی لەڕ ئەو لەباوەش دەکات، تەزوێک بە لەشمدا دێت.

ڤیلهێلم، مۆڵەتی ئەوەم هەیە ئەو هەستەت بۆ بخەمەڕوو؟ لەبەرچی وا نەکەم؟ ئەگەر هاوسەری من بوایە، بارودۆخێکی باشتری لە ژیان لەگەڵ ئەلبێرتدا دەبوو! ئاه! ئەلبێرت ئەو کەسە نییە کە تەواوی ئارەزووەکانی دڵی تێربکات،هەستی نییە، بێهەستە یا بە هەر شێوەیەک کە خۆت دەتەوێت ئەم گوزارشتە دەرببڕە. ئاه! ڕێک لە بەشێک لە کتێبەکەی هۆمێر کە چیرۆکی هاوبەشی نێو دڵی من و لۆتەیە و لە سەدان ڕوداوی دیکەدا کە هەر جارێک هەستمان

بەرامبەر هەڵسوکەوتی کەسێکی دیکە دەخرێتەڕوو ئەو لەگەڵماندا تەبا و کۆک نییە ڤیڵهێڵمی ئازیز! ئەوە ڕاستە کە بە دڵ و گیان ئەوی خۆش دەویێت، بەڵام لۆتە شایستەی خۆشەویستییەکی بەرز و بالآترە لەمە!

بێزارییەک بووە ڕێگر لەبەردەم نووسینی من، فرمێسکەکانم وشکبوونەتەوە، پەرێشانم، خوات لەگەڵ، ئەی یاری میهرەبان!

**چواری ئۆگۆست**

تەنیا بارودۆخی من بەم شێوەیە نییە، هەموو مرۆڤەکان ئومێدی خەیاڵی بۆ شتێک هەڵدەچنن و چاوەڕوانییەکی بێسوود لە کەللەیان دادەنێن، دیدەنی ژنێکی میهرەبانم کرد کە پێشتر لەژێر دار زەیزەفونەکە بینیبووم، کوڕە گەورەکەی بەرەو لای من هات و لەبەرئەوەی منی دەناسی لە خۆشیان هاواری لێهەڵسا ئەم هاوارە سەرنجی دایکەکەی کە یەجگار ماندوو و شەکەت دەهاتە بەرچاو بەرەو لای من ڕاکێشا، یەکەمین قسە کە کردی ئەمەبوو: ( کاکی بەڕێز ، ئاە! هانزی کوڕم مردووە!) هانز بچووکترین کوڕی بوو، من بە بێدەنگییەوە وەستام و ژنەکە وتی: ( مێردەکەم بەدەستی بەتاڵ لە سویسرا گەڕاوەتەوە ئەگەر ئەم خەڵکە میهرەبانە کۆمەکیان نەکردبومایە، ئەوا جگە لە سواڵکەری چارەیەکی دیکەم نەبوو، مێردەکەم لە ڕێگادا تووشی تا هاتووە) چیتر نەمتوانی قسەیەک لەگەڵ ئەودا بکەم، دیارییەکم دا بە کوڕیژگەکە و ژنەکە داوای لێکردم

چەنـد سـێوێکی لـێ وەربگـرم، سـێوەکانم لێـوەرگرت و ئەو شـوێنە غەمناکەم جێهێشت.

## بیست و یەکی ئۆگۆست

لە چاوتروکانێکدا بارودۆخی منـیش دەگۆڕێـت، هەنـدێجار ئـارەزوو دەکەم ژیـان نیگـایەکی خۆشەویسـتانەم لێبکـات! ئـاە! تەنیـا بـۆ چـرکەیەک! هەر جارێـک کە فرمێسـک وەکـو لافـاو لە چـاوانم دێتەخوارەوە، ناتوانم پـێش لە بیرۆکەکـانم بگـرم، چـی دەبـوو ئەگەر ئەلبێرت بمردبایە؟ تۆ...! ئەرێ لۆتە... و پاشان بەدوای ئەم خەیاڵە پووچەدا دەڕۆم تا دەگەمە گەرداوێکـی ترسـناک و بە تـرس و لەزەوە پێی لێ دەکێشمە دواوە.

هەر جارێک بەرەو لای دەروازە و ڕێگەیەک دەڕۆم،کە بۆ هەوەڵـێن جار لەوێدا هەنگاوم ناوە و لۆتەم لەوێـدا بـۆ ئـاهەنگی سـەماکردنەکە برد، وابیردەکەمەوە کە چ هەستێکی جیاوازم هەبووە! گشتی، گشـتی ئەو هەسـتانە ڕاسـتەوخۆ بەبـاچوونە! هـیچ ئامـاژەیەک لەو دنیـای ڕابـردووە و هـیچ تـرپەیەک لە دڵە پـڕ هەستەکەی ئەوسـام نەمـاوە، هەسـتدەکەم ڕۆحـێکم کە بـۆ کۆشـکە سـوتاو و وێـرانەکەی خـۆی دەگەڕێـتەوە ، هەمـان ئەو کۆشـکەی کە سـەردەمی دەسـەڵاتدارێتی شکۆدارانەی خۆی بونیـاتی نـاوە و بەدیـاریگەلێکی شـکۆ و پـڕ بەهـا ڕازاندویەتیەوە و لەکـاتی خۆیـدا بە دڵێکـی لێوانلێـو لە ئومێـدەوە بە کوڕە ئازیزەکەی سپاردووە.

**سێی سێپتێمبەر**

هەنـدێجار لەوە تێنـاگەم کە لـۆتە چـۆن دەتوانێـت دڵ بـدات بە یەکێکیتر، یا چۆن مۆڵەت بەخـۆی دەدات کـارێکی لەم جـۆرە بکـات، چونکە منـی تەنیـا، منـی لێوانلێـو لە عەشـق و هەڵچـوون، جگە لەو کەسێکی دیکە ناناسم و نامەوێ و نیمە!

**چواری سێپتێمبەر**

بەڵـێ، ڕۆژگـار وەهـایە، بە هەمـان شـێوەی کە سروشـت بەرەو خەزان وەردەچەرخێـت لە نـاخ و دەوروبەرمـدا خەزان وا دەگـات، گەڵاکانم زەرد دەبن و گەڵاکانی درەختەکانی هاوسێشـم هەڵـدەوەرێن، ئایا لەو کاتەی کە هاتمە ئێرە بەسەرهاتی ئەو گەنجە لادێییەم بۆت نەنووسـیبوو؟ ئێسـتا لە ڤاڵهـاییم دووبـارە بەدوای گەڕام، دەڵـێن لە کـارەکەی دەریـان کـردووە و هـیچ کەسـێکیش هەواڵێکـی لێـی نیـیە، دوێنی لەکاتی چوون بۆ لادێیەکی دیکە ئەوم بینـی و قسـەم لەگەڵـدا کـرد، ئەویـش بەسـەرهاتەکەی بـۆم باسـکرد و بە بیسـتنی ئەم بەسـەرهاتە زۆر سـەرم سـوڕما و ئێسـتا، کە چیـرۆکەکە بـۆ تـۆ دەگێڕمەوە هۆی سەرسوڕمانییەکەم دەزانـی، بەڵام بۆچی؟ لەبەرچـی چیرۆکێـک کە مـن دەترسـێنێت و ئـازارم دەدات لە دڵـی خۆمـدا نەیهـێڵمەوە و تـۆش نائاسـوودە و دڵتەنـگ بـکەم؟ بـۆچی دەبێـت لەبـارەی حـاڵی خـۆم بـبمە مـایەی دڵگرانـی و نائاسـودەیی تـۆ؟ هەرچۆنێک بێت ئەمە چارەنووسی منە!

پیـاوەکە غەمبـار و خـامۆش و بە هەڵسـوکەوتێک کە نیشـانەیەک بوو بۆ شەرم و ئـابروو، سـەرەتا وەڵامـی پرسـیارەکانی دایەوە، بەڵام وردە وردە لێـوی لە قسـەکردن هەڵهێنـا و هەرئەوەی کە سـەرلەنوێ منـی ناسـییەوە و لەبـارودۆخی خـۆی تێگەیشـت لەبەردەمـم دانـی بەهەڵەکەی خۆیدا نـا و دەسـتیکرد بە سـکاڵاکردن لە بەختـی ڕەشـی خۆی. هاوڕێی ئازیز، خـۆزگە دەمتـوانی قسـەکانیت بـۆ بگێـڕمەوە تـا هەڵیان بسەنگێنیت! بە چێـژ و خۆشـیەوە باسـی لە بیرەوەرییەکـانی ڕابردوو دەکرد، کە عیشـق بەرامـبەر خـاتوونی خـاوەن مـاڵ لە دڵیـدا سـەرڕێژ بـووە و لە ئەنجامـدا نەیزانیـوە چـی دەکـات، چـی دەڵێـت و دەبێت چی بکات. نەیتوانیوە خۆراکێک بخـوات، ئاوێـک بخـواتەوە یـا بخەوێت، کینە و توڕەیی قورگی گرتبـوو و ئەو کـارەکەی کـردووە کە نەدەبوایە ئەنجام بدرێت، واتە ئەو کارەی کە پێیان سپاردبوو لەبیری کردبوو و خۆی دەیگوت ڕۆحێکی چەپەڵ و گـڵاو هەمیشـە مەبەسـتی فریوانی هەبووە، تا ئەوەی ڕۆژێک ژنەکە دەچێـتە ژوورەکـانی نهـۆمی سـەرەوە و ئەویـش بەدوای دەکەوێـت و تەنـانەت زیـاتر لە بەدواکەوتنـیش بە جۆرێـک لە جۆرەکـان بەدوای ژنەکە کێشـدەکرێت، لەبەرئەوەی ژنەکە هیچ وەڵامێکی داواکارییەکانی ناداتەوە هەوڵـدەدات بە زۆر بەسەر ژنەکە زاڵ بێت، خـۆی نەیـدەزانی چـۆن ئەم ڕووداوەی هاتۆتەپێش و سوێندی بە خودا دەخوارت کە هەمیشە ڕاسـتگۆ بـووە بەرامـبەر بەم ژنە و لە قـووڵایی دڵـییەوە ئـارەزووێکی نەبـووە، جـگە

لەوەی کە هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، دەمێک کە قسەی کرد کەوتە تەتەڵە کردن ڕێک هاوشێوەی کەسێک کە دەیەوێت قسەیەک بکات، بەڵام بوێری دەربڕینی قسەکەی نییە، سەرەنجام بە شەرمەوە بەرامبەرم دانیپێدانا کە ژنەکە هەندێجار هەڵسوکەوتێکی دڵسۆزانە و ڕاستگۆیانەی لەگەڵ ئەودا هەبووە و مۆڵەتی داوە کە لێی نزیک ببێتەوە، دوو سێ جار وەستا و هەمیشە ئەوەی دوبارە دەکردەوە ئەو ڕوداوە بۆ ئەوە باس ناکات تا ئابرووی ژنەکە ببات، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە هێشتا ئەو ژنەی خۆش دەوێت و وەکو ڕابردوو ستایشی دەکات و ئەم نهێنییەی بە هیچ کەسێک نەگوتووە و تەنیا بۆ منی باس دەکات تا ئەوە پەسەند بکەم، کە ئەو مرۆڤێکی گوناهبار و نەزان نییە.

ئەی میهرەبانترین دۆست ئێستا دووبارە هەمان ئەو قسانەی ڕابردوو دەکەم کە تاهەتایە دەیڵێمەوە: ئای خۆزگە سەرکەوتوو دەبووم لەوەی وێنەیەکی ئەم مرۆڤە لە مێشکی تۆدا بەرجەستە بکەم، ڕێک بەهەمان شێوەی کە لەبەردەمم وەستابوو و هێشتاش وەستاوە! ئای، خۆزگە! دەمتوانی هەموو بەسەرهاتەکەت بە دروستی بۆ باس بکەم تا تۆیش هەست بەوە بکەی کە من تا چ ئەندازەیەک لەگەڵ چارەنووسەکەی ئەودا هەست بە هاودەردی دەکەم و چارەیەکم نییە جگە لەم دڵسۆزی و هاودەرییە! هێندە بەسە، چونکە تۆیش چارەنووسی من دەزانی، من دەناسیت و لەم ڕووەوە بە چاکی ئەوە

دەزانی بۆچی بەرەو ڕووی بەدبەختییەکان و بەتایبەت بەرەو لای ئەم بەدبەختییە ڕادەکێشرێم.

ئێستا کە دووبارە ئەم نامەیە دەخوێنمەوە، دەبینم کە لەبیرم چووە کۆتایی بەسەرهاتەکەت بۆ بنووسم، هەڵبەتە وێناکردنی ئەوە ئاسانە: ژنەکە لەبەرامبەر ئەودا بەرگری کردووە و براکەی دەگاتە سەری و لەبەرئەوەی پێشتر ڕقی لەم پیاوە بۆتەوە بۆیە ویستویەتی لە ماڵەکە دەریبکات، چونکە دووبارە هاوسەرگیری کردنەوەی خوشکە بێ میراتگرەکەی دەبێتە هۆی بێبەشبوونی ئەو برایەی لە میرات و لەبەرئەوەی ئومێدی بەم میراتە هەبووە، بۆیە یەکسەر گەنجە بەدبەختەکە لە ماڵەکەکە دەکاتە دەرەوە و بەشێوەیەکی وەها شتەکە گەورە دەکات، کە تەنانەت ئەگەر ژنەکەش لە دڵەوە ئارەزووی لێبوایە، نەیدەتوانی ئەو گەنجە بگەڕێنێتەوە سەر کارەکەی خۆی، ژنەکە ئێستا خزمەتکارێکی دیکەی بۆ خزمەتکردنی خۆی گرتووەو دەڵێن بەهۆی ئەوەوە لەگەڵ برایەکەیدا تووشی کێشە بووە و تەنانەت کۆمەڵە کەسێک بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ژنەکە دەیەوێت هاوسەرگیری لەگەڵ ئەم پیاوە بکات، بەڵام براکەی بە توندی پلانی ئەوەی هەیە کە ڕێگری لەم کارە بکات.

ئەوەی بۆ تۆی باس دەکەم دوورە لە هەر جۆرە زێدەڕۆیکردن و دەسکاریکردن و خستەنەسەرێک، تەنانەت دەمەوێت بانگەشەی ئەوە بکەم کە ئەم ڕووداوەم لەبەرئەوەی لەڕێگەی دەربڕینە باوە

ڕەوشتییەکانی کۆمەڵ خستۆتەڕوو، بەرامبەر بە ئەسڵی ڕووداوەکە زۆر لاواز و شلۆقترم گێڕاوەتەوە.

بەم هۆیەوە ئەم عیشقە، ئەم وەفادارییە، ئەم هەست و جۆشە زادەی خەیاڵی شاعیرانەی من نییە، ئەم ڕووداوە ڕاستەقینەیە و بە ڕاستی لەنێو خەڵکانێک ڕوویداوە کە ئێمە بە ناڕۆشنبیر و دڵڕەقیان دادەنێین، ئێمەی ڕۆشنبیران نازناوێکی لەم چەشنە بەو ناڕۆشنبیرانە دەبەخشین! تکادەکەم ئەم چیرۆکە بە وردی بخوێنەوە، ئێستا کە ئەم نامەیە دەنووسم ئاسوودەیی و ئارامی بەدەستدێنم، تۆ ئەم هەستە لە دەست و خەتی مندا دەبینی، چونکە ئیتر ئاماژە و هەواڵێک لەو دەستنوس و هێل و خاڵانە نییە، هاوڕێی ئازیز ئەم چیرۆکە بخوێنەوە و لە هۆشی خۆتدا وا بەرجەستەی بکە کە داستانی هاوڕێی تۆیە، ئەرێ بەخت و بەشی منیش کە بەسەرهاتێکی لەم چەشنەم گوزەراندووە وەها سەرکۆنە دەکرێت، من تەنانەت تۆزێک بوێری و ئازایەتی ئەو بەدبەختەم نییە کە نەخشە و پلان بۆ ئەنجامدانی کاری خۆم دابنێم، مەبەستم هەمان ئەو کەسەیە کە تەنانەت بوێری بەراودکردنی خۆیشم لەگەڵ ئەودا نییە.

## پێنجی سێپتێمبەر

مێردی لۆتە لە لادێدا خەریکی ئەنجامدانی کارێک بوو و لۆتە نامەیەکی بۆ نووسیبوو، ئەم نامەیە وەها دەست پێدەکات: ( ئەی ئازیزترین، ئەی میهرەبانترین، هەرچی زووە وەرەوە، بە هەزاران

شـادمانییەوە چـاوەڕوانتم) هـاوڕێیەک هـاتە مـاڵەوە و نـامەیەکی لە ئەلبێـرتەوە هێنـابوو، ئەلبێـرت نووسـیبووی بەهـۆی هەبـوونی چەنـد کـارێکی تـایبەت ناتوانێـت لەو زوانە بگەڕێـتەوە، ئەم کاغەزەیـان لە شـــوێنێک دانـــابوو و شـــەو کەوتە دەســـتی مـــن، خوێنـــدمەوە و زەردەخەنەیەکم کرد، لۆتە پرسی: ( لەبەرچی پێدەکەنیت؟) ئـاە! ئەم هێـزی خەیـاڵە چ توانـایەکی سـەیری هەیە، بە دەنگێکـی بەرزەوە گـوتم: ( بـۆ چرکەسـاتێک وام بیرکـردەوە کە ئەم نـامەت بـۆ مـن نووسیوە) ئیتر دەنگی لێوە نەهات، لەبەرچـاوان دڵـتەنـگ دەردەکەوت و منیش بێدەنگ بووم.

## شەشی سێپتێمبەر

بەلامەوە شـتێکی دژوار بـوو، کە ئەم ڕینکـۆتە شـینە سـادە وەلا بنێم، کە بۆیەکەمجـار لەگەڵ لـۆتەدا سـەمام پێـی کردبـوو، بەڵام بەم دواییە ڕەنگ و ڕووی نەمـابوو، دوبـارە داوامکـرد یەک دەسـتی ڕێـک وەکو چاکەت و پـانتۆڵەکەی پێشـووم بـۆ بـدورن، بە هەمـان یەخە و سەردەسـت و بە هەمـان ئێلەگـی زەرد و پـانتۆڵەوە[11]، بەڵام هەمـان هەستم نییە، وا بیردەکەمەوە پاش ماوەیەک حەزم دەچێتە سـەر ئەم پۆشاکەش و خۆشم دەوێت.

---

[11]. لە دەقەکەدا وشەی شلوارک هاتووە،کە واتای پانتۆڵێکی کورت دێت، ئەمەش لەبەرئەوەی جاران پانتۆڵەکانیان کورت بووە لەبەر لەپێکردنی پووت و چەکمەی درێژەوە.و.کوردی

**دوازدەی سێپتێمبەر**

لۆتە چەند ڕۆژێک چووە گەشت تا ئەلبێرت بهێنێتەوە، ئەمڕۆ چوومە ماڵەکەی بەرەو ڕووم هات و بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە دەستم ماچکرد.

کەنارییەکە لە تەنیشت ئاوێنەکەوە بەرەو لای ئەو هەڵفڕی و لەسەر شانی هەڵنیشت، باڵندەکەی لەسەر دەستی دانا و گوتی: ( ئەمە هاوڕێی تازەی منە، بۆ سەرقاڵکردنی منداڵەکانم هێناومە، زۆر میهرەبانە! دەیبینیت! هەر کاتێک کە خۆراکی پێدەدەم پەڕ و باڵی دەکاتەوە و بە هێمنی دەنوک لە خۆراکەکە دەدات، تەنانەت ماچیشم دەکات، لێت دیارە!) هەرئەوەی کە لۆتە لێوەکانی هێنایە پێشەوە باڵندەکە بە میهرەبانییەوە خۆی بەو لێوانە لکاند،وەک بڵێی هەستی بەو چێژە دەکرد کە لەم لێوانەدا خۆی حەشاردابوو.

گوتی: ( بێگومان ئێوەش ماچ دەکات) پاشان باڵندەکەی بە من دا، دەنوکە بچووکەکەی باڵندەکە لە لێوی ئەوەوە خۆی لکاندە سەر لێوی من و بەریەککەوتنی دەنوکی باڵندەگە وەکو دەمی مەسیحایی چێژێکی لێوانلێوی عیشق بوو.

گوتم: ( ماچەکەی بێ مەرام نییە، بەدوای خۆراک دەگەڕێت و بە ناڕازی بوونێک لەم نامیهرەبانییە دەکشێتە دواوە)

گوتی: ( لە دەمی منیشەوە خۆراکی دەخوارد) چەند وردکە نانێکی خستە سەر لێوەکانی، مەبەستم هەمان ئەو لێوانەیە کە

خۆشەویستییەکی پاک و شادمانی لێدەچۆڕایەوە و زەردەخەنەیەک لەسەریدا نەخشی بەستبوو.

ڕووی خۆمم وەرگێڕا، نەدەبوو وای بکردبایە! نەدەبوایە هێزی خەیاڵی من بەم دیمەنانەی بەرائەت و خۆشبەختی ئاسمانی بوروژێنێت و دڵم لە خەوێک کە هەندێکجار بیر ژیانێکی بێ ئاگا دەکاتەوە بێدار بکاتەوە! بۆچی نا؟ باوەڕی بە من هەیە! دەزانێت چەندە خۆشم دەوێت!


alamy stock photo

## پازدەی سێپتێمبەر

ڤیلهێلمی ئازیز، هەر جارێک کە دەبینم مرۆڤەکان هیچ تێگەیشتن و هەستێکیان سەبارەت بە بەهاکانی بوونەوەر لە سەر زەوی نییە، دڵم پڕ دەبێت لە تورەیی، تۆ ئەو دار گوێزانە دەناسیت کە من لەژێریاندا لای ئەو قەشەیە لە سانت... لەگەڵ لۆتە دادەنیشتم ، هەمان ئەو دار بەڕوە شکۆدارانەی کە بەردەوام ڕۆحی من پڕ لە چێژ دەکەن! چ هێمنی و فێنکاییەکیان بە ماڵی قەشە دەبەخشی! لقەکانیان چەند جوان بوو! یادەوەرییەکانیان دەگاتەوە سەردەمی ژیانی پیاوە ئاینییە پاکەکەکان، کە چەندین ساڵ لەمەوبەر ئەو درەختانەیان چاندبوو، بەڕێوەبەری قوتابخانە چەندین جار ناوی یەکێک لەوانی دەبرد،کە خۆیشی لە باپیرەی بیستبووی و بێگومان دەبێت مرۆڤێکی باش بووبێت،سەیرکە بەڕێوەبەر ئەشک لەچاوانی ڕیزی بەستبوو و دوێنێ پێیگوتم کە درەختەکانیان بڕیوەتەوە، بڕیویانەتەوە!بەهۆی تورەییەوە عەقڵم لەدەستدا، دەمتوانی لەو چرکەساتەدا ئەو سەگە بکوژم کە یەکەمین تەوری لەم دارە داوە، خۆم کەسێک بووم، کە هەر جارێک یەکێک لە دارەکانی ماڵیان بەهۆی پیرییەوە دەبڕیەوە زۆر دڵتەنگ دەبووم، هاوڕێی ئازیز تەنیا یەک شت لەئارادایە! ئەمە هەستی مرۆڤێکی سەیرە! تەواوی خەڵکی لادێ تووڕەن و من ئومێدەوارم ژنی قەشە لە کەمبوونەوەی ئەو کەرە و هێلکە و تەواوی ئەو کەلوپەلانەی، کە خەڵکی لادێکە پێیاندەدەن

ئەوە تێبگات، کە چ برینێکی ختسۆتە سەر دڵی خەڵکی ئەم دێیە، چونکە ئەم ژنە، هاوسەری قەشەی نوێ (قەشەی پێشوو مردووە) بوونەوەرێکی نەخۆش و لەڕە و لەبەرئەوەی کەسێک لەگەڵ ئەودا هەست بە گونجاوی و شیاوی ناکات، بۆیە هیچ هەستێکی بەرامبەر جیهان نییە، ژنێکی شێتە کە وا خۆی دەردەخات زۆر دەزانێت و سەرقاڵی ئینجیلەکانە و تەنانەت لە بزاڤی نوێی چاکسازیخوازی ڕەوشتی و ڕەخنەیی مەسیحییەتی چالاک خۆی هەڵدەقورتێنێت و هێندە ڕازی نییە بە خەیاڵپلاوییەکانی ڕێچکەی (لاڤاتێر)[12] و بەهایەکیان بۆ دانانێت. جەستەیەکی نەخۆشی هەیە و بەم هۆیەوە لەسەر ئەم زەوییە پان و پۆڕەی خوداوەند هیچ هەست بە شادی ناکات، تەنیا بوونەوەرێکی لەم جۆرە دەشێت ئەم دار گوێزانە ببڕێتەوە، سەیرکە، هەرگیز باوەڕ ناکام! بیری لێبکەوە، گوتوویەتی کە گەڵاکانی درەختەکان دەکەونە سەر زەوی و حەوشەکە پیس و تاریک دەکەن، دارەکان ڕێ لە تیشکی خۆر دەگرن و کاتێک گوێزەکان پێدەگەن منداڵان بەردیان بۆ دەهاوێژن و ئەم کارەش ئەو دڵتەنگ دەکات و بیرە قوڵەکانی دەربارەی (کنیکۆت)[13]، زیملەر و میخائیلیس و ئەم زانا گەورانە دەشێوێنن، کاتێک بینیم خەڵکی گوند و بەتایبەتیش کەسە بەتەمەنەکان ناڕازین گوتم: ( لەبەرچی بەرگەی

---

[12]. شاعیر و سۆفی سویسری، کە چەند بەرهەمێکی لەبارەی فەلسەفە و لاهوت هەیە.و.کوردی

[13]. زانا و تەوراتناسێکی ئینگلیزییە. و.کوردی.

کارێکی لەم جۆرەتان گرتووە؟) گوتیان: ( ئەگەر کوێخا ڕازی بێت ، دەتوانرێت چ کارێک بکرێت؟) بەڵام لەگەڵ ئەم کارەدا ڕوداوێکی دیکەش ڕوویدا، کوێخا و قەشە،کە بەشێوەیەکی گشتی لە هەڵسوکەوتی ژنەکەی شتێکی دەستنەدەکەوت، دەیانویست پارە و دارایییەک بۆ خۆیان فەراهەم بکەن، پلانیان دارشت کە سوود و دەسکەوتەکانی ئەم کارە لەنێوانیان دابەش بکەن، لەم نێوانەدا ئەنجومەنی چاودێری خۆجێیی لە مەسەلەکە تێگەیشت و ڕایگەیاند کە تێکرای داهاتەکە بەوان بدەن! چونکە ئەنجومەن لە ڕابردوودا داواخوازی خاوەنداریەتی ئەو بەشەی ماڵەکەی قەشە بوو، کە دوو درەختەکەی تێدابوو و بە باشترین کڕیاریان فرۆشت، ئەوان شکستیان هێنا! ئەگەر من پاشا بوومایە، ژنی قەشە و کوێخا و ئەنجومەنی چاودێری خۆجێییم...! پاشا! ئەگەر پاشا بوومایە! ئاگام لە درەختەکانی وڵاتی خۆم دەبوو!

**دەی ئۆکتۆبەر**

تەنیا بە بینینی چاوە ڕەشەکانی حاڵم باش دەبێت! تاکە شتێک دڵتەنگم دەکات ئەوەیە، ئەلبێرت بەوشێوەیەی کە خۆی ئومێدی دەکرد هەست بە دڵخۆشی ناکات، تەنانەت کەمتر لەو ئەندازەیەی کە من، ئەگەر.... ، هێندە حەزناکەم قسەکانم بە کەموکورتی و کێماسییەوە نیشان بدەم، بەڵام چارەیەکم جگە لەمە نییە و وابیردەکەمەوە کە مەبەستەکەمم بە ڕوونی خستۆتەڕوو.

**دوازدەی ئۆکتۆبەر**

ئۆسیان[١٤] جێگەی هۆمێری لە دڵی مندا گرتۆتەوە، منی بەرەو جیهانێکی سەرسوڕهێنەر پەلکێشکردووە! بەرەو پیاسەی نێو مێرگەکان، بۆ نێو ڕەشەباکان، بۆ ناو چڕە تەمی ڕۆحەکانی باوان لەژێر ڕۆشنایی مانگ لە کاتی ئاوابووندا، بۆ گوێبیستی دەنگی ناڵەی ڕۆحەکان لە ئەشکەوتەکانی خۆیان لەنێو جۆش و خرۆشی پڕ لە زرنگانەوەی تاڤگەیەکی دارستانی لە کۆساران، ئاه و ناڵە و فریادی کچۆڵەیەکی گرینۆک لە نزیک چوار کێلە قەبرە داپۆشراو بە قەوزە و گژوگیاکەی مەعشوقەکەی خۆی. ئاه! خۆزگە من ئەوم دەدۆزییەوە، ئەو شاعیرە ئاوارە و غەمگینەی، کە لە مێرگەکان بەدوای شوێنپێی باوانی خۆی دەڕوات! کێلەقەبرەکانیان دەدۆزێتەوە و لەکاتی شەودا بە گریانەوە سەیری ئەستێرەی بەخت دەکات، هەمان ئەو ئەستێرەیەی، کە گڕی لە ئۆقیانووسی شەپۆلەکان ون دەبێت و ڕابردووەکان لە ڕۆحی پەرۆشی ئەودا دەژیێنێتەوە، چونکە بە پڕتەوە میهرەبانانەکەی خۆی جەنگاوەران لە مەترسییەکان ئاگادار دەکاتەوە و مانگیش تیشکە درەوشاوەکانی لەسەر ئەو کەشتییە براوە و نەبەزەی ئەوان لە کاتی گەڕانەوەدا پەرش و بڵاو دەکاتەوە، هەر جارێک کە ئەو خەمە قووڵە لەسەر تەوێڵی ئەودا دەبینم و

[١٤]. کۆمەڵە ئەفسانەیەکی ئیرلەندی کۆنە لەلایەن شاعیر و نووسەری ئۆسکۆتلەندی جیمس ماک ڤێرسن کۆکراوەتەوە و لەساڵی ١٧٦٥ چاپکراوە و کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گۆتە و شاعیرانی ڕۆمانتیک هەبووە. و.کوردی

دواهەمین بریسکەکانی شکۆ لەم بێدەنگییە مەرگ ئاسایە دەبینم، هەر جارێک کە بەردەوام خۆشحاڵییە بەئازار و شکۆمەندەکانی ڕابردوو وەکو سێبەرێکی زووتێپەڕ دەبینم کە لە سەرەوە لە خاکی سارد و گژوگیا بەرزەکان لەحاڵەتی شەکانەوە دەڕوانێت و هاوار دەکات: ئەو ئاوارە دەگات، ئەو ئاوارەیەی کە جوانی منی ناسیووە دێت و دەپرسێت: ئەو ئاوازخوێنە لەکوێیە، ئەو کوڕە ڕاستەقینەی فینگاڵ لەکوێیە؟ هەنگاو دەنێتە سەر گۆڕی من، هەنگاو دەنێت و بێهودە بەدوای خاکی گۆڕکەمەوەیە. ئاە! هاوڕێی ئازیز! حەزدەکەم وەکو خانەدانەکانی سەدەکانی ناوەڕاست زوو شمشێرێک لە کالانە پاکەکەی هەڵکێشم، خۆم لەم ئازاری ژیانە بەرەو مەرگێکی یەکجارەکی ڕزگار بکەم و ڕۆحی خۆیشم بەرەو لای ئەم خوائاسایەی کە ئازاد و بەدەرە لە گشت کۆت و بەندەکان ڕەوان بکەم.

## نۆزدەی ئۆکتۆبەر

ئاە! لەم هەستە خاڵییە! ئەم هەستەی خاڵیبوون، کە لە سینگی خۆمدا بەدیمکردووە! زۆربەی کات لەسەر ئەم بیرەم کە گەر بمتوانیبایە یەک جار ، تەنیا یەک جار تۆ بخەمە باوەشم، ئەوا ئەم بۆشاییە پڕدەبووەوە.

## بیست و شەشی ئۆکتۆبەر

بەڵێ، دڵنیابوومەتەوە هاوڕێی ئازیز! دڵنیا و بەردەوام دڵنیاتر لەوەی کە بوونی هەر ئەفرێندراوێک بەهایەکی کەمی هەیە، بەهایەکی زۆر کەم. یەکێک لە هاوڕێی ژنەکانی لۆتە هاتبوویە سەردانی و منیش چوومە ژوورەکەی تەنیشتی تا کتێبێک هەڵگرم و لەبەرئەوەی نەمتوانی بیخوێنمەوە قەڵەمێکم هەڵگرت. دەنگی ئەوانم دەبیست، کە بە هێمنی قسەیان دەکرد دەربارەی چەند بابەتێکی بێنرخ و چەند هەواڵێکی تازەی شار قسەیان دەکرد، بۆ نموونە دەیانگوت کە فلان کەس مەبەستیەتی هاوسەرگیری بکات، ئەوەیتر نەخۆشە، زۆر نەخۆشە، کۆکەکانی وشکە و ئێسکەکانی ڕوومەتی دیارن و هەندێجاریش لەهۆش خۆی دەچێت، یەکیان دەیگوت:

( وا بیرناکەمەوە دووبارە بارودۆخی باش بێتەوە) لۆتە گوتی: ( بارودۆخی (ن)یش هێندە باش نییە) ئەوەیتر گوتی:

( تەواوی جەستەی هەڵئاوساوە) منیش لە خەیاڵمدا خۆمم لە سەرینگانی ئەم داماوانە دەهێنایە بەرچاوم و ئەوانم دەبینی، کە بە دڵێکی لێوانلێو لە نەفرین ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن. ڤیلهێڵم! ئەم دوو ژنە بە جۆرێک قسە دەربارەی ئەم بابەتە دەکەن، کە وەک بڵێی کەسێکی نامۆ مردووە، لە دەوروبەری خۆم و ئەم ژوورە دەڕوانم و لەچواردەوری خۆم پۆشاکەکانی لۆتە و نووسینەکانی ئەلبێرت و ئەو پارچە ئەنتیکانە دەبینم،کە زۆر خووم پێوەگرتوون، تەنانەت کە ئەم

قوتووی خشڵە دەبینم وا بیردەکەمەوە: سەیرکە تۆ لەم ماڵەدا بە گشتی چ بەهایەکت هەیە! هاوڕێکانت ڕێزت بۆ دادەنێن! زۆربەی ئامرازەکانی خۆشبەختی ئەوان دابین دەکەی و لەدڵی خۆتدا وا بیردەکەیتەوە کە ژیان بەبێ ئەوان ناچێتەسەر و لەگەڵ ئەمەدا هەر کاتێک کە بڕۆیت، هەر کاتێک کە لەم کۆڕی هاوڕێیانە دابڕێیت چی دەبێت؟ ئاە! تا چ کاتێک هەست بە جێگەی بەتاڵی تۆ دەکەن و ئەم شوێنە خاڵییە چ کاریگەرییەکی هەیە بۆ سەر چارەنووسیان؟ ئاە! مرۆڤ بوونەوەرێکی وەها فانییە کە تەنانەت لە جێگایەکدا کە متمانە و دڵنیایی لە بوونی خۆی هەیە و کاریگەری ڕاستەقینەی بوونی خۆی لە بیر و لە قوڵایی خۆشەویستییەکانی هەست پێدەکات هێشتا درک بەوە دەکات کە هێندە ناخایەنێت کە ئەویش بەناچاری کپ دەبێتەوە و لە چاوان وندەبێت.

## بیست و حەوتی ئۆکتۆبەر

لەبەرئەوەی ئێمە هیچ کارێکمان لەدەست نایەت، چەندین جار ویستوومە سینەی خۆم هەڵدڕم و مێشکم بپرژێنم. ئاە! ئەگەر عیشق، خۆشبەختی، میهرەبانی و شادی لە ژیانمدا نەبێت، ناتوانم بە کەسانی دیکەیان ببەخشم و تەنانەت بە دڵێکی سەرڕێژ لە خۆشبەختیشەوە ناتوانم ئەو کەسە دڵخۆش بکەم کە بە ساردوسڕی و لاوازییەوە لەبەردەمم وەستاوە.

## شەوی بیست و حەوتی ئۆکتۆبەر

من بەخششی زۆرم هەیە و هەستم سەبارەت بە ئەو بەسەر هەموو شتێکدا زاڵ دەبێت، من بەخششێکی زۆر و فراوانم هەیە، بەڵام بەبێ ئەو یەکسەر گشتیان لەناودەچن.

## سی ئۆکتۆبەر

سەدان جار بەو شوێن و ڕاددەیە گەیشتوومە، کە ویستوومە ئەو لەباوەش بکەم! خوا خۆی دەزانێت، کە هەر کەسێک شتێکی جوان لەبەردەمی خۆیدا ببینێت و مۆڵەتی دەست لێدانی ئەو شتەی نەبێت، چ بارودۆخێکی هەیە و ئەم دەست لێدانە سروشتیترین ڕەمەکی مرۆڤە، ئایا منداڵان دەست لە هەر شتێک نادەن، کە سەرەنجیان ڕابکێشێت؟ بەڵام من؟

## سێی نۆڤێمبەر

خوا خۆی دەزانێت، کە چەندین جار لەکاتی چوونم بۆ سەر جێگای خەو ئارەزوو دەکەم ئیتر بێدار نەبمەوە و بەیانی،کە چاوم هەڵدەهێنم و خۆر دەبینم شەکەت و ماندوو دەبم! ئاه! ڕەنگە هۆی ئەم سروش و خووە گۆڕاوەی من  ئاو و هەوا، یا کەسێکی دیکە یا کارێکی ناڕێک بێت، بەڵام نیوەی ئازاری بەرگەنەگیراوی ئەم بێ ورەییە بێگومان خۆمم، بەد بە حاڵی من! بە ڕاستی هەست بەوەدەکەم کە تێکڕای ئەم بەسەرهاتە کەمتەرخەمی خۆمە و نەک تەنیا کەمتەرخەمی! سەرچاوەی هەموو ئەم شەکەتیانە لە بوونی

خۆمدایە، ڕێک هاوشێوەی ڕۆژانی ڕابردوو کە سەرچاوەی دڵخۆشی بووم، ئایا من هەمان کەس نیم کە جاران بە دڵێکی پڕ لە هەست بەرەو گشت لایەک دەڕۆیشتم و لەگەڵ هەر هەنگاوێک بەهەشتێکم دەدۆزییەوە و دڵێکم هەبوو کە لێوانلێو لە عیشق تەواوی دونیای لەناو خۆیدا جێدەکردەوە؟ ئێستا ئەم دڵە مردووە و هیچ شادمانییەکی لێ هەڵناقوڵێت، چاوانم وشکەڵاتوون و هەستێکی وام هەیە کە چیتر لەگەڵ فرمێسکە پڕ جۆشەکان گیانێکی تازە بەبەرخۆیدا ناکات و هەراسانی لۆچی خستۆتە سەر نێوچەوانم، زۆر ئازار دەچێژم، چونکە تاکە خۆشبەختی ژیانی خۆمم ونکردووە، ئەو هێزە ژیانبەخشەم لەدەستداوە کە بەهۆیەوە دونیای دەوروبەری خۆم دەئافراند! بەڵێ،ئەم هەست و توانایە لەناوچووە! هەر جارێک کە لە پەنجەرەی ژوورەکەمدا سەیری ئەو گردە دوورەدەستە دەکەم و دەبینم خۆر دەمەوسپێدە تەمتومان دەقڵێشێنێت و گەرمی بەسەر مێرگە خامۆشەکان بڵاودەکاتەوە و ڕووبارەکە بە هێمنی لەنێو دار بییە بێ گەڵاکان بەرەو ڕووم دێت، ئاه! هەر جارێک ئەم سروشتە شکۆدارە وەکو تابلۆیەک لەبەرامبەرمدا خۆی دەنوێنێت و تەواوی ئەم چێژە، تەنانەت تۆزقاڵێک شادمانی لە دڵی منەوە ناگەیەنێتە مێشک، وەکو مرۆڤێکی بەردەم بارەگای پەروەردگار، وەکو چاڵێکی وشکەڵاتوو و دەولکێکی[١٥]، بەتاڵ دەوەستم، چەندین جار خۆم

[١٥]. دەولک، کە لە زمانی فارسیدا(دلو)ی پێدەوترێت لەشێوەی سەتڵێکە و لە لاستیک

خستۆتە سەر زەوی و بە گریە و زاریی و تکاوە لە خودام داواکردووە کە فرمێسک لە چاوانم بێتە خوارەوە ڕێک وەکو جوتیارێک کە ئاسمانێکی هەوراوی لەسەر سەری خۆی و زەوییەکی وشکەڵاتوو و تینوو لەژێر پێی خۆی دەبینێت.

ئاه! بەڵام دەزانم کە پەروەردگار لە وەڵامی نزا و داواکارییە بێکۆتاکانی ئێمە باران و خۆر ناهێنێتە خوارەوە، ئەو ڕۆژانەی کە یادەوەرییەکانی ئازارم دەدەن لەبەرئەوەی لێوانلێو بوون لە خۆشبەختی کە من بە هێمنییەوە چاوەڕوانی بەخششەکانی بووم و ئەو خۆشییەی کە ئەو بەئاسانی پێیدەدام بە تەواوی هەست و سوپاسگوزارییەوە پەسەندم دەکرد.

## هەشتی نۆڤێمبەر

لۆتە سەرکۆنەی زێدەڕۆییەکانی من دەکات!ئاه! بەڵام بە چ میهرەبانییەکی تایبەتەوە! زێدەڕۆیی من کە هەندێک جار بە پێکێک شەراب بەسەندە ناکەم و شووشە شەرابێک دەنۆشم. دەیگوت: ( ئەم کارە مەکە! بیر لە لۆتە بکەرەوە!) گوتم: ( بیرکردنەوە! وابیردەکەیتەوە کە دەبێت ئەم مەسەلەیە بەبیری من بهێنیتەوە؟ من هەمیشە بیر لە لۆتە دەکەمەوە! بیرناکەمەوە! نا، بە بەردەوامی لە دڵی خۆمدا بیر لە ئێوە دەکەمەوە، ئەمڕۆ لە هەمان ئەو جێگایە دانیشتبووم، کە لەو ڕۆژانەدا ئێوە لەو شوێنە لە گالیسکەکەتان

---

دروستدەکرێت جاران بۆ دەرهێنانی ئاو لە بیر بەکاردەهێنرا. و.کوردی.

دابەزین...) لۆتە قسەیەکی دیکەی هێنایە پێشەوە تا چیتر قسە لەبارەی ئەم ڕوداوە نەکەم، ئەی چاکترین هاوڕێ، من لەدەست چووم! لۆتە هەر کارێک کە دڵی بیخوازێت، دەتوانێت لەگەڵ مندا بیکات.

## پازدەی نۆڤێمبەر

ڤیلهێلم سوپاسگوزاری دڵسۆزی تۆم، لە ئامۆژگارییە چاکەکانت و تکات لێدەکەم لەسەرخۆ بیت، مۆڵەتم پێبدە تا بەرگەی ئەم ئازارە بگرم، سەرەڕای ئەو هەموو شەکەتییە هێشتا توانایەکی تەواوم بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم ئازارە هەیە. ئەوە دەزانی کە من ڕێز لە ئایین دەگرم و واهەستدەکەم کە ئایین پەناگەیەکە بۆ کەسە شەکەتەکان و گیانێکی تازەیە بۆ ماندووەکان، تاکە پرسیار ئەوەیە: ئایا ئایین دەتوانێت و پێویستە بۆ گشت کەسێک بەم جۆرە بێت؟ کە لەم جیهانە پان و بەرینە دەڕوانی هەزاران کەس دەبینی کە ئایین دڵنەواییدەر و ئاسوودەبەخشی ئەوان نییە، هەزاران کەس کە سوکناییان پێنابەخشێت، هیچ جیاوازییەکی نییە کە ئامۆژگارییان بکەیت یا ئامۆژگارییان نەکەیت، پاشان ئایا دەبێت سەبارەت بە منیش بەم جۆرە بێت؟ ئایا مەسیح خۆی نافەرموێت: ( کەسێک ناتوانێت بێتە لای منەوە، ئەگەر باوکم ئەم بەهرە و توانایەی پێنەبەخشێت؟)ئەگەر ئەم بەهرەیە بە من نەدرا بێت؟ ئەگەر پەروەردگار بەو جۆرەی کە دڵم شایەتی دەدات نەیەوێت

گۆڕانکـارییەک لە بـارودۆخی منـدا بکـات؟ تکـادەکەم ئەم وتـانە بەخراپـی لێکمـدەوە و ئەم قسـە پاکـانە بە تەنزئـامێز هەژمـار مەکە! ئەمە تەواوی بیر و هـزری مـنە، کە بـۆ تـۆی دەخەمەڕوو، ئەگەر بەم شێوەیە نەبێـت، ئەوا زیـاتر حەزدەکەم لێـوم ببەسـتم و قسـە نەکەم، لەبەرئەوەی پێمخۆشــە دەربـارەی ئەو شــتەی، کە کەســانی دیــکە هاوشـێوەی مـن زانیـارییەکی کەمیـان لەبـارەیەوە هەیە کەمتـر قسـە بـکەم، ئایـا چارەنووسـی مـرۆڤ جـگە لەوەی، کە ئـازار بچێژێـت و کاسەیەک فڕ بکات شتێکیترە؟ ئەگەر ئەو پێکە لەسـەر لێـوی کـوڕی خودا تاڵ بێت، باشە بـۆچی مـن دەبێـت بە جـوامێرییەوە بانگەشـەی ئەوە بـکەم کە ئەم بـادە شـیرین بـووە؟ بـۆچی دەبێـت مـن لە چرکەسـاتێکدا شـەرم بـکەمە پیشـەم لەوەی کە کـۆیلەیی گومـان و دوودڵی بوون (وجـود) یـا نەبـوون (عەدەم) گیـانمی خسـتۆتە لەرزە و ڕابــردوو وەکــو بروســکەیەک بەســـەر گەرداوی تـــاریکی ئاینـــدە دەدرەوشێتەوە و دەوروبەری من لە گێژەنێکدا نقووم دەبێـت و دونیـا نـابووت دەبێـت؟ ئایـا ئەمە بـانگە و نـرکەی بـوونەوەرێکی ڕەنجـور و بێهێـز و لە ئـان و سـاتی داڕمانـدا نیـیە، کە لەقـوڵایی نـاخی ئەودا هێزەکان بێ سوود و ئەنجام لەگەڵ یەکتریدا دەجەنگن؟ پەروەردگارا! پەروەردگـاری میهرەبـان! بـۆچی منـت جێهێشـت؟ ئایـا دەبێـت لە خسـتنەڕووی ئەم بـابەتە شـەرم بـکەم و لەو چرکەسـاتە بترسـم کە

ناتوانم لە پەروەردگارم هەڵبێم، هەر ئەوەی کە ئاسمانەکانی وەکو ڕایەخێک ڕاخستووە؟

## بیست و یەکی نۆڤێمبەر

نابینێت، هەست بەوە ناکات،کە ژەهرێکی ئامادەکراو دەبینێت و بەهۆیەوە من و خۆی لەناو دەبات و من بە ئارەزوێکی زۆرەوە ئەم بادەیەی کە بۆ لەناوبردنی من دابینی کردووە تا دوا دڵۆپی دەنۆشم، ئەم نیگا میهرەبانانەیە کە بەهۆیەوە زۆربەی کات- زۆربەی کات؟ نا، نەک زۆربەی کات، بەڵکو هەندێجار کە لێم دەڕوانێت ، ئەم ناسکی و خوێنشرینییەی کە بەهۆیەوە پێشوازی لە کاردانەوە خۆنەویستەکانی هەستی ناخەکی خۆم دەکەم، ئەم بەزەییە تێکەڵ بە هێمنییە کە لەسەر نێوچەوانی ئەودا دەبینرێت چییە؟

دوێنێ کە چوومە دەرەوە تەوقەی لەگەڵ کردم و گوتی: ( خوات لەگەڵ، ڤارتەری ئازیز) — ڤارتەری ئازیز! هەوەڵین جار بوو،کە وشەی ئازیزی بە من دەگوت و دەربڕینی ئەم وشەیە لەسەر دڵ و گیانم هەڵدەنیشت. چەندەها جار ئەم دەستەواژەیەم دوبارەکردەوە و لەوکاتەی کە دەمویست بخەوم و لەبەرخۆمەوە قسەم دەکرد لەناکاو گوتم: ( شەوت شاد، ڤارتەری ئازیز!) لە پاشانیشدا پێکەنیم بەم هەڵسوکەوتە هات.

## بیست و دووی نۆڤێمبەر

ناتوانم نزایەکی وەها بکەم: ( خودایە ئەوم پێ ببەخشە!) لەگەڵ ئەوەی زۆربەی کات وابیردەکەمەوە کە لۆتە هی منە، بەڵام ناتوانم ئەو نزایە بکەم: ( لۆتە بە من بسپێرە!) چونکە ئەو وابەستەیە بە کەسێکی دیکەوە، هەمیشە لەگەڵ دەرد و ئازارەکانی خۆم دەگوزەرێم و هەر جارێک کە ئەو ئازارە هەلێکم پێدەدات تا هەناسەیەکی تازە هەڵمژم، ئەوا قسەکانم ڕاستەوخۆ پڕن لە دژڕۆیی و بەرهەڵستی.

## بیست و چواری نۆڤێمبەر

لۆتە هەست بە هێمنی من دەکات! ئەمڕۆ تیری نیگای لەسەر قوڵایی دڵم چەقی، ئەو بەتەنیا بوو کە من بینیم، قسەیەکم نەکرد، ئەو لێمی دەڕوانی، ئیتر ئەو جوانییە میهرەبانانەم لە بوونیدا نەدەبینی، ئیتر هیچ نیشانە و ئاماژەیەک لە بلێیسەکانی هۆش و بلیمەتی بوونی نەبوو و گشتیان بەتێکڕایی لەبەرچاوانم شاردرابوونەوە، نیگایەکی دیکە و زۆر شکۆدارانە کاریگەری دەخستە سەر من، نیگایەکی لێوانلێو لە هەستی دڵسۆزی و هاودەردی ناخەکی، شیرینترین هەستی بەزەیی پێداهاتنەوە، لەبەرچی ئەو مۆڵەتەم نەبوو کە خۆم بخەمە ژێر قاچییەوە؟ بۆچی مۆڵەتم نەبوو بە هەزاران ماچ و مووچەوە ئەو لەئامێز بگرم؟ پەنای بردە بەر پیانۆکە و ئاوازێکی خەمناکی لەگەڵ نەسیمی چریکەی خۆی کە ئاوازێکی غەمهێنەری دەچریکاند ئاوێتە کرد، هەرگیز لێوەکانیم بەم جوانی و

دڵــڕفێنییە نەدیبــوو! لە ڕواڵەتــدا وادەردەکەوت کە ئــاوازی ناســکی پیانۆکە لە دەمە فریودەرەکەی دەزرنگێتەوە و لەوێدا لەگەڵ چریکەی فریشتەکانی ئاسمان ئالوگۆڕ دەکرێت ، بەڵێ، خـۆزگە دەمتـوانی ئەم بارودۆخەت بۆ بگێڕمەوە! چیتر نەمتـوانی بەرگە بگـرم، چەمـامەوە و سوێندم خوارد: ئەی لێوانی جـوان، هەرگیـز بـوێری ئەوەم نابێـت تـا ماچێکتـان لێبکەم! ئەی ئێـوە کە فریشـتە ئاسـمانییەکان لەسـەرتان هەڵنیشـتون، ئـاه! دەبینـی کە ئەم هەسـتە وەکـو شـورەیەکی بەرز چواردەورەری ڕۆحی منی گەمـارۆداوە، چەنـدە ئـارەزوودەکەم تـامی ئەم خۆشییە بکەم و پاشانیش مردنم ببێتە کەفـارەتی ئەم گونـاهە.. گوناه؟

## بیست و شەشی نۆڤێمبەر

هەنـدێجار بەخـۆم دەڵـێم: چارەنووسـی تـۆ شـتێکی تـایبەتە، بە بەختەوەرییەوە ستایشی چارەنووسی کەسانی تر بکە، هـیچ کەس تـا ئێستا ئازارێکی لەم چەشنەی نەبینیوە، پاشـان شـیعرێکی شـاعیرانی کـۆنی بەر لە مێـژوو دەخـوێنمەوە و واهەسـت دەکەم کە قسـەی نـاو دڵـی منـی خسـتۆتەڕوو، دەبێـت چەنـدین سـاڵ بەرگـری بـکەم! ئـایـا مرۆڤەکانی پێش منیش بەم چەشنە بەخت ڕەش بوون؟

**سی نۆڤێمبەر**

نابێت، نابێت، بێمەوە هۆش خۆم! هەر شوێنێک کە هەنگاوی بۆ دەنێم تارماییەک دەبینم، کە بارودۆخی من دەگۆڕێت، ئەمڕۆ! ئاه! چارەنووس! ئاخ مرۆڤەکان!

نیوەڕۆ دەچمە کەناری رووبارەکە، ئارەزووی خواردنم نییە، هەموو شوێنێک وەڕزکەرە، نەسیمێکی دەمەوئێوارە و شێدار لەلای کۆسار هەڵدەکات و هەورە تاریکەکان بەرەو دۆڵەکە دەکشێن، لە دوورەوە پیاوێک دەبینم، کە پۆشاکێکی سەوزی شڕی لەبەردایە و لەنێو بەردەکاندا هاتوچۆ دەکات و وادەردەکەوێت گیا کۆبکاتەوە، لێی نزیک دەبمەوە، بەرەو لای دەنگی پێم دەگەڕێتەوە، پیاوێک بە ڕوخسارێکی جوانەوە دەبینم،کە غەمێکی بێدەنگ لە ناخیدا هێلانەی کردووە و ئەم غەمە نیشانەی هیچ شتێک نییە، بێجگە لە ڕاستگۆییەکی میهرەبانانە نەبێت. پرچە ڕەشەکانی لەپێشەوە بە دوو تۆقە بەستاوە و ئەوانیتریشی بەشێوەی کەزییەک چنیبوو و ئەم کەزییەی لەپشتی سەری شۆڕکردبووەوە، لەبەرئەوەی وابیرمدەکردەوە بەهۆی ڕوخسارەکەی لە خەڵکی ئاسایی دەچێت بۆیە بەخۆمم گوت ئەگەر سەرنج لەکارەکەی بدەم ئەوا هێندە دڵتەنگ نابێت بەم هۆیەوە لێم پرسی کە بەدوای چییەوەیە، بەنرکەیەک لە قوڵایی دڵییەوە وەڵامیدامەوە:

( دەگەڕێم و نایدۆزمەوە) بەزەردەخەنەیەکی سەر لێوانەوە گوتم: ( ئێستا وەرزی ئەم ئیشە نییە) لەکاتێکدا، کە بەرەوخوار و بۆ لای من دەهات گوتی: ( گوڵی زۆر هەن، لە باغی مندا گوڵەباغ و دوو جۆرە ژاڵە هەن، یەکێک باوکم پێیداوم، وەکو گیا گەشە دەکات، دوو ڕۆژە بەدوایاندا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە)،هەستم بە سەرسوڕماوی کرد و باسەکەم بەرەو ئەو جێگایە برد کە حەزم لێبوو، پرسیم دەتەوێت چی لەم گوڵانە دروست بکەیت، زەردەخەنەیەکی جوان کەوتە سەر ڕوخساری و پەنجەی ئاماژەی خستە سەر لێوی و گوتی: ( ئەگەر ئەم نهێنییە نەدرکێنیت، دەیڵێم، دەمەوێت... پەیمانم بە خۆشەویستەکەم داوە چەپکە گوڵێکی بۆ ببەم) گوتم: ( کارێکی زۆر چاکە!) گوتی: ( ئاە! ئەو هەموو شتێکی هەیە، ژنێکی دەوڵەمەندە) من لە وەڵامیدا گوتم: ( سەرەڕای ئەمە حەزی لە چەپکە گوڵی ئێوەیە) بەدوای قسەکانی کەوت: ( ئا! گەوهەرگەلێکی زۆر و تەنانەت تاجیشی هەیە) پرسیم: (ناوی چییە؟) وەڵامیدایەوە: ( ئەگەر دەوڵەت هەقدەستی منی بدابوایە، ئێستا من کەسێکی دیکە بووم! بەڵێ سەردەمێک منیش سەروەتێکی زۆرم هەبوو! ئێستا ئیتر هیچم نییە، من ئێستا...) بە چاوانێکی پڕ لە فرمێسکەوە سەری بۆ ئاسمان هەڵبڕی و ئەم چاوانە پەردەی ڕازی دڵی ئەویان هەڵدەماڵی، پرسیم: ( ئایا خۆشبەخت بووی؟) گوتی:

( ئـــارەزووم هەیە کە دووبـــارە هەمـــان بـــارودۆخم هەبێـــت، ژیـــان بەلامەوە خۆش و دڵگیر و سادە و هەروەک باڵندەکانی ئاسمان بوو!) پیرەژنێک کە بەڕێگاوە بوو هاواریکرد: ( هاینریش! هاینریش! لە کوێ ونبووی؟ هەموو شوێنێکت بەدوا گەڕام، وەرە با نـان بخـۆین!) بەرەو ڕووی ژنەکە چـــووم و لـــێم پرســـی: ( کـــوڕی ئێـــوەیە؟) ژنەکە وەڵامیدایەوە:

( بەڵـــێ کـــوڕە دامـــاوەکەی منە!پەروەردگـــار ئـــازارێکی قورســـی لەنێوچەوانمـدا نووسـیوە) پرسـیم: ( چەنـد دەبێـت کە بـارودۆخی وەهایە؟) ژنەکە گوتی: ( بۆ شەش مانگ دەچێت کە وەهـا بێـدەنگە، سوپاس بۆخوا بەم حاڵەشەوە هێشتا بارودۆخی باشە، لەمەوپێش بۆ ماوەی ساڵێک نەخۆشی دەروونی گـرت و بەوهـۆیەوە لە نەخۆشـخانە بە کۆت و زنجیرەوە بەستبوویانەوە، ئێستا ئازار بە کەس ناگەیەنێـت و تەنیا بیری لای شا و شاژنانە، کوڕێکی میهرەبان و بێـدەنگ بـوو و لە خەرجـی ناوماڵـدا یـارمەتی منـی دەدا، دەسـت و خەتێکـی چـاکی هەبوو و لەناکاو تووشی خەمۆکی بوو و تایەکی توندی گرت و پاشان هۆشـی لەدەسـتدا و ئێسـتا بەو جـۆرەیە کە ئێـوە دەیبیـنن، کـاکی بەڕێز، خۆزگە دەمتوانی تەواوی بەسەرهاتەکە بۆ ئێوە باس بکەم...) قســەکەیم بــڕی و پرســیم: ( وا بــاس دەکــات کە ڕۆژێــک لە ڕۆژان دڵخۆش و دەوڵەمەند بووە، ئەم ڕووداوە پەیوەستە بە چ کاتێکەوە؟) پیـرەژنەکە بە دەنگێکـی بەرز و زەردەخەنەیەکـی هەڵقـوڵاو لە ئـازار

گوتی: ( دێوانە! مەبەستی هەمان ئەو سەردەمەیە کە شێت بوو، هەمیشە بە شانازییەوە بیر لەو سەردەم دەکاتەوە، هەمان ئەو کاتەی کە لە نەخۆشخانە بوو و هیچ لە حاڵی خۆی تێنەدەگەیشت) ئەم بەسەرهاتە هەروەکو بیستنی دەنگی بروسکێک منی لە جێگەی خۆمدا وشککردەوە، سککەیەکم خستە ناو دەستی ژنەکە و ڕێگەی خۆم گرتەبەر.

به خێرایی بەرەو شار ڕێگەم گرتەبەر و هاوارمکرد: ( ئەو سەردەمەی کە دڵخۆش بووی ڕێک هاوشێوەی باڵندەکانی ئاسمان!...)

خودای ئاسمانی! ئایا چارەنووسی مرۆڤ ئەمەیە کە تا ئەو کاتە هەست بە خۆشبەختی نەکات کە عاقڵ دەبێت و دووبارە ئەم عەقڵە لە دەستدەدات؟ ئەی بەدبەختی داماو! من حەسرەت بۆ ئەم شێتییەی تۆ دەخۆم، حەسرەت هەڵدەکێشم بۆ ئەم پەشێوییەی هەستەکانت کە بەهۆیەوە لەناودەچیت! لێوانلێو لە ئومێد دەڕۆی تا لە زستاندا چەپکە گوڵێک بۆ شاژنەکەت بچنی و غەمگینی لەبەرئەوەی گوڵێکت نەدۆزیوەتەوە و نازانی لەبەرچی گوڵێک بەدەست ناهێنیت، من ... من بەبێ هیچ ئومێدێک، هیچ ئامانجێک، ڕێگەم گرتۆتەبەر و دەست لە قاچ درێژتر دووبارە بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە... تۆ لە هۆشی خۆتدا وا بەرجەستەی دەکەیت کە چ چارەنووسێکت هەبووە، ئەگەر حکومەت هەقدەستی تۆی بدابوایە

ئەی بوونەوەری بەدبەخت! ئەوا تۆ دەتتوانی بۆ بەختی ڕەشی خۆت هۆکارێک لەسەر زەوی بەدەست بهێنیت، تۆ هەستناکەی کە دڵی وێرانی تۆ و ئەم مێشکە ڕووخاوەت هۆکاری بەدبەختی و بێچارەیی تۆیە و تەواوی پاشایانی زەویش ناتوانن تۆ لەم بەدبەختی و هیلاکییە ڕزگار بکەن.

بێگومان ئەوەی گاڵتە بە مرۆڤێکی نەخۆش دەکات ، کە ڕێبواری دورترین کانیاوەکانە و ژیانی ئەو نەخۆشە ئازاراویتر دەکات، ئەوا بێ هیچ دڵنەواییەک دەمرێت! تەنانەت ئەوەی کەمتەرخەم و خەمسارد بێت بەرامبەر بەم دڵە ڕەنجور و دەردەدارەی، کە بۆ ڕزگاربوون لە ئازاری ویژدان و ئازارەکانی ڕۆحی خۆی دەچێتە زیارەتی ئارامگەی مەسیح (د.خ)، ئەوا هەمدیس چارەنووسێکی لەم چەشنەی دەبێت. هەر هەنگاوێک کە نەخۆشەکە لەم ڕێیە دڕکاوی و ناهەموارەدا دەیهاوێژێت تۆزقاڵێک سوکناییە بۆ ئەو ڕۆحە هەراسانەی و لە هەر ڕۆژێکی گەشتێکی لەم جۆرەدا دڵی لە زۆرێک لە ئازارەکان ڕزگار دەبێت... ئەی ئەو وتاربێژانەی کە پشتتان بە کورسییەکانی خۆتان داوە ئایا ناوی شێتی لەم بارودۆخە دەنێن؟ شێتی! ئاه، پەروەردگارا سەیری فرمێسکەکانم بکە! ئەی میهرەبانترینی میهرەبانان ئایا وا پێویست بوو بۆ مرۆڤێک کە بە تەواو بێچارەیی و بەدبەختییەوە خولقاندووتە چەند کەسێک بکەیتە برابەشی تا هەندێک لەو ئومێد و باوەڕەی تۆ کە لەنێو دڵیدایە لە دەستی بڕفێنن؟ و ئایا باوەڕبوون

بە ڕەگی شیفابەخشی ڕووەک و شەرابی ترێ هەمان ئەو پشتبەستن و باوەڕبوونە نییە بە تۆ کە وزەیەکی شیفابەخش و ئارامکەرەوەت لە تێکڕای شتەکانی دەوروبەرمان داناوە و ئێمەش پێویستیمان پێیانە ؟ ئەی ئەو باوکەی کە ناتناسم! ئەی ئەو باوکەی کە بەردەوام دڵی منت لە میهری خۆت پڕکردووە و ئێستا ڕووت لە من وەرگێڕاوە! من بەرەو لای خۆت بانگ بکە! ئەم بێدەنگییە بشکێنە! بێدەنگی تۆ ئەم ڕۆحە تینووە بەرگەی ناگرێت... ئایا ئەو کەسەی کە بەبێ هیچ دودڵییەک کوڕە ونبووەکەی خۆی لەئامێز دەگرێت و هاوار دەکات: ( من لێرەم باوکە!) لەم کارە توڕە دەبێت؟ توڕە مەبە، ئەگەر من کۆتایی بەم سەرگەردانی و ئاوارەییە دەهێنم، مەبەستم هەمان ئەو ئاوارەییە کە تۆ ماوەیەکی درێژە بۆت نووسیوم، دونیا لەهەموو شوێنێک و ئازار و ئیش و کار و کرێ و شادمانی لە گشت جێگەیەکدا یەکسانە، بەڵام ئەم بابەتە چ پەیوەنییەکی بە منەوە هەیە؟ من لەو شوێنە هەست بە خۆشبەختی دەکەم کە تۆی لێبێت و لەبەرامبەر چاوانی تۆ ڕەنج و خۆشی ببێتە بەشم... ئەی باوکی ئاسمانی ئایا من لەبەر دەرگای خۆت دەردەکەیت؟

## یەکی دیسێمبەر

ڤیلهێلم! ئەو کەسەی کە لە نامەی پێشوو قسەم دەربارەی کردبوو، هەر ئەو بێبەختە بەختەوەرە، نووسەری باوکی لۆتە بووە و لەناو دڵی خۆیدا خۆشەویستی بۆ لۆتە هەبووە، هەستی بەو عیشقە

کـردووە و شـاردویەتیەوە و لەکۆتاییـدا درکانـدویەتی و بەم هـۆیەوە لەکـارەکەی دەریـان کـردووە و شـێت بـووە، لەم دەربـڕینە وشـک و بێهەستانە تێدەگەی کە من تەنیـا قسـەی ئەلبێـرت دوبـارە دەکەمەوە کە هێمـا و نیشـانەی ساردوسـڕی ئەوە و ئەم ڕووداوە کـاریگەرییەکی لەسـەرمندا دانـاوە کە ڕەنـگە خوێنـدنەوەی ئەوە ئەو کـاریگەرییەی نەکردبێتە سەر تۆ.

## چواری دیسێمبەر

تکـا لە تـۆ دەکەم... دەبینـی کە کـارم تەواوە و ئیتـر نـاتوانم بەرگەی ئەم بارودۆخە بگرم! ئەمڕۆ لە تەنیشت لۆتە دانیشـتبووم... دانیشتبووم و ئەو پیانۆی دەژەنی، ئاوازگەلێکی جۆراوجـۆر کە پێکـڕا دەرخەری بارودۆخ و حاڵی مـن بـوون! پێکـڕا! پێکـڕا! پێکـڕا!... ئیتـر چیت دەوێت؟ ... خوشـکە بچووکەکەی لەسـەر ئەژنـۆی مـن دانیشـتبوو و بووکەشووشەکەی پاک دەکردەوە، فرمێسک لە چاوانم قەتیس مابوو، سـەرم شـۆڕکردەوە و چـاوم بە ئەڵـقەی هاوسـەرگیرییەکەی کەوت... ئەشـک لە چـاوانم هـاتەخوارەوە... و لەناکـاو ئەو ئـاوازە شـیرینە ئاسـمانییەم هێنـایەوە یـادم، لەناکـاو لە ڕۆحـی خۆمـدا هەسـتم بە سـوکنایی و دڵنەوایـی کـرد و هەر یـادەوەرییەکی ڕابـردوو و ئەو سـاتانەی کە ئەم ئـاوازەم بیسـتبوو و پاشـان سـەردەمە ڕەش و تاریکەکـانی نەفـرین و ئـارەزووە بەباچووەکـان و پاشـان... لە ژوورەکەدا بەرەو ئەملاو ئەولا دەچووم، دڵم بەهـۆی ئەم ئـازارە تونـد

ببوو، لەکاتێکدا کە لەناکاو بەرەو ڕووی دەچووم گوتم: ( بۆ خاتری خودا ئیتر مەیژەنە!) ئەو دەستی هەڵگرت و لە من ڕاما... بە زەردەخەنەیەکەوە کە سەرلێوی بوو و بە قوڵایی دڵمەوە و ڕۆدەچوو گوتی: ( ڤارتەر، ڤارتەر ئێوە زۆر نەخۆشن، تەنانەت ئەو خۆراکانەی کە خۆت حەزت پێیانە بە نابەدڵی و ناچارییەوە دەیانخۆی، بڕۆ! تکادەکەم هێمن ببنەوە!) من لەو دابڕام و ... پەروەردگارا! تۆ ئەم هیلاکییەی من دەبینی، ئیتر کۆتایی پێبێنە!

## شەشی دێسێمبەر

شتێکی سەیرە ئەم وێنەیە بەردەوام بەدوای منەوەیە! لە خەو و بێداریدا ڕۆحی من تژی دەکات! هەر جارێک کە چاو دەنوقێنم لەسەر نێوچەوانی خۆم و لەهەمان ئەو شوێنەی کە وێنەیەک لە مێشکمدا بەرجەستە دەبێت چاوە ڕەشەکانی دەبینم، لێرەیە! لە توانامدا نییە ئەم هەستەت بۆ باس بکەم، کە چاو دادەخەم ئەم وێنەیە وەکو ئۆقیانوسێک، وەکو کەندەڵانێکی بێدەنگ لەناو هۆشمدایە و ئەم هۆشەی تژی کردووە لە بوونی خۆی .

مرۆڤ چییە بێجگە لە نیوە خوایەکی ستایشکراو! ئایا ڕێک لەو کاتەی کە زۆر پێویستی بە هێز و تواناکانیەتی ئەم هێزانە کەم و لاواز نابنەوە؟ ئایا هەر کاتێک کە لەخۆشیان باڵ دەگرێت یا کاتێک نقوومی ئازار دەبێت، ئەوا لەهەردوو بارەکەدا ناچار بە وەستان ناکرێت ؟ لە ئەنجامدا بۆ سەر زەویی سارد و دژواری بەئاگاهاتنەوە

ئازارەكانی ڤارتەری لاو .---------------------------------------- گۆتە

**ناگەڕێنـدرێتەوە، لەبەرئەوەی حەزیکـردووە لەم كەمـاڵی بێسـنورییەدا خۆی لەناوببات؟**



## پەیامی كۆكەرەوەی نامەكان بۆ خوێنەر

زۆر حەزمدەكرد كە نووسینەكانی دواهەمین ڕۆژەكانی ژیانی ئەم هاوڕێیەم لەلا بوایە و ئیتر هیچ پێویستی نەدەكرد كە خستنەڕووی ئەم نامانە بپچڕێنم و خۆم پاشماوەی بەسەرهاتەكە باس بكەم.

هەوڵمداوە چەند هەواڵێكی ورد لە زاری كەسانێكەوە كۆبكەمەوە، كە دەشێ زانیارییێكی چاكیان لەبارەی بەسەرهاتی ژیانی ئەو هەبێت. ئەم بەسەرهاتە سادەیە و بەم هۆیەوە تاڕاددەیەك قسەی هەمووان، بێجگە لە چەند بابەتێكی لاوەكی پێكڕا پێكدەچن و هاوشێوەن، تەنیا جیاوازی نێوان ئەم وتانە لە تێگەیشتنی كەسە بەشداربووەكانی ئەم بەسەرهاتەو داوەرییە تاكەكەسییەكانیاندا دەبینرێت.

لەم لایەنەوە ئیشی من تەنیا ئەمەیە، كە تەواوی شتە بیستراوەكانی خۆم بە وردی بگێڕمەوە و تێكڕای نامە بەجێماوەكانی كۆبكەینەوە و تەنانەت بچووكترین پارچەكاغەزی وەدەستهاتووی ئەو كۆچكردووەمان وەلا نەناوە، بەتایبەت لەبەر ئەم هۆیەی كە

ئاشـکراکردنی پـاڵنەرە ڕاسـتەقینەکانی تێکـڕای هەڵسـوکەوتەکانی، لەوکـاتەی لەنێـو خەڵکانێـک بێـت کە ڕق لەدڵ نەبـن بەرامـبەر بەو کارێکی زۆر سەختە.

تـرس و غەم و نائومێـدی بەردەوام لە ڕۆحـی ڤـارتەردا زیـاتر ڕەگیان دادەکوتا و ڕۆحی ئەویان قوتدەدا و وردە وردە تێکڕای ناخی دەگرتەوە، هاوسەنگی عەقڵی ئەو بەتەواوەتی لەناوچوو بوو، ئاگرێکی نــاخەکی و ئــارەزوێکی بەتــین کە تەواوی هێــز و تواناکــانی سروشتییەکانی ئەویان وێران دەکرد و کاریگەرییەکی خراپیشی بەجێ دەهێشـت و لەئەنجامـدا ئەوی شـێت و شـەیدا دەکـرد، هەوڵێـدەدا هاوشـێوەی تەواوی پیسـی و چەپەڵییەکـانی دیـکە کە لەگەڵیانـدا جەنگـابوو لەم ترسـە هەڵبێـت، پەشـێوی نـاو دڵـی تەواوی هێـزە جێماوەکـانی نـاو عەقڵـی و هەسـتی چـالاکی و تیژبینـی ئەوی لەبـار بردبــوو، بەراورد بە پێشــوو کەســێکی غەمبــار بــوو و هەرچەنــدە بەدبەختتــر دەبــوو ئەوا ڕەفتــار و هەڵســوکەوتی نادروســتتر و ڕەشبینانەتر دەبوو ، لانیکەم هاوڕێکانی ئەلبێرت ئەم شتە دەڵـێن و سـورن لەسـەر ئەوەی ، کە ڤـارتەر نەیتوانیبـوو بە چـاکی لەو پیـاوە پاک و لەسەرخۆیەی کە تازە گەیشتبووە خۆشبەختییە خوازرەوەکەی خۆی (مەبەسـت لە ئەلبێـرتە) تێبگـات و لەم ڕووەوە گشـت ڕۆژێـک سـەروەت و سـامانی خـۆی بەفیـڕۆ دەدا تـا شـەوان ئـاراز بچێژێـت و هەسـت بە کێماسـی بکـات، دەڵـێن ئەلبێـرت لەم مـاوە کـورتەدا

گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتبوو، هێشتا هەمان ئەو کەسە بوو، کە ڤارتەری هەروەکو پێشوو دەناسی و زۆر ستایشی دەکرد و ڕێزی لێدەگرت، لۆتەی زیادتر لە هەموان خۆش دەویست و شانازی پێوەدەکرد و حەزیدەکرد هەموو ئەوانیتریش هاوسەرەکەی بە جوانترین بەدیهێنراوی پەروەردگار دابنێن، ئەگەر هەوڵی ئەوەی دەدا هیچ گومانێکی خراپ نەچێتە دڵییەوە و نەیدەویست لەم کاتەدا لەگەڵ هیچ کەسێکی دیکە لە سوودوەرگرتن لەم بەهرەیە ببێتە هاوپشک و هاوبەش، تەنانەت بە پاکترین شێوەش، ئایا شایستەی ئەوەیە سەبارەت بەو بە خراپی بیربکەینەوە؟ دەڵێن ئەلبێرت هەر جارێک کە ڤارتەر لە لای لۆتە بوو ژووری هاوسەرەکەی جێدەهێشت و ئەم کارەی بەهۆی نەفرین و دڵشکان لە ڤارتەری هاوڕێی ئەنجام نەدەدا، بەڵکو وا هەستیدەکرد کە بوونی ئەو ڤارتەر دڵتەنگ دەکات.

باوکی لۆتە نەخۆش بوو و بەم هۆیەوە لە ماڵەوە پاڵکەوتبوو، گالیسکەکەی بەدوای لۆتە نارد و کچەکەش بەرەو ماڵی باوکی ڕێگەی گرتەبەر، ڕۆژێکی جوانی وەرزی زستان بوو و هەوەڵین بەفری قورس و سەنگین باری بوو و هەموو شوێنێکی سپیپۆش کردبوو.

ڤارتەر سپێدەی ڕۆژی دواتر بەدوای لۆتەدا چوو تا ئەگەر ئەلبێرت بۆ هێنانەوەی لۆتە نەچوبێت، ئەوا ئەو بیگەیەنێتە ماڵەوە.

ئاسمانی سافیش کاریگەرییەکی نەدەکردە سەر ورە غەمناکەکەی ئەو، ئازارێکی تاڵ قورسایی دەخستە سەر ڕۆحی و وێنە

ترسـانەکەکان لە هۆشـیدا جـێگەی خۆیـان خـۆش کردبـوو و هـیچ هەستێکی نەدەناسـی ، بـێجگە لە بیرۆکەگەلـی ئـازاراوی یەک لەدوای یەک.

بەهەمان ئەو شێوەیەی کە لە بارودۆخ و گوزەرانی خـۆی نـاڕازی بوو بارودۆخی کەسانی دیکەش بەلایەوە دڵتەنگکەر و بێزارکەر بـوو و وا بیری دەکردەوە پەیوەندی دڵڕفێنی نێوان ئەلبێرت و هاوسەرەکەی تێکچـووە و بەم هـۆیەوە سـەرکۆنەی خـۆی دەکـرد و نقـوومی ئەم هەستە ببوو، جۆرە ڕقێکی شاراوەش بەرامبەر مێردی لۆتە لە ناخیـدا دەردەکەوت.

لەڕێگاشـدا هەمیشـە بیـری لەم بـابەتە دەکـردەوە، لەکاتێکـدا کە ددانانەکانی لێکدەدا لەبەرخۆیەوە دەیگـوت: ( بەڵـێ، بەڵـێ، ئـا ئەم یەکـانگیری و هاوسـەرگیرییەی ئەو دوانە بە خۆشەویسـتی و میهـر و حەز و ئـــارەزوێکی زۆرەوە دروســـت بـــووە لەگەڵ دڵســـۆزی و وەفادارییەکی هەمیشـەیی! ئەم کـارە بەهـۆی تێـری و گـوێپێنەدانەوە ســەرچاوەی گرتــووە! ئایــا هەر کــارێکی بچــووکی بێنــرخ بەلای ئەلبێرتەوە زیاتر لەو هاوسەرە وەفادار و جوانە بەهادارتر نیـیە؟ ئایـا قەدری ئەم خۆشـبەختییە دەزانێـت؟ ئایـا دەتوانێـت بەهەمـا ئەو شـێوەیەی کە شایسـتەی لـۆتەیە هەڵسـوکەوت بکـات؟ ئێسـتا بەو گەیشتووە و بۆتە خاوەنی، ئەمە ڕاستە ئەوی کردۆتە هی خـۆی! ئەم شتە دەزانم، ڕێک وەکـو ئەو بـابەتەیتر دەیـزانم، وا بیـردەکەمەوە کە

خووم بەم بیرۆكەیە گرتووە و هەر ئەم بیرۆكەیە من شێت دەكات و ڕۆحم دەكێشێت، ئایا هاوڕێیەتی لەگەڵ مندا بە كۆتا هێناوە؟ ئایا پەیوەندی من بە لۆتە بە جۆرە خۆهەڵقورتاندنێك لە ژیانی خۆی دەزانێت و بەهۆی گرینگیپێدانەكانی من ئەو سەركۆنە ناكات؟ ئەم شتە دەزانم، هەستیپێدەكەم، ڕوانینی چیتر سەرڕێژ نییە لە میهرەبانییەوە، دەیەوێت من لێیان دووربكەومەوە و بوونم بەلایەوە شتێكی ئازاردەر و بێزاركەرە.

چەندین جار هەنگاوە خێراكانی خۆی هێواش دەكردەوە و دەوەستا و وادەهاتە بەرچاو كە مەرامی گەڕانەوەی هەیە، لەگەڵ ئەمەدا بەردەوامی بەڕێگاكەی خۆی دا و لە نقوومی بیركردنەوە و قسەكردن لەبەر خۆیدا سەرەنجام بەپێچەوانەی خواستی خۆی گەیشتە ماڵەكە.

كە لەدەرگاكە چووە ژوورەوە، لە بارودۆخی لۆتە و پیرەمێردەكەی پرسی، بینی كە لە ماڵەكەدا جموجۆڵ و خرۆشاوی هەیە، كوڕەگەورەكە پێیگوت: ( لە ڤاڵهاییم ڕووداوێكی خراپ ڕوویداوە و جووتیارێكیان كوشتووە!) ئەم هەواڵە كاریگەرییەكی ئەوتۆی لەسەر ڤارتەر نەبوو، چووە ژوورەكە و بینی لۆتە قسە لەگەڵ باوكی دەكات و باوكی بێ گرنگیدان بە نەخۆشییەكەی خۆی دەیەوێت بڕوات بۆ ڤاڵهاییم و شوێنی ڕوودانی تاوانەكە بپشكنێت، هێشتا دیار نەبوو كە بكوژەكە كێیە، بەیانی كوژراوەكەیان لە پێش دەرگای ماڵەكەی

دۆزیبـــوویەوە و مەزەنـــدەیان دەکـــرد ئەم تەرمە وابەســـتە بێـــت بە خزمەتکاری بێوەژنێـک ، کە پێشـتر خزمەتکـارێکیتری هەبـووە و ئەو خزمەتکارە بێزارە لەم ماڵە ڕۆیشتبوو.

ڤـــارتەر هەرئەوەی کە ئەم ڕووداوەی بیســـت تەواو شـــڵەژا بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی:

(ئایـا دەشـێت؟) بەرەو لای ڤاڵهـاییم ڕایکـرد و لە ڕێگـادا تەواوی بیرەوەرییەکان لە هۆشیدا زینـدوبوونەوە و تەنـانەت بـۆ چـرکەیەکیش گومانی لەوە پەیدا نەکرد کە بکوژ هەمـان ئەو کەسـەیە، کە چەنـدین جار قسەی لەگەڵ ئەودا کردووە و بۆتە دۆستێکی ئازیزی.

لەبەرئەوەی ناچـار بـوو بەنێـو دار زەیزەفوونەکـان تێبپەڕێـت تـا بگـاتە مەیخـانەکەی لادێ و ئەو تەرمە ببینێـت کە لەوێیـان دانـابوو، بۆیە لە بینینی ئەو شوێنەی کە هەموو کـات زۆر خۆشـی دەویسـت و حەزی پێـدەکرد غەمگـین بـوو، ئەو شـوێنەی کە منـداڵانی دراوسـێ هەمیشـە لەوێدا یارییـان دەکـرد پـڕ لە خـوێن بـوو. خۆشەویسـتی و وەفـاداری، ئـا ئەم جـوانترین هەسـتە مرۆییيـانە بـۆ تونـدتیژی و تاوانکـاری گۆڕابـوو، درەخـتە سەرکەشـەکان بـێ گەڵا و بەر بـوون، ڕووەکە جوانەکانی سەر دیوارە نزمەکـانی کڵێسـاکە ئیتـر گەڵایەکیـان پێوە نەبوو و ژاکا بوون و کێلە قەبرەکـان کە بە بەفـر داپۆشـرابوون لەنێو درزەکانی دیوارەکە دیار بوون.

هەرئەوەی کە ڤـارتەر لە مەیخـانەکە نزیـک بـوویەوە و بینـی کە خەڵکی لادێ لەوێ کۆبوونەتەوە دەنگی هاواری کەسێک بەرزبوویەوە، کـۆمەڵە پیـاوێکی چەکـدار بەرەو ئەوێ دەهـاتن و دەیـانگوت بکوژەکەیـان دەسـتگیر کـردووە. ڤـارتەر سـەیری لای ئەوانـی کـرد و هێنـدە دووچـاری گومـان و دوودڵـی نەبـوویەوە، بەڵـێ! هەمـان ئەو خزمەتکـارە بـوو کە بێـوەژنەکە ئەوی زۆر خـۆش دەویسـت و ڤـارتەر مـاوەیەک لەمەوبەر لێـرە ئەوی بە غەمێکـی قـووڵ و نائومێـدییەکی زۆرەوە بینیبوو.

ڤـارتەر بەرەو لای دەسـتگیرکراوەکە ڕۆیشـت و بە دەنگێکـی بەرزەوە گـوتی: ( هەی بەدبەخـت خـۆت تووشـی چ تـاوانێکی گەورە کـردووە!) پیـاوەکە بە بێـدەنگییەوە سـەیری ئەوی دەکـرد و دەمـی نەجولا و سەرەنجام بە هێمنییەوە گوتی:

(هـیچ کەس ئەو بەدەسـت ناهێنێـت و ئەویـش کەسێک بەدەسـت ناهێنێـت) دەسـتگیرکراوەکەیان بەرەو مەیخـانەکە بـرد و ڤـارتەر بەهەڵەداوان لەوێ ڕۆیشت.

بەهـۆی ئەم ڕووداو و بەریەککەوتـنە تـۆقێنەرە تەواوی دەروونـی گۆڕابـوو، سـەراپای هەسـتی غەم و نەخۆشـی و خۆبەدەسـتەوەدانی پێکرا لەگەڵ خەمساردییەکەی خـۆی لەو کـاتەدا لەدەسـتدا، هەسـتی هاوسـۆزی و بەزەییەکـی بەهێـز بەسـەریدا زاڵ بـوو و بەتەواوی تواناکانی خۆیەوە حەزیکرد ئەم مرۆڤە دەرباز بکات.، لەنـاو دڵیـدا وا

هەستیدەکرد کە ئەم پیاوە بەدبەختە و هیچ گوناهێکی لەم تاوانەدا نییە وەها خۆی لەجێگەی ئەو دادەنا، کە بە دڵنیاییەوە باوەڕی وابوو کەسانی تریش قسەکانی پەسەند دەکەن، ئارەزووی دەکرد بتوانێت بەرگری لەو بکات و وتارێکی شکۆدارانەی لە مێشکی خۆیدا ئامادەدەکرد و بە ڕێگا بوو بەرەو ماڵی باوکی لۆتە، لەڕێگادا نەیدەتوانی جڵەوی خۆی بگرێت و ئەو قسانەی کە دەبوو بە دادوەری بڵێت بە دەنگێکی مامناوەند دووبارەی دەکردنەوە.

هەر ئەوەی کە گەیشتە ناو ژوورەکە بینی ئەلبێرتیش لەوێیە، ئەم بابەتە بۆ ماوەیەک گرژومۆنی کرد، بەڵام دووبارە بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و بە جۆش و خرۆشەوە تەواوی بیرۆکەکانی بۆ دادەوەر باسکرد، دادوەر چەند جارێک سەری لەقاند، سەرەڕای ئەوەی ڤارتەر زۆر بە تامەزرۆیی و خۆشەویستی و حەقیقەتەوە سەرلەنوێ باسی ڕوداوەکەی دەکردەوە تا ئەو مرۆڤە بەدبەختە لە سزادان قورتار بکات، هەر چەندە ئەم قسانە بەو شێوەیەی کە بە ئاسانی دەکرا درک بکرێت، بەڵام هیچ کاریگەرییەکیان بۆ سەر دادەوەر نەبوو، تەنانەت مۆڵەتی ئەوەی نەدا ڤارتەر قسەکانیشی تەواو بکات، بە توندی بەرهەڵستی قسەکانی کرد و سەرکۆنەی کرد، چونکە ڤارتەر دەیویست پارێزگاری لە کوشتار و تاوانکاری بکات! دادەوەر ئەوەی بۆ ڕوونکردەوە کە بەم کارە ئیتر هیچ یاسایەک نامێنێتەوە و ئاساییشی وڵات لەناودەچێت، تەنانەت گوتی لەم بابەتانە دادوەریش

هیچی لەدەست نایەت و بەرپرسیاریەتییەکەی لە ئەستۆی خۆی دورخستەوە، دەیگوت گشت کارێک پێویستە لەسەر بنەمای شێواز و سیستمی دادپەروەرانە ئەنجام بدرێت.

ڤارتەر هێشتا خۆی بەدەستەوە نەدابوو، بەڵکو تکای لە دادەوەر دەکرد کە چاوپۆشی بکات و مۆڵەت بە ئەو بدات تا هەلی هەڵاتن بۆ ئەم پیاوە دەستەبەر بکات! دادوەر ئەم پێشنیارەشی پەسەند نەکرد، ئەلبێرت کە لە کۆتاییدا هاتە ناو باسەکە لایەنگری بۆچوونەکانی پیرەمێردەکەی کرد و ڤارتەر خۆی ڕادەستی ئەم قسانە کرد و بە ئازارێکی زۆرەوە و لەدوای ئەوەی دادوەر چەند جارێک گوتی: (نا، ناشێت ، ئەو ڕزگار بکرێت) ڕێگەی خۆی گرتەبەر.

کاریگەری ئەم قسانە بۆ سەر ڤارتەر لە پارچە کاغەزێکی بچووک دەبینین کە لەنێو کاغەکانی ئەودا دۆزیومانەتەوە و بێ گومان لەو کاتانەدا نووسیویەتی:

(ئەی بەدبەخت، ناشێت تۆ ڕزگار بکرێیت! دەبینم، کە بۆ ئێمەش ڕێگەیەکی دەرباز بوون نییە!)

ڤارتەر سەبارەت بەو قسانەی، کە ئەلبێرت دەربارەی دەستگیرکراوەکە بەرامبەر بە دادوەر کردبووی زۆر بە سەختی دڵتەنگ ببوو و وا هەستی دەکرد، کە مەبەست لێی خودی خۆی بووە و لەپاش چەندین جار لێکدانەوەی بەسەرهاتەکە و بە زیرەکی و تیژبینی تایبەتی خۆیەوە پەی بەو شتە برد کە هەر دوو پیاوەکە بە

دادپەروەرییەوە قسەیان کردووە ئەویش تەنیا بەم هۆیە لەسەر ئەم شتە پێداگری کردووە،کە دەبوایە نکۆڵی لە ڕازی نیهان و هەستی شاراوەی ناخی خۆی بکردبووایە.

پارچە کاغەزێکمان لەناو نووسینەکانی ئەودا دۆزیوەتەوە، کە ڕەنگە بۆچوونی ئەو دەربارەی ئەلبێرت نیشان بدات:

( ئەوە چ سوودێکی هەیە، کە هەمیشە بە خۆمان بڵێین و دووبارەی بکەینەوە کە ئەو میهرەبانە، بەڵام ئەم هەستە دڵم پارچە پارچە بکات و نەتوانم بەسەریدا زاڵ بم).

لەبەرئەوەی کەش و هەوا هێندە سارد نەبوو و بەفرەکان دەتوانەوە، لۆتە لەگەڵ ئەلبێرت بەپێ بەرەو ماڵ گەڕایەوە، لەسەر ڕێگای خۆی سەیری هەر لایەکی دەکرد، وەک بڵێی هەستی بە شوێنی چۆڵ و بەتاڵی ڤارتەر دەکرد، ئەلبێرت دەربارەی ڤارتەر دەستی بە قسە کردن کرد، بۆچوونی ئەوی ناڕەوا دانا و بەم هۆیەوە بەشێوەیەکی گازاندەئامێز باسی لە هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ڤارتەر کرد، قسەیان لەبارەی جۆش و خرۆش و هیلاکی ئەو کرد و ئەلبێرت ئارەزووی کردبوو بتوانێت ئەو لەخۆی دوور بخاتەوە، پاشان گوتی: ( لەبەر بەرژەوەندی خۆمان ئارەزوویێکی لەم چەشنەم هەیە، سەیرکە دەتوانی هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ خۆتدا بگۆڕی و ئیتر هەموو کات بۆ بینینت نایەت، سەرنجی خەڵک ڕادەکێشرێت و سەرکۆنەمان دەکەن و من دەزانم چەندین جار لێرە و لەوێ قسە و قسەڵۆک

دەکەن)، لۆتە قسەیەکی نەکرد و وادەردەکەوت کە ئەلبێرت هەستی بە هۆکاری بێدەنگی لۆتە کردبێت، لانیکەم لەوکاتە بەدواوە چیتر لەلای لۆتە قسەی لەبارەی ڤارتەر نەکرد و هەر جارێکیش کە لۆتە دەیویست دەربارەی ڤارتەر قسە بکات هەوڵیدەدا خۆی لەم گفتوگۆیە دوربخاتەوە یا بابەتی باسەکە بگۆڕێت.

ئەو وزە بێسوودەی، کە ڤارتەر بۆ ڕزگارکردنی ئەو بەخت ڕەشە بەفیرۆی دابوو دواهەمین ترووسکایی چرایەکی بەرەو کوژانەوە بوو و بەم هۆیەشەوە خەم و خەفەتێکی زیاتری بۆ هێنایەپێشەوە، بەتایبەت کاتێک، کە بیستی ڕەنگە ئەو بۆ شایەتی دان لەسەر تاوانبارەکە بۆ دادگا وەکو شاهێد بانگهێشت بکەن و ئەو پیاوە نکۆڵی لە هەموو شتێک کردووە، ئەوا یەجگار تورە بوو.

تەواوی ئەو ناخۆشیانەی، کە لەژیانی کارکردنیدا هاتبووە پێشی، بێزاری لە کار لەلای باڵوێز، تەواوی نائومێدییەکان، تەواوی ئازارەکان، گیانیان ئازار دەدا، ئەم هەستانەی بە هۆی بێسوودی خۆیەوە بەڕاست و ڕەوا دەزانی و هیچ ئومێدێکی لەناو دڵدا نەبوو و نەیدەتوانی هیچ کارێک بۆ تێپەڕاندنی ئەم ژیانە سووک و چروکە بکات و بەم هۆیەوە ڕادەستی ئەم هەستە سەرسوڕهێنەرە و ئەم شێوازە بیرکردنەوە و خۆشەویستییە بێئەنجامە بوو و ئەوەی زانی کە ئەم بینینە غەماویە یەک لایەنانە لەگەڵ ئەو بوونەوەرە خۆشەویست و ئازیزە کە ئاسوودەیی ئەو تێکدەدات و هێز و تواناکانی بەبا دەدات

شتێکی بێسوود و بێئەنجامە و زۆر نزیکە لە کۆتاییە غەمناکەکەی خۆی.

سەبارەت بە پەرێشانی و عیشق و هەوڵە بێئەنجامەکان و بێبەش بوون لە ژیان چەند نامەیەکی لەو جێماوە کە لێرەدا دەیانخەینە ڕوو:

**دوازدەی دیسێمبەر**

ڤیلهێلمی ئازیز، بارودۆخ و گوزەرانێکی هاوشێوەی ئەو کەسە بەدبەختانەم هەیە،کە دەڵێن ڕۆحێکی گڵاو بەسەر ناخیاندا زاڵ بووە، هەندێجار هەستی من دەگرێت ، بەڵام ترس و پەرۆشی نییە، جۆرە هەستێکی نەناسراوی ناخەکییە کە سینەم هەڵدەدڕێت و گەرووم دەگرێت! هاوار لە من ! هاوار لە من! پاشان دەبمە دیلی ئەو دیمەنە شەوانەییانەی زستان، ئەم وەرزە دوژمنەی مرۆڤەکان!

دوێنێ شەو ناچاربووم لەماڵ بچمە دەر، لەناکاو کەش و هەوا ساردی کرد، گوێبیستی ئەوە ببوم کە بەفر تواوەتەوە و ڕووبارەکە خرۆشاوە و گشت جۆگەڵەکان پڕ بوونە و ئەم دۆڵەی خوار ڤاڵهاییم کە حەزم لێیدەکرد پڕ بووە لە ئاو! کاتژمێر یازدەی شەو بەهەڵەداوان بۆ ئەوێ ڕۆیشتم، دیمەنێکی تۆقێنەر بوو لافاوە خرۆشاوەکە لەژێر تیشکی مانگ بەر بەردەکان دەکەوت و پەرش و بڵاو دەبوویەوە و کێڵگە و مێرگ و پاوان و ڕووەکەکان و تەواوی شتەکانی لە هەموو شوێنێکدا و لەو دۆڵە فراوانە لول دەدا و وەکو دەریایەک بوو لەبەر هاژە و نەڕەی بادا! هەر جارێک کە مانگ لەودیو

هەورە تاریکەکان دەردەکەوت و لافاوەکەم لەبەر تیشکە پـڕهەیبەت و ترسناکەکانی مانگ دەبینی و گوێم لە دەنگی دەبوو هەستی تـرس و پەرۆشـی بەسـەر دڵـمدا زاڵ دەبـوو! ئـاه! بە ئـامێزێکی واڵا لەبەردەم هەڵـــدێرەکە وەســـتابووم و هەوای ئەم گەرداوانەم هەڵـــدەمژی! گێژەنەکـــان! لەم چرکەســاتەدا هەســتم بە خۆشـــی دەکـرد و وام بیردەکـردەوە کە ئـازار و دەردەکـانم وەکـو لافاوێـک شـۆڕدەبێتەوە! وەکـو شـەپۆڵ هەڵـدەڕژێت و پەرش و بـڵاو دەبێـتەوە! ئـاه ئیتـر ناتوانیت هەنگاوێکی دیکە بهاوێژێـت و کۆتـایی بەم ئـازارانە بهێنیـت! واهەستدەکەم کە هێشتا ئەم دەرفەتەی مـن نەگەیشـتۆتە کۆتـایی! ئاه! ڤیڵهێڵم! حەزمـدەکرد کە بـوونی مرۆڤـانەی خـۆم بگۆڕیبـایە بـۆ ڕەشـــبایەک کە هەورەکـــان دەقڵیشـــێنێت و زریـــان دروســـتدەکات! ئاه!ئایا ئەم دەستگیرکراوەش دەشـێ چێژێـک لەم خۆشـی و شـادییە وەربگرێت؟

هەر بەو بەغەمبـــارییەی کە دەمـــڕوانییە ئەو خـــوارە جـــێگەیەکم دەبینـــی کە لەگەڵ لـــۆتە لەژێـــر دار چنارێـــک لەدوای پیاســـەیەک لە ڕۆژێکی گەرمدا لەوێ بەئاسـوودەیی دانیشـتبووین، لافـاوەکە ئەوێشـی داگرتبوو و ئیتـر دار چنـارەکەم نەدەبینـی،ڤیڵهێڵم لەبەرخـۆمەوە وام بیردەکردەوە، کە لافـاو ئەو مێـرگ و زەویـانەی دەوروبەری مـاڵەکە و ئەو کەپرەی لەجێی خۆیان هەڵکەنـدووە! تیشـکی مـانگی ڕابـردوو لە هۆشمدا بەسەر هەموو شوێنێک دەدرەوشـایەوە ڕێـک وەکـو کەسـێکی

دیـل کە خەون بە مێگەلەکـان و لەوەڕگاکـان و شـکۆدارییەکانەوە دەبینێت! من لەوێ وەستابووم! سەرکۆنەی خۆم نەدەکرد، چونکە بوێری مردنم هەبوو، حەزمدەکرد... ئێستا لێرە وەکو پیرەژنێک دانیشتووم، کە بە قورسی و دژوارییەوە پەلە دارەکانی خۆی لە نێو ڕووەکەکان کۆدەکاتەوە و لەپێش دەرگای ماڵەکان سواڵی نان دەکات تاوەکو بۆ چرکەساتێک بەردەوامی بەو ژیانەی بدات و ئاسانتری بکات، کە لە لێواری لەناوچووندایە و هیچ خۆشی و شادییەکی تێدانییە.

## چواری دێسێمبەر

هاوڕێی میهرەبان ئەمە ئیتر چ هەستێکە؟ من لە خۆم دەترسم! ئایا عیشقی من بۆ لۆتە پیرۆزترین و پاکترین و میهرەبانانەترین عیشق نییە؟ ئایا هیچ کاتێک لە دڵی خۆمدا ئارەزوێکم پەروەردە کردووە کە شایستەی سزادان بێت؟ نامەوێت لەم بارەیەوە سوێند بخۆم... و ئێستا ئەم خەونانە! ئاه! ئەو مرۆڤانەی کە وا بیریان دەکردەوە ئەم هەستە جیاواز و دژە هەڵقوڵاوی هێزە سەیر و نامۆکانە، چ هەستێکیان هەبوو، هەستێکی زۆر خۆشەویست! ئەم شەو لە خستنەڕووی ئەوە موچڕک بەگیانمدا دەهات، ئەوم لە ئامێز گرت و بەتوندی لەسینەی خۆمم گوشی و ماچگەلێکی بێپایانم لە لێوە لێوانلێو لەعەشقەکەی کرد و چاوانم لە مەستی چاوەکانیدا نقووم بوو!

خـــودایە! ئایــا ئێســـتا بە بیرهێنـــانەوەی ئەم خەون و هەســـتی بەختەوەری و کامەرانییە گوناه دەکەم؟ لۆتە! لۆتە!.. ئیتر کاری مـن گەیشتۆتە کۆتایی! بیرەکانم دیل و ژێردەستەی غەم و پەرێشـانییە و ناتوانم بیربکەمەوە، پەردەیەکی فرمێسـکاوی چاوەکـانمی داپۆشـیوە، لە هیچ شوێنێکدا هەست بە خۆشی ناکەم و لەهەمان کاتدا لە هەموو شوێنێکدا ئاسوودە، هیچ خواست و ئارەزوێکم نـیـیە، وا چـاکتربوو لە دونیا بڕۆیشتمایە!

پلانـــی وازهێنـــان لە دونیـــا لەو کـــاتەدا و لە هەڵـــومەرجێکی لەم جـۆرەدا بەردەوام لە مێشـکی ڤـارتەردا زیـاتر ڕەگـی دادەکوتـا، لەو کـــاتەوەی کە لەلای شـــارلۆت گەڕابـــوویەوە، ئەم مەرگە یەکەمـــین و دواهەمـین ئومێـد و چـاوەنواڕیی بـوو، بەڵام بەخـۆی دەگـوت نابێـت هەنگـــاوێکی خێـــرا و بەپەلە بهاوێژێـــت و دەبێـــت ئەم هەنگـــاوە بە باوەڕێکی پتەو و دڵنیاییەکی تەواو و ئاسودەیی دڵییەوە بهاوێژێت.

ئەو دودڵـــی و ململانێـــیەی کە ئەو لەگەڵ خۆیـــدا کردوویەتـــی لە پارچەکاغەزێکـدا ڕوون دەبێـتەوە، کە ڕەنـگە دەسـتپێکی نـامەیەک بووبێت بۆ ڤیلهێلم و هیچ مێژوێکی لەسەر نییە:

( ئامـــادەیی، چارەنووســـی، هاوســـۆزی لـــۆتە لەگەڵ منـــدا کۆتـــا فرمێسکەکان لە مێشکی سوتاوم دێنێتە خوارەوە)

تەواوی داواکاری من ئەوەیە کە ئەم پەردەیە بـخەمە لاوە و بچمە ناو دونیاکەی دیکەوە! لەبەرچی دەبێت ژێردەستەی گومـان و دودڵـی

بیت؟ لەبەرئەوەی نازانیت کە لەودیوی پەردەکە چ باس و خواسێک هەیە؟ ئیتر گەڕانەوەیەکیش نییە؟ ئەمە تایبەتمەندی مێشکی ئێمەیە کە هەر شتێک بە وردییەوە نەزانێت ، ئەوا وایدادەنێت، کە شێواو و تاریکە.

لە کۆتاییدا ڤارتەر زیاتر بیروباوەڕی بەم بیرۆکە ڕەشبینانەیە هەبوو و پێی کاریگەر بوو و بەڕەهایی و پێداگرییەوە دەیویست ئەم بیرۆکە بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەم دوو نامە پڕ لە ئاڵۆزی و تەمومژیەی خوارەوە کە بۆ هاوڕێکەی نووسیوە بەڵگە و شاهێدن لەسەر سوربوون و پێداگری لەسەر ئەم بیرۆکەیەی:

## بیستی دیسێمبەر

ڤیلهێلم سوپاسگوزاری میهرەبانی و نەرم نیانی تۆم،کە لە قسەکانم تێدەگەی، بەڵێ تۆ لەسەر حەقی، چاکتر بوو بڕۆیشتمایە، بە پێشنیارەکەی تۆ بۆ نیشتەجێ بوون لەلای تۆ و خانەوادەکەت هێندە کۆک نیم، بەلانیکەم حەزدەکەم گەشتێک بکەم بەتایبەت، کە سەرمایەکی سەخت بەڕێوەیە و ئومێدەوارم ڕێگا باش بێت، منیش خۆشحاڵ دەبم ئەگەر بێیتە ئێرە و من لەگەڵ خۆتدا ببەیت، تەنیا چواردە ڕۆژی دیکە مۆڵەتم پێبدە و چاوەڕوانی نامەی دواترم بە، کە تێیدا ڕوونکردنەوەی زیاتر دەدەم، نابێت بەرهەم لەپێش پێگەیشتنی لێبکرێتەوە، چواردە ڕۆژیش هەلێکی چاکە، بە دایکم بڵێ نزا بۆ کوڕەکەی بکات و بەهۆی ئەو هەموو ناڕەحەتی و دڵتەنگیانەی کە

هێناومەتە پێشیەوە بمبەخشێت، چارەنووسی من ئازاردانی کەسانێکە کە دەبوایە دڵخۆشکەر و شادیبەخشیان بوومایە، خوات لەگەڵ، ئەی ئازیزترین یار! سۆز و میهرەبانی خودات بەسەردا بڕژێت خوات لەگەڵ!)

بوێری ئەوەمان نییە کە قسەیەک دەربارەی ورەی لۆتە لەو سەردەمدا لەگەڵ بیرۆکەکانی سەبارەت بە مێردەکەی و هاوڕێ بەخت ڕەشەکەی بکەین، هەرچەندە بە ناسینی کەسایەتی ئەو بارودۆخ و گوزەرانی ئەو دەزانین و گشت ژنێکی خاوەن ڕۆحێکی جوان دەتوانێت خۆی لەجێگەی ئەودا دابنێت و لە هەستی ئەو تێبگات.

لەم شتەدا هیچ گومانێکی تێدا نەییە کە لۆتە پلانی دانابوو گشت کارێک بکات تا ڤارتەر لەوێ دوور بخاتەوە و ئەگەر هەندێجار دودڵ دەبوو، ئەوا بەهۆی میهرەبانی و هاوڕێیەتی ڕاستگۆیانەی بوو، چونکە دەیزانی ئەم کارە بۆ ڤارتەر زۆر سەخت و دژوار و تاڕاددەیەک نەشیاوە، بەڵام لەم کاتەدا بێجگە لە هەنگاونان و هەوڵدانێکی ڕاستەقینە بۆ دورخستنەوەی ڕێگەچارەیەکی دیکەی نەبوو، مێردەکەی لەبارەی ئەم پەیوەندییە هاوڕێیەتییە بێدەنگی هەڵدەبژارد، خۆیشی قسەیەکی نەدەکرد و زیاتر حەزیدەکرد بە کردار ئەوە بسەلمێنێت، کە لە هۆشی خۆیدا بیرۆکەکانی مێردەکەی تا چ ئەندازەیەک بە گرنگ و بەهادار دادەنێت.

هەمـان ئەو ڕۆژەی،کە ڤـارتـەر دواهەمـین نـامەی بـۆ هـاوڕێکەی نووسی، واتە یەکشەممەی پێش کریسمس شـەوەکەی چـووە دیـدەنی لۆتە و بینی بەتەنیایە. لۆتە سەرقاڵی ڕێکخستنی ئەو بووکەشووشانە بـوو،کە دەیویسـت لە جەژنـی کریسمسـدا بەدیـاری بە خوشـک و بـرا بچووکەکـانی بـدات، ڤـارتـەر دەربـارەی خۆشـحاڵی منـداڵەکان لەدوای وەرگرتنـی ئەم دیاریـانە و ئەو سـاتە قسـەی دەکـرد کە لەناکـاو دەرگاکە دەکرێتەوە و درەختێکی ڕازاوەی بە مۆم و شـەربەت و سـێو دەبینن و لەخۆشحاڵییاندا خەریکە باڵ بگـرن... لـۆتە، کە لەوکـاتەدا دەیویسـت پەرێشـانی خـۆی لە پشـت زەردەخەنەیەکەوە بشـارێتەوە گوتی:

( دیسان ئێوە... دیسان ئێوە، ئەگەر هەڵسوکەوتێکی باشت هەبێت، ئەوا دیارییەک وەردەگریت و ئێسـتا...) ڤـارتـەر بە دەنگێکـی بەرزەوە گوتی:

( مەبەستی ئێـوە لە هەڵسـوکەوتی بـاش چـیـیە؟ پێویسـتە چـۆن بـم؟ باشـترە بە چ شـێوەیەک ڕەفتـار بـکەم؟ لـۆتەی ئـازیز!..) لـۆتە گوتی: ( پێنجشەمە شەوی کریسمسە و باوکم و منـداڵەکانیش دێـن و هەر کەسێک دیاریی خۆی وەردەگرێـت، ئێـوەش وەرن... بەڵام، نەک زووتـــر...) ڤـــارتـەر بە بێـــدەنگی مـــایەوە و لـــۆتە بەردەوامـــی بە قسەکانیدا: ( تکا دەکەم، بەم جۆرە باشترە، تکا دەکەم وازم لێبێنن، ئیتر نابێت، نابێت بەردەوامی بەم بارودۆخە بدرێت) ڤارتەر چـاوی لە

لۆتە هەڵنەدەگرت و لە ژورەکەدا بەرەو ئەملا و ئەولا دەچوو و لەژێر لێویەوە ئەوەی دووبارە دەکردەوە: ( ناکرێت، ناکرێت بەردەوامی بەم بارودۆخە بدرێت!) لۆتە، کە درکی بە بارودۆخی ترسناکی ڤارتەر دەکرد لەدوای بیستی ئەم قسەیە، هەوڵیدا مێشکی بە چەند پرسیارێک دەربارەی دیارییەکان سەرقاڵ بکات، بەڵام ئەم کارە بێسوود بوو، ڤارتەر هاواریکرد: ( نا، لۆتە ئیتر نایەمە دیدەنی ئێوە!) لۆتە پرسی: ( لەبەرچی؟ ڤارتەر ئێوە دەتوانن و دەبێت بێیتە دیدەنی ئێمە، تەنیا کەمێک بە هەڵسوکەوتەکانتدا بچۆرەوە،ئاه! لەبەرچی ئەم هەموو جۆش و خرۆش و تامەزرۆییە لە ناخی ئێوەدا شاردراوەتەوە؟) دەستی ڤارتەری گرت و گوتی: ( تکا دەکەم بە هەڵسوکەوتتاندا بچوونەوە! ئایا عەقڵ و زانست و بەهرە و توانای ئێوە هەستی سەرسوڕمانی و ستایشکردن لای هەموان ناوروژێنێت؟ بەهێز و خۆڕاگر بە و لە خۆشەویستی و دڵدارییەکی غەمناکانە بۆ بوونەوەرێک کە هیچ کارێکی بێجگە لە ئازاردانی ئێوە لەدەست نایەت دەست هەڵگرن...) ڤارتەر ددانەکانی پێکدادا و بە دڵتەنگییەوە چاوی بڕیبووە لۆتە، لۆتە کە دەستی ڤارتەری لەناو دەستی دانابوو گوتی: ( تەنیا چرکەیەک بە هێمنی بیر بکەرەوە، ڤارتەری ئازیز! ئایا هەست بەوە ناکەی کە خۆت هەڵدەخەڵەتێنی و بە خواستی خۆت خۆت لەناو دەبەیت؟ لەبەرچی من؟ من کە پەیوەندیم بە کەسێکی دیکەوە هەیە؟ لەبەرچی وا دەکەیت؟ دەترسم، دەترسم ئارەزووی

تامەزرۆییانەی ئێوە بۆ دەست بەسەرداگرتنی من هیچ کاتێک پێوانە نەکرێت...)ڤـارتەر دەسـتەکانی لە دەسـتی لـۆتە هێنـا دەرەوە و نیگایەکی ملکەچبوون و وشکی خستە سەر لۆتە و هاواریکرد: (چ بیرێک! زۆر عاقڵانە!ڕەنگە ئەلبێرت ئاگادارکردنەوەیەکی لەم چەشنەی دابێت!سیاسـەتمەدارانەیە! زۆر سیاسـەتمەدارانەیە!...) لـۆتە وەڵامـی دایەوە: ( گشت کەسێک لەوە تێدەگات، ئایا هـیچ کچێکی دیکە لە دونیادا نییە،کە ئارەزووەکانی دڵی ئێوە بەدی بهێنێت؟ کەمێک هەوڵ و تەقەلا بـدەیت و بەدوایـدا بگەڕێیـت، مـن سـوێند دەخـۆم ئەو دەدۆزیتەوە،چونکە زۆر لەمێژە لەبارەی پێوەندی ئێوە و خۆمان و ئەو کۆت و بەندانەی،کە ئێستا خۆت کردۆتە دیلیان یەجگار دەترسم، بەسـەر خۆتـدا زاڵ بە! بێگومـان گەشـت مێشـکتان دەکـاتەوە! بگەڕێـرەوە و مەعشـوقی شایسـتەی خۆشەویسـتی خۆتـان بەدەسـت بهێـنن و پاشـان وەرنەوە ئێـرە و ڕێگـە بـدەن هەموومـان چێـژ لە دڵخۆشی ئەم هاوڕێیەتییە وەربگرین).

ڤارتەر بە زەردەخەنەیەکی تاڵەوە گوتی:

( ئەم قسانە دەشێت چاپ بکرێت و بە خوێنـدکاران ڕاسپێدرێت تـا بیـانخوێنن، لـۆتەی ئـازیز! کەمێـک وازم لێبێـنە، تەواوی ئەم کـارانە ئەنجام دەدرێن!) لۆتە گوتی: ( بەڵام ڤارتەر پـێش جەژنـی کریسـمس نەیەیـتە ئێـرە!) ڤـارتەر دەیویسـت وەڵامێکـی بـداتەوە لەو کـاتەدا ئەلبێـرت هـاتە ژوورەکەو سـڵاوێکی ساردوسـڕیان لەیەک کـرد و

هەردوکیـــــــــان بە نیگەرانیـــــــــیەوە لەژوورەکە لەتەک یەک دانیشتن،ڤارتەرقسـەی لەبـارەی بـابەتێکی بێسـوود کـرد و گفتۆگـۆکە کۆتـایی پێهـات، پاشـان ئەلبێـرتیش کـارێکی لەم چەشـنەی کـرد و سـەرەنجام ئەوەی لە هاوسـەرەکەی پرسـی، کە ئایـا ڕاسـپاردەکانی ئەوی جێبەجێ کـردووە یـان نـا، هەرئەوەی کە گـوێی لەوە بـوو، کە کارەکـان هێشـتا جێبەجێنەکـراون چەنـد وشـەیەکی بە هاوسـەرەکەی گوت کە بە بۆچوونی ڤـارتەر قسـەگەلی ساردوسڕ و بگـرە قـورس و دژواریـش بـوون، ڤـارتەر دەیویسـت بـڕوات، بەڵام نەیـدەتوانی و تـا کـاتژمێر هەشـت لەوێ مـایەوە، واتە تـا ئەو کـاتەی کە تـرس و پەرێشـانییەکەی تونـدتر بـوو و مێـزی نـان خـواردنی ئێوارەیـان ڕازانـدەوە، پاشـان کـڵاو و گۆچـانەکەی هەڵگـرت، ئەلبێـرت داوای مانەوەی لێکرد، بەڵام ڤـارتەر کە وا بیریـدەکردەوە ئەم قسـانە تەنیـا ڕەفتارێکی ئاسایی و ڕۆتینیانەیە بە ساردوسڕییەوە سوپاسـێکی کـرد و لە ماڵەکە چووە دەرەوە.

بۆ ماڵەکەی خۆی گەڕایەوە، چراکەی لە خزمەتکارەکەی وەرگـرت، کە دەیویست بەر پێیەکانی ڕووناک بکاتەوە و بە تەنیا بـۆ ژوورەکەی ڕۆیشـت و بە دەنگێکـی بەرزەوە گریـا، لەبەرخـۆی قسـەی دەکـرد، پاشان لە ژوورەکە دەهات و دەچـوو و لە کۆتاییـدا بە هەمـان جـل و بەرگ لەسـەر چرپـاکەی پـاڵکەوت، لەم کـاتەدا خزمەتکـارەکە کە بەشـێوەیەکی گشـتی کـاتژمێر یـازدە دەهـات، هـاتە ژوورەکە و لێـی

پرسی ئایا دەتوانێت پووتەکانی لەبەربکاتەوە یا نا، ڤارتەر بە خزمەتکارەکەی گوت کە ئەم کارە ئەنجام بدات، بەڵام بەیانی تا خۆی بانگی نەکات، نەیەتە ژوورەکەی.

لە بەیانییەکی زووی ڕۆژی دووشەممەدا، بیست و یەکی دیسێمبەر نامەیەکی بۆ لۆتە نووسی، کە لەدوای مەرگیدا بە نەکراوەیی لەسەر مێزەکەی دۆزیانەوە و بە لۆتەیان دا، من لێرەدا چەند بەشێکی ئەم نامەیە بەهەمان ئەو شێوەیەی کە وا بیردەکەمەوە ئەو نوسیبێتی دەهێنمەوە:

( لۆتە پلانم داناوە بمرم، دەمەوێت بمرم و ئەم نامەیە بەبێ ئەوەی هیچ ئاماژەو بۆن و بەرامەیەکی جۆش و خرۆشانەی دڵداری تێدابێت دەنووسم، بەهێمنی لە بەیانی ئەو ڕۆژەی کە تۆ بۆ دوایین جار دەبینم و چاوم لە دونیا لێکدەنێم. ئەی ئازیزترین، ئەو نامەیەی کە دەیخوێنیتەوە دواهەمین پاشماوەکانی ئەم بوونەوەرە بەخت ڕەش و پەشێوەی ژێر ئەم کێلە قەبرە ساردەیە، مەبەستم هەمان ئەو کەسەیە کە لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانی خۆیدا، هیچ کارێکی شیرینتری بێجگە لە قسەکردن لەگەڵ تۆ نەدەزانی، شەوێکی پڕ ترسم بەڕێکرد و ئاه! چ شەوێکی بەسوود! هەر ئەم شەوە بوو کە ئەم پلان و نەخشەی خستە مێشکمەوە، بەڵێ، دەمەوێت بمرم!دوێنی کە لە تۆ دابڕام ئەم هەستە ترسناکەم لە دڵدا هەبوو، کە دڵم لە هەموو کەسێک ڕەنجاوە و بوونی خەمبارانەی من لە نزیک تۆ شتێکی

زۆر سارد و سڕ و ترسێنەرە... هەر کە گەیشتمە ژوورەکەم کەوتمە سەر ئەژنۆ و گوتم: ئاخ! پەروەردگارا! بۆ کۆتا جار ئەو هەلەت پێدام تا لەگەڵ تاڵترین فرمێسکەکانم ڕۆحێکی تازەم بەردابێتەوە! هەزار ئازار، هەزار بیر بە مێشمدا دەهات و لە کۆتاییدا گەیشتمە دواهەمین بیر: دەمەوێت بمرم!.. پاڵکەوتم و بەیانی بە ئارامی دوای لەخەوهەڵسان هەمدیسان ئەم هەستە لە ناخ و دڵمدا دەدۆزمەوە: دەمەوێت بمرم!..ئەم پلانە بەهۆی نائومێدییەوە نییە، بەڵکو بەهۆی باوەڕبوونە بەو حەقیقەتەی کە دەمەوێت کۆتایی بەم بەسەرهاتە بهێنم و خۆم بکەمە قوربانی تۆ، بەڵێ لۆتە! لەبەرچی بێدەنگ بم، دەبێت یەکێک لەم سێ کەسەمان لەناوبچێت و من دەمەوێت ئەو کەسە بم! ئاە! ئازیزترین! لەم دڵە پارەپارەی مندا تورەیی لە گشت کونجێکدا هێلانەی کردووە! تەنانەت دەمویست مێردەکەت بکوژم!.. تۆیش بکوژم! خۆیشم!.. لە پاشاندا هەر جارێک کە لە عەسرێکی هاوینی و جواندا چوویتە سەر چیاکە ، من بهێنەوە یادت کە چەندین جار لەم دۆڵەدا بەرەو سەرەوە سەرکەوتووم و لە حەوشەی کڵێساکە و گۆڕی من بڕوانە کە شنەبا گیا بەرزەکانی سەر گۆڕەکەم لە ژێر تیشکی خۆری دەمەوئێواران بەرەو ئەملا و ئەولا دەشنێنتەوە، من هێمن بووم، هەرئەوەی کە دەستم بەم نامەیە کرد وەکو منداڵێک ئەشک لە چاوانم هاتەخوارەوە، چونکە سەراپای ئەم یادەوەرییانە لە ناخمدا ژیانەوە) دەورووبەری کاتژمێر دە ڤارتەر بانگی خزمەتکارەکەی

کرد و لەکاتی خۆگۆڕیندا پێیگوت، کە دەیەوێت چەند ڕۆژێک بڕوات بۆ گەشت و خزمەتکارەکە دەبێت پۆشاکەکانی ئەو کۆبکاتەوە و خۆی سەرقاڵی ئامادەکردنی هەگبەی گەشت بکات، هەروەها فەرمانیدا، کە لەگەڵ گشت کەسێکدا حیسابی پارە و پووڵ یەکلابکاتەوە و چەند کتێبێکیش، کە خواستبووی بیانگێڕێتەوە و پێشینەی دوو مانگیش بدات بەو هەژارانەی، کە ئەو گشت هەفتەیەک یارمەتی دەدان.

فەرمانیکرد خواردنەکەی بۆ بهێننە ژوورەکەی و لەپاشاندا بە سواری ئەسپ بەرەو دیدەنی دادوەر ڕۆیشت، دادوەر لەماڵ نەبوو، ڤارتەر لەناو نقوومی بیرکردنەوەدا بەناو باخچەی خانوەکەدا دەهات و دەچوو و وا دەهاتە بەرچاو، کە دەیەوێت دواهەمین خەفەتی یادەوەرییەکانی خۆی لە هۆشی خۆیدا کۆبکاتەوە.

منداڵەکان نەیانهێشت زۆر ئاسوودە بێت و وازیان لێ نەهێنا و بەدوای کەوتن و دەچوونە سەر سەر و شانیەوە و ئەوەیان گوت، کە بەیانی، واتە ڕۆژێکی دیکە دیارییەکانی کریسمس لە ماڵی لۆتەدا وەردەگرن و قسەیان لەبارەی چەند پەڕجووێک دەکرد، کە لە خەیاڵی منداڵانەی خۆیاندا هاتوچۆیان دەکرد...ڤارتەر هاواریکرد :

( بەیانی! دیسان ڕۆژێکی دیکە!) پاشان بە میهرەبانییەوە منداڵەکانی ماچکرد و دەیویست جێیان بهێڵێت لەو کاتەدا بچووکترین منداڵ لەبن گوێیدا قسەیەکی کرد، گوتی برا گەورەکانی ئومێدەکانی

خۆیـان بە دەسـت و خەتـی خۆیـان لەسـەر چەنـد پـارچە کاغەزێـک نووسیوە! یەکێک بۆ باوکیان و ئەوەیتر بۆ ئەلبێرت و لـۆتە و ئەوەی دیکەشیان بۆ بەڕێز ڤارتەر! دەیانەوێت ئەم پارچە کـاغەزانە لە ڕۆژی یەکەمی سالّی نوێدا بەوان بـدەن، ئەم قسـانە ئەوەی بەبیرهێنـایەوە، کە پێویستە بـۆ هەر یەکێـک لە منـداڵەکان دیـارییەک ئامـادە بکـات، سـواری ئەسـپەکە بـوو و گـوتی سـڵاوم بە باوکتـان بگەیەنـن و بە گریانەوە ئەوێی جێهێشت.

دەوروبەری کاتژمێر پێنج گەیشتەوە ماڵەوە،بە ژنە خزمەتکارەکەی گـوت ئاگـاداری ئـاگرەکە بێـت و تـا شـەو ئـاگرەکە بە هەڵگیرسـاوی بهێڵێـتەوە،بە خزمەتکارەکانیشـی گـوت کتێـب و جـل و بەرگەکـانی بـخەنە نـاو جانتـاکە و بیـبەنە خـوارەوە و جـل و بەرگەکـانی لەنـاو تورەگەکاندا دابنێن و بیدورن، پاشان وادەردەکەوێت کە کۆتـا بەشـی نامەکەی خۆی بۆ لۆتە نووسیبێت:

**( چاوەڕوانی من ناکەی! وابیردەکەیتەوە کە قسەکانی تۆ لەگوێ دەگرم و لە شەوی کریسمسدا دووبـارە مـن دەبینیـتەوە، ئـاە!لۆتە! ئەمـڕۆ یـان هەرگیزاوهەرگیـز! شـەوی کریسـمس ئەم کـاغەزە لەدەسـت دەگـری و بە لەرزەوە فرمێســکە ئازیزەکــانی تــۆ ئەم کــاغەزە دادەپۆشـێت، دەمەوێـت، ناچـارم! ئـاە! چ هەسـتێکی خۆشم لەم نەخشە و ویستەدا هەیە)**

لـۆتە لەم نێـوانەدا هەسـتێکی سـەیری هەبـوو، لەدوای دواهەمـین گفتوگـۆ لەگەڵ ڤـارتەردا هەسـتی بەوە کردبـوو کە دابـڕان لە ڤـارتەر کارێکی سـەخت و دژوارە بـۆی و بە ڕۆیشـتنی ڤـارتەر چەنـدین ئـازار دەچێژێت.

لەبەرامـبەر ئەلبێرتـدا گوتبـووی،کە ڤـارتەر تـا شـەوی کریسـمس نایەت و ئەلبێرتیش بەدوای فەرمانبەرێک لەم دەوروبەرەدا ڕۆیشـتبوو تا کارەکانی ئەنجام بدات و شەویش ناچاربوو لەوێ بمێنێتەوە.

لـۆتە بە تەنیـا دانیشـتبوو و هـیچ یەکێـک لە خوشـک و براکـانی لەدەوروبەری نەبـوون، نقـوومی بیرکردنەوەکـانی بـوو و بەهێمنیـیەوە بیـــری لە دۆســـتایەتییەکانی دەکـــردەوە. وا خـــۆی دەبینـــی کە هاوسەرگیری لەگەڵ پیاوێـک کـردووە و لە خۆشەویسـتی و وەفـاداری ئەو دڵنیا بوو، لەناخی دڵەوە لۆتەی خۆشی دەویست و ئاسـودەیی و متمانەیەکی هێنـدە بەرز و ئاسمانی هەبـوو کە هەر ژنێکـی بەئـابروو دەیتـوانی ئەو بکـاتە بنچینە و بنەمـای خۆشـبەختی خـۆی، لـۆتە وا هەسـتیدەکرد کە بـوونی ئەم پیـاوە بـۆ خـۆی و بـۆ منـداڵەکان زۆر بەهادار دەبێت، لە ڕوێکی دیکەوە بوونی ڤـارتەریش بەلایەوە ئـازیز و خۆشەویست بوو، لە هەوەڵین چرکەساتی یەکترناسـینیاندا هاوبەشـی و لێکچـــوونێکی زۆر لەنێـــوان نـــاخ و ســـۆزی ئەوان دەرکەوتبـــوو و هـــاوتوچۆی درێژخـــایەنی لەگەڵ ئەو و ئەو ڕوداوانەی کە هـــاتبوونە پێشەوە کاریگەرییەکی لەبیرنەکراویـان خسـتبوویە سـەر دڵـی لـۆتە و

هەر شتێکی چاکی دەزانی و بەمێشکی دادەهات وەکو نەریتێک لەلای ڤارتەر دەیخستەڕوو و دووری ئەو لەوانەبوو لە ناخیدا جێگەیەکی خالّی و چۆڵ بهێنێتەکایەوە کە هیچ کاتێک نەتوانێت پڕی بکاتەوە.ئاە! خۆزگە دەیتوانی ڤارتەر بگۆڕێت و بیکاتە برای! پاشان چەندە خۆشبەخت دەبوون! خۆزگە دەیتوانی یەکێک لە هاوڕێکانی بکات بە هاوسەری ڤارتەر و ئومێدەوار بێت کە پەیوەندی ڤارتەر لەگەڵ ئەلبێرتدا دووبارە چاک ببێتەوە!

یەک بە یەکە بیری لە هەموو هاوڕێکانی کردەوە و لە هەر یەکێکیاندا خاڵێکی لاوازی دەبینی کە بەم هۆیەوە نەیدەتوانی ڤارتەر دڵخۆش بکات.

لەپاش ئەم بیرکردنەوانە یەکسەر لە قووڵایی ناخیەوە و بەبێ ئەوەی بە ئاشکرا ئەم شتە بخاتەڕوو وا هەستیدەکرد، کە بەدزی و لە پشت پەردەوە زۆر حەزدەکات بۆ خۆی چاوی لە ڤارتەر بێت و لەبەر خۆیەوە دەیگوت نە دەتوانێت و نەدروستیشە کارێکی وەها لەگەڵ ئەودا بکات، خەفەتێکی قووڵ لەسەر دڵە پاک و جوان و دوور لەخەمەکەی هەڵدەنیشت، خەفەتێکی هەڵقوڵاو لە نائومێدی دڵی گرتبوو و هەورێکی تاریک لە ئاسمانی چاوەکانیدا دەبینرا.

کاتژمێر شەش و نیو بوو، کە گوێی لە دەنگی پێی ڤارتەر بوو کاتێک پلیکانەکان سەردەکەوت و بەدوای لۆتەدا دەگەڕا، دڵی کەوتە خورپە و ئەمە یەکەمین جار بوو، کە لە بینینی ڤارتەر بارودۆخێکی

لەم شـیۆەی هەبـوو، حەزیـدەکرد خـۆی لە ڤـارتەر بشـارێتەوە و هەرئەوەی، کە ڤــارتەر هــاتە ژوورەوە بە هەســتێکی خرۆشــاو و نیگەرانییەوە گوتی: (ئێوە پەیمانەکەی خۆتان نەبردە سەر).

ڤارتەر وەڵامیـدایەوە: ( مـن پەیمـانم نەدابـوو) لـۆتە گـوتی: ( هەر هــیچ نەبێــت لانــیکەم دەتتــوانی داواکــارییەکەی منتــان پەســەند بکردبووایەو ڕێزتـان لـێ بگرتبـووایە، ئەم داواکـارییە بـۆ ئاسوودەیی هەردووکمان بوو).

لـۆتە خۆیشـی نەیـدەزانی چـی دەڵێـت و چـی دەکـات، تەنیـا خزمەتکـارێکی نـارد تـا هاوڕێکـانی ئاگـادار بکـاتەوە و بەم شـیۆەیە لەگەڵ ڤــارتەر بە تەنیــا نەمێنێتەوە.ڤـارتەر ئەو چەنـد کتێـبەی کە لەگەڵ خۆی هێنابووی لەوێـی دانـا و بەدوای کتێبەکـانیتردا ڕۆیشـت، لۆتە ئارەزووی دەکرد هاوڕێکانی بێن و بتوانێـت بەم کـارە لە ڤـارتەر دوور بێت، کچۆڵە خزمەتکارەکە گەڕایەوە و گوتی هەردوو خانمەکەی هاوڕێی لۆتە بیانویان هێناوەتەوە و گوتوویانە کە ناتوانن بێن.

دەیویسـت بڵێـت کە کچـۆلەکە لە ژوورەکەی تەنیشـتیدا کارەکـان بکات، بەڵام بیرۆکەیەکی بە مێشکدا هات، ڤارتەر لە ژوورەکە دەهـات و دەچوو، لـۆتە چـووە نزیـک پیـانۆکە و دەسـتی بە ژەنینـی پـارچە مۆسیقایەک کرد، نەیدەویست تەواوی پارچەکە بژەنێت، بەسەر خۆیدا زاڵ بــوو و بە هێمنیــیەوە لەتەک ڤــارتەر دانیشــت، ڤــارتەر بەپێچەوانەی نەریت لەسەر تەختەخەوەکە دانیشتبوو.

لۆتە گوتی: ( کتێبێکت نییە بۆ خوێندنەوە؟) ڤارتەر کتێبێکی نەبوو، پاش لۆتە بەردەوامی بە قسەکانیدا: ( لێرە لەناو چەکمەجەکە وەرگێڕانەکەی ئێوەی تێدایە، کە بۆ گۆرانییەکانی ئۆسیان کردبووتان، هێشتا نەمخوێندوونەتەوە و هەمیشە ئومێدەواری ئەوە بووم کە ئێوە بۆم بخوێننەوە، بەڵام هەڵی ئەم کارە فەراهەم نەبووە و ڕێک نەکەوتووە) ڤارتەر زەردەخەنەیەکی کرد و کتێبەکەی هێنا، کاتێک کتێبەکەی لەدەست گرت موچڕکێک بە لەشیدا هات و چاوانی پڕ بوون لە فرمێسک، دانیشت و دەستی بە خوێندنەوەی کرد:

(ئەی ئەستێرەی درەوشاوە، ئەی ئەوەی کە لە ڕۆژئاوای بریقەدار لەنێو هەورەکاندا سەر بەرزدەکەیتەوە و بە شکۆدارییەکەی زۆرەوە بەرەو گردەکە بەنازەوە دێیت، لەسەر ئەم مێرگوزارە سەیری چی دەکەیت؟ ڕەشەباکان هێوربوونەتەوە و لە دورەوە هاژەی جۆگەڵەکان دەگاتە گوێ، شەپۆڵە خۆشاوەکان بەرەو ڕووی بەردەکان جوڵە دەکەن و ورژەورژی مێشەکانی شەوانە لەسەر بەرزایی لاپاڵەکان دەزرنگێنەوە، لە چی دەڕوانی؟ ئەی تیشکی جوان؟ بەڵام تۆ بە زەردەخەنەیەکی سەر لێوانەوە دەڕۆیت و سەرخۆشانە هەنگاو دەنێیت و شەپۆڵەکان تۆ دەگرنەوە و کەزیە قەشەنگەکانت دەشۆنەوە، خوات لەگەڵ ئەی پرتەوی هێمن! ئەی پرتەوی درەخشانی ڕۆحی ئۆسیان دەرکەوە!

ئەستێرە بە هێزی خۆیەوە دەركەوت، هاوڕێ مردووەكانی خۆمان دەبینم كە لە (لۆڕا)دا هاوشێوەی ڕۆژانی ڕابردوو دێنە پاڵ یەكەوە، فینگاڵ وەكو كێوێكی شێدار و تەماوی دێت، لە چواردەوریدا پاڵەوانەكانی كۆبوونەتەوە و سەیركە!

سرودخوێنەكان: ئۆلینی پیر! ڕینۆی بەهەیبەت! ئالپین، ئەو سرودخوێنە خۆشەویستە! تۆ ئەی مینولای میهرەبان و غەمخوێن! هاوڕێیانی ئازیز لەو ڕۆژە خۆشانەی (سولما) تاكو ئێستا چ گۆڕانكارییەكتان بەسەردا هاتووە، لەو كاتەوەی كە وەكو شنەبایەكی بەهاری گژوگیا لاوازەكانمان لەسەر ئەو گردانە بەرەو گشت لایەك دەچەماندەوە و گشت كەسێك ئارەزووی دەكرد شانازی چڕینی شیعری بەركەوێت و ببێتە خەڵاتی.

هەر لەم كاتەدا مینۆتا بە جوانی و ڕوخسارێكی داكەوتوو و چاوانێكی فرمێسكاوی بەرەو لامان هات، پرچەكانی لەبەر ئەم (با)یە هێواشەی كە لەلای گردەكەوە دەهات پەرێشان ببوو، ئەو كاتەی كە دەستی بە گۆرانیبێژی كرد ڕۆحی پاڵەوانان ئاڵۆز و لێل هەڵگەڕا، چونكە چەندین جار گۆڕی (ساڵگار)یان بینیبوو، چەندین جار ماڵی تاریكی (كولما)ی سپییان بینیبوو، كولما كە بەتەنیا لەسەر گردێك دانیشتووە و دەنگێكی خۆشی هەیە و ساڵگار كە پەیمانی گەڕانەوە دەدات و شەو چادری بەسەر هەموشوێنێكدا هەڵداوە، گوێ بۆ چریكەی ڕادێرە كە بەتەنیا لەسەر بەرزایی گردەكە دانیشتووە:

## کـــولما

شــەوە و مــن تەنیــا و ســەرگەردان لەســەر ئەم گــردە زریانــاویە دانیشتووم، با لە کۆساران وروژەی دێت، ڕووبـار بە خرۆشـاوییەوە لە پارچە بەردەکانەوە هەڵدەڕژێت، هیچ پەناگەیەک مـن بـارانی سـەرئەم گردە زریاناوییە ناپارێزێت. ئەی مانگ لەودیو هەورەکانی خـۆت سـەر دەربێنە! ئەی ئەستێرەکانی شـەو بدرەوشـێنەوە! پێویسـتە تیشـکێک من بەرەو ئەو شوێنە ببات کە خۆشەویستەکەم دوای دەسـت بەردان لە ڕاو لەتەک کەوانێکی هەڵکێشراو و سەگە بۆنکەرەکـانی دەوروبەری خۆی، پاڵکەوتووە! بەڵام من ناچارم لێـرەدا تـاک و تەنیـا لەبەرزایـی تاشــەبەردە بەئــاو داپۆشــراوەکان لەســەر ڕووەکەکەکــان دابنیشــم، ڕووبـــارەکە دەخرۆشـــێ و دەخرۆشـــێ و مـــن چـــریکە و ئـــاوازی خۆشەویستەکەم خۆم دەبیستم.

لەبەرچـــی ســـاڵگاری ئـــازیز نـــایەت؟ پەیمـــانی خـــۆی لەبیربردۆتەوە؟گاشەبەرد و درەخـت و ڕوبـاری خرۆشـاو لێرەیە!خـۆت پەیمانت دابوو کە شەو داهـات بێیـتە ئێـرە ، ئـاە! سـاڵگاری ئـازیزم لەکوێ ڕێت ونکردووە؟ دەمویست لەگەڵ تۆ هەڵبێم و دایـک و بـاوکم جێبهـێڵم! ئەو لەخۆباییـانە! ئـاە! سـاڵگاری مـاوەگەلێکی درێـژە کە باوانی ئێمە دوژمنی یەکترن، بەڵام من و تۆ دوژمنی یەکتر نین!

ئەی (با) چرکەیەک هێوربەرەوە! ساتێکی کەم ئارام بەرەوە!، ئەی ڕووبار وەها بکە تا بانگی من لەم دۆڵەدا بزرنگێتەوە و بگات بەگوێی ئەم ئاوارەیە! ساڵگار! منم کە هاواردەکەم! ئا هەمان درەخت و هەمان گاشەبەرد لێرەیە! ، ساڵگار! خۆشەویستی من! من لێرەم، باشە بۆچی نایەیت؟

بنواڕە، مانگ تیشک بڵاودەکاتەوە، ڕوبار لە قووڵایی خەرەندەکەدا دەبریسکێتەوە، بەردەکان خۆڵەمێشیانە تا بەرزایی گردەکە درێژبوونەتەوە، بەڵام ئەو لەوێ لەسەر بەرزایی گردەکە نابینم و سەگەکان هاتنی ڕاناگەیەنن، دەبێت بە تەنیا لەوێ دابنیشم.

ئەوانە کێن، کە لەو خوارە لەسەر مێرگەکان پاڵکەوتوون؟ مەعشوقی من؟ براکەم؟ ئەی یاران قسەیەک بکەن! وەڵامێک نادەنەوە، ڕۆحم یەجگار هەراسانە! ئاه! ئەوان مردوون! شمشێرەکانیان نقوومی خوێنە! ئاه! برای ئەزیزم، برای ئازیزتر لە گیانم! بۆچی ساڵگاری منت کوشت؟ هەردوکتانم زۆر خۆش دەویست! ئاه! تۆ لەسەر بەرزایی تەپۆلکەکان و لەنێو هەزاران کەس جوانترین بووی! ئەویش لە جەنگدا زۆر تۆقێنەر بوو! وەڵامم بدەنەوە! گوێتان لە چریکەم بێت، ئەی ئازیزان! ئاه! ئیتر قسەیەک ناکەن، تا هەتایە قسەیەک ناکەن! سینەکانتان وەکو خاک و خۆڵ سارد و سڕ بووە!

ئـاه! ئەی ڕۆحـی مـردوان لەسـەر بەرزایـی تەپۆلکەکـان، لەسـەر لـوتکەی کێـوی زریانـاوی لەگەڵ منـدا قسـە بـکە! مـن هـیچ ترسـێک ناچێتە دڵـمەوە! بـۆ پشـودان بەرەو چ شـوێنێک ڕۆیشـتووی! لە کـام گۆڕی ئەم کۆسارانە ئێوە بدۆزمەوە؟ هـیچ دەنگێـک لەبەر ئەم بـایەدا نابیستم، هیچ وەڵامێک لەم گەردەلولەدا ناگاتە گوێم.

بە غەمبـارییەوە دانیشـتووم و بە چـاوێکی گریانـاوییەوە چـاوم بڕیـوەتە هـاتنی بەیـانی، ئەی هاوڕێیـانی مردووەکـان گۆڕەکـان هەڵدەنەوە، بەڵام سەریان دامەپۆشنەوە تـا دەگەم، ژیـانی مـن وەکـو خەونێک بەباچووە، چۆن دەتوانم لێرە بمێـنمەوە؟ لیـرە دەمەوێـت لە نزیک ڕۆبارە خرۆشاوەکە و گاشـەبەردەکان و هاوڕێیـانم ژیـان بەسـەر ببەم و هەر جارێک کە شەو دادێت، بچمە سەر گردەکە و هەر جارێک کە با هەڵدەکات بەرەو مێرگەکان هەنگاو بنێم و ڕۆحی خۆم بەدەست بـا بسـپێرم و لە شـێوەنی دۆسـتانم دابنیشـم. ڕاوکەر لە شـوێنی خۆشـاردنەوەکەیدا گـوێی لە دەنگـم دەبێـت، لەم بـانگە دەترسـێت و بەلایەوە خۆشەویسـت دەبێـت، چـونکە چـریکەی مـن بـۆ هاوڕێکـانم شیرینە و هەردووکیان لە دۆستانی من بوون!

ئەی مینۆتا، ئەی کچی بەئابرووی تۆرمان، ئەمە سرودی تـۆ بـوو، بۆ کولما فرمێسک هەڵدەڕژم و ڕۆحی ئێمە خەفەتبار دەبێت.

ئۆلین بە تارەکەی خۆیەوە دێت بۆ ئێرە و گۆرانی (ئاڵپین)مان بـۆ دەچڕێت، دەنگی ئـاڵپین میهرەبانـانە بـوو و ڕۆحـی ڕینـۆ بەجـۆش و

ئاگرین بوو، بەڵام هەردووکیان لەو ماڵە بچووک و تەنگدا دەستیان پێدەکرد و دەنگەکانیان لە زولما دەزرنگایەوە، ڕۆژێک ئۆلین لە ڕاو گەڕایەوە و هێشتا پاڵەوانەکان نەمردبوون، دەنگی گۆرانیەکەیانی لەسەر گردۆڵەکە بیستبوو، گۆرانییەکەیان جوان، بەڵام غەمناک خۆی نیشان دەدا، ئەوان لاواندنەوەیان بۆ مردنی یەکەم پاڵەوان، کە (مۆرار) بوو دەکرد ، ڕۆحی ئەو وەکو ڕۆحی فینگاڵ بوو و شمشێرەکەشی هاوشێوەی شمشێری ئەسکار، بەڵام ئەویش مرد و باوکی دەستی کردە ناڵە ناڵ و خوشکەکەیشی چاوی پڕ فرمێسک بوو، لە چاوانی مینۆتادا، ئەو خوشکە جوانەی مۆڕار ئەشک هاتەخوارەوە ڕێک وەکو مانگ لە خۆرئاوادا کە کەشێکی باراناوی و زریاناوی نیشان دەدات و سەری خوانی خۆی لەودیو هەورەکان دەشارێتەوە، بە بیستنی گۆرانی ئۆلین ئەویش گەڕاوە دواوە، منیش لەگەڵ ئۆلین ئەو گۆرانییە غەمناکەم دەچڕی.

## ڕینـــۆ

با و باران کۆتایی پێهاتووە و کەش و هەوای نیوەڕۆ سافە و هەورەکان پەرش و بڵاو دەبنەوە، خۆر بەردەوام بەر گردۆڵەکە دەکەوێت، ڕووبار لە نێو دۆڵەکەدا بە ڕەنگێکی سوور لەبەری دەڕوات، خرۆشانی تۆ سەرنجڕاکێشە، بەڵام شیرینتر لەوە ئەو گۆرانییەیە،کە من گوێبیستی دەبم، گۆرانی ئاڵپین،کە لە شین و

شەپۆڕی مردوواندا دەیلێت. بەهۆی پیری و کەنەفتییەوە سەری شۆڕکردۆتەوە! بۆچی بە تەنیا لەسەر ئەم تەپۆلکە بێدەنگە وەستاوی؟ لەبەرچی وەکو (با) یەک ، کە لە ناو دارستاندا هەڵدەکات یا شەپۆلێک کە هەڵدەڕژێتە کەنارە دوورەدەستەکانەوە دەناڵێنیت؟

## ئـــالپین

ڕینۆ فرمێسکەکانم بۆ مردووانە و گۆرانیم بۆ ئەوانەیە لەناو گۆڕدا راکشاون،کە دونیایان جێهێشتووە، تۆ لەسەر گردەکە زۆر لاواز دێیتە بەر چاو، ئەی جوانترین کوڕی ناو مێرگ، بەڵام تۆش هەروەکو مۆرار دەمریت و لەسەر گۆڕەکەتدا هەزاران کەس دادەنیشن، گردەکان تۆ لەبیر خۆیان دەبەنەوە و کەوانەکەت بەبێ تەل بەجێدەمێنێت.

ئەی مۆرار تۆ وەکو ئاسکێک لەسەر گردۆڵەکە گورج و گۆڵ و خێرا بووی و ترسناک بووی وەکو بروسکەیەکی ئاسمان!تورەیی تۆ هاوشێوەی زریان بوو و شمشێرەکەت لە مەیدانی جەنگدا هاوشێوەی بروسکێک بوو بۆ سەر مێرگەکان، دەنگی تۆ هاوشێوەی خرۆشانی ڕووبارێکی ناو دارستانی دوای باران و گرماندنی هەور لە گردۆڵە دوورەدەستەکان بوو، زۆر کەس لەگەڵ بینینت لەهۆش خۆیان دەچن و ئاگری تورەیی تۆ ئەوان دەتوێنێتەوە، بەڵام هەر جارێک کە لە جەنگ دەگەڕێیتەوە، دەنگت زۆر هێواش و لەسەرخۆیە ڕوخسارت لە

خۆری دوای ڕەشەبا دەچێت، بە مانگ دەچێت لە شەوێکی ئارامدا و هێمنی سینەت بە دەریای دوای زریان دەچێت.

ئێستا ماڵەکەت تەنگە! جێگاکەت تاریکە! گۆڕی تۆ لە سێ هەنگاوی من زیاتر نییە! ئاە! تۆ! تۆ کە پیاوێکی گەورە بووی! چوار بەردی قەوزەلێداو تاکە یادگاری تۆیە و دارێکی بێ گەڵا و گژوگیایەکی هەڵچوو،کە لەبەر بادا دەشەکێتەوە، ڕێنیشاندەری چاوەکانی ئەو ڕاوچییە و گۆڕی مۆراری بەهێزە! دایکێکت نییە،کە فرمێسکت بۆ بڕێژێت و ژنێکت نییە،کە بەهۆی خۆشەویستییەوە ئەشکت بۆ ببارێنێت، ئەوەی کە تۆی لێبووە، ئێستا مردووە و (کچی مۆرگڵان)یش زیندوو نییە.

ئەوە کێیە،کە گۆچانەکەی ئەوی بەدەستەوە گرتووە؟ ئەوە کێیە کە پرچەکانی لە پیری سپی بووە و چاوەکانی بەهۆی فرمێسکەوە سووربۆتەوە؟ ئەی مۆرار ئەمە باوکی تۆیە! هیچ کەسێکی نییە، جگە لە تۆ، هاواری تۆی لە گۆڕەپانی جەنگ و کۆتایی دوژمنە بەزیوەکانتی بیستبوو، ناوبانگی مۆراری بیستبوو!

ئاە! ئایا هیچ هەواڵێکی لە برینەکەی ئەویش پێگەیشتبوو؟ ئەی باوکی مۆرار فرمێسک بڕێژە! فرمێسک هەڵڕێژە! بەڵام کوڕەکەت چیتر گوێبیستی دەنگت نابێت، خەوی مردووەکان قورسە و لەخاکدا نووستوون، هەرگیز ئەم دەنگە نابیستن، هەرگیز بانگی تۆ بێداری ناکاتەوە، ئاە! لەناو گۆڕ بەیانی کەی دێت؟ بەئاگا وەرەوە!

خوات لەگەڵ ئەی پاکترین مرۆڤ! تۆ براوەی جەنگی! بەڵام ئیتر کەس تۆ لە ئۆردوگا نابینێت! هەرگیز دارستانی تاریک لە بە بریسکەی شمشێری پۆڵایینی تۆ ڕوناک نابێتەوە، تۆ کوڕێکت نییە، بەڵام گۆرانییەکانت ناوی لە یادگەکاندا بە زیندویی دەهێڵنەوە و کەسانی داهاتوو سەبارەت بە تۆ ئەفسانەگەلێک دەڵێن و بەسەرهاتی مۆراری خەوتووی ناو گۆڕ دەبیستن.

ناڵەی پاڵەوانان زرنگانەوەی دروستکرد و دەنگی ناڵەکانی ئارمین لە هەموان زیاتر بوو، ئەو کەوتە یادکردنەوەی کوڕەکەی، کە لە هەڕەتی لاوێتیدا چاوی لە جیهان لێکنا. کارمۆر پادشای وڵاتی بەناوبانگی گالماڵ لەتەنیشتی دانیشتبوو. گوتی: ( لەبەرچی ئارمین وەها دەناڵێنێت؟ بۆچی دەگرییێت؟ مەگەر چریکە و گۆرانی بۆ ئەوە نییە ماندوێتی و شەکەتی ڕۆح لەناوببات و چێژێک بهێنێتەکایەوە؟ وەکو تەمێکی ناسکە، کە لە دەریاوە بەرەو ڕووبار دێت و خونچەکان شێدار دەکات، بەڵام خۆر هەمدیسان تیشکەکانی پەرش و بڵاو دەبێتەوە و تەمەکە دەڕوات، ئارمین ئەی پادشای دورگەی گۆرما، لەبەرچی دەناڵێنیت؟

ناڵین، بەڵێ دەناڵێنم، بەڵام هۆکاری ئەم غەمەی منیش شتێکی پووچ و کەم نرخ نییە. کارمۆر تۆ کوڕێک ، یا کچێکت لە لە هەڕەتی لاوێتیدا لەدەست نەداوە. گاڵگاری ئازا لەژیاندایە و ئەنێرا ئەم کچە جوانەیشت زیندووە، لق و پۆپەکانی ماڵی تۆ پڕ بەرهەمن، ئەی

کـارمۆر،بەڵام ئـارمین کۆتـا کەسـی ئەو بـوو،ئەی دۆڕا پـێخەفەکەت چەنـدە ڕەش و تـار و نیگـبەت بـوو! خەوەکەت لەنـاو گـۆڕدا چەنـدە قـــورس بـــوو! لە گـــۆڕێکی تاریـــک پـــاڵکەوتووی، باشـــە کەی بە گۆرانییەکانـت، بە چـریکە و ئـاوازی خۆشـت بەئاگـا دێیـتەوە؟ وەرە! ئەی بـــای خەزان! ئەی ڕەشـــەباکان بەســـەر درەخـــتە بەڕووەکـــان بنەڕێنن! ئەی مانگ لەنێو هەورە پارچە پارچەکان ڕووت دەرخە، ئەو ڕوخسارە ڕەنگ پەڕیـوەت دەربخە! بەیـادی ئەو شـەوە تـۆقێنەرانەی ،کە ڕۆڵەکانم چاویان لێکنا و مـردن، ئارینـداڵی بەتوانـا مـرد، دۆراش لەڕێی عیشقدا مرد.

کـچەکەم (دۆرا) تـۆ جـوان بـووی! قەشـەنگ وەکـو مانـگ لەسـەر گردۆڵەکـانی فـۆرا، لە سـپێتی وەکـو بەفـر بـووی، بە ناسـکی وەکـو شنەبای تازە! ئارینـداڵ کەوانـی تـۆ بەهێـز بـوو و ڕمەکەت لە شـەڕدا خێـرا، نیگـات وەکـو تەم لەسـەر شـەپۆڵ، قەڵغانـت وەکـو هەورێکـی ئاگرین لەکاتی زریاندا!

ئارمار،کە لە شەڕدا بەناوبانگ بوو هـات و داوای خۆشەویسـتی لە دۆرا کـرد، هێنـدەی نەبـرد کە دۆرا خۆشەویسـتی ئەوی پەسـەندکرد، ئارەزووەکانی هاوڕێکانیان زۆر جوان بـوون. (ئیـرات) کـوڕی ئودگـاڵ تـووڕە بـوو، چـونکە ئارمـار بـراکەی کوشـتبوو، لە جـل و بەرگێکـی دیـکەدا و بە سـواری کەشـتی هـات، کەشـتییەکەی لەسـەر شـەپۆڵە جوانەکـان دەڕۆیشـت و کەزیەکـانی بەهـۆی پیـری سـپی ببـوون و

ڕوخسارە بێباکەکەی هێمن و لەسەرخۆ بوو. گوتی: ئەی جوانترین کچ، ئەی میهرەبانترین کچی ئارمین لەوێ لە نزیک بەردەکان و نزیک لە دەریا، لەهەمان ئەو شوێنەی، کە میوە سوورەکان لە دار دەکەونە خوارەوە ئارمار لە چاوەڕوانی دۆرا دانیشتووە، من هاتووم تا کەشتی عیشقی ئەو لەم خەونە شەپۆلاوییە تێپەڕێنم و بتبەم بۆ لای.

کچەکە بەدوای کەوت و بانگی ئارماری کرد، تاکە وەڵامێک کە بەرگوێی کەوت زرنگانەوەی دەنگی خۆی بوو لەناو تاشە بەردەکاندا، ئارمار! ئەزیزم! ئازیزم! لەبەرچی بەم شێوەیە دەمترسێنیت؟ ئەی کوڕی ئارنات گوێبگرە! ئەمە دۆرایە،کە هاواری ناوی تۆ دەکات!

ئاراتی ناپاک بەپێکەنینەوە بەرەو وشکانی هەڵات، دۆرا بەرزتر هاواریکرد و داوای یارمەتی لە باوکی و براکەی کرد: ئاریندالْ! ئارمین! کەسێک نییە دۆرا ڕزگار بکات؟

بانگی لەسەر دەریاکان دەزرنگایەوە، ئاریندالی کوڕم لە گردۆڵەکە هاتەخوارەوە، وەکو پارووێک بۆ ڕاو بە تیرەکانی نزیک خۆی و کەوانێک،کە لەدەستیدا بوو، پێنج سەگی ڕەشیش لە نزیکی بوون. ئاراتی دلێری لە نزیک کەنارەکە بینی، ئەوی بە دیل گرت و لە درەختە بەڕووەکەی بەستەوە، قاچەکانی بەستەوە و ئەو یەخسیرە بە ناڵینەوە هەستی بە هەڵکردنی با دەکرد.

ئاریندالْ لەنێو شەپۆڵەکاندا سواری بەلەمەکەی خۆی بوو تا دۆرای بردە ئەوێ، ئارماری تووڕە گەیشت و تیرێکی ڕەشی خستە

کەوانەکەی و ئەم تیـرە بە ورژەوە لەســەر دڵــی تــۆ چەقــی، ئــاە ئاریندالّی کوڕم! لەبری ئاراتی ناپاک تـۆ مـردی و بەلەمەکە خـۆی بە بەردەکـان کێشـا و نقـووم بـوو، لەژێـر پێـی تـۆدا خـوێنی بـراکەت دەڕۆیشت، چ کارەساتێکی سەیر، دۆرا!

شەپۆڵەکان بەلەمەکەیان تێکدەشکاند، ئارمار دەچێـتە نـاو دەریـا تا دۆرا ڕزگار بکات یا خۆیشـی بمرێـت، بـایەک لە دۆڵەکـانەوە بەرەو شــەپۆلەکان هەڵــدەکات و ئەو لە ئــاوەکە نقـوم دەکـات و ئیتــر لە ئاوەکە نایەتە دەرەوە.

بەتەنیـا لەسـەر گاشـە بەردەکـان دانیشـتبووم و نـاڵەی کچەکەمـم بیســت، بە دەنگێکــی بەرزەوە چەنــد جارێــک هــاواری کــرد، بەڵام نەیـدەتوانی بـاوکی ڕزگـار بکـات، تەواوی شـەو لە نزیـک کەنـارەکە وەستابووم و لەژێر ڕۆشنایی کزی مانگدا ئەوم دەبینی، تەواوی شـەو گوێم لە هاواری دەبوو، بایەکی توند دەهات و بـاران لەسـەر کێوەکـە بە شەستە دەباری، پێش هـاتنی بەیـانی دەنگـی نـزم بـووەوە، ڕێـک وەکو خۆری دەمەوئێوارەی نـاو مێرگەکـان بێـدەنگ بـوو، لێوانلێـو لە غەم چاوی لە دونیا لێکنا و ئـارمینی بە تەنیـا جێهـێڵا! لەمە بەدواوە توانای من لە جەنگدا لەنێو چوو و لەخۆباییبوونم لەنێو ژناندا نـابوت بوو.

هەر جارێک کە ڕەشەبا دەگاتە چیا، هەر جارێک، کە بای بـاکوور شــەپۆلەکان دروســتدەکات، لە نزیــک ئەو کەنــارە دادەنیشــم و لەو

گاشەبەردە تۆقێنەرانە دەڕوانم، چەندین جار لەکاتی ئاوابوونی مانگدا تارمایی ڕۆڵەکانم بینیوە،کە بە پۆشاکێکی غەماوی لە بولێڵدا دێن و دەچن.

لافاوی فرمێسک لە چاوەکانی لۆتەدا هەڵڕژا و دڵە غەمبارەکەی هێور کردەوە، مۆڵەتی بە ڤارتەر نەدا تا تەواوی دەقەکە بخوێنێتەوە، ڤارتەر نامیلکەکەی فڕێدایە کونجێک، دەستی لۆتەی خستە دەستیەوە و بە توندی گریا.

لۆتەی بە دەستەکەی دیکەی گرتبوو و چاوەکانی بە دەسەسڕ داپۆشیبوو، هەڵسوکەوتی هەردووکیان تۆقێنەر بوو، شەکەتی خۆیان لە چارەنووسی ئەم کەسە پاڵەوانانەدا دەبینی و فرمێسک جەختکەرەوەی ئەم هەستە هاوبەشە بوو، ڤارتەر دەموچاوی خستبوویە سەر قۆڵی لۆتە، لەناکاو لۆتە هەراسان بوو، دەیویست خۆی لە ڤارتەر دوور بخاتەوە، بەڵام پەیبردن بە هەستی بەزەیی و هاوسۆزی قورسایی دەخستە سەر ناخی، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا تا هێورببێتەوە و بە گریە وناڵینەوە داوای لە ڤارتەر کرد بە دەنگە بەرز و ئاسمانییەکەی خۆی پاشماوەی چیرۆکەکە بخوێنێتەوە! ڤارتەر دەلەرزی، دڵی بەرگەی نەدەگرت، لاپەڕەیێکی هەڵگرتەوە و بە دەنگێکی پچڕ پچڕ خوێندیەوە:

**ئەی شنەبای بەهاری، بۆچی بێدارم دەکەیتەوە؟ دڵنەوایم دەکەیت و دەڵێیت: من هەموو شوێنێک بە شەونمی**

**ئاسمانی دادەپۆشم! بەڵام ئیتر سەردەمی سیسبوونی من گەیشتووە و ئەو ڕەشەبایە دێت،کە گەڵاكانم بەگشت لایەكدا پەرش و بڵاو دەكاتەوە! بەیانی ئەو ئاوارە دێت، ئەو كەسە دێت، كە منی لە لوتكەی جوانیدا بینیوە و لە هەر گۆشە و كونجێكدا چاوانی بەدوای مندا دەگێڕێ و من دەدۆزێتەوە..)**

مەزنی ئەم قسەیە كاریگەری خستە سەر دڵی ڤارتەری بێبەخت، بە نائومێدییەكی زۆرەوە خۆی خستە بەر قاچی لۆتە، دەستەكانی گرت و خستیە سەر چاو و نێوچەوانی خۆی، لۆتە لەناكاو واهەستیكرد،كە ڤارتەر چ بیرۆكەیەكی شوومی لە مێشكدایە، شڵەژا، دەستەكانی ڤارتەری گوشی، دەستەكانی ڤارتەری خستە سەر سینەی و بە خەمێكی قووڵەوە بەرەو ڕووی ئەو چەمایەوە و ڕوومەتە ئاگرینەكانیان بەریەككەوتن، دونیایان لەبیركرد، ڤارتەر ئەوی لەئامێز گرت و سینەی خستە سەر سینەی ئەو و لێوە لەرزۆكەكانی لۆتەی نقوومی ماچە داغدارەكانی خۆی كرد، لۆتە بە دەنگێكی ترسناك و لەكاتێكدا،كە خۆی دەكێشایە دواوە گوتی: ( ڤارتەر! ڤارتەر!) و بە دەستەكانی بەهێواشی كێشای بە سینگی ڤارتەردا تا بیكشێنێتە دواوە، بەهەستێكی تێكەڵاو بە داوێنپاكی و سەربەرزییەوە هاواریكرد: ( ڤارتەر!)ڤارتەر هیچ بەرگرییەكی نەكرد و ڕێگەیدا لۆتە لێی دوور بكەوێتەوە، لەكاتێكدا كە نقوومی ئەم هەستە بوو خۆی خستە بەردەم قاچی لۆتە، ژنەكە خۆی لەو جیاكردەوە و بە شێواوییەكی

هەڵقولاو لەترس و لەرزەلەرزێک بەهۆی هەستێکی ئاوێتە بە عیشق و تورەییەوە گوتی ( ئەمە دوا جار بوو! ڤارتەر! ئیتر من نابینیت!) بە نیگایەکی لێوانلێو لە خۆشەویستییەوە سەیری ئەم بوونەوەرە بەخت ڕەشەی کرد و ڕایکردە ژورەکەیتر و دەرگاکەی لەناوەوە کڵۆمدا. ڤارتەر دەستەکانی بەرەو ڕووی ئەو درێژ کرد، بەڵام توانا و بوێری ئەوەی نەبوو ڕایانگرێت، کەوتبووە سەر زەوی و سەری خستبووە سەر تەختەخەوەکە و بەم بارودۆخەوە نیو کاتژمێر مایەوە، تا ئەوەی دەنگێک سەرنجی ڕاکێشا، کچە خزمەتکارەکە بوو، کە دەیویست مێزەکە ڕێکبخات، دەرگای ژوورەکە بەملا و بەولادا چوو و کاتێک بینی بەتەنیا ماوەتەوە بەرەو ڕووی دەرگای ژوورەکەی لۆتە ڕۆیشت و بەهێواشی گوتی:

**(لۆتە!لۆتە! تەنیا دەبێت دوا وشەت پێبڵێم! خوات لەگەڵ!)**

**لۆتە بە بێدەنگی مایەوە و ڤارتەر پێداگری لەسەر داواکارییەکەی خۆی کرد و پاش ماوەیەک ڕێگەی گرتەبەر و گوتی: ( خوات لەگەڵ لۆتە! خوات لەگەڵ بۆ هەمیشە!)**

گەیشتە دەروازەی شارەکە، پاسەوانانەکان کە ئەویان دەناسی بەبێ هیچ قسەو ڕێگرییەک مۆڵەتی پەڕینەوەیان پێدا، بەفر و باران بە تێکەڵاوی دەبارین و دەوروبەری کاتژمێر دە دووبارە ڤارتەر لە دەرگاکەیدا، خزمەتکارەکەی لەوە تێگەیشت کە ڤارتەر گەڕاوەتەوە ماڵەوە و بینی ئاغاکەی کڵاوی لەسەر نییە، نەیوێرا قسەیەک بکات،

تەنیا جل و بەرگەکانی لەبەر کردەوە، هەموو جلەکانی تەڕ بوون، پاشان کڵاوەکەیان لەسەر یەکێک لە گاشە بەردەکان دۆزیەوە،کە لەوێدا دەکرا سەربەرەوخواری گردەکە تاوەکو دۆڵەکە ببینرێت هیچ کەس لەوە تێنەگەیشت کە لەو شەوە باراوانای و تاریکەدا ڤارتەر چۆن توانیویەتی بەسەر ئەم گاشەبەردە بکەوێت و نەکەوێتە خوارەوە.

لەسەر چارپاکەدا پاڵکەوت و بۆ ماوەیەکی درێژ خەوت، بۆ سبەی بەیانییەکەی لەوکاتەی خزمەتکارەکە بەپێی فەرمانی ڤارتەر قاوەکەی هێنا ڤارتەر سەرقاڵی نووسینی بابەتێک بوو و دەیویست ئەم نامەیە بۆ لۆتە بنووسێت:

**بۆ دوایین جار، بۆ دوایین جار چاوەکانم هەڵدێنم،ئەم چاوانە ئیتر ڕۆشنایی خۆر نابیننەوە، ڕۆژێکی تەماوی و تاریک بەری ئەم چاوانەیان گرتووە، ئەی سروشت بۆ شین و ماتەمی کوڕەکەت دابنیشە! کوڕەکەت، خۆشەویستەکەت، مەعشوقەکەت دەگاتە کۆتایی ڕێگاکە، لۆتە ئەم هەستە بێهاوتایە و لەگەڵ ئەمەدا هاوشێوەی خەونێکی ڕەش و تارە و ئەمە دواهەمین سپێدەیە، دواهەمین! لۆتە من لە چەمکی دوایەمین تێناگەم! ئێستا بەتەواوی تواناکانی خۆمەوە لێرە وەستاوم و بەیانی بەبێ هیچ هەستێک لەژێر خاک ڕادەکشێم، مردن! واتا چی؟ سەیرکە هەر کاتێک قسە لەبارەی مەرگەوە دەکەین، وەک بڵێی خەو دەبینین، مردنی کەسانی دیکەم بە چاوی**

خۆم بینیوە، بەڵام عەقڵی مرۆڤێک ناتوانێت سەرەتا و کۆتایی خاوەنەکەی خۆی بێنێتە پێش چاو، ئێستا لەبارەی من و تۆشەوە بەم شێوەیەیە! تۆ! ئاخ! خۆشەویستی من! بۆ چرکەیەک لێک دادەبڕێین، لەوانەشە بۆ هەتا هەتایە؟ نا، لۆتە، نا.. چۆن لەناودەچم؟ تۆ چۆن لەناودەچیت؟ ئێمە لێرەین!... لەناوچوون! واتای چی؟ هەمدیسان ئەمە جگە لە وشەیەک شتێکی دیکە نییە! واژەیەکی پووچ و بێمانا! بەبێ هیچ هەستێک لە دڵەوە... مەرگ، لۆتە! ناشتن لە خاکێکی ساردوسڕ، لە شوێنێکی زۆر تەنگ و تاریک! کچێک کە لە هەرزەکارییەوە دەمناسی تاکە هاوڕێ و غەمخۆری شەکەتییەکانی ئەوسای من بوو، کچۆڵەکە مرد و من بەدوای تەرمەکەی کەوتم و ڕێک لەو چرکەساتەی،کە تابووتەکەیان لەسەر زەوی دادەنا و بە پەتێکی بۆ قوڵایی گۆڕەکە شۆڕیاندەکردەوە و پاشان دەستیان لە پەتەکە شل دەکرد و دەیانهێنایە دەرەوە و خۆڵیان دەخستە ناو گۆڕەکەی، لە نزیک گۆڕەکە وەستابووم و دەمدیت، کە بەریەککەوتنی خۆڵ لەگەڵ تابووتەکە دەنگێکی تەپ و کپی دەدا ئەم دەنگە کپتر و کپتر بوو تا سەرەنجام خۆڵ سەری تابووتەکەی داپۆشی! لە لێواری قەبرەکەدا خۆم خستە سەر زەوی ... دیلی غەم، پەشێو، پەرێشان و بەدڵێکی پارە پارە، بەڵام نەمدەزانی مردنی خۆم چۆن دەکات... مەرگ! گۆڕ! لە چەمکی ئەم قسانە تێناگەم!

ئاە! من ببەخشە! بمبەخشە! دەبوایە دوێنێ دواپین کاتی ژیانم بووایە! ئاە! ئەی فریشتە! بۆ هەوەڵین جار، بۆ یەکەمین جار بەبێ هیچ ترس و دودڵییەکەوە لە قووڵایی ناخمەوە هەستی شادمانی دەرکەوت و بەخۆمم گوت: منی خۆش دەوێت! منی خۆش دەوێت! هێشتاش لێوەکانم لەم ئاگرە پیرۆزەی لێوانت دەسوتێت و کامەرانییەکی تازە و تەوژمێکی گەرم و گوڕ لە دڵمدا دێتەدەرەوە، لێم ببوورە! لیم ببوورە!

ئاە! ، هەر لە یەکەمین چرکەی ڕوانینی میهرەبانانەت، دەمزانی منت خۆش دەوێت ، یەکەمین جار کە دەستمان خستە ناو دەستی یەک، ئەم بابەتەم دەزانی و لەگەڵ ئەمەدا هەر جارێک لە لات دەڕۆیشتم و ئەلبێرتم لەبەرامبەرتدا دەبینی دەبوومە دیلی ئەم گومان و دڵەڕاوکێیە ئاگرینانە.

ئەو ڕۆژەت دێتەوە یاد،کە لەنێو کۆڕی ئەو کۆمەڵە کەسە بێزاکەرە نەتدەتوانی قسەم لەگەڵ بکەیت و دەستت بخەیتە دەستم، چەپکە گوڵێکت بە دیاری پێدام؟ ئایا ئەم گوڵانەت بیردەکەوێتەوە؟ ئاە! تا نیوەی شەو لەبەردەم ئەو گوڵانە کەوتمە سەر ئەژنۆ، ئەم گولآنە بەڵگەی دڵنیایی خۆشەویستی تۆ بوو، بەڵام بەداخەوە! بەڵام ئەم هەستانە ڕێک هاوشێوەی هەستی خۆشەویستی پەروەردگارە،کە وردە وردە لەناخی باوەڕدارانـدا کەم دەبێتەوە و کونجێک لە

خۆشەویستی لێوانلێوی پەروەردگار و ئاماژە بابەتییەکانی ئەم خۆشەویستیەشە،کە لە ناخی مندا کەمبووەوە.

هەموو شتێک لەم دونیایەدا لەناودەچێت، بەڵام نەمریش ناتوانێت ئاگری ئەو ژیانە پڕ جۆش و خرۆشە بکوژێنێتەوە،کە دوێنی لەدوای ماچکردنی لێوەکانت هەمبوو و هێشتاش لە قووڵایی ناخمدا هەستی پێدەکەم! ئەم قۆڵانەی ئەوی لە باوەش گرتووە! ئەو وابەستەیە بە من!تۆ وابەستەی بە من! بەڵێ، لۆتە بۆ هەمیشە.

چ گرنگییەکی هەیە کە ئەلبێرت مێردی تۆ بێت؟ مێرد! لەم دونیایەدا، تەنیا لەم دونیایەدا خۆشەویستی من بۆ تۆ و بەدەستهێنانی تۆ گوناهە؟ گوناه؟ باشە، من لەبەر ئەم گوناهە سزا دەدرێم، من تامی ئەم گوناهەم بە دڵخۆشییەکی ئاسمانی و زۆرەوە چەشتووە، ئەم گوناهە، ئەم مەرهەمی ژیان و هێز و توانایەم لە دڵی خۆمدا بینیوە، تۆ لەم چرکەیەوە وابەستەی بە منەوە! بە من، ئاە لۆتە!

من زووتر دەڕۆم! دەڕۆم بەرەو لای باوکی ئاسمانیم، بەرەو لای باوکی تۆ، دەمەوێت سکاڵای خەم و دەردی خۆمان لە ڕوی ئەودا هەڵڕژم و ئەو بەوە دڵنەواییم بدەداتەوە،کە تۆ بێیت و من بەرەو لات هەڵدەفڕم و لەئامێزت بگرم و لە دونیای بێ بڕانەوەی دواییدا تۆ بۆ هەمیشە لەئامێز بگرم.

**خەو نابینم، دیلی وڕێنە و خەیاڵ نیم، لە لێواری گۆڕدا هەموو شتەکان ڕوونتر دەبینم،ئێمەش بەم شێوەیە دەبین! یەکتر دەبینینەوە! دایکت دەبینینەوە! ئەو دەبینم و دەدۆزمەوە، ئا! قسەی ناو دڵیشمی بۆ دەکەم، بۆ دایکی تۆ، بۆ ئەو کەسەی جمکی تۆیە)**

دەوروبەری کاتژمێر یازدە ڤارتەر لە خزمەتکارەکەی پرسی: ( ئەلبێرت گەڕاوەتەوە؟) خزمەتکارەکە گوتی:

( بەڵێ، بینیم کە ئەسپەکەیان دەبرد)،یەکسەر ڤارتەر پارچە کاغەزێکی پێدا،کە لەسەری نووسیبووی:

**( دەشێ میهرەبانی بنوێنیت و بۆ گەشت دەمانچەکانتانم بە قەرز پێبدەی؟ خوات لەگەڵ!)**

لۆتە، ئەم ژنە میهرەبانە شەوی ڕابردوو زۆر کەم خەوتبوو، چونکە لە بەسەرهاتەکە دەترسا، پێشهات و ڕووداوەکە بەشێوەیەک ڕوویدابوو،کە ئەو وای پێشبینی نەدەکرد و لێی دەترسا، خوێنە پاک و هێواشەکەی ئەو، کە هەمیشە سوورێکی ڕێک و ڕەوانی لە دەمارەکانیدا هەبوو گەرم و خرۆشا بوو و هەزاران نیگەرانی دڵە جوانەکەی ئازاردەدا، ئایا ئەم بارودۆخە لە ئامێز و سینەی ڤارتەر دا سەرچاوەی گرتبوو؟ یا بەهۆی پەرێشانی و نەخوازراوی بوو؟ یا بەهۆی بەراوردکردنی بارودۆخی ئێستای خۆی لەگەڵ ئەو ڕۆژانەی، کە پاکێتی و بێگوناهی و متمانە بەخۆبوون بەسەریدا زاڵ بوو ؟ دەبێت چۆن بڕواتە پێشوازی مێردەکەی؟ دەبێت چۆن ئەم ڕووداوە

سـەیرە بـۆ مێـردەکەی بگێـڕێتەوە، لەکاتێکـدا کە بـوێری ئەم دانپێـدانانەی نەبـوو؟ ئایـا دەبێـت مـاوەیەکی درێـژ بە بێـدەنگی لەتەنیشت یەک دابنیشن و لۆتە یەکەم کەس بێت کە قسە بکات و زوو بێدەنگی بشکێنێت و لە کاتێکی نەگونجاودا بۆ مێردەکەی پەردە لەسەر ئەم ڕازە هەڵماڵێ؟ لۆتە تەنانەت لەوە دەترسا، کە هەواڵـی دیدەنی ڤارتەر ببێتە هۆی ڕەنجانی ئەلبێرت و ئێستا گێڕانەوەی ئەو کارەسـاتەی،کە ڕویـدا بـوو مەحـاڵ دەهـاتە بەرچـاو!دەیتوانی ئومێدەواری ئەوە بێت،کە مێردەکەی بە سنگ فراوانـی و بەبێ هـیچ بڕیـار و لێکـدانەوەیەکی پێشـوەختە لەم ڕوداوە بڕوانێـت؟ دەیتـوانی ئـارەزووی ئەوە بکـات کە ئەم بـابەتە لە دڵـی خۆیـدا بشـارێتەوە؟ هەروەها دەیتوانی بارودۆخی خۆی بەرامبەر مێردەکەی بە چەشـنێکی دیکە نیشان بدات، ڕێک بەرامبەر کەسێک کە وەکو شوشەیەکی ڕوون و کریستاڵی و دوور لە هەر کۆت و بەنـدێک وەسـتاوە و هـیچ کاتێـک هەستی خۆی نەشاردبوویەوە و نەیدەتوانی بشارێتەوە؟

ئەم هەستە ئەوی پەرێشان و نـیگەران دەکـرد و هەمدیسـان بیریشـی لە ڤارتەر دەکردەوە کە ئێستا ئەوی لەدەسـتدا بـوو و زۆر بەداخەوە ئیتـر نەیـدەتوانی ببینێـت! دەبـوایە وازی لێبهێنـابوایە و بە لە دەسـتدانی ئەو ئیتـر لە دونیـادا شـتێکی دیـکەی نەبـوو، نەیـدەزانی دەبێت چی بکـات و ئەو دووری و بێـدەنگییەی کە لەنێـوان خـۆی و ئەلبێـرت هاتبوویەکـایەوە، بـۆ ئەو زۆر قـورس و دژوار بـوو!

مرۆڤگەلێکی زۆر تێگەیشتوو و چاکیش بە چەند هۆکارێکی جیاواز بێدەنگ دەبن و هەر یەکەیان بیر لە مافی خۆی و جەوری کەسی بەرامبەر دەکاتەوە و پەیوەندییەکان وەها ئاڵۆز و ناڕوون دەبن، کە لەم کاتەدا سەختە بتوانرێت ئەو گرێیە بکرێتەوە کە هەموو شتێک بەستراوە بەو گرێیەوە، لەکاتێکدا ئەگەر پێشتر باوەڕبوونیان بە بەختەوەری ئەوانی زیاتر لێک نزیک بکردبوایەوە و عیشق و دووربینی لە ناخی هەردووکیان دەهێنایەکایەوە و ڕازی دڵیان لەلای یەکتر دەدرکاند، ئەوا ئێستا هاوڕێکەی ئێمەش ڕزگاری دەبوو.

لەم نێوانەدا ڕووداوێکی سەیر ڕوویدا، ڤارتەر هەروەکو ئەوەی لە نامەکانیدا هەستی پێدەکەین هەرگیز خواستی خۆی لەسەر بەجێهێشتنی ئەم دونیایە نەشاردبووەوە، ئەلبێرت چەندین جار بەرهەڵستی کردووە و لۆتەش لەم بارەیەوە قسەی کردبوو، ئەلبێرت کە زۆر قێزی لەم کارە دەبووەوە، تەنانەت بە هەستیارییەکی زۆرەوە، کە بە دەگمەن لە کەسایەتی ئەودا دەبینرا گوتبووی هۆکارێکی هێندە گرنگی بۆ دوودڵی خۆی سەبارەت بەم هەنگاوەی ڤارتەر نییە و هەتا لەم بارەیەوە وەکو گاڵتەیەک بە لۆتەی گوتبوو، کە باوەڕی بەم مەسەلەیە نیە، لۆتە هەر جارێک،کە بیری لەم بابەتە غەمناکە دەکردەوە و گوێبیستی قسەکانی ئەلبێرت دەبوو، هێور دەبووەوەو لەڕوویێکی دیکەوە ئەم قسانە دەبووە هۆی ڕێگریکردن لە خستنەڕووی هەستێک،کە ئەوی ئازاردەدا.

ئەلبێــرت گەڕایەوە و لــۆتە بە پەلەپەل و پەرێشــانییەوە چــووە پێشوازی، پیاوەکە هێندە دڵخۆش نەبوو و کارەکەی تەواو نەکردبوو و دادوەری ئەو شارەی دیکەی وەکو کەسێکی وشک و بیرتەسک دەهاتەبەرچاو، هەروەها ڕێگەی ناهەموارییش وەڕسی کردبوو.

ئەلبێرت پرسی ڕووداوێک ڕویداوە یا نا و ژنەکەش بەخێرایی وەڵامیدایەوە: ( ڤارتەر هات بۆ ئێرە) ئەلبێرت پرسی ئایا هیچ نامەیەک گەیشتووە، لە وەڵامدا ئەوەی بیست، کە نامە و زەرفێک لە ژورەکەیدایە،چووە ژوورەکەی و لۆتە بە تەنیا مایەوە، ئامادەبوونی پیاوێک کە ئەوی خۆشدەویست و ڕێزی لێدەگرت هەستێکی نوێی لەدڵیدا هێنایەکایەوە، یادەوەری جوامێری و عیشق و میهرەبانی ئەلبێرت ئارامییەکی زیاتری بە دڵی لۆتە بەخشی، هەستێکی شاراوە ئەوی ناچاردەکرد،کە بەدوای مێردەکەیدا بڕوات، دەستەچنەکەی خۆی هەڵگرت و چووە ژووری مێردەکەی و وا خۆی نیشاندا، کە سەرقاڵی کارێکە، مێردەکەی سەرقاڵی کردنەوەی زەرفەکە و خوێندنەوەی نامەکە بوو، وادەردەکەوت، کە بابەتێکی سەرنجڕاکێش لە نامەکاندا نەبوو، چەند پرسیارێکی لە مێردەکەی کرد و گوێبیستی وەڵامێکی کورت بوو، ئەلبێرت لەودیوی مێزەکە دانیشت و دەستی بە نووسینی بابەتێک کرد.

بەم شێوەیە کاتژمێرێک لە نزیک یەکتری بوون و تا دەهات دڵی لۆتە غەمبارتر دەبوو، وا هەستیدەکرد کە گێڕانەوەی ڕازی ناو دڵی

خـۆی بـۆ مێـردەکەی، سـەرەڕای ئەوەی، کە کەسـێکی ڕووخـۆش و گاڵتەچییە زۆر سەخت و دژوارە، غەمێکی قـووڵ بەسـەریدا زاڵ بـوو، کـار گەیشـتە ئەوەی کە شـاردنەوە و دەرنەخسـتنی فرمێسـکەکانی ترسێکی زیاتریان دەخستە دڵیەوە.

هـاتنە ژوورەوەی خزمەتکـارەکەی ڤـارتەر پەرێشـانی و هەراسـانی لۆتەی زیاتر کرد، کوڕێژگەکە کـاغەزەکەی بە ئەلبێـرت دا و ئەلبێـرت بە هێمنیـیەوە ڕووی لە هاوسـەرەکەی کـرد و گـوتی: ( دەمانچەکـانی پێبدە!) و ڕووی لە کوڕێژگەکە کرد و گوتی: ( پێیان بڵـێ،کە هیـوای گەشتێکی خۆشـیان بـۆ دەخـوازم..) ئەم قسـانە وەکـو بروسـکەیـەک بەسـەر نـاخی لـۆتەدا بـاری، لەکـاتی هەسـتانەوەدا لەجێـی خۆیـدا دەلەرزی و نەیـدەزانی چ بەڵایەکـی بەسـەردا دێـت، بەهێواشـی بەرەو لای دیوارەکە ڕۆیشت و بە لەرزە لەرز دەمانچەکـانی هێنـایە خـوارەوە و خۆڵ و تۆزەکانی لێکردنەوە و خاوەخاوی کـرد، ئەگەر ئەلبێـرت بە چـاوێکی پرسـیارکەرانە سـەیری ئەوی نەکردبـووایە، ئەوا هێشـتا حەزیدەکرد خاوەخاو بکات، ئەو چەکە شوومانەی بە خزمەتکـارەکەدا و هـیچ قسـەیەکی نەکـرد و هەر ئەوەی،کە کـوڕەکە ڕۆیشـت کەلوپەلەکـانی خـۆی کـۆکردەوە و چـووە ژوورەکەی خـۆی، دڵەڕاوکێیەکی وای هەبوو، کە وەسـف ناکرێـت، دڵـی هەواڵـی تەواوی ڕووداوەکـانی ئاینـدەی دەدا،هێنـدەی نەخایانـد،کە پلانـی دانـا خـۆی بخاتە بەر پێی مێردەکەی و تەواوی بەسەرهاتەکەی شەوی ڕابـردوو و

گونـاه و قســەکانی بـۆ بگێـڕێتەوە، بـاش لەوە تێگەیشـت، کە هـیچ ڕێگەچارەیەکی نییە و ئەو توانایەی نییە،کە بتوانێت مێردەکەی قایـل بکـات تـا بەدوای ڤـارتەردا بچێـت، خـوانی خواردنیـان ڕاخسـتبوو و هاوڕێ نازدارەکەی لۆتە بەتەنیا بۆ پرسیارکردن لە بابەتێک هاتە لای و بەم شێوەیە مایەوە و قسەکانی لەسەر مێزی نانخواردنەکە کاریگەر خستە سەر دڵـی هەمـووان، بەناچاری لەگەڵ یەکدا کەوتـنە بـاس و خواس و گفتوگۆکردن و دڵتەنگییەکانی خۆیان فەرامۆش کرد.

خزمەتکارەکە بە دەمانچەکانەوە هاتە لای ڤـارتەر، هەرئەوەی ڤـارتەر گوێبیستی ئەوە بـوو، کە لـۆتە چەکەکـانی داوەتە خزمەتکـارەکە، بە تامەزرۆیی و جۆش و خرۆشەوە چەکەکانی لەبـاوەش گـرت، فرمانیـدا نان و شەراب بهێـنن و بە خزمەتکـارەکەی گـوت بچێـت نـانی ئێـوارە بخوات، خۆیشی لەپشت مێزەکە دانیشت و ئەمەی نووسی:

**(ئەم چەکانەکە کە تۆش دەستت لێیانداوە و تۆز و خۆڵـت لێیان پاککردۆتەوە هەزاران ماچیـان لێـدەکەم، چـونکە تـۆ ئەوانت لەدەست گرتووە، تۆ ئەی فریشـتەی ئاسـمانی! بەم کارەتەوە مۆری دووپـاتکردنەوەت لە پـلانەکەی منـدا! تـۆ، لۆتە ئەم چەکانەت دا بە دەستمەوە، تۆ کە ئارەزووم دەکرد لە نزیکتـدا پێشـوازی لە مەرگ بـکەم! ئـاە! ئێسـتا مەرگ پەسـەند دەکەم! ئـاە! تەواوی بەسـەرهاتەکەم لە کـوڕێژگە خزمەتکارەم پرسی، لەکـاتی پێـدانی چەکەکە بەو شـێوەیە**

**دەلەرزیت تەنانەت خوا حافیزی و ماڵئاواییشت نەکرد... هاوار! هاوار! هاوار بەحاڵم! بەبێ هیچ ماڵئاواییەک! ئایا بەهۆی چرکەیەک، کە لەباوەشم کردی و تاهەتایە لەگەڵ تۆدا دەبم،خۆشەویستی و میهری منت لە دڵی خۆتدا دەرکردووە؟ لۆتە، تەنانەت ئەگەر هەزار ساڵیش تێبپەڕێت، ئەوا ئەم هەستە لەناو ناچێت! من هەستی پێدەکەم، تۆ ناتوانیت سەبارەت بە کەسێک، کە لە تین و گڕی تۆدا دەسوتێت، هەست بە ڕق و کینە بکەیت)**

لەدوای نانخواردنی ئێوارە بە خزمەتکارەکەی گوت هەموو کەلوپەلەکان بپێچێتەوە، کاغەزێکی زۆری دڕاند، چووە دەرەوە و قەرزەکانیشی دایەوە، دووبارە گەڕایەوە ماڵ، هەمدیسان لە دەروازەی شارەکە چووە دەرەوە و هیچ گرنگییەکی بە باران نەدا و چووە باغەکەی کۆنت، لەم دەوروبەرەدا پیاسەیەکی کرد و لەگەڵ هاتنی شەودا گەڕایەوە ماڵەوە و قەڵەمەکەی لە دەست گرت و نووسی:

(**ڤیلهێلم بۆ دوایەمین جار کێڵگە و دارستان و ئاسمانم بینی، ماڵئاوایی لە تۆش دەکەم! دایکی ئازیزم، من ببەخشە! ڤیلهێلم دایکم هێور بکەرەوە! سۆز و بەزەیی خودا بەسەرتاندا برژێت! ئیشەکان هەموویان لەجێی خۆیاندان، خوات لەگەڵ! لەدواتردا بە خۆشی و شادمانییەکی زۆرەوە یەکتر دەبینینەوە).**

**(ئەلبێرت کارێکی باشم لەگەڵ تۆدا نەکرد و تۆ لێم دەبووری، من ئاسودەیی ماڵەکەتم تێکدا و ڕەشبینیم لە دڵی ئێوەدا هێنایەکایەوە، خوات لەگەڵ! دەمەوێت کۆتایی بەم ژیانە بهێنم، ئاه ئومێدەوارم بە مردنی من خۆشبەخت بیت! ئەلبێرت! ئەلبێرت! هاوسەرە فریشتەکەت خۆشبەخت بکە! سۆز و میهرەبانی خودا بەسەرتدا بڕژێت!)**

شەو کاغەزەکانی مشت و ماڵ کرد، زۆرێک لە کاغەزەکانی دڕاند و خستیە سۆپاکەوە، پاشان چەند زەرفێکی مۆرکرد،کە بۆ ڤیلهێلمی نووسیبوو، لەناو زەرفەکاندا چەند وتار و کۆمەڵە نووسینێکی پەرش و بڵاو هەبوون،کە من زۆربەیانم بینیووە و سەرەنجام دوای ئەوەی، کە کات گەیشتە کاتژمێر دە، گوتی ئاگری سۆپاکە کەم بکەنەوە، فرمانیدا شووشە شەرابێکی بۆ بهێنن، پاشان ڕێگەی بە خزمەتکارەکەیدا، کە ژوورەکەی زۆر لە ژووری ڤارتەر دوور بوو تا بچێت بخەوێت،خزمەتکارەکە بە جلەکانیەوە نووست تا بۆ سبەی بەیانیەکەی ئامادە بێت، چونکە ئاغاکەی بەوی گوتبوو،کە ئەسپەکانی پۆستە بەر لە کاتژمێر شەش لەبەردەم ماڵەکەدا ئامادە دەبن.

## دوای کاتژمێر یازدە

هەموو شتێک لە دەوروبەرمدا بێدەنگ و ئارامە و ڕۆحیشم نقوومی هێمنی و بێدەنگییە، پەروەردگارا! بیر لە تۆ دەکەمەوە، لە تۆ، کە لەم دوایەمین چرکەساتانەدا وزە و گەرمی بە ناخم دەبەخشیت.

ئەی ئازیزترین یار دێمە بەردەم پەنجەرەکە و لەنێوان هەورە زریاناویی و زوو تێپەڕەکاندا چەند ئەستێرەکی ئاسمانی جاودیدانە دەبینم! نا ئێوە نامرن! نا، ئێوە نامرن! ئەم بوونە نەمرە هەمیشە لە دڵی خۆیدا من و ئێوە دەپارێزێت، گەلەئەستێرەی ورچی گەورە دەبینم، ئەمە ئازیزترین بورجی منە، هەر شەوێک، کە لە تۆ جیادەبوومەوە و لە دەروازەکە دەچوومە دەرەوە ئەم گەلە ئەستێرەم لەبەردەمی خۆمدا دەبینی، چەندین جار بە مەستییەوە تەماشاکەری بووم! چەندین جار دەستم بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە و ئەم دیارییە ئاسمانییەم بە مایەی خۆشبەختی خۆم لەو چرکەساتەدا لەقەڵەم داوە، ئاە لۆتە هەمدیسان هەرچی دەیبینم بیرهێنەرەوەی تۆیە! تۆ لە گشت شوێنێکی! ئایا من هاوشێوەی منداڵێک گشت ئەو شتانەی کە تۆ دەستت لێداوە و پیرۆزت کردووە بە ئارەزوویێکی چڵێسانە کۆم نەکردۆتەوە؟

ئەم وێنە جوانەت بۆ دەگەڕێنمەوە و تکا دەکەم لێم پەسەند بکەیت و خۆشەویست بێت لات! هەزار ماچ، هەزار ماچم لێکردووە و

هەزاران جار لەوکاتەی، کە لە ماڵ چومەتە دەرەوە و گەڕاومەتەوە سڵاوم لێکردووە.

لە کورتە نامەیەکدا داوای ئەوەم لە باوکت کردووە کە مۆڵەت بدات تەرمەکەم بەپێی ڕێورەسمی ئایینی مەسیحی بنێژن، لە حەوشەی کڵێساکە دوو درەختی زەیزەفوون هەن و لەدواوەشی کێڵگەیەک هەیە، ئارەزوو دەکەم لەوێ بەخاک بسپێردرێم، ئەو دەتوانێت ئەم ئیشە بۆ هاوڕێکەی ئەنجام بدات و ئەنجامیشی دەدات، تۆیش تکای لێبکە، نامەوێت تەرمی مەسیحییە باوەڕدارەکان بەناچاری لە نزیک منی بەدبەخت و شەکەت بنێژرێن، ئاە دەمەوێت من لەنزیک ڕێگە یا دۆڵێکی ئارام و بێدەنگ بنێژرێم تا قەشە و لاوییەکان[16] بە تەنیشت کێلی گۆڕم تێبپەڕن و نزایەکم بۆ بکەن و سامیریەکانیش[17] دڵۆپە فرمێسکێک بڕێژنە سەر گۆڕەکەم.

هەنوکە لۆتە! من ترسێکم لە بەدەستگرتنی ئەو جامە تۆقێنەرە نییە،کە پێویستە شەرابی مەرگی تێدا بنۆشم! تۆ ئەو جامەم پێدەدەیت و من هیچ دوودڵییەکم نابێت، تەواو! تەواوی خەون و

[16]. کەسانێکن وابەستەن بە هۆزی لاوی، لاوی یەکێکە بووە لە کوڕەکانی یەعقووب، کاتێک یوشەع بن نوون ئیسرائیلییەکانی بردە وڵاتی کەنعان کەسانی هۆزی لاوی تاکە هۆز بوون کە مۆڵەتی زەویدارییان بەدەست نەهێنا، چونکە پەروەردگاریان میراتی ئەوانە، هۆزی لاوی بەرپرسی ئەنجامدانی کارە ئاینییە تایبەتەکان بوون لە ئیسرائیلدا. و.کوردی

[17]. تیرەیەکی ڕەسەنی جوولەکەن، کە لە فەڵەستیندا ماونەتەوە و لە هەندێک مەسەلەدا جیاوازییان لەگەڵ جوولەکەکانی دیکەدا هەیە و دەوترێت بنەچەیان دەچێتەوە سەر کەنعان و سامریە و بەپێی سەرژمێری خۆیان تەنیا ٧٥١ سامیری لە ژیاندا ماون و بەپێی سەرژمێری ٢٠١٥ ژمارەیان گەیشتۆتە ٩٠٠ کەس ئێستا لە چەند ناوچەیەکی بەرتەسکی ئیسرائیل و کوردستانی عێراق و ئێران ژیان دەگوزەرێنن. و.کوردی

ئومێدەکانی ژیانی من بەدەستهاتوون! وەها سارد و کز مشتەکۆڵە لە دەرگای ئاسنینی مەرگ دەدەم!

لۆتە، خۆزگە بەخت یار و یاوەرم دەبوو و لەپێناوی تۆدا دەمردم! لەپێناوی تۆدا ڕادەستی مەرگ دەبووم! دەمویست دلێرانە و شادمانانە بمرم و بەم کارە خۆشی و ئاسوودەیی لە ژیانی تۆدا دابین بکەم، بەڵام ئاه! تەنیا چەند پاڵەوانێکی کەم هەن، کە ئەو هەلە بەدەست دێنن خوێنی خۆیان لەڕێگەی مەعشقوقەکەیان فیدا دەکەن و بە مەرگی خۆیان ژیانێکی نوێ بۆ هاوڕێکانیان دابین دەکەن.

لۆتە دەمەوێت بە هەمان ئەو پۆشاکانە بنێژرێم،کە تۆ دەستت لێی داوە، تکایەکی وەهاشم لە باوکت کردووە، ڕۆحی من لە لێواری تابووتە، پێیان بڵێ گیرفانەکانم بەتاڵ نەکەن، ئەمە هەمان ئەو قردێڵە سوورەیە،کە لەکاتی یەکەمین دیدارماندا لە سینەت بەستبوو...ئاه!هەزاران جار منداڵەکان ماچ بکە و چارەنووسی ئەم هاوڕێ بەخت ڕەشەیان بۆ باس بکە! ئەم منداڵە شیرین و خۆشەویسانە لە چواردەورم دەخولێنەوە!ڕێک بەو شێوەیەی،کە من هۆگری تۆ بووم و لەیەکەمین نیگاوە نەمتوانی لێت دابڕێم! دەبێت ئەم قردێڵەیە لەگەڵ مندا بنێژرێت، لە ڕۆژی لەدایکبوونمدا تۆ بە دیاری پێتدام! چەندە لە ئامێزم گرت! وا بیرم نەدەکردەوە، کە کارەکە بگاتە ئەم شوێنە! لەسەرخۆ بە! تکادەکەم لەسەرخۆ بە!...

دەمانچەکـان پڕن...دەنگـی زەنگـی کـاتژمێر دوازدە دەبیسـترێت! بەم شێوەیە بوو لۆتە! لۆتە! لۆتە! خوات لەگەڵ! خوات لەگەڵ!

دراوسێیەک ڕووناکی تەقینەوەی بارووتەکەی بینیووە و گـوێی لە دەنگی گوللەکە بووە، بەڵام چونکە دوای ئەوە گشـت شـوێنێک هێـور ببــووەوە و ژاوەژاو دروســت نەببــوو، بــۆیە گرنگییەکــی ئەوتــۆی پێنەدابوو.

بەیانی کـاتژمێر شـەش خزمەتکـارەکە،کە چرایەکی لەدەسـت بـوو هاتەژوورەوە و بینی ئاغاکەی نقـوومی خـوێن بـووە و کەوتـۆتە سـەر زەوی و دەمــانچەیەکیش لەوێــیە، هــاواریکرد و پــاڵی پێوەنــا،هیچ وەڵامێک نەدەبیسـترا، دەنگـی نـاڵەی ڤـارتەر دەهـات، خزمەتکـارەکە ڕایکرد تا هەواڵ بە پزیشک و ئەلبێرت بدات، لۆتە دەنگی زەنـگەکەی بیســت و مــوچڕک بە لەشــیدا هــات، مێــردەکەی بەئاگــا هێنــایەوە، هەردوکیــــان هەڵســــان و خزمەتکــــارەکە بە گریــــان و بەتەتەڵەوە هەواڵەکەی پێیان گەیاند، لۆتە لەهـۆش خـۆی چـوو و کەوتە بەردەم قاچەکانی ئەلبێرت.

پزیشک کاتێـک گەیشـتە سـەرینگانی ڤـارتەری بەدبەخـت، بینـی هیچ کارێکی لەدەست نایەت، هێشتا دڵی لێیدەدا، بەڵام ئەنـدامەکانی بێ جـووڵە بـوون، لەسـەرەوەی چـاوی ڕاسـتی گـوللەیەک چووبـوویە ژوورەوە و مێشکی دەرپەڕانـدبوو، بـۆ کەمکـردنەوەی فشـاری خـوێنی دەماریان بڕی، خوێن فیچقەی کرد، هێشتا هەناسەی دەدا.

لەو خـوێنەی، کە ڕژابـووە سـەر کورسـییەکە دەتـوانرا درک بەوە بکرێت، کە لەسەر کورسـییەکە دانیشـتووە و گـوللەکەی تەقانـدووە و پاشـــان کەوتـــۆتە ســـەر زەوی، پاشـــان بە لەتـــرە لەتـــر لەدەوری کورسـییەکەدا خولابـووەوە و بەرامـبەر پەنـجەرەکە بەسـەر پشـتدا کەوتبوو هەمان پۆشاک و پووت و ڕینکۆتە شین و ئێلەگە زەردەکەی لەبەر بوو.

لەنێو کەسانی ناو ماڵەکە و دروسێکان و خەڵکی شارەکە هـات و هاوار و خرۆشان دروست بـوو، ئەلبێـرت هـاتە ژوورەکە و ڤارتـەریـان لەســـەر تەخـــتەخەوەکە دانـــا و نێوچەوانیـــان بە پـــارچە پەڕۆیەک بەستبوو، دەموچاوی لە کەسانی مردووی دەکرد و هـیچ جووڵـەیەکـی نەدەکرد، لە سـییەکانی دەنگێکـی ترسـناک و هەنـدێجار لاواز و بـڕێ جـار بەهێـز بەر گـوێ دەکەوت، هەموویـان چـاوەنواڕی دوایەمـین هەناسەکانی بوون.

تەنیـا گلاسـێک شـەرابی نۆشـیبوو، کتێبـی شـانۆنامەی (ئیمیلیا گالۆتی)یش لەسەر مێزەکەیدا کرابوویەوە .ئیتر هیچ قسەیەک لەبـارەی ترسی ئەلبێرت و ناڵە و گریانەکانی لۆتە ناکەین.

دادوەری پیر بە بیستنی هەواڵەکە بەخێرایـی هـاتبووە ئەوێ و بە فرمێسکە ڕاستەقینەکانی ڤارتەری لە ئان و ساتی مردندا ماچ دەکرد، کــوڕە گەورەکـــانی لە دوای ئەو هـــاتن و کەوتـــنە ســـەر ئەژنـــۆ و بەئـازارێکی زۆرەوە لە تەنیشـت تەخـتەخەوەکە دانیشـتن و دەسـت و

لێوەکانی ڤارتەریان ماچ کرد، کوڕە گەورەکەیـان کە هەمیشـە ڤـارتەر ئەوی زیاتر لەوانی دیکە خۆش دەویست لێوی نابووە سـەر لێوەکـانی ڤارتەر ، تا ئەو دەمەی کە ڤارتەر مرد و بەزۆر لە ڤارتەریان دابڕانـد، کــاتژمێر دوازدەی نیــوەڕۆ ڤــارتەر گیــانی بەخشــیە پەروەردگــار، ئامادەبوونی دادوەر و ڕاسپاردەکانی کارەکـانی ئاسـان کردبـوو، شـەو نزیکی کاتژمێر یازدە دادوەر فرمانیـدا ڤـارتەر لەهەمـان شـوێن بنێـژن کە خۆی حەزی لێدەکرد، پیرەمێرد و کوڕەکانی ڤارتەریان بەڕێکرد و ئەلبێــرت نەیتــوانی لەم مەراســیمەدا بەشــداری بکــات، هەموویــان نیگەرانــی حــاڵی لــۆتە بــوون، جووتیــاران ڤارتەریـان دەبـرد و هـیچ قەشەیەکیش لەوێ نەبوو.

# شیکردنەوەیەکی ئازارەکانی ڤارتەر

نووسینی:ئاندریێ مۆروا

وەرگێڕانی: د.زەهراخانلەری کیا



**ئاندرێ مۆروا** André Maurois ، رۆماننووس و نووسەرێکی بەناوبانگی فرەنسییە،لە ١٨٨٥-١٩٦٧زدا ژیاوە .لەبارەی ژیاننامەی زۆربەی رۆمانووسەکانی وەکو ڤۆلتێر و بلزاک و هۆگۆ و ... نووسیوە. لە ساڵی ١٩٣٨دا بۆتە ئەندامی ئەکادیمیای فرەنسی. دەسپێکی کاری رۆمانووسیی ئەو بە بڵآوکردنەوەی دوو رۆمانی ساتیری (پێدەنگیی کۆلۆنێل برامبل-١٩١٨)و( گوتاری دکتۆر گرادی-١٩٢٢) دەستی پێکردووە،کە بیرۆکەی ئەو رۆمانانەی لە ئەزموونەکانی شەڕی یەکەمی جیهانییەوە وەرگرتووە. چەندین کتێبی لەبارەی مێژووی فرەنسا و ئینگلتەرە نووسیوە.

## -١-

گالیســــــــــکەی شـــــــــاری فرانکفـــــــــۆرت لە بەردەم میوانخانەی ( (ئیسپری))وەســـتا و خوێنـــدکارێکی ئەڵمـــانی دابەزی، بـاروبنەی خـۆی بـردە هـوتێلەکە و داوای کـابرای بـۆ نـان خـواردن ڕەتکـردەوە و تووشـی واق و ڕمـانی کـرد، بە پەلەپەلییەکـی زۆرەوە وەکــو شـێت بەرەو کەنیســە گــوڕی خــواردەوە و یەکڕاســت بە پلیکانەکـانی تـاوەرەکەدا سەرکەوت.پاســەوانەکانی تـاوەرەکە لەو تەنگاوییە بەنیگەرانییەکەوە سەیری یەکیان کرد.

ڕیـزی نـیمچە شـێوە کڵاوئاسـاکان،لەدەوری کۆشـکی خـانەوادەی ڕۆهان [18] وەکو هێلێکی بەرجستە و ئاسۆیی خۆیان دەنواند.
پێدەشتی ئیلزاس و گوندەکانی ئەو ناوە جەنگەڵ و باخەکـان لە ژێـر تیشـــکی هەتـــاوی نیـــوەڕۆدا دەدرەوشـــانەوە. لە هەریەک لەو

[18] Rohan: کۆشکی بە شکۆی کاردینال دو رۆهان(سەدەی هەژدەیەم).

گوندانەیشی چەندین ژنی جحێل و خاتوون نقوومی خەوێکی قووڵ ببوون.

ئەو خوێندکارە لەبەرئەوەی دیمەنی گوندەکەی وەک تابلۆیەکی سادە هاتە بەرچاو و حەزو ئارەزووی جۆراوجۆری خۆشبەختی لەسەر ئەم نیگارە دەکێشا، دەمێک چاوەڕوانی عیشق و چاوەنواڕی شیرین و شاراوەی چەشت. ئیدی لە مەودوا چەندین جاری دی دێتەوە ئێرە. سەربانەکەی دەیڕوانیە سەربانەکانی دی و خۆی لە تاقی ئاسمانێدا دەبینییەوە.

ڕۆژانی سەرەتا هەستی بە ژانەسەر دەکرد بەهۆی لاوازی نەخۆشە درێژخانەکانی سەردەمی منداڵی، کە بۆی مابووەوە،لە چۆلەوانی و تاریکی و پشێوی دەترسا و بوێری ئەوەی نەبوو لە بەرزاییەوە بۆ بەرپێی خۆی بڕوانێ، بەڵام هەوڵیشی دەدا خۆی لەو لاوازییە ڕزگار بکات. وردە وردە ئەو دەشتە بەرفراوانە،کە لە دڵی ئەو وەکو تابلۆیەکی بێ وێنە بوو و ناو و یادگارەکانی نەخشیان دەبەست. لەوە بەدواوە بە یەک نیگا هەموویانی دەناسییەوە. ناوچەی ساڤرن[١٩]،کە لەگەڵ ڤیلاند چووبووە ئەوێ ,دروزنهایم[٢٠]، لە پێشەوە باریکە ڕێیەکە و بەنێو چەندان باخچەی ڕازاوەدا گوزەر دەکا و بەرەو سیزنهایم[٢١] درێژ دەبێتەوە،هەمووی دەناسییەوە .لەوێ لە

---

[١٩] : Saver ne دەڤەرێکی نزیکی رووباری راینە. و.فارسی.
[٢٠] Weland:
[٢١] Drusenheim:

دووری ئاوایی له نێو باغە پڕ یاسەمینەکان، (فریدریک بریڤن)[22] ی نازدار خانوویەکی هەیە.

لە ئاسۆی پشت گردۆلکە و تاوەری کۆشکەکانەوە پەڵە هەورەکان تێک ئاڵابوون. بیری ئەو خوێندکارە لەلای ئەو مرۆڤە پڕ جۆش و خرۆشانەوە بوو،کە سێسەد پێیەک لە خوار قاچی ئەودا لە جموجۆڵدا بوون. چەند حەزی دەکرد لەو ژیانەی بە ڕووخسار بێگانە لە یەکتری ، بەڵام لە ڕاستیدا بە رەمز پێکەوە بەستراوەی ئەوان تێ بگات، بنمیچی خانووەکان هەڵتەکێنێ و وەکو بینەرێکی شاراوە کاروکردەوەکانیان ببینێ،کە ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ ناسینی خەڵک. شەوی پێشتر لە کۆشکی سێرکبازی شانۆی (دکتۆر فاوست)[23] ی تەماشا کردبوو. ئێستایش تەماشا دەکا بەسەر سەریەوە هەورەکان بەسەر تاوەری زەنگی کەنیسەدا تێدەپەڕن، لەپڕ بیری بۆ ئەوە دەچێ،کە ئەو تاوەرە خەریکە هەڵدەفڕێ.لەگەڵ خۆیدا کەوتە بیرکردنەوە (من چیم؟ئەگەر شەیتان لە بەرامبەر پێدانی توانا و ژن و گەنجینەدا داوای لێکردم پەیمانی فاوست واژۆ بکەم....یان واژۆم بکردایە؟ بێ ئەوەی هیچ کۆت بەندێک لە کارەکەیدا هەبێ و ویژدانی خۆی ئاسوودە بکا و گوتی: (نا،ئەگەر هەموو دونیاشیان پێم بدایە

[22] Fredderiqu Brio :

[23] Docteur Faust : ناوی پاڵەوانی شانۆنامەیەکی مارلۆیە، کە لە ساڵی ١٥٩٠ دا نوسیویەتی، دواتر بووە ناوی پاڵەوانی مەزنترین کتێبی گۆتە و کتێبەکەش هەر بە ناوی ئەوەوەیە. ئەو پاڵەوانە بە ڕێکەوتن لەگەڵ شەیتان رۆحی خۆی بە سەروەت و سامانی بە دنیا دەفرۆشێ. و.فارسی.

ئامادەی واژۆکردنی ئەو پەیمانە نەبووم،بەڵام ئامادە بووم لە بەرامبەر ناسـینی حەقـیقەت ئەو واژۆیەم بکـردایە....ئەی دۆسـت تـۆ زۆر بە وەرەی!)

لەبەرئەوەی بـاران دایکـرد، خوێندکارەکـە لە پلیکـانە خـولاوەکەدا دابەزی و بیرێکـی کـردەوە (باشـتر نیـیە منـیش کتێبێکـی فاوسـت بنووسـم ؟. دەربـارەی فاوسـت کتێـب زۆرە، بەڵام ئەوەی ئاشپیس[٢٤]،ڤیدمان [٢٥]وەکـو خواناسـێک شـتێکی پـووچە. فاوسـتەکەی ئەوان تەڵەکەبازێکی میللییە، ناپاکییەکەی مـایەی نەفرەتییە.شـەیتان دەرەقەتی نایێ، چـونکە فاوسـتی ئەوان بە موریـدی خـودی شـەیتان ناسێنراوە...، بەڵام فاوستەکەی من؟....فاوستەکەی مـن زۆر مەزنتـر دەبـێ،وەکـو پرۆمیسـە[٢٦] دەبێـت،کە دۆڕاوی دەسـتی خودایـان دەبـێ بەڵێ ،ڕەنگە بەلایەنی کەمەوە بە گوناهی ئەوەی داوایکردووە بتـوانێ نهێنییەکانی ئاشکرا بکات).

لە خـوارەوەی منـارەکە، لە نێـو کڵێسـاکەدا، لە پەنـجەرە گەورەکانەوە رۆشـنایيەکی کـز دەدرەشـایەوە،چەند ژنێـک بە ئەژنـۆدا کەوتبـوون و لەبەر ئەو رۆشـنايیە نزایـان دەکـرد و لـە پیانۆکـانەوە ئاوازیەکی شاراوە هەڵدەستا،دەتگوت دەستێکی نەرم دەیژەنێ، گۆتە

---

[٢٤] Spiess:

[٢٥] Widmann:

[٢٦] Promethee : خوداوەندی ئاگر بووە لای یۆناییەکان، بە گوناهی دزینی ئاگری ئاسمانەکان بە فەرمانی ژۆپیتێر لە کێوەکانی قەفقاس مێخکوت کراوەو لەوێ هەڵۆیەك پارچەی جگەری دەخوات و دەڕوێتەوە. و.فارسی.

سەیری هەیوانەکانی دەکرد ،هەر کاتێ خۆی لە بەرامبەر درەختێکی جوان دەدیتەوە تووشی حالەتێکی وا دەبوو دەتگوت لەگەڵ رۆحی ڕووەکەکاندا تێکەڵاو بووە و دەسەڵاتێکی ڕەهای بێ کەم وکورتی هەیە، بیری وەک شیلەی ڕووەکی بەرەو سەرەوە هەڵدەچوو ، لە لقەکاندا دابەش دەبوون، لەسەر شێوەی گەڵا و گوڵ و میوە دەپشکوتن و ئێستا کەوانە لێک نزیکەکانی گونبەتەکە هەمان ئەو مەزنی و ڕێک و پێکی و شکۆدارییەی لە مێشکی ئەودا هەڵدەوڕوژاند ، لەبەر خۆیەوە دەیگوت: (لێرەش هەروەکو شاکارەکانی سروشت هەربەشە و پێگەی تایبەتی خۆی هەیە و هەموویان پێکەوە گونجاون، مرۆڤ دڵی دەخوازێ کتێبان بنووسێ لە ئاست مەزنیی کلێسا و وەکو ئەوبێ، وای!خۆزگە دەتتوانی هەستی خۆت دەربخەی ،خۆزگە ئەو گرەی ناخت بێنیتە سەر کاغەز....).

هەرکاتێک نقومی خودی خۆی دەبوو، جیهانێکی بۆ خۆی دەسازاند،تازە ئاشنای بەرهەمەکانی شکسپیر[٢٧] ببوو،ئەوی لە ڕیزی خۆی دادەنا و ستایشی دەکرد،بۆچی ئەویش نەبووە شکسپیری ئەڵمانی؟ ئەو هێزە پەیدا بکات و وێنەیەکی ئەو بوونەوەرە بکێشێ؟ چەند حەزی دەکرد ئەو خرۆشانە بەردەمی دواجار وەکو ئەو کڵاوڕۆژنانە پایەدار و جێگیر بکات.

---
[٢٧] Shakespeare: گەورەترین درامانووسی ئینگلیزە (١٥٦٤- ١٦١٦ز).

ڕەنگە ئەندازیاری ئەو کڵێسایەش لە بەرامبەر ئەو کڵێسایانەی کە پێش ئەو لە خەیاڵیدا دروستکرابوون، بێ ئومێد و دودڵ بووبێت.
بابەتی کتێبەکە چی بێت؟ شتێکی گەورە و فراوانی لەم چەشنە بوو، چیرۆکی (سوارچاک گۆتز دوبر لیشنگن)[28] یا هەر فاوستەکە بێت.

یان شتێ وەکو هەڵبەستێکی عەشقانە و دەشتەکی ئەڵمانی،بە شێوازی تیۆکریتۆس[29]،بەڵام زۆر تازەتر،ڕەنگە محەمەد یا پرۆمیسیۆس بێت. بە کورتی هەر بابەتێک کە بتوانێت دنیا لە خۆ بگرێ و بۆی گونجاو بێت.

لەو هەوڵە مەزنەدا بێباک بوو،کە پاڵەوانانی داستانەکە بە شێوەی خۆی بخاتەڕوو و سیفات و تایبەتمەندییەکان چەندجار گەورەتر لە خۆیان بسازێنێ و پاشان ڕۆحی خۆی بەو پاڵەوانانە ببەخشێت و بیانهێنێتە کوڵ.. چیرۆکی سیزاریش خراپ نیە...بەڵام بیری لەوە دەکردەوە تەمەنی دەرەقەتی ئەو هەموو بیرکردنەوانە نایەت.
مامۆستاکەی هێردەر[30] دەربارەی ئەو وتبووی: (سروشتی باڵندەیەکی هەیە، کە بێهودە پەڕوباڵ دەکوتێت)، بەڵام بۆ پڕکردنی ئەو هەموو چوارچێوە جوان و خاڵییانە پێویستی بە نەخش و هەڵچوونگەلێک

---

[28] **Götz Berlichingen:** سوارچاکی ئەڵمانی (١٤٨٠-١٥٦٢ز)،گۆتە وەکو یەکێ لە پاڵەوانانی شانۆنامەیەکی خۆی بەرجەستەی کردووە.

[29] Théocrite: شاعیری ناسراوی یۆنان، کە لە ساڵانی ٣٠٠ یان ٣١٠پ.ز. لە شاری سیراکۆس لە دیکبووە.

[30] **Heder:** نووسەرو فەیلەسووفی ئەڵمانی،نووسەری کتێبی فەلسەفەی مێژووی مرۆڤ (١٧٤٤- ١٨٠٣ز).

هەبـوو ، دەبـووایە ئەزمـوونی ژیـان پەیـدابکات و هەزار جـۆرە ژیـان بگوزەرێنێ. چەند جار بە خۆی دەگووت: (نامەوێ هیچ بم،یان بمەوێ ببمە هەموو شتێک) نە یدەویست ببێ بە هیچ...

لە ڕاستیدا هیچ پایەیەکی نەدەویست؟تەنانەت مێـردی فریـدریکەی نازداریش؟نا،هیچ نا.

فرمێسکەکانی فریـدریکەی هێنـایە بەرچـاوی خـۆی. ئایـا بەڕاسـت مافی ئەوەی هەیە،کە بە جێـی بهێڵـێ، لە کاتێـکدا هەمـوو ڕەفتـار و جووڵانەوەکـانی ئەوەیـان دەنوانـد،کە مەیلـی هاوسـەرگیریی هەیە و قەشـە (بریـون)ی بـاوکی فریـدریکە ،وەکـو کـوڕی خـۆی تەماشـای دەکرد؟بە خۆی گوت:

(هەق؟ ئایـا لە مەشـقدا هەقگەلێـک هەیە؟سـەرباری ئەوەی ئەو بەسەرهاتەکە بەلای ئەوەوە بە هەمان ئەو ئەندازەیەی من چێـژبەخش و ئاسـایی بـوو، ئایـا فریـدریکە قەت لەوە نەگەیشـتووە،کە کـوڕی گۆتەی وەزیری فرانکفۆرت کچێکی شەنگی لادێی بە ژنی خـۆی قبـوڵ ناکات؟ئایا هەرگیز ئەوە دەشیا کە بـاوکم بەو کـارەی ڕازی بێت؟ئایـا فریـــدریکە لە ژیـــنگە و دەوروبەرێـــک کە جیـــاواز بـــوو لە هـــی خۆی،خۆشبەخت دەبوو؟

لە وەڵامی ڕەتکردنەوەی بیرۆکەکانی خۆیدا دەیگوت:

واز لە کـــاری هەڵە بێـــنە!! ئەگەر دەتەوێ بـــێ وەفـــایی بنوێنی،ڕاستگۆیانە بێ وەفـایی بکە.کـوڕی گۆتەی وەزیـر لە کیـژی

قەشە باڵاتر نییە. دایکم لە فریـدریکە هەژارتـر بـوو. گەیشـتینە سـەر جیــاوازی ژیــنگە،مەگەر زســتانی ڕابــردوو،کە فریــدریکە لە تەلارە گەورەکانی ستراسبۆرگ لەسـەر ئەو ئەرزە بە دار داپۆشـراوە سـەمای دەکرد،زۆر دڵفڕێن نەبوو؟ دیسان بیری کردەوە:مافی خۆتە،بەڵام چی دەکەی؟نـــاتوانم.....نەخێر، نـــاتوانم هاوســـەرگیریی لەگەڵ ئەودا ســـنووردارکردنی خـــۆمە. هەوەڵـــین ئەرکـــی هەمـــوو کەســـێک ئەوەیە،کەتواناکانی خۆی پەرە پێ بدا و بیکا بە کردار. من دەمەوێت وەکـو خـودی گـۆتە بێمێـنەوە بە هەمـوو خەوش و نەنگیـیەکمەوە. کاری چاکە و هەڵەکان بە شـێوەی سروشـتی خۆیـان خۆشـن. هەقـم بـوو کە (فریـدریکە)م خـۆش بوێـت، چـونکە ئەو کـاتە ئەو هەسـتەم هەبوو، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ هەست بـکەم،کە بـۆ گۆڕانکـاری لە ژیانمـدا پێویستە لەو ڕابـکەم، ئەو دیسـان هەمـان گـۆتەم و هەمـوو شـتی بە شێوەیە دەبێ، کە دەبێ ببێ).

لەو سـاتەدا فریـدریکەی بە گریـانەوە لەسـەر ڕێـگە، هێنـایە بەر چاوی خۆی و خۆیشی بە سواری ئەسپێکەوە سەری لەبەرخۆی ناوەو دوور دەکەوێـتەوە و لە خـۆی ڕانـابینێ ئـاوڕێکیش بـداتەوە. بیـری کردەوە: ( (دیمەنێکی چەند گونجاوە بۆ چیرۆکی فاوست).

## -٢-

کاغەزێکی سەر بەمۆری سوور بوو، کە ئەو خوێندکارەی گەیاندە پایەی پارێزەری. فریدریکە لەبەر بێ وەفایی دۆستەکەی دەگریا. ئەسپەکەی دکتۆر گۆتە بە چوارسم بەرەو فرانکفۆرت تێی تەقاند. فەلسەفە و یاری سەر بەفر دەرمانێکی بە سوێی ئازارێکی ویژدانی تا ڕاددەیەک قورسبوو. بەهاری ئەو ساڵە بەڕێز گۆتەی وەزیر ڕاهێنانی لە دادگای پاشایی ڤێتسلار[٣١] بۆ تەواوکردنی خوێندنی دادوەری بۆ کوڕەکەی بە پێویست دەزانی .

دەسەڵاتدارە گرنگەکانی ئەڵمان نوێنەریان بۆ ئەو دەزگایە چڵکن و لە خۆبایی و ناوەڕۆک بە تاڵە لەو شارە دڵفڕێن و ئارامە ناردبوو.. (گۆتە)یش هەرگەیشتە میوانخانەی (کرونپرێنتس)[٣٢] کۆمەڵی دەست و پێوەند و نووسەرە گەنجەکانی باڵوێزخانەی لەچواردەوری مێزێکی پڕ لە ژاوەژاودا بینی و هەر لەگەڵ هەوەڵێن گفتوگۆکانیان ئاشنای بیروبۆچوونەکانیان بوو. ئەو دەمی ئەوروپا تووشی تەنگژەیەکی

---

[٣١] **Wetzlar :** ، یەکێ لەشارەکانی هەرێمی پروسی (ئاڵمانیا) یە. و.فارسی.

[٣٢] **Kronprintz:**

هزریـی ببـوو. نـۆ سـاڵ، کە پاشـا بە کەیـف وخۆشـی ڕایـدەبوارد، ڕێکخستنە بەساڵاچووەکان هێشتا ئەوەندە هێزیان هەبـوو، کە هەمـوو شۆڕشێک دامـرکێننەوە، بەهـۆی ناتەبـایی نێـوان جـۆش و خرۆشـانی گەنجـان و داتەپـین و کەوتنـی کـۆمەڵ بێتـاقەتی و ڕق و کیـنەیەک دروسـت دەبـوو ئەمەش هەمـان مـامەڵەی قۆناغەکـانی میـانەگیری و ئـارامییە و ئێسـتاش هەروەکـو هەمیشـە پێـی دەگـوترێ نەخۆشـی سەردەم. هەوادارانی گەنجی (ڤێتسلار) یش هەروەکو هـاوزای خۆیـان گرفتاری هەمان ئەو دەردە بوون. ئەمان کە خـوێنەرێکی زۆر پەرۆش بوون، بۆ ڕێنوێنی سۆزداری خۆیان سوودیان لەبەرهەمەکانی ڕۆسـۆ[33] و هێردەر[34] وەردەگـرت و بـۆ خـۆدزینەوەی خـودی خۆیـان بە چـاوی شک و گومانەوە ڕوویان لە خواردنەوە کردبوو.دکتۆر (گـۆتە)یـش کە هەروەکـو ئەوان و لە هەموویـان زیـاتر بـاڵاتر بـوو، ئەو گەنجـانەی شـەیدای خـۆی کردبـوو.ئەویش وەکـو ئەوان لە سـەر هەر ڕسـتەیەکدا ئەم وشـانەی دووبـارە دەکردەوە (سروشـت... ڕێزگـرتن لە سروشـت...ژیان بە پێـی سروشـت...)،بۆیە ئەوکاتە"سروشـت (کلیلـی هەمـوو نهێنییەکـان بوو،هەروەکـو چـۆن لای نەوەی کـۆن (عەقـڵ) و (ئازادی) و (بریاردان) پایەی خۆیان هەبوو و دواتریش (توندو تیژی) لەلای نەوەکانی ئایندە ئەو پایەی پەیدا کرد. لەلای (گۆتە) سروشـت

---

[33] : Jean Jacques Rousseau نووسەری فرەنسی زمان و بە رەچەڵەك سویسری (١٧١٢-١٧٧٨ ز)

[34] : Herder نووسەری ئەڵمانی (١٧٤٤- ١٨٠٣ ز).

بە تەنیا وشەیەک نەبوو , ئەو لە سروشت دەژیا و تێکەڵ دەبوو و بە شێوەیەکی دوور لە پەژارە خۆی دەدایە دەست سروشت , ئەگەر چی دۆستە تازەکانی واتا دیپلۆمتکاران و ئەدەب دۆستەکانی دەرگای نوسینگەی کارکردنیان بەڕووی خۆیاندا دادەخست و وەها خۆیا دەنواند خەریکی کارن، گۆتە دلێرانە سووکایەتی بە دادگای پاشایی دەکرد و زۆر ڕژد بوو لە سەر ئەوەی کە ماف تەنیا لە هۆمیرۆس و پیندارۆس[٣٥] فێربووە ,هەموو بەیانییەک کتێبێکی لە بن باغەڵی دەنا و بەرە و گوندە دڵڕفێنیەکانی ڤیتسلار بەڕێ دەکەوت. بەهار سەرنجڕاکێش بوو، درەختەکان لە کێڵگە و مێرخوزارەکاندا وەکو دەستە گوڵی سوور و سپی خۆیا دەنواند. گۆتە لە نێو گیا بڵندەکانی نزیک ڕووبار ڕادەکێشا و لەگەڵ هەزاران وردە گیا و مێش و مەگەز و ئاسمانی شیندا ئاوێتە دەبوو. دوای ئەشکەنجەکانی ستراسبۆرگ و ئازاری ویژدانی فرانکفۆرت سەفا و ئارامییەکی سەیر و تەمازرۆییەکی سەیر ڕووی تێکردبوو.

کتێبەکەی (هۆمێر)ی دەکردەوە و بزاڤێکی تازە و مرۆڤدۆستانەی ئەو داستانە بەلای خۆیدا پەلکێشی دەکرد. کیژۆڵەکانی سەر کانیی لەبەرچاوی ئەودا ،وەکو نۆسیکا[٣٦] و هاوڕێکانی دەردەکەوتن، ئەو

---

[٣٥] : Pindare, Homère دووشاعیری بەناوبانگی یۆنانین.

[٣٦] : Nausicaa کچی ئالسینۆس Alcinoüs، پاشای قەومی ئەفسانەیی فیاسین، ئاشقی ئۆلیس بوو داوای لە باوکی کردد شووی پێ بکات،بەڵام ئۆلیس چونکە بە تەمای گەڕانەوە بووی بۆ

بەزالیا سەوز و کەبابانەی، کە ژنێک لە ناندینی میوانخانەیێکی کوێستانیدا ئامادەی دەکرد،لەبەرچاوی ئەو وەکو خۆراکی دڵخوازان و مووبەقی پینیڵۆپە[37] وابوون. بنیادەم نەدەگۆڕا و پاڵەوانان تابلۆی مەرمەڕی سپی نین، بەڵکو پێستی تووکن و فەرامۆشکراو دەست و بازوو بەهێزن، ئێمە هەمووما‌ن وەکو ئۆلیسی ئاسمانی لە بەلەمێکی بچووک بە سەر گێژەنێکی سەرگەردانەوە خۆمان داوەتە دەست خودای گەورە و بە سەر سەری شەپۆلێکەوەین...وەختێ لە سەر ئەلەفی نەرم و لەسەر ئەو ئەرزە راکشاوین و چاومان بڕیوەتە ئاسمان، ئەو ساتە چ ترسناک و دڵگیرە. ئێستا شەوانە میوانخانەی کرونپرێنتس گەورەترین بەزمی لێ سازدەکرێ، (دکتۆر گۆتە)یش بەیانییان داهێنانی ڕۆژانەی خۆی دەنووسێتەوە. ئەو دەسکەوتانە هەندێجار شیعرێکی پینداروس و هەندێجاریش وێنەی جوانی کڵێسای گوندەکە بوو، کە خۆی کێشابووی، جاری وایش هەبوو وێنەی سایەی درەختە زەیزەفوونە جوانەکانی مەیدانی گوند بوو، یان وێنەی منداڵ و شۆڕەژنەکانی گوند بوون. گۆتە ئەو بەهرەیەی هەبوو،کە دەربڕینەکانی خۆی بە سۆزێکی سادەوە جۆشدار بکات، تەنانەت شتە بچوکەکانیشی بە شێوەیەکی سەرنج ڕاکێش و دڵگیر دەسازاند.

---

سەرزەمینی خۆی رازی نەبوو.هۆمەر لە کتێبی Odyssée دەربارەی نۆزیکا دەڵێ پاشا خۆی لەگەڵ خزمەتکارەکانی دەچوو بۆ شووشتنی جلەکانی.

[37] Pénélope: ژنە بەوەفاکەی ئۆلیس،کە دوای ئەوەی مێردەکەی بۆ ٢٠ ساڵ لە شەڕی تروادە نەگەڕایەوە داوای هەموو ئەوانەی رەتکردەوە، کە داوای شووکردنەوەیان لێدەکرد.بەڵام هەرچییەکی بەرۆژ دەیدووری، بە شەو هەڵیدەوەشاندەوە.

هەر کە لە دەرگا دەهاتە ژوورەوە ڕووداوەکانی ژیان خێراتر دەبـوون، هەڵبەتە کەس ئەو گفتوگۆ گەرم و سۆزدارییانەی لە کەسێکی دیکە قبــوڵ نەدەکــرد ،بەڵام چــۆن دەتوانرێــت لە بەرامــبەر ئەو لافــاوە بوەســتیتەوە؟چۆن دەتوانرێــت بەچــاوی ســتایش ئــامێز لەم هێــزە نەڕوانیت ؟ یەکێ لەو گەنجانە پێی گوتبوو: (پەه!گۆتە چۆن دەتوانێ تۆی خۆش نەوێت؟). هێنـدەی پـێ نەچـوو هەمـوو خەڵکـی ڤێتسلار ئــارەزووی ناســینی ئەویــان دەکــرد. دوو کەس لەو لایەنگــرانە، هەرچەندە تەنیا بوون و ژنیان نەهێنابوو، لە نێو ئەو کۆڕە دۆستانەدا ئامادەدەبوون. یەکێکیان، گەنجێک بوو بە ناوی یـەرۆزالیم[٣٨]،ئەنـدامی باڵیۆزخانەی برۆنشڤیک،[٣٩] کە ڕووخسارێکی فـرە جـوان و دوو چـاوی شـینی دڵگیـر و غەمـزەدەی هەبـوو. زۆربەی کـات خـۆی لە خەڵکـی بەدوور دەگرت، وەکو بەقسەی ئەو خەڵکـە دەڵـێن گرفتـاری عیشـقی ژنی یەکێـک لە هاوکارەکـانی خـۆی بـووە. ئەم گەنـجە دووجـار هـاتە دەیدەنی گۆتە و ڕەشبینی ئەوی پەسەند کرد، بەڵام لە ڕاستیدا زیاتر بۆ ئەوە بوو دۆستێکی ڕاستەقینە بۆ خۆی پەیدا بکات.

گۆشەگیرێکی تر(کیستنەر)[٤٠]ی کارمەندی باڵیۆزخـانەی هـانۆڤەر[٤١] بـوو. دۆسـتەکانی کە نـاوی ئەو دەهـات بە (دەسـگیراندار) بانگیـان

---

[٣٨] Jérusalem: (ئۆرشەلیم).

[٣٩] : Branunschweig دەڤەرێکی وڵاتی ئاڵمانیایە. و.فارسی.

[٤٠] Kestner :

[٤١] Hanover:

دەکــرد.لە ڕاســتیدا بەناوبانــگ بــوو، کە دەســگیرانی یەکێــک لە خاتوونەکــانی شــاربوو. ئەم گەنــجە زۆر کەســێکی جیــددی بــوو و ســەرۆکەکەی ڕێــزی دەگــرت و هەرچەنــدە جاحێــل بــوو، بەڵام بەرپرســیاریەتییەکی گەورەی خســتبووە ئەســتۆی ئەو، بــۆیە کــاتی ئەوەی نەبــوو لە میوانخــانەی کرونپــرێنتس فــراوین بکــات. ســەرەتا پیاهەڵــدان و ستایشــی ئەدەبدۆســتانی ئەو گروپــە سیاســییە تــازەیە بــووە هــۆی ئەوەی، کە کیســتنەر نــاڕەزایی دەرببڕێت و گــۆتەی پــێ پەسەند نەبێ، بەڵام ڕۆژێکیــان، کە لەگەڵ یەکێــک لە دۆســتەکانی لە دەرەوەی شــار دەگەڕان، گــۆتەی لە ژێــر دەرختێکــدا بینــی و دوای گفتوگــۆیەکی گەرم و دوو ســێ دیــداری دی تێگەیشــت،کە لەگەڵ کەســێکی دیــار ڕووبەڕووبۆتەوە.گــۆتەیش، کە لە کــۆت و بەنــدی قوتابخــانە و تــوێژی بــەگزادان ئــازاد ببــوو، ببــووە مــایەی پەســەندی دەوروبەرەکەی و سەرمەســتی جــوانی بەهــار ببــوو، خــۆی وەکــو کەســێکی خۆشــبەخت دەبینــی، بەڵام هەنــدێجار کــاریگەریی زوو بەســەرچوونی ئەو شــەوق و ئــارەزووەی وەکــو ســووکە شــەماڵێکی ئارامی ســەر دەریــا، بەشــیوەیەکی دی دەردەکەوت...یــادی فریــدریکە بوو؟...نەخێر، یادی ئەو نەبوو، کە ئارامیی بیرکردنەوەکــانی گــۆتەی شــێواندبوو، بەڵکــو دیســان چــاوەڕوانییەکی دڵ لەرزێــن بــوو، لەســەر تەپۆلکەکــانەوە لە شــاری ڤێتســلاری دەڕوانی،هەروەکــو چــۆن پێشــتر لەســــەر کڵێســــای مەزنەوە تەماشــــای ئیلزاســــی دەکــرد. بیــری

دەکردەوە: (تۆ بڵێی ڕۆژێک یەکێ لەو دەرگایانە بکرێتەوە و نەرمە جۆشێکی دەستکەوێ؟...ئایا ڕۆژێک دادێت دیسان لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کۆپلە شیعرێک بیر و ئەندێشەی من ڕوو لە ڕووخسارێک بکات؟...ئایا ڕۆژێک دێت،کە لە مانگەشەوێکدا ماڵئاوایی لە ژنێکی گەنج بکەم شەوم لێ درێژبێتەوە و کازێوەیەکی زۆر دوور دەردەکەوێ...بەڵێ،هەست دەکەم ئەو ڕۆژانەی دێن و بەهەمان ئەو وەسفانە. فریدریکە...)

ئەو کاتە ئەو یادەوەرییانەی نووسیەوە: (بە منداڵی دەرختێکی گێلاسم چاند زۆر پەرۆشی گەورە بوون و پێگەیشتنی بووم. شەختەیەکی بەهاری چرۆکانی وەراند و من ناچار بووم یەک ساڵ چاوەڕوانی بکەم تا گێلاسە پێگەیشتووەکانی دەرختەکەی خۆم ببینم،هەر ئەو کاتە باڵندەکان خواردیان و ئەوەیشی مایەوە،دراوسێ ورگنەکە بردی....ئیتر بۆیە ئەگەر باغێکم هەبێ، دیسان هەر ئەو دەرختی گێلاسە دەچێنمەوە).

هەر بۆیە دکتۆر گۆتە بەردەوام لە ژێر دەرختی پڕ لە گۆپکە و چرۆدا پیاسەی دەکرد، بە عەشقێکی تازەی بێ مەعشووقە هاتبووە جۆش و خرۆش.

## -٣-

گـەنجانی باڵیۆزخانەکـان کردبوویـانە نەریـت هەمـوو سـاڵێک لە وەرزی بەهارانــدا کــۆڕی ســەمایان لە کوێســتانێ ڕێکدەخســت. لە میوانخانەی گوندەکە بەڵێنـی ژوانیـان ڕێـک دەخسـت. هەنـدێکیان بە ئەسپ دەهاتن: یەکەمجار کە (گۆتە)بۆ یەکێک لەو ڤیستیڤاڵانە داوەت کــرا، بڕیــار بــوو لەگەڵ دوو خاتوونــان بچــن بە دوای شــارلۆت بوف[٤٢]دا،کە هەموویان پێیاندەگوت (لۆتە) و بۆ ئەو میـوانییە ئەویـش ببەن. شارلۆت کچـی بەرێـز بوف،بەرپرسـی ڕاستەخۆی ئەنجـوومەنی تــووتنی[٤٣] بــوو و لە جـێگەی ئەنجوومەنـدا خــانوویەکی کوێســتانیی دڵفرێنی هەبوو و لەوێ دەژیا. گۆتە بە تەنیـا لە گالیسـکە دابەزی و لە دەروازە بەردینەکە پەڕییەوە و پاشان لە دەروازەیـەکی بـەرکراوەی ئاغایــانەدا تێــپەڕی و کەســی نەبینــی، بــۆیە هەر خــۆی چــووە باڵەخانەکەوە.

کیژۆڵەیەکـی بینـی لەنێـو کـۆمەڵێ منداڵـدا وەسـتابوو و مڕەبـای دەبەخشیەوە. کیژەکە قژ زەرد و چاوشین و ماکیاژەکەی زۆر گونجـاو نەبــوو، بە شـێوەیەک سـەرنجی بینەرەکـانی ڕاکێشــێ و بڕیــار لە

[٤٢] Charlotte Buff:

[٤٣] Order Teutonique:،مەبەست گروپی سوارەکانی توونتە، کە لە ساڵی ١١٢٨ دا دامەزراو لە سەدەی شازدەیەمی زایینیدا لەناوچوو. و.فارسی.

جوانییەکەی بدەن، پیاو هەتا دەمرێ لەناو ژناندا بە دوای جۆرێکدا دەگەڕێ، کە بەشێوەیەکی پەنهان و شاراوە بتوانێ بیخاتە داوی سۆزی خۆیەوە.

ئەوەی دڵی گۆتەی کێش کردبوو، نەرم ونیانییەکی دەشتەکی و خۆشەویستییەکی بێ بەرژەوەندی بوو. بەر لەوەیش فریدریکەی ستراسبۆرگی خواوەندی ئیلهامبەخشی لادێیی بوو، ڕەنگە نۆسیکای کچی پاشا[٤٤] کچە جلشۆرێک بوو بێت ، کە زنجیرەی ئەم ڕەچەڵەکە پاکیزە و چالاکە نەشئەی بە بیری گۆتە دەبەخشی.

قسەکانی شارلۆت بەدەم ڕێگاوە،هەستەوەری ئەو بەرابەر سروشت، شادی منداڵانەی ئەولە کاتی سەمادا، زاقوزروقەکەی لەکاتی ڕەشەبادا بۆ ئەوەی هەمووان خەریک بکات.دواجار وایکرد دکتۆر بەجارەکێ شەیدای ببێ و زۆر دڵنیابوو ئەو ژنەی پازدە رۆژ پێش ئیستا خۆشی دەویست دۆزییەوە و بەو پێشهاتە دژوارە شادمان بوو.

(لۆتە)یش،کە زانی دڵی گۆتەی ڕفاندووە،چونکە یەک مانگ بوو هاوڕێکانی باسی زیرەکی بێ وێنەی گۆتەیان دەکرد.لۆتە وەکو شێوەی ژنانی داوێن پاک عیشوە و نازی دەکرد ، واتا عیشوەی نازێکی مەترسیدار.

---

[٤٤] Nausicaa: کچی پاشای نەتەوەی فیئاسینەکان بوو، کە لە ئەفسانەکانی یۆنانیدا عاشقی ئۆلیسی بووە. و.فارسی.

ماوەیەک بوو شەو ڕاشکا بوو، کیستنەر هەردەم بەهۆی ئیش و کارەوە درەنگتر لە دۆستەکانی دەگەیشت،چونکە زۆر ورد بوو و هەر نامەیەکی ڕەشنووس دەکرد و ئەوەندە سەیری پۆستی هانۆڤەری دەکرد هەتا هەموو نامەکان پێش واژۆکردن دووبارە بخوێنێتەوە، بە ئەسپ هات و گەیشتە کۆڕی هاوەڵانی. گۆتە لە شێوازی ڕەفتاری ئەو و کچە تێگەیشت، کە ئەمە (لۆتە بۆف)ی دەستیگرانی بەناوبانگی ئەوە. پەی بردن بەو مەسەلەیە نائومێدییەکی تاڕادەیەک قورسی لەلا دروستکرد، بەڵام دانی بە خۆیدا گرت و بێ ئەوەی بە ڕووی خۆیدا بێنێ وەکو ئەوانی دی بەشداری سەما کردن و سەرگەرمی و دڵخۆشی ئەوانی کرد.

بەرەبەیان لە یەکتر جیابوونەوە.گۆتە بە خامۆشی بە هاوەڵی سێ کەسەکەی دەگەڵی بە نێو دارستان گەورە و کێڵگەکان، کە باران تەڕی کردبوون،گەڕایەوە ماڵەوە تەنیا ئەو و شارلوت نەخەوتن.

شارلۆت وتی:

-توخودا بە هۆی منەوە ئازار مەکێشە.

گۆتە سەیرێکی کرد و وەڵامی دایەوە:

- تا ئەو چاوانە کراوەن، من ناتوانم چاو لێکنێم.

ئیدی لەوساتەوە هیچ یەکیان ورتەیەکیان لێوە نەهات، هەرگۆتە خۆی دەجوڵاند، قاچەکانی لە ئەژنۆی گەرمی کچەکە هەڵدەسووی و لەو بەریەکەوتن و خۆتێهەڵسوونە چێژێکی ئەوتۆی وەردەگرت، کە

قەت پێشـــتر نەی دی بـــوو. جـــوانی ڕۆشـــنایی بەربەیـــان،خەوی هاوڕێکانیان کە هەندێک پێکەنیناوی بـوو و بێ حـاڵی و مانـدوویەتی هەموویــــان و بە تـــــایبەتی لەنێـــوان ئەم دوانەدا هاوبەشـــــی و هاودەمییەکی خۆشی ساز کردبوو.

گۆتە لە ناخی خۆیدا وا بیری دەکردەوە:

" خۆشـم دەوێ، هـیچ گومـانی تیـا نییە، .چۆن شـتی وا دەبـێ؟ ئێستا لە سیزنهایم... .عەشقێک دەژاکـێ و عەشـقێکی دی چـرۆ دەکـا. باشــــــە یاســـــای سروشـــــــت ئەمەیە،بەڵام ئەو دەســـــــتگیرانی کیستنەرە .کەوابێ مـن دەبـێ چ ئومێـدێکم هەبـێ... .پێویسـتم بە هـیچ ئومێـدێکم نییە... .ئەوەنـدە بەسـە، کە جـارێکی دی بیبیـنمەوە، لە ماڵەکەیـان لە نێـو منداڵەکانیـدا لێـی بـڕوانم، قسـەی لەگەڵ بـکەم و دەنگـی خەنـدەی بیبسـتم... .ئاخر ئەم کـارە بە کـوێ دەگـات؟ کـێ دەزانێت، بۆچی دەبێت پێشبینی ئەنجامی کێشـەیەک بکرێـت؟ دەبـێ وەکو جۆگەڵەیەکی ڕەوان بۆ خۆت بژیت).

سەرەنجام گالیسکەکە لە بەردەم دەروازەی خـانەی ئەنجـومەن،کە هێشـــتا لە ســـایەی ڕۆشـــنیی بەرەبەیانـــدا خەوتبوو،وەســـتا .گۆتە سەرمەستی بەختەوەری بوو.

## -٤-

بۆ سبەینێ گۆتە بۆ هەواڵ پرسینی نۆسیکا ڕۆیشت و لەگەڵ ئالیسینۆیۆس[٤٥] ئاشنایەتی پەیدا کرد، ژنی بەرێز (بوف)ی پیر، کە ساڵێک بوو مردبوو، یازدە منداڵی هەبوو،لۆتە بە چاکی و خۆشەویستییەوە ئیدارەی هەموویان دەدا، گۆتە هەر لەگەڵ یەکەم دیداریدا پیرەمێرد و منداڵەکانی هۆگری خۆی کرد، چیرۆکی دەگێڕایەوە، گەمەی نوێی بۆ دادەهێنان، باسی ئەم و ئەوی دەکرد، چالاکی و دڵگیرییەکی ئەوتۆی هەبوو، هەمووانی شەیدا کردبوو.

لەکاتی گەڕانەوەیدا ئەو منداڵانە دەپاڕانەوە،کە زوو بگەڕێتەوە. خەندەلێوەکەی (شارلۆتە)یش پشتگیریی ئەو داوایەی دەکرد،وەلێ ئەو ئەو کەسە نەبوو بەختەوەریی ژیانی پێ ببەخشێ، بۆیە ڕووی لێ وەرگێڕا. هەموو ڕۆژێ بەیانیان و عەسران یەکتریان دەبینی، دوای چەند ڕۆژێک بوو بە میوانی هەمیشەیی ئەو ماڵە.

[٤٥] Alcinoüs : باوکی نوسیکا و پاشای نەتەوەی ئەفسانەیی فیاسین Pheacien ، مەبەست ئەوەیە، کە چوو بۆ ئەحواڵپرسی شارلۆتە و لەگەڵ باوکی لۆف ئاشنابوو. و.فارسی.

لە ڕاستیدا سەیرکردنی ژیانی ڕۆژانەی شارلۆت دیمەنێکی دڵڕفێن بوو.گۆتە هەمان ئەو شتانەی لە فریدریکە بە لایەوە پەسەند بوو، لە (لۆتە)یشی دەبینیەوە،بۆ نموونە چاپووکی لە کارکردن و دەسڕەنگینی و وردەکارییەکەی شاعیرانە بوو،لە بەیانییەوە تا ئێوارە کاری دەکرد، منداڵەکانی دەشوشت، جلی لەبەر دەکردن،یاری پێ دەکردن، هاوکات بە زەوقێکی جوانەوە چاودێریی خوێندنی گەورەکانی دەکرد،گۆتەی لەگەڵ خۆی بۆ میوەڕنین دەبردە باخچە و دەنکی فاسۆلیا و بازێلای پێ دەردەهێنا ،کە شەویش دادەهات هەموو خێزانەکە لە سالۆنەکە کۆدەبوونەوە،گۆتە بە فەرمانی شارلۆتە نەیدەهێشت هیچ یەکێک لە هاوڕێکانی بێ ئیش دانیشن، کلاڤسینی[٤٦] ڕێکدەخست.

لۆتە ژنێکی بە هەست نەبوو،هەستی هەبوو،بەڵام ئەو هەموو کارە بواری هەوەسبازی بە هەستەکانی نەدەدا، گفتوگۆکانی لەگەڵ گۆتە جددی و سوومەند بوو، گۆتە باسی ژیانی و بیروبۆچوونەکانی خۆی بۆ دەکرد و هەندێ جاریش باسی هۆمێر و شکسپیری بۆ دەکرد. شارلۆت ئەوەندە زیرەک بوو،کە ڕێزی لە هونەر و هەستی هاونیشنی دەگرت و زیاتر لە ڕیگەی گۆتەوە ئاشنا دەبوو. هەرچییەکیان لە بارەی گۆتە بگوتبایە هەستی بە خروشان و ڕەنگە عەشقیش دەکرد،

[٤٦] : Clavecin ئامێرێکی مۆزیکە،لە پیانۆ دەچێت. و.فارسی.

بەڵام ئەو حاڵە بی ئەوەی پەریشانی بکات ،قایل دەبوو ،چونکە دەیزانی دڵی پێ ئارام دەبێت.

(دەستگیراندار) کەمێک غەمگین بوو. سەرقاڵیی بە کاروباری سیاسی ڕۆژانە لە شارلۆتی دوور دەخستەوە، کە دەگەیشتە ماڵی لۆتە دەبینی کە گۆتە یان لە بەردەرگا و لە بەر پێی کچە دانیشتووە و تەماشای دەست و پەنجەی چنینی ئەو دەکات یان هەردووکیان پێکەوە لە گۆشەیەکی باغەکە خەریکی گیاوگوڵ چاککردنن،ئەو دووانە زۆر بەگەرمی پێشوازییان لێ دەکرد و دەسبەجێ دەکەوتنە گفتوگۆی خۆیان و بە هیچ کلۆچ و بابەتێک بێ دەنگ نە دەبوون،کەچی لەگەڵ ئەمەشدا کیستنەر لە خۆیەوە زەینی بۆ دەچوو، کە گۆتە بە بینینی ئەو خۆشحاڵ نییە. ئەو بۆ خۆی حەزی دەکرد زیاتر لەگەڵ شارلۆت بە تەنیا بن، هەرچەند یەک بەدوای یەک داوای رۆیشتنی بۆ دەهات، بەڵام ئەو پەلەی نەدەکرد، چونکە هەردووکیان فەیلەسوف و پەروەردەکراو بوون، نەیاندەهێشت سۆزی خەمناکی بە ڕوویاندا دەرکەوێ، بۆیە هەر یەکێکیان هەوڵی ئەوەی دەدا خۆی لەگەڵ ئەوەی دی بگونجێنێ.

کیستنەر چونکە کەم ئەزموون و دڵشکاو بوو، زۆرتر نیگەران بوو، بەتیلەی چاو و بە وردی سەیری نەیارەکەی خۆی دەکرد و بە قورس و سەنگین دەهاتە بەرچاوی.لە هەموو خراپتر ئەوە بوو گۆتە هەستی بە بۆشاییەک دەکرد و ئەمەش بە دیدەی خەڵوەتنشینان

بەخششێکی گەورەیە،کە مرۆڤ هەردەم ئامادە بێت ئەوان لەو شەڕە ڕوحییە پڕ لە پێشبینی و پەرێشانییەی کە هەیانە ڕزگار بکات.

ئەگەر دەستگیراندار بیتوانیایە لە بۆچوونەکانی ناخی دوژمنەکەی خۆی تێ بگات، دڵئاسوودە دەبوو. گۆتە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە پەی بەوە برد کە نابێتە خۆشەویستی لۆتە، چونکە ژنێک کە هاوسیفەتی لۆتە بێت کیستنەر ناکاتە قوربانی گۆتە، بەڵام دڵنیابوو،کە مایەی پەسەندی ئەوە و ئەوەش بەخششێکی گەورە بوو، ئیدی بۆ خۆی دەبێ چ داواکارییەکی دی هەبێ؟هەوڵ بدا بیکا بە ژنی خۆی؟هەڵبەتە ئەوە ئەوە خۆشبەختییەکی بێ کۆتایی بوو،سودی چییە؟ گۆتە ئارەزووی ئەو خۆشبەختییەی نەبوو. نەخێر،بەم دۆخە دڵخۆشییەی ئێستای ڕازی بوو. لەبەر پێی ئەو دانیشێ و ببینێ وەختێ یاری لەگەڵ برا بچووکەکانی دەکات ،یان کاتێ خزمەتی دەکرد یان قسەیەکی دەکرد بە دڵی ئەو بوو و چاوەڕوانی خەند لێوێکی ئەو بوو،یان ئەگەر بێ چاوڕوویەکی لە بەرامبەر ماستاوکردن بۆ خۆشەویستی ئەو دەکرد،ئەویش بە سووکە پشتە دەستێک نەوازشی بکردبوایە، ئەوا ئەم ژیانە یەک چەشن و سنورداره بەلای ئەوەوە مایەی ڕازیبوونێکی زۆر بوو.

بەهار هەوا خۆشبوو، زیاتر لە باغ دەمانەوە، وردەکارییەکانی ئەو ئەڤینە پاک و ئارامە لە یادداشتەکانی ڕۆژانەی گۆتەدا وەکو دیمەنێکی کورتی شانۆیی عیشقدا هاتووە.گۆتە بەرهەمی وا

دەنووســێ. هەڵــبەتە نەک وەکــو بینــا زەبەلاحەکــانی کلێســای مەزن،بەڵکــو وەکــو پەرســتگایەکی بچــووکی یۆنــانی لە گونــدێکی قەشنگدا. لە کۆتاییدا کارەکەی بە چی دەگات؟گۆتە نەیدەویست لەم بــارەیەوە بیــر بکــاتەوە. کەم کەمە کارەکــانی خــۆی بە رووداوێکــی ئاسایی وەردەگرت.

ســاتەکــانی شــەو وردە وردە زۆر دڵگیــر دەبــوو، کە کیســتنەر دەگەیشتە جێ ئەو سێ دۆستە پێکەوە لە هەیــوانێ دادەنیشــتن و تــا نیــوە شــەوێ لە قســە نەدەکەوتــن. هەنــدێ جــاریش لەبەر تــریفەی مانگەشەو بە نێو کێلگە و باخەکانـدا پیاسـەیان دەکـرد.گەیشـتبوونە کەمــاڵی هاوســۆزی و هــاوڕازیی و قســەکانیان زۆر دڵگیــر بــوو.هیچ بابەتێــک لە دیــدی ئەوان مــایەی گاڵتەجــاریی نەبــوو،پڕ بە دڵ و بەڕێزێکی زۆرەوە، مامەڵەیان دەکرد.

زۆرتــر گــۆتە قســەی دەکرد.کیســتنەر و شــارلۆت چێژیــان لە درەوشانەوەی سەرسوڕهێنەری سەلیقەی ئەو دەبینــی. بەژن و بــاڵا و ڕەفتاری دۆستانی لە فرانکفــۆرت بــاس دەکــرد و لەوانە یەکێکیــان،کە ناوی خاتوو کلیتنبێرگ[٤٧] بوو،ئەوەی تریان دکتــۆر میتنــز[٤٨] بــوو، کە نیگــایەکی لاســارانەی هەبــوو و بە نەرمــی دەدوا و بــۆ دەرمــانی هەر دەردێــک لە کتێبــی عیرفانیــدا دەگەڕا. گــۆتە دەیگێــڕایەوە کە چــۆن

[٤٧] : Klettenberg
[٤٨] : Docteur Metz

**لەگەڵ ئەو پیاوە بەرهەمی کیمیاگەرانی خوێندۆتەوە و دنیای بە هێزی پێشبینی جنۆکە و پەری و سەمەندەر پڕ کردبوو. ماوەیەک پەیڕەوی کۆمەڵی زوهد و خواپەرستانی دەکرد.گومانی دەکرد کە ئەو کۆمەڵە زیاتر ئامادەیی قبوڵکردنی ئاینی تاکگەرایی بن و کەمتر پابەندی ڕێ و شوێنی بێسوودن .پاشان لەو بەزمە ماندوو بوو و دەیگوت: ( وای،چەند بێ هەستن ئەو کەسانەی وا دەزانن لە پشت ئایینەوە هیچ شتێکی تر نییە ,چونکە ئەوانەی لە دەرەوەی ئایینن،بێ ئاگان،ئەوانەی دەمارگیرن و دەیانەوێ هەمووان وەکو خۆیان بن..).**

**گۆتە خۆی لە باوەڕدا بوو، کە ناشێت حەقیقەت لە چەمکی خودایی لە دەرەوەی خودی مرۆڤدا بوونی هەبێ و دەیگوت: (باوەڕبوون بەوەی کە خودا بەردەوام لەگەڵتە بەڕاستی مایەی دەردە سەرییە. بۆ من وەکو ئەوە وایە کە براندنبۆرگ[49] هەمیشە لەگەڵ مرۆڤدا بێ...)**

**لە دوای عیشق ئایین بەردەوام بابەتێکە مایەی گرنگی پێدانی ژنانە.**

**لۆتە زۆر بە گرنگییەوە گوێی بۆ ئەم گفتۆگۆیە شل کردبوو.**

[49] : لەناوەخنی(Grand Electeur)( هەڵبژێردراوی مەزن) مەبەست لێی هەمان براندنبێرگ(خاوەن راستەقینەی ئەیالەتی پرۆس)ە،کە یەکێکە لە هەلبژێراوانی ئیمپراتۆری پیرۆزی جێرمەنی بووە. و.فارسی.

گۆتە و کیستنەر زۆربەی کات دوای ئەوەی شارلۆتیان دەگەیاندەوە مالێ. ماوەیەک بە کۆلانە چۆلەکانی ڤێتسلار دا پیاسەیان دەکرد. تریفەی مانگ خەرمانە و سایەیەکی قورسی دروستکردبوو.
نزیکەی دوو سەعات دوای نیوەشەوێ گۆتە لە سەر دیوارێک دادەنیشت و شیعری بێ مانای بە دەنگێکی بەرز دەخوێندەوە. هەندێ جار گوێیان لە ترپەی پێیەک دەبوو و دوای ساتێ (یەروزالیم)ی گەنجیان دەبینی بە ئارامی سەری بە بەرخۆیدا شۆرکردۆتەوە و بە تەنیا دەگەڕێ. گۆتە دەیگوت :
-ئاە! عاشقی داماو!
ئیدی دەبووە پێکەنین.

## -٥-

هاوین جێی بەهاری گرت و حەز و ئارەزوو جێگەی خۆشی گرتەوە لۆتە زۆر جێگەی پەسەندی بوو و گۆتەیش زیاتر جحێڵ، هەندێ جار لە شەقامە پڕ درەختەکاندا، سەری درەختەکان تێک دەئالان و هەندێ جاریش بەکرانەوەی کلافەی پەت یان گوڵچنینەوە دەستیان بەریەک دەکەوت ،یادی ئە ڕۆژانە دەبووە هۆی ئەوەی، کە گۆتە بەدرێژایی شەو تا بەرەبەیان نەخەوێ و لەچاوەڕوانی بەیانی دیداری شارلۆتە ئازار بکێشێت. گۆتە ڕێک ئەو ئازارانەی کە پێشتری بۆ فریدرکەی کێشابووی دووبارە بەدەستی دەهێنایەوە و گەڕانەوەی بەهاری دڵی ئەوی خۆبەخۆ نائاسوودە دەکرد .

(عیشقی دووەم : جەوهەری ئەو هەستەی کە چەمکی ئەبەدییەت و بێ کۆتایی لەنێو دەبات ))،ئەگەر ئەو حاڵەتە دووبارە بوونەوە بێت ،کەوابێ ژیانی مرۆڤ جگە لەنمایشێکی پێکەنیناوی هیچی دی نییە.

گۆتە بە نزیکبوونەوە لە ڕۆژانی دوای مانگی مایس، کار و چالاکی بێ تاقەتی دەکرد و توانای ئەوەی نەبوو چەندین کاتژمێری دورو درێژ

لای شارلۆت بەسەربەرێت، زیاتر چاوی کرایەوە بێ ئـابڕوویی نوانـد و بەدزییەوە مـاچێکی لێکـرد، دەسـگیرانی داوێـن پـاک کیسـتنەری لەو مەسـەلەیە ئاگـادار کـردەوە و بـارودۆخی دژواری بـۆ هـاتە پێشـەوە ،ئەگەر قسەیەکی ناشیرن بکات،یان لەبارەی عاشقایەتی و دڵـداری و بێ ئابڕوویی (لۆتە)ەوە گلەیـی و گازانـدەی لـێ بکرێـت ئیـدی هەمـوو شـتێ خـراپ دەبـێ و لەنـاو دەچـێ،بەڵام کیسـتنەر دەسـتڕەنگینی و لێزانـی شایسـتەی خـۆی لەم بـارەیەوە نیشـاندا، کە لەنێـو عاشـقاندا ئەمە نەرم و نیانی و گونجاوی پێدەوترێت.

بـۆ شـەوەکەی ئەو رۆژە شـارلۆت داوای لە گـۆتە کـرد دوای رۆیشتنی کیسـتنەر هەنـدێ لای ئەو بمێنێـتەوە و پێـی گـوت نەوەکـو بەهەڵە لە هەستی ئەو تێگەیشتبێ، چونکە ئەو دەسگیرانەکەی خـۆی خۆشی دەوێ و هەرگیز بێجگە لەو پیـاوێکی دی خۆشـناوێت هەر کە گۆتە ڕووبەڕووی کیستنەر بووەوە لەشەرمان سەری لەبەر خۆی نابوو زۆر غەمگـین بـوو کیسـتنەریش بەبینینـی ئەم حـاڵەتە خـۆی زۆر بەخۆشبەخت و بەرامبەر بەگۆتەیش میهرەبان و دڵسۆز دادەنا .

دوای ئەو شەوە ئیتـر گونجـان و لێـک نزیـک بـوونەوەیەکی سـەیر شـیرین و شـاراوە لەنێـوان ئەو سـێیانەدا دروسـت بوو.کیسـتنەر و شـارلۆت لەسـەر سروشـتی گـۆتە ڕاهـاتبوون،کە هەمـوو شـتێکی دەدرکانـد،ئەوانیش ئیـدی بە ئـازادییەکی تەواوەوە هەمـوو شـتێکیان دەدەبڕی. عیشقی گۆتە بە (لـۆتە) لەبەر مانگەشـەو دەبووە بـابەتی

گفتوگۆی درێژی نێوان خەڵک، زۆر بە ئاسایی و سروشتی دەربارەی ئەو عەشقە ترسناک و تووشە دەدوان. رۆژی لەدایکبوونی گۆتە و کیستنەر لەیەک رۆژدا بوو، چەندین دیارییان پێشکەش یەکتری کرد، دیاری کیستنەر بۆ گۆتە کتێبێکی گیرفانی ( هۆمیرۆس) بوو و دیاری شارلۆت قردێڵەیەکی سوور بوو، کە لەیەکەم دیداریان بەسنگیەوە بەستبووی.

کیستنەر کەوتبووە بیری ئەوەی فیداکاری بکا، ئەو بابەتەی بە هەردووکیان نەگوت،بەڵام ئەو دوو دڵەیەی خۆی لە دەفتەری بیرەوەرییەکاندا نوسییەوە.گۆتە لەو گەنجتر و جوانتر و درەوشاوەتر بوو و ڕەنگە بیتوانیایە لۆتە زیاتر بەختەوەر بکا ، بەڵام لۆتە لە هزری خۆیدا ئەوی بەکەسێکی بەهێز وێنا کردبوو و لەوبارەوە وتبووی کە لە گۆتەی بە بەرزتر دەدانێت و گۆتە هەرچەندە کە خەسڵەتی باڵای هەیە، بەڵام بۆ ئەوە نەئەفرێندراوە تا ببێتە مێردێکی چاک بۆی ، ئیدی لەوە بەدوا گومانی تیا نییە،کە کیستنەر بەهۆی وابەستەیەکی زۆر ئەو دەرفەت و حەزەی بەدەست نەدەهێنا کە خۆی بکاتە قوربانی.

هەرچی گۆتە بوو لەپشت ئەم ڕوخسار هێمن و شادمانەی خۆیەوە ئازاری دەچەشت . بڕیاری جیددی لوتە و ڕاستگۆیی لە هەڵبژاردنی ئەودا عیززەتی نەفسی گۆتەی بریندار دەکرد ،خرۆشاوییەکانی عیشقی ئەو هێندە توند بوو، کە لە پێش چاوی کیستنەری مەزن

دەســـــتەکانی شـــــارلۆتی دەگـــرت و بەفرمێســـــکەوە مـــــاچی دەکرد .لەخراپتـرین سـاتەکانی نائومێدیـدا،دەیزانی کە لە پشـت ئەم دڵتەنگییەدا، خەفەتێکی جوانی ساف و ڕوون خەوی لێکەوتـووە، کە ڕۆژێ دەتوانێ بۆی ببێ بەپەناگەیەک، وەک کەسێک کە ژێردەستەی زریـانە،بەڵام دەزانێـت ئێـدی لەمەودا لەپشـت هەورەکـانەوە خـۆر دەدرەوشێتەوە و ئاگادارە لەوەی کە لەو گۆڕەپانە پـارێزراوەدا جـێگە و شوێنێکی دەبێت.

گـۆتە ئـازاری دەچەشــت و دەیزانـــی،کە زووبەزوویـــی بەســـەر بەدبەختـی خۆیـدا زاڵ دەبێـت و ڕەنـگە ڕۆژێـک چێـژی ئەو ئـازاری بەدبەختییە وەکو هونەرێکی پڕ لەسۆز و پەژارە باس بکات.

❋ ❋ ❋

شەو کورتتر و فێنکتر بوو،گوڵی سووری پـاییزیش پەڕپەڕە بـوو، دۆسـتی شـەیتان سیفەت و درەخشـانی گـۆتە واتـا ( مێـرک)[50] هاتـە ڤێتسلار و شارلۆتی ناسـاند، مێـرک ئاشـقی بـوو ،بەڵام ئەم بـابەتەی بەگۆتە نەگوت، تەنیـا بەبێبـاکی و خەمسـاردییەوە خـۆی دەنوانـد و ئامۆژگاری گۆتەی دەکـرد، کە لێـرە بـڕوات و بەدوای عاشـقێکی تـردا بگەڕێت. دکتۆر بەدڵێکی پـڕ لە خـوێنینەوە بیـری کـردەوە،کە ئێـدی دەبـێ واز لەو عیشـــقە بـێ ســـوودە و ســـەرخۆرە بێنـــێ. لەڕووی مرۆڤـایەتییەوە هێشـتا گـۆتە لەژیانیـدا لەسـایەی شـارلۆت هەمـان

[50] Merck:

بەختەوەری پێشووی هەست پێ دەکرد، دڵخۆشبوو بەوەی کە لە تاریکیدا دوور لە چاودێری و ئاگاداری بێ کێشەی کیستنەر دەست لە کراس و لەشی وەربدا، شتی بێ بایەخی دوور لە میهر و خۆشەویستی دەستکەوێ، بەڵام بەهرە هونەرییەکەی لەو سۆز و خرۆشە تاکلایەنانە تێر بوو، دیمەنی جوانی ئاوێتە بە سروشت هەستی تەنی بوو، ئێستا کارەکەی هاتۆتە کۆتایی و بەرهەم پێگەیوە و ئیدی دەبوو بڕوات.

لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئایا بەڕاست دەبێت بڕوات؟ ڕۆحی من وەکو بانیشاندەرێکی سەر منارەی زەنگی کڵێسا دەخولێتەوە. دنیا چەندە جوانە! خۆشبەخت ئەو کەسەیە، کە چێژ لەو جوانییە وەربگرێت و لەوە زیاتر بیر لە هیچی دی نەکاتەوە. زۆربەی کات چونکە ناتوانم چێژی لێوەرگرم دەیشێوێنم و دەربارەی تەکنیکی دەسکەوت و خەڵاتی هەژمارکردنی کاتی زانایانە دەکەومە قسە )

کەچی دنیا بانگی دەکا و بە بەڵێنە بێ کۆتاییەکانی فریوی دەدا: (نامەوێ ببمە هیچ، دەشمەوێ ببمە هەموو شتێک)، گۆتە ئەرکێکی لەسەر شان بوو دەبوو کڵێسای مەزنی خۆی بنیات بنێ، نەیدەزانی ئەو کڵێسا مەزنە دەبێت بە چی. ئیدی ئەو خاڵە بۆ ئەو بە شاراوەیی مابووەوە و لەپەردەی ئاسۆیی ئاییندەوە ئاڵابوو، هەر بۆیە بەم حاڵەشەوە بڕیاریدا شادییەکانی ئێستا لە پێناو ئەو ڕێگە شاراوەدا لەدەست بدات. دڵی خۆی ڕاهێنا لەسەر ئەوەی، کە ڕۆژێک

مەزنی و گەورەیی هەڵبژێرێ و پشت بەتوانای خۆی ببەستێ،بە جۆش و خرۆشەوە دڵی بە عەشق و ڕابردووی خۆی سپارد .

دوای ئێوارە لە بن دار بەڕووەکان لەناوەڕاستی باخچەکەدا چاوەڕێی دەکردن بێگومان نەختێکی تر ئەو دوو شاد و میهرەبانە بەیەک دەگەن، ئەم شەویش وەکو شەوانی دی بەڕێ دەکەن،بەڵام شەو شەوی کۆتایی بوو، چونکە تەگبیرکەرەکە، واتا دکتۆر گۆتە وای دەویست و هیچ شتێک نەیدەتوانی ڕایەکەی پێ بگۆڕێت. جیابوونەوەیەکی بەئازار، بەڵام هێزی ئەو جیابوونەوەی لەخۆیدا بەدی دەکرد، بۆیە بەلایەوە خۆش و بە ویستی خۆی بوو.

ترسانی لە دیمەنە هەژێنەرەکان لە دایکییەوە بۆ مابووەوە، تەنانەت لەخەیاڵیشیدا نەیدەتوانی بەرگەی دیمەنی مەراسیمی ماڵئاوایی بگرێ. دەیویست ئەم شەوە دواجار بەچالاکییەکی پەرۆش و ئارامەوە بەسەربەرێ، پێشوەختە دەیویست چێژ لەو گفتوگۆ پڕ لە خرۆشان ئامێزەی ئایندە وەربگرێت، کە دوان لەوانەی ئامادەبوون بێ ئاگابوون لەو بابەتە، دەبوو کەسی سێیەم لەو نێوانەدا هەمووان ڕووبەڕووی یەک بکاتەوە .

گۆتە بۆماوەیەک نوقمی ئەو ئەندێشە و خەیاڵانە بوو، لەناکاو دەنگی پێی شارلۆت و کیستنەری لەسەر چەوەکەدا بیست.بەپەلە چووە پێشوازیان و دەستی شارلۆتی ماچکرد. ڕۆیشتن تا لەژێر

بنمیچی لق و گەڵای درەختێکی کۆتایی شەقامەکە لە تاریکیدا دانیشتن.

باخەکە لەبەر رۆشنایی تریفەی مانگی ڕەنگ پەڕیودا دیمەنێکی هێندە جوانی هەبوو ،هەمووان ماوەیەک خامۆش بوون، پاشان شارلۆت گوتی، هەرگیز وا ڕووینەداوە کە لە مانگەشەوان پیاسە بکەم بیری مردنم بۆ نێت ... گومانم هەیە ئێمە جارێکی تر زیندوو ببینەوە ... بەڵام گۆتە ئێمە ئەو کاتەش یەکتر دەدۆزینەوە ؟... یەکتر دەناسینەوە؟ ئێوە لەم بارەوە چۆن بیردەکەنەوە ؟...

گۆتە بەپەریشانییەوە گوتی :

ــ شارلۆت، ئاە باسی چی دەکەی؟ ئێمە دووبارە یەکتر دەدۆزینەوە لێرە یان لەو دونیاش بەیەک دەگەینەوە .

شارلۆت لەدرێژەی قسەکانیدا گوتی :

ـــ ئەو ئازیزانەی لەدەستمان داون، ئاگایان لەئێمە هەیە، ئاگایان لەوە هەیە ئێمە لەبیری ئەواندا‌ین؟ هەست بەچی دەکەین؟

خەیاڵی دایکم،کە شەوان ئارام لەنێو منداڵەکانی،یانی ئێمەش لەگەڵ بەچکەکانی خۆمان دادەنیشین وەک چۆن ئەوان لەدەوری کۆدەبوونەوە، هی منیش لەدەورم کۆدەبنەوە، هەمیشە لەپێش چاوم دەبن...

شارلۆت ماوەیەکی درێژ هەرەکو هەمان شنەی مانگەشەو ئارام و غەمگین قسەی کرد. گۆتە بیری دەکردەوە،کە ڕەنگە شارلۆت

سـەبارەت بەجیـابوونەوەی لەو دڵـی خەبەری دابـێ و بەکـاریگەری ئەوەیە، کە بەپـێچەوانەی سروشـتی خـۆی بەو شـێوە غەمگیـنە دەدوێت.هەسـتی دەکـرد چاوەکـانی فرمێسـکی تێـزاوە، سـۆز و خەفەتێکـی زۆر بەسـەریدا زاڵ بـوو، هەرچەنـدە کیسـتنەریش لەوێ بوو،دەستی شارلۆتی خستە نێو دەستی خۆی دواسات بـوو، سوودی چی بوو.

شارلۆت بەمیهرەبانییەوە گوتی:

ـ دەبێت بگەڕێینەوە، کاتی گەڕانەوەیە.

ویستی دەستی خۆی بکێشێتەوە،بەڵام گۆتە بەزۆر دەستی بەردا.

کیستنەر لەپڕ گوتی :

ـ وەرن با پەیمانێ بدەین، لەو سێیانەمان کامەمان یەکەمجار مـــرد هەواڵی ئەو دنیا بدات بەدوانەکەی دی .

گۆتە گوتی:

ــ ئـێمە دیسـان پێـک دەگەیـنەوە، بەهەر شـێوەیەک بێـت یەک دەبینیـنەوە...خواحـافیز شـارلۆت... خواحـافیز کیسـتنەر، یەکتـر دەبینینەوە .

شارلۆت بەخەندە لێوێکەوە گوتی :

ـ رەنگە سبەینێ بێ !.

پاشـان هەسـتا لەگەڵ دەسـتگیرانەکەی بەرەو مـاڵ بـوونەوە.

گۆتە دیسان هەتا چەند چرکەیەک کراسە سپییەکەی ئەوی دیـت، کە

لەژێر سایەی زەیزەفونەکاندا دەدرەوشایەوە و پاشان هەموو شتێ گوم بوو .

دوای رۆیشتنی کیستنەر،دکتۆر بۆ ماوەیەک لەکۆڵانەکەی بەردەم ماڵی شارلۆت خۆی ماتکرد و بینی،کە پەنجەرەیک رۆشن بوو و ئەوە پەنجەرەی ژووری لوتە بوو،دوای کەمێک دووبارە پەنجەرەکە تاریک داهات، شارلۆت خەوت و لە هەموو شتێ بێ خەبەر بوو. چیرۆکنووس دڵشاد بوو .

بۆ سبەی شەو، کە کیستنەر گەڕایەوە ماڵەوە نامەیەکی گۆتەی دۆزییەوە،کە ئەمە ناوەرۆکەکەی بوو: ( کیستنەر ئەو رۆیشت.لەو دەمەی ئەم نامەیە بەدەست تۆ دەگات،ئەو رۆیشتووە. یادداشتەکەی ناوی بە لۆتە بگەیێنە. من زۆر ئارام و لەسەرخۆ بووم،بەڵام گفتوگۆی دوێ شەوی ئێوە دڵی رەنجاندووم، ئێستا ناتوانم هیچی پێ بڵێم،ئەگەر ماوەییێکی زۆرتر لای ئێوە بوام، نەمدەتوانی لەوە زیاتر دان بەخۆمدا بگرم، ئێستا تەنیام و سبەینێ دەڕۆم، وای لەخۆم وای!).

(لۆتە ئومێدەوارم،کە بگەڕێمەوە،بەڵام کەی؟ نازانم خوا دەزانێ، لۆتە نازانی هەر کە تۆ دەدوای، دڵی من دەیزانی ماڵئاواییە و دواجار تۆم دەبینی، دەزانی حاڵت چۆن بوو؟...گۆتە ڕۆیشت...ئیدی باس باسی کێ بێت؟... ئێستا من تەنیام و دەتوانم بگریم، ئێوەش بەخۆشبەختی دەسپێرم و هەرگیز عیشقی تۆم بیرناچێتەوە

دەتبینمەوە،بەڵام بەیانی بەیانییەکی ئەبەدییە، بەمنداڵەکان بڵـێ ئەو ڕۆیشت…ئیدی هیچم بۆ نانووسرێ).

کیســتنەر دوای نیــوەڕۆ نــامەکەی بــۆ شــارلۆت بــردوو هەمــوو منــداڵەکانی مــاڵێ بە دڵتەنگییەکــی زۆرەوە ئەوەیــان دووبــارە کردەوە: (دکتۆر گۆتە ڕۆیشت).

لـۆتە خەفەت دایگـرت و بەدەم خوێنـدنەوەی نـامەکە فرمێسـک لەچاویدا قەتیس مابوو ، گـــوتی: (باشتر،کە ڕۆیشت).

کیستنەر و شارلۆت نەیانتوانی لەوە زیاتر باسی گۆتە بکەن.

میـوانێکی زۆر هـاتن و سەرسـامی خۆیـان بەڕۆیشـتنی لەناکـاوی گۆتە دەربـڕی و بەشـتێکی بـێ ئەدەبییـان دادەنـا و سەرزەنشـتییان دەکرد،بەڵام کیستنەر زۆر بەگەرمییەوە بەرگری لێدەکرد.

## -٦-

دۆستانی گۆتە:بەردەوام بەبێ تاقەتییەوە نامەکەی ئەویان دەخوێندەوە و خەفەتیان بۆ دەخوارد و بە میهرەبانییەکی خەفەتبارانەوە تەنیایی غەمناکانەی ئەویان دەهێنایە بەرچاوی خۆیان. ئەویش بەچاپووکی و بەپێ بە دۆڵی قەشەنگی (لان)[٥١] دا شۆڕدەبووەوە بەرەو کوبلینتز[٥٢] بەڕێ کەوتبوو و بڕیار وابوو لەماڵی خاتوو (لاروش)[٥٣] لەگەڵ (مێرک)یەکتربببینن.لەدوورەوە زنجیرە چیایەکی تەماوی دەرکەوتن. بەرزو باڵا و سەرلوتکەکانیان سپی و تاشەبەردی زل لەقەدی و لە خوارەوەش لە نشێوەکەدا ڕووبارێکی سازگار دەڕۆیشت دیمەنێکی غەمناک و دڵگیری دەنواند، لەخۆبایی بوونێک کە بەهۆی پچڕاندنی دەزووی تەلیسمی (ڤێتسلار) وە لە گۆتەدا هاتبوویە کایەوە، (گۆتە)ی خستبووە خرۆشەوە و بەشێکی لە خەم و خەفەتی یادەوەریەکانی کەم دەکردەوە، هەندێ جاریش دەربارەی ئەو ڕووداوانەی بەسەر هاتبوو، بیری دەکردەوە و دەیگوت: (ئەی ناکرێ سکاڵانامەیەک، شیوەنێک بکرێ بەشیعرێک؟... یاغەزەلێک؟ هەندێ جاریش بیری دەکردەوە، کە ڕەنگە ئەو دیمەنانەی بەردەمی بکا بە تابلۆیەکی شێوەکاری زۆر گونجاوتر بێ.

---

[٥١] : Lahn
[٥٢] : Koblentz
[٥٣] : Madame de la Roche

دواجــار بەخــۆی گــوت: (من ئەم چەقــۆ جــوانە هەڵــدەدەمە نــاو ڕووبارەکە، ئەگەر کەوتنەکەی لەنێو ئاوەکەدا ببینم دەبمە شـێوەکار، ئەگەر لەکاتی کەوتنەکەشیدا لەبەر چاوم ون بێ، ئەوە بە یەکجاری واز لەشێوەکاری دەهێنم).

کەوتنە خوارەوەی چەقۆکەی نەبینی، بەڵام لەرەی ئاوەکەی بینـی و ئەنجـامی ئەو خـاڵەی بەشـاراوەیی هێشـتەوە ،کەواتە بڕیـارەکەی خۆی پشتگوێ خست. تا (ئیمس)[٥٤] بەپـێ ڕۆیشـت و دواتـر بەکەڵەک لەڕووبـاری ڕایــن[٥٥] پەڕیەوە و گەیشــتە مــاڵی خــاتوو (لاروش).لەوێ بەگەرمـی پێشـوازیان لـێ کـرد. بەڕێـز لاڕۆش پیـاوێکی مەجلیسـی و خــوێنەری بەردەوامــی ڤــۆڵتێر و کەســێکی بەگومــان و بــێ شــەرم بوو.ژنەکەی هەستەکانی خۆی لە ڕۆمانێکدا بڵاوکردبوەوە و ئەدیبـانی لەچــواردەورەی خــۆی کۆکردبوەوە،مــاڵەی بەپــێچەوانەی ئــارەزووی مێردەکەیەوە ژوانگەی ئەهلی دڵان بوو.

گــۆتە هەر زوو چاوەڕەشــەکانی ماکســیملیان دۆلارۆش[٥٦]،کچەجــوانە شازدەســاڵیە زیــرەک و تێگەیشــتووەکە ســەرنجی ڕاکێشــا. پــێکەوە گەشـتی دووردورێژیـان بۆچیاکـان دەکـرد و باسـی خـودا و شـەیتان، سروشـت و دڵ، (ڕۆسـۆ) و (گۆڵـد سـمیس[٥٧])یـان دەکـرد و بەنـاز و

[٥٤]: Ems 1728-1774

[٥٥]: Rhein

[٥٦]: Miximiliance de la Roche

[٥٧]: Gold smith نووسەری ئینگلیزی.

خۆبادانەوە دەوروخولی دەدا دەتگوت شارلۆت هەرنەبووە تەنانەت یادی ( لۆتە )یش هەندێجار تەنگی بەم دۆستایەتیە تازەیەی هەڵدەچنی،لەدەفتەرەکەی خۆیدا وای نووسیوە: (دەسپێکی لەدایکبوونی ئەوینێکی نوێ لە دڵ دەبیستم و سەرەمەرگی دواناڵەی ئەڤینی ڕابردوو نابووت دەکات، زۆردڵگیرە، مرۆڤ حەزدەکات بەدیار خۆرئاوابوونێکەوە دانیشێ تاوەکو مانگ لە ئاسۆی بەرامبەردا دەرکەوێ) . دەبووایە بە زوویی بگەڕێتەوە فرانکفۆرت.

***

گەڕایەوە ماڵی باوکی، دوای شکست لەژیان و هەستێکی نائومێد و دڵسارد،باڵندە دەیویست بفڕێ وهێلانە جێ بهێڵێ،بەڵام ناچاربوو پەڕوو باڵی خۆی بکا و چونکە بەهێلانەوە نووسابوو و نەیدەتوانی لە ئاسمانی ئازاددا بمێنێتەوە،حەسرەتی دەکێشا،منداڵ لە دنیایەکی پڕ لە کێشەو پڕ لەپێشبینی و ڕق و کینە ڕادەکات و پەنا بۆ ژینگەی ماڵەکەی خۆی دەباتەوە، چونکە خووی بەو ژینگە و دەوروبەرە گرتووەو پەروەردەی ئەوێیە و بۆ ئەو سازگارترە،بەڵام لەوێش تاکە هەستێک، کە هەیە زیاد لەپێویست هۆگری ئەوانە و دەکەوێتە بەرکۆت وبەندی خۆشەویستیان.

بۆکەسێ، کە گەشتی کردبێ ڕوانینەکانی فراوانتردەبێ، چەند ناسازگارە خۆی بەکێشە و ململانێ کۆن و بێ سوودەکانی کەسەکانی خۆیەوە سەرقاڵبکات، گۆتە لە ماڵی خۆیان دیسان هەر ئەو ڕستانەی

دەبیست، کە بە منداڵی پێی تووڕە دەبوو،خوشکەکەی کۆڕنێڵی[٥٨] سکاڵای لەباوکی دەکرد، دایکی گلەیی لە کۆڕنێڵی دەکرد و گۆتەی ڕاوێژکار، کە خوڵقی نەبوو،سەری پڕبوو لە وێنەی قارەمانی خەیاڵی و نیوەئافەریدە نەیدەتوانی لەدنیای واقیعدا بژی، ناچار خۆی بەتۆمارەکانی پارێزەرییەوە خەریک دەکرد.

گۆتە لەغەم بێزاربوو و خۆی بەگرفتار دەبینی، دڵنیابوو لەوەی، کە ڕێگەی دەربازبوون هەر ئەوەیە،کە هەرچی زووترە دەست بۆ کارێکی مەزنی ئەدەبی بەرێ. کێشە دژوارەکە ئەوەبوو،کە چ بابەتێک هەڵبژێرێ، ئەو پەیوەست بوو بە ئەندێشەی نووسینی کتێبی فاوست یان پرۆمیسە یان سەرگوزەشتی سیزار،بەڵام دوای تاوتوێکردنی چەندین بیرۆکە و نووسینی چەند بەیتێک شیعر و خەت پێداهێنان و دڕان، زانی کارێکی باش ناکات، لەبەینی خۆی و کارەکەی وێنایەک دەکێشێ،کە وێنای (لۆتە)بوو.

هێشتا تامی ئەو ماچەی بە دزییەوە لێیکرد و ئەو دەستە نەرم ونیان و ئاوازی دەنگە بەرز و بەهێزەکەی لەمێشکیدا هەڵگرتبوو، ئێستا، کە لۆتە دوور کەوتۆتەوە، تێدەگات ئەو چەندە کاری تێکردووە،هەر کە لەسەر مێز دادنیشێت خەونە بەئازار و پووچەکان بە مێشکیدا دەهاتن و هەروەکو ئەوەی کە نەریتی مرۆڤ وایە کە

---

[٥٨] : Cornélie

هەوڵدەدا لە خەیاڵدا ڕابردوو سەر لەنوێ بنیات بنێتەوە،خۆزگە لۆتە دەسگیراندار نەبووایە...

خۆزگە کیستنەر کەم بایەختر و نامیهرەبانتر بووایە..خۆزگە ئەویش ئەوەندە بەئابروو نەبووایە...خۆزگە بوێری ئەوەی دەکرد لەگەڵ لۆتە بمابایەوە...خۆزگە جەسارەتی ئەوەی هەبووایە،کە بەتەواوی خۆی بکوشتایە و ئەو خەیاڵە دڵ بەسوێیانەی لەگەڵ خۆیدا ببردایە ژێر گڵ. لەسەر تەختەکەیەوە وێنەیەکی ڕووخساری لۆتەی هەڵواسی بوو،کە هونەرمەندێکی بازاڕیی لەسەر کاغەزێکی ڕەش کێشابووی، هەموو شەوێ بە چاوی ڕێزەوە شێتانە دەیڕوانیە ئەو نیگارە ،هەمووشەوێ پێش نووستن ماچی دەکرد و پێی دەگوت: (لۆتە) ڕێگە دەدەی یەکێ لە تەوقەکانت بکەمەوە؟). زۆربەی کات، کەشەو دادەهات لەبەردەم وێنەکە دادەنیشت و بەدەنگێکی نزم لەگەڵ دۆستە لەدەستچووەکەی گفتوگۆی درێژی دەکرد،ئەم کارەساتە ئاسایی بوو، خۆبەخۆیی بوو، دوای چەند ڕۆژێک گۆڕا بۆ کارێکی هیچ و پووچ و غەمگین، بەڵام ئەنجامدانی ئەوکارانە سوکنایی پێ دەبەخشێ ،ئەم نیگارە کاغەزێکی بێ بایەخ و پێکەنیناوی بوو ، بەڵام بۆ ئەو ببوو بە میحرابێک. زۆر ڕۆژان کاغەزی بۆ کیستنەر دەنووسی و پەیامی خۆشەویستانە و پڕ لە ڕێزی بۆ شارلۆت دەنارد. بۆ گفتوگۆ لەبارەی عەشقەکەی هەر هەمان ئەو شێوازە نیوە گاڵتەجاڕیی و نیوە غەمگینەیەی پێشتری ڤێتسلاری

بەکاردەهێنا،چونکە تەنیا بەو شێوازە دەیتوانی هەستی ئاژاوەگێریی خۆی بەبێ سووکایەتی بۆ کیستنەر ڕابگەیەنێ.بۆی دەنووسێ:دەربارەی ئەو ڕووداوانەی،کە ڕەنگە لەسەرووی هەورەکانەوە ڕووبدەن پێکەوە گفتوگۆمان دەکرد.ئەو مەسەلانە بۆ من شاراوەیە،بەڵام ئەوە دەزانم ،کە پەروەردگاری ئێمە دەبێ زۆر بێ تاقەت بێ، کە (لۆتە)ی پێشکەشی ئێوە کردووە.ڕۆژێکی تر وای نووسی بوو:ئایا لۆتە منی لە خەودا نەبینیوە؟ئەگەر نەیدیبێ کارێکی زۆر خراپی کردووە،حەزدەکەم ئەمشەو لە خەودا بیبینێ و هەرگیز باسی ئەوە بۆ تۆ نەکات)).هەندێ جاریش تووڕە و لە خۆبایی دەبوو دەینووسی:ئیدی هیچ نامەیەک نانووسم،مەگەر ئەو کاتەی پێی بڵێم و خەبەری بدەمێ ، کە دڵبەرێکی دی منی خۆشدەوێ و زۆر خۆشی دەوێم.

دوای چەندین تاقیکردنەوە دەرکەوت ،کە مەحاڵە بتوانێ دەربارەی ئەو بابەتانەی پێشترێ ،کە جێگای بایەخی بوون ئیدی دوای ئەوە هیچ کارێ بکات، مەگەر بۆ یەکجارەکی ئەو بابەتانە لە مێشکی خۆیدا بسڕێتەوە، نووسینی وتارێک دەربارەی لۆتە،یان کتێبێک،کە لۆتە پاڵەوانی بێ تەنیا کارێک بوو،کە لە ئەستۆی بگرێت، بەڵام دیسانەوە هەر چەندە بابەتی زۆری لەبەر دەستدا بوو و دەفتەری ڕۆژانە و یادگاری و هەستەکانی تازە ببوونەوە، هەمووی ئامادە بوو، دژوارییەکی گەورەی لەو کارەدا دەبینی، بابەتەکە

سادەیە و بەکورتی:کوڕە گەنجێک دەگاتە شارێک و لەوێ عەشقی ژنێک دەبێ، کە ئازاد نییە و گەنجەکە لەبەر کێشەکانی بەردەمییەوە دەستەوەسان دەبێ. ئەوە نابێتە کتێبێک، چۆن پاڵەوانی داستانەکەی لەو شارە دەڕوات؟هەموو ئەو ژنانەی ئەو کتێبە دەخوێننەوە لەوانەیە سەرزەنشتی پاڵەوانی داستانەکەی بکەن، ئەگەر بەڕاستی عاشق بووە، دەبوو بمابوایەوە،خۆی لە ڕاستیدا گۆتە لەبەر ئەوە ڕۆیشتبوو ، کە بانگەوازی هونەر و حەزی داهێنان لای ئەو لە عەشق بەهێزتر بوو ،بەڵام جگە لە هونەرمەندان کەسی تر سەر لەو مەسەلەیە دەرناکات. هەر چەندە زیاتر بیری لێدەکردەوە بابەتەکە لە ڕوانگەی ئەودا بێ بایەختر یان ناکاملتر خۆی دەنواند و زیاتر لەوە تێدەگەیشت، کە تا چ ئەندازەیەک گێڕانەوەی ئەو بابەتە بۆ سەر لاپەڕەی کتێب قورس و دژوارە و سەرنجام شەکەتی و توڕەییەکەی بەرامبەر گشت کارێکی ئەدەبی زیاتر دەبوو. لە ناوەڕاستی مانگی نۆڤەمبەردا کیستنەر هەواڵێکی دڵتەزێنی پێدا. یەرۆزاڵیم، ئەو کوڕیژگە جوانە سەودایەی،کە هەمیشە مانگە شەوان بە رینکۆتێکی شین و ئێلەگێکی زەردەوە دەگەڕاو هەمیشە بە گاڵتەوە بە ((عاشق)) بانگیان دەکرد ، لەو زوانە بەیەک گوللەی دەمانچە خۆی کوشتبوو. گۆتە وەڵامی دایەوە، (بەد بەخت یەرۆزاڵیم! ئەو هەواڵە بۆ من پڕ مەترسی و دوور لە چاوەڕوانی بوو...گوناهی ئەو بەدبەختە و بەدبەختیی ئێمە هەموومان، لە ئەستۆی کەسانێکە،کە چێژ لە هیچ

شتێ وەرناگرن،چونکە فیز و لە خۆبایی بوونێکی زۆری کۆیلەبوونیان لە دڵدایە. خودا نەفرەت لە دۆستەکانم بکات! بەستە زمان ئەی کوڕەلاو...کە من لە پیاسەکردن دەگەڕامەوە و ئەوم لەبەر مانگەشەودا دەبینی،دەمگوت: ((عاشقە)) و ڕەنگە لۆتە لە یادی بێ، کە من پێدەکەنیم...من زۆر کەم دەمدواند، کە من هاتم یەکێ لە کتێبەکانی ئەوم لەگەڵ خۆمدا هێنا، ئێستا و هەتا دەمرم بۆ یادی ئەو لای خۆم دەیهێڵمەوە)). ڕووداوەکانی ژیانی خەڵکی تر، ئەوانەی ناکردەنین گۆتە نیشانی دەدان، هەمیشە کاریگەرییەکی قووڵی لای ئەو دروست دەکرد. هاوسۆزی هەبووە،باش دەیزانی،کە ئەو خۆی ئەگەر کەمێک جیا لەوەی، کە هەیە و هەندێ مەسەلەی تێگەیشتن هەست و شعووری خۆی نەبووایە، لەوانەیە تووشی هەمان نائومێدی ببووایەوە، بەڵام بەهۆی ئەم ڕووداوەوە ،بە شێوەیەکی تایبەتی سەرنجی ئەوەیدا،کە دوای بیستنی ئەم هەواڵە یەکەم بیرکردنەوە، کە بە خەیاڵیدا هات ئەوەبوو(کۆتاییەکم بۆ ئەو داستانە دۆزییەوە)، بەڵێ پاڵەوانی داستانە عاشقانەکەی ئەویش وادەبێ و دەبێ خۆی بکوژێ. مەرگ و تەنیا مەرگ مەزنییەکی غەمگین، کە نەیبوو ،بە ڕووداوەکانی ئەو داستانە دەبەخشێت.داوای لە کیستنەر کرد،کە ڕاپۆرتێکی تەواوی ئەو ڕووداوەی بۆ بنووسێ و کیستنەریش هونەرمەندانە ئەم کارەی بۆ کرد.

## -٧-

گـۆتە بە یادەوەرییەکـانی ڕۆژانــی ڤێتســلار و چیرۆکــی مەرگــی یەرۆزاڵــیم ســەرەتا و کۆتــایی کتێبێکــی جــوانی ئامــادەکرد .ئەم دوو بەشە هەردووکی ڕاستەقینە بوو، بۆ ئەوەی کاریگەریی هەبێ ئەوەندە بەس بوو،کە بە شێوەیەکی سروشتی بنووسرێتەوە . لەو نووسینەدا پـاکترین و بەهێزتـرین عەشـق دەخـرێتەڕوو، خەیـاڵ لەو کـارەدا زۆر ڕۆڵی خۆی نابینێ و ئەم خاڵەش هەمیشە بە دڵی گۆتە بوو،ئەوە بۆ ئەوەی دڵێکی بە هێزی هەبێ حەزی لەو کارە بوو، بەڵام بەو حاڵەوە نەیـدەتوانی دەسـتبەکار بێـت، بـۆیە پەنـای بـۆ خەیاڵاتەکـانی خـۆی دەبـرد، هەمیشـە بـۆ نووسـین پێویسـتی بە تروسـکاییەک بـوو،کە بەهـۆی تیشـکی ئەوەوە کتـوپڕ سـەرتاپای بەرهەمەکە ببینــێ، بــێ ئەوەی ئەو هەلەی بـۆ ڕێـک بـکەوێ بە وردیـیەوە وردەکارییەکـانی داسـتانەکەی دیـاری بکـات ، ئەمجـارە ( (پلانێکی گشـتی ))نەبـوو، شەیدایی ئەو بۆ لۆتە و مەرگی دۆستەکەیشی بابەت بـوون، بەڵام ئەو دوو ڕووداوە دەچێتە خانەی ڕووداوی چارەنووس و ڕێـکەوت، تێکیـان

نەدەکــردەوە، لە نێــو یــادەوەری ڕۆژانەی ئەو کەســانەی ناویــان هــاتبوو، سروشــت و خــووی جیــاواز هەبــوو، بەڵام خــاڵێکی هــاوبەش نەبــوو، کە ڕێــگە خۆشــکەر بێــت بــۆ دروســتبوونی ڕووداوێکــی تــازە. میهرەبانیی نەشیاوی کیستنەر، سادەیی و خاکەڕایی لۆتە، چالاکی و ژیانی بێ کێشــەی گــۆتە،بەڵێ هەمــوو ئەم تایبەتمەنــدییانە هــی ئەوە نەبوون و مەحاڵ بوو پاڵەوان خۆی بکوژێ.

گۆتە بێهوودە هەوڵی دەدا،کە پێوەندی خاتوو هێرد[٥٩] و یەرۆزاڵێم و ئەوانی دی و دواساتەکانی بیرکردنەوەی ئەو عاشقە وێــنە بکێشــێ. پێویســتی بــەوە بــوو، کە ســەرلە نــوێ سروشــتی پاڵەوانەکــان دابڕێــژێتەوە و کــۆمەڵێ ڕووداوی تــری بــۆ بچنێــت ،بەڵام ڕووداوەکــان خۆیان بەشێوەیەکی تراژیدی پێوەندییان پێکەوە هەبوو، هەر ئەمەش بـــووە بەردی بنـــاغەی ئەوە و هەنـــدێکیان دەبـــوونە هـــۆی دەوڵەمەنــدکردنی ئەو چیــرۆکە، وادیــاربوو کە حەقــیقەت هەر یەکەو ئەگەر نەختــێ ئەمــلاو و ئەولاشــی پــێ بــکەی، یــان دەســتڕەنگینی و جوانکاریشی تێدا بکەی،ئیدی لە پڕ چەنــدین ڕووداوی بێســنووری دی دەڕژێنە مێشکەوە. دیسان گۆتە نەیدەتوانی ئــارام بێــت، بە شــێواز و پلانی بێسنوور مێشکی گینگڵی دەدا، هەندێ جار بیرۆکەی شاراوە و جوانی بۆ دەهات ،بەڵام ئەم وێنانە لە پڕ گوم دەبوون، وەکو ژنێکــی دووگیــان، کە ســکەکەی بــۆی بۆتــە بــەڵای ســەر، گــۆتە بە دوای

---

[٥٩] Herd:

ئــــارامییەکەوە بـــوو، کە نەیـــدەدۆزیەوە. بـــۆ ئەوەی ئاگـــاداری وردەکارییەکانی گەشتەکە بێ گەشتی ڤێتسلاری کرد.ئەو مـاڵەی،کە گەنجەکە خۆی تێداکوشتبوو و دەمانچە و تەختەکەی سەیر کرد و چەنـــد ســـەعاتێکی لەگەڵ شـــارلۆت بەســـەر بـــرد. خۆشـــبەختی دەستگیراندارەکان تەواو دیار بوو دەتگوت یادی شەوانی ڕابردوو لە ژیانێکی ئارام و شاد هەر نەبووە،گۆتە خۆی زۆر بێ بەخت و تەنیا بینـــی. دیســـان عیشـــقەکەی ژیـــایەوە،کە لە مـــاڵی شـــارلۆت لەســـەر کورسییەک دانیشتبوو شارلۆتی بە ناز و دڵ ئاسوودەییەوە دەبینی، بەخۆی گوت: یەرۆزاڵیم هەقی خۆی بوو، ڕەنگە منیش بتوانم ... ، بەڵام گۆتە هەر گۆتە مایەوە و بە ئارامییەوە گەڕایەوە فرانکفۆرت. مـــاڵەکە لە هەمووکـات زیـاتر هـاتە بەر دیـدەی.ڕۆژی هاوســەرگیری کیستنەر نزیـک دەبوویەوە،گـۆتە لە ژووری خەڵـوەتی خـۆی لە نـاو جێدا، شارلۆتی لە کەژاوەی بوکێنی بە جلێکی خەوی مەیلەو شینی خەت خەت و پەرچەمـی بەسـتراوەوە بە نـاز و پـاکییەوە دەهـاتە بەرچاو. هەوەس و غیرە بە شێوەیەکی پڕ لە خەم خەوی لە چاوی بڕیبوو، مرۆڤ بۆ ژیان پێویستی بە خـاڵێکی ڕۆشـنی بەردەمـی هەیە تا هەنگاوی بۆ بهاوێژێ، بەڵام تـازە ئەو چ ئومێـدێکی مـابوو؟، بەڵام ئەو خـــۆی وا دەبینـــی کە ناچـــارە بە پیشـــەی پـــارێزەری یـــان فەرمـانبەری لەو شـارەدا بمێنێـتەوە، شـارێک چینـی ناوەڕاسـتی بێ سـەرمایە هەمیشـە لە سـەرگەرمی و سـەرقالییەکانی ئەو دڵـی تێـک

هەڵدێت، سەلیقە و چێژەکەی خۆی ، کە بە شیاو و شایستەی داهێنانی دەزانێ، لە دارشتنی ڕاپۆرتەکان یان سکاڵای دەبەنگەکاندا لەناو دەچوو. بێ ملکەچی و زەبوونی، بەڵام بە ویژدانەوە بیری دەکردەوە: من لێرە وەکو دێوێکم لێهاتووە،کە بە قەفی زنجیر بە سترابێتەوە.

خۆی بۆ گۆڕ ئامادەدەکرد. دۆستانی ڕۆژگاری گەنجی یەکە بە یەکە ئەویان بەجێ دەهێشت. (کریێنلی) خوشکی هەر زوو مێردی کردوو مێردەکەی لەگەڵ خۆی بردی بۆ بەرلین.دوای ماوەیەک شارلۆت و مێردەکەی بە نۆرە هەرجارەی یەکێکیان لە ڤێتسلار دوور دەکەوتنەوە.بۆ بەڕێز کیستنەر و خانمەکەی نووسی: (من بە تەنیا دەمێنمەوە،ئەگەر ژن ناهێنم یان خۆم بەدارەوە ناکەم هەقتانە بڵێن، کە زۆر حەزی لە ژیانە).دواتر دوای ماوەیەک دەینووسی: (لە بیابانگەلێکدا وێڵ و سەرگەردانم، کە دلۆپێ ئاوی لێ نییە))،دواجار ئەو بیرۆکەیەی بۆ هات، کە هۆکاری خۆکوشتن زۆربەی کات ئەوەیە،کە مرۆڤ ژیانێکی دووبارە و غەمگینی هەیە و هەست بەوە دەکات،کە خۆی سەری سووڕدەمێنێ و دەبێ قەدەغەشکێنی بکات بۆ ئەوەی لەو بێزارییە ڕزگاری بێت. بیری دەکردەوە (عەشق پێوەندی بە ژیانەوە هەیە، پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ دووبارەبوونەوەیەکی بەردەوامی شەو و ڕۆژ و وەرزەکان و چێژی ئەو دووبارەبوونەوەیە بۆیە ئەگەر ئەو پێوەندییەی نەما ئیدی ژیان وەکو بارێکی قورس

دێتە بەرچاو، پیاوێکی ئینگلیز خۆی بە دارەوە کرد تاوەکو هەموو ڕۆژێ ناچار نەبێت جل لەبەر بکات و دایکەنێ، بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە،کە باغەوانێک بە بێزارییەوە هاواری دەکرد: (دەبێ تاکەی ئەو هەورە تارانە ببینم لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچن.) ئەمانە نیشانەی بێزارین لە ژیان، کە لای بیرمەندان لەوە زیاتر پێشبینی دەکەن وەکو باوە...منیش ئەگەر دروست بیربکەمەوە ئیدی ژیان دەتوانێ چ نرخێکم بۆ دابنێ؟ ئەوە تەواو وازم لە فریدیکە هێنا و شارلۆت منی فەرامۆشکرد یان کاری دەبەنگانەی پارێزەری لە فرانکفۆرت...هەڵبەتە کارێکی ئاسایی و دلێرانەیە،کەبەتەواوی حەز و ئیرادەی خۆم چاو لەو شتە دڵپەسەندانە بپۆشم).

(لەگەڵ ئەوەشدا،کە بنیادەم دەربارەی جۆرەکانی خۆکوشتن بیردەکاتەوە،دەبینێ کە سڕینەوەی لە نێو خەڵکی تردا ،پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە،کە بۆگەیشتن بە ئەنجامێکی هەمیشەیی کاروبارەکانی خۆی ساز دەکات تا ڕێگەی گەڕانەوەی نەبێ، ئەگەر ئەجاکس[٦٠] بە شمشێر خۆی کوشت، قورسایی لەشی وای دەخواست، چەک و تەقەمەنی یەک جووڵەیە و دەمانکوژێ... تەنیا خۆکوشتنی ڕاست و دروست خۆکوشتنی (ئۆتۆن)[٦١]ی ئیمپراتۆر بوو، کە بەدەستی خۆی کێردێکی لە دڵی خۆی چەقاند.

[٦٠] : Ajax یەکێ لە قارەمانانی یۆنانی یە لە جەنگی ترواده دا بە ئۆلیس دۆڕا و لە خەفەتان شێت بوو و خۆی کوشت.

[٦١] :Othon ئیمپراتۆری رۆم، کە لە بەرامبەر دوژمندا دۆڕا،خۆی کوشت.

گۆتە چەندین شەو کاتی خەو خەنجەرێکی لەپاڵ خۆی دادەنا، پێش کوژانەوەی چراکە هەوڵی دەدا نووکی خەنجەرەکە لە سنگی خۆی بچەقێنێ،بەڵام سەرکەوتوو نەبوو،کە بە سووکییش خۆی زامدار بکات ،جەستە و گیانی دوو شتی جودا بوون، لەگەڵ خۆیدا دەیگوت: (کەواتە من لە ناخی دڵەوە حەزم بە ژیانە). لەبەر ئەوەی خۆی خۆشدەویست و هەوڵی دەدا ڕستەی ساختە و پڕ لە خەون لە خۆی دووربخاتەوە و پێوەندییەکی ڕاستەقینە لەگەڵ ژیاندا پەیدا بکات، لەوە تێگەیشتبوو،کە سەرەتا چێژی بینینی تابلۆیەکی قەشەنگی جیهان،کە هەمیشە بۆ ئەو تازەیی دەنواند و گەڕانێکی مەلەکووتی بوو و دواتریش دڵنیایی شیرینی و سەودایی بە هاتنە پێشەوەی ئەشقێکی تازە حەز ویستێکی ئەوتۆی لەلا دروست دەکات، کە هەموو ئەوشتانەی ڕابردوو بەهۆی غەریزەیەکی شاراوە و بێ کێماسی لە بیر بەرێتەوە و دواتریش چاوەڕوانی بەرهەمێک بکات،کە وردە وردە گیانی بێنێتە جۆش، ئەوەی بۆ دۆستانی خۆی لە ڤێتسلار نووسی: (بە ختەوەربن)، من بە ئەندازەی دوو کەس کە بەقسەی ئێوە یەکتریان خۆش دەوێت خۆشبەختم ، من بۆ خۆم بە قەت ئەوەی لە دڵی عاشقاندایە ئومێدم هەیە).

کاتی هاوسەرگیری شارلۆت نزیک ببووەوە، بۆیە گۆتە داوای لێکرد،ئەو چاکەیەی پێبدا، کە ئەڵقەی هاوسەرگیرییەکەی لە ئەستۆی ئەو بێت،دەتگوت بە پرژاندنی خوێ بەسەر برینی خۆیدا

چێژێکی شەهوانی وەردەگرێ، چونکە ڕژد بوو لەسەر ئەوەی، کە پەژارەی خۆی وەسف بکات. دەیویست خەم و نائومێدی ئاوێتە بکات.گۆتە کە لێرەدا خۆی ڕێبەر و ڕێنمایکەری شێوەکاری خۆی بوو دەیویست بە باشترین شێوە خۆی بنوێنێ. بەیانی هاوسەرگیرییەکە، کیستنەر نامەیەکی پڕ خۆشەویستی بۆ ئەو نووسی و لە گەڕانی یەکشەممەدا گوڵی کردبوو بە کڵاوەکەیەوە. بڕیاری دابوو،کە ڕۆژی هەینی پیرۆز وێنەی شارلۆت لە دیوار دابگرێت و لە گۆڕێک ،کە لە ناو باغ بۆی هەڵدەکەنن، بە گەورەیی و شکۆوە بە خاک بسپێرێ، کە ڕۆژی دیاریکراو گەیشت بە بڕوای ئەو هەندێک پێکەنیناوی بوو و چاوپۆشی لێکرد. نەیدەتوانی وێنەی ئەوان لە خەیاڵی خۆیدا بسازێنێ. بە بۆچوونی گۆتە ئازاریش وەکو عەشق بۆ مانەوەی پێویستی بە وێنە و شێوەی جیاواز هەیە، مەگەر چەندین جار تا ئەو کاتەش، ئەو کاتانەی لەدەست نەدابوو کە بۆ بەهێزی هێشتنەوەی هەستە لاوازەکانی ئەو یارمەتیدەر بوون؟

## -٨-

لەگەڵ ماکسیمیلیان دۆلارۆشی نازدار،کە چاوە ڕەشـەکانی پڕبـوو لەو ڕووداوەی ڤێتسـلار، بـۆ دڵنەوایـی زۆر هاوکـاری کردبـوو، نـامەی مەیـل و خۆشەویسـتی دەگـۆڕییەوە ، ڕۆژێـک بیسـتی، کە ئەو لەگەڵ یەکێک لە بە قاڵەکانی فرانکفـۆرت بەنـاوی پیـتەر ئەنتـوان بونتـانۆ[٦٢] ،کە ژنەکەی مردبـوو، هاوسـەرگیری کـردووە.گـۆتە لەم بـارەیەوە بـۆ کیستنەری نووسی: (جوانە!زۆر جوانە مـاکس دۆلارۆشـی ئـازیز لەگەڵ بازرگانێکی ناسراو هاوسەرگیری کـردووە)). بێگومـان بەڕێـز دۆلارۆش دواجار سەروەت و سامان و خانەوادەیەکی پڕ منداڵی بەسـەر عەشـق و جەوانیدا هەڵبژاردووە.

گۆتە دڵـی زۆر بە حـاڵی مـاکس دەسـوتا، چـونکە ئەو یەکێـک لە جـوانترین کونجەکـانی دونیـای واز لێهێنـاوە و لە مـاڵێکی تاریکـدا لە فرانکفۆرت نیشتەجێ دەبێـت و لەدوای کۆبـوونەوەیەکی بەڕێـزانە، کە چواردەوری دایکی گرتبووەوە، دێتە نـاو کـۆمەڵی بازرگانـانی خـاوەن

---

٦٢: Peter Anton Brentano

پۆست لە دەوڵەتدا، لەگەڵ ئەمەدا گۆتە خۆشحاڵ بوو لەوەی، کە بوونەوەرێکی وەها دڵگیر لێی نزیک دەبێتەوە.

هەر کە هەواڵی هاتنی ماکسی بۆ فرانکفۆرت پێگەیشت بەپەلە ڕایکرد بۆ ماڵەکەی و تێکڕای ئامرازەکانی بەکار هێنا تا پێنج منداڵەکەی ئەو پیاوە ژن مردووە بۆ خۆی ڕاکێشێت، بێگومان لە چارەگە سەعاتێکدا سەرکەوتوو بوو لەوەی کە جێگەی خۆی لە دڵی هەموان بکاتەوە و بوونی خۆی لەم ماڵە بکاتە شتێکی گرنگ و پێویست، کاتێک کە گۆتە دەیویست ببێتە خۆشویستراوێکی ڕاستەقینە، هیچ کەسێک توانای بەرهەڵستیکردنی نەبوو، خودی بێرنانتۆش شانازی بەوە دەکرد کە نەوەی سەرۆکی شارەوانی کە بە زانست و زیرەکییەکەی ناسرابوو لە ماڵی ئەودا ئامادەیی هەبێت، لەم ڕووەوە بە باشترین شێوە پێشوازی لێکرد.

گۆتە بە زوویی چالاکی خۆی بەدەستهێنایەوە و بە هەمان جۆش و خرۆشە ئاساییەکەی خۆی خزاندە ناو باوەشی هاوڕێیەکی بە جۆش و خرۆش، خزمەتکردنی ماکس و دڵدانەوەی ئەو لە ئازاری (بۆنکردنی بۆنی پەنیر و بەرگەگرتنی بەجێهێنانی داواکاریەکانی مێردەکەی ) و سەرقاڵکردنی ئەو بە پیاسە و خوێندنەوەی کتێب وردە وردە بەلای گۆتەوە بووە تاکە بابەتی ژیان، دووبارە وازی لە گشت کارێک هێنا، ئەسڵەن لەبەرچی شتێک بنووسێت؟ ئایا شتێک هەیە،کە بەهای زەردەخەنە و بەرهەمە ناسکەکانی سوپاسگوزاری و بەختیاری هەبێت

تا مرۆڤ بتوانێت تەنانەت ساتێک لە ڕوخسار و ڕواڵەتی جوانییدا دەریبخات؟

ماکس لەنێو گالۆنە ڕۆنەکان و بەرمیلە تەختەکاندا تاڕاددەیەک خۆی بە بەدبەخت دەبینی، حەزی لە فرانکفۆرت نەدەکرد، هەوڵیدەدا مێردەکەی خۆش بووێت، بەڵام ئەمە کۆششێکی سەخت و دژوار بوو، گۆتە بووە مەحرەمی ڕازی ئەو، چونکە کەیبانووەکەی کەمتر بوو لە شارلۆتە بۆف، گۆتەی بۆ خاوێنکردنەوەی سەزەوات و کۆکردنەوەی میوە پەلکێش نەکرد، بەڵکو چەند کاتژمێرێکی یەک لەدوای یەک لەگەڵ ئەودا دەستیکرد بە ژەنینی ئاوازە دوو ژێیەکانی چەلۆ و پیانۆ و خوێندنەوەی کۆتا ڕۆمانەکانی فرەنسا.

زۆربەی کات لەگەڵ یەکدا دەچوون بۆ یاری لەسەر بەفر، گۆتە ڕووپۆشە مەخمەلە سورەکەی دایکی بە قەرز وەردەگرت و وەکو پاڵتۆیەک لەبەری دەکرد، لە یاری سەربەفر مامۆستا بوو، بە گورج و گۆڵی تا دەهات زیاتر دەخولایەوە لەکاتێکدا با لەدواوە دواوەی ڕۆبە شاهانەییەکەی هەڵدەداوە، دیمەنی خودایەکی گەنجی دروست دەکرد یا لانیکەم خاتوونە ڕاوێژکارە مافپەروەرەکەی، واتە دایکی و خاتوو بێرنانتۆی جوان،کە ئەم نمایشە بۆ ئەوان پێشکەش دەکرا، سەبارەت بەو بۆچوونێکی لەم چەشنەیان هەبوو.

ڕۆژێک ئەوەی یادداشت کرد: ( کاروبارم زۆر چاکە، ئەم سێ هەفتەی دوایی جگە لە چێژ و خۆشی شتێکی دیکەی تێدا نەبووە و

ئێستا ئێمە تا ڕاددەیەکی باش ڕازی و خۆشبەختین، دەڵێم (ئێمە) چونکە لە پازدەی ژانیوەرییەوە بوونی من لە هیچ ڕوویێکەوە تەنیا نەبووە و چارەنووس،کە چەندەها جار نەفرینم لێکردووە ئێستا بەخششێکی ستایشئامێزی وەک (چارەنووسی میهرەبان و ئاقڵ) لە من دەبیستێت، چونکە لەو کاتەوەی کە خوشکم ماڵئاوایی لێکردووم، یەکەمین بەهرە و بەخششی چارەنووس، کە دەتوانم هاوشێوەی ئەم بەخششە لەدەستچووەم هەژماری بکەم بوونی ئەم ژنەیە، ماکس هەمیشە ئەم فریشتەیەیە، کە خەسڵەتە سادە و دڵگیرەکانی دڵی هەمووان دەڕفێنێت و ئەو هەستەی کە من سەبارەت بە ئەو هەمە مایەی شادی ژیانمە.

بەڕاستی ئەگەر بێرناتۆ بەخیلی نەبردبووایە، کامەرانی گۆتە تەواو و کامڵ دەبوو، لە سەرەتادا ئەم گەنجە کە ژنەکەی دەبرد بۆ پیاسە، لە ڕوانگەی گۆتەوە زۆر میهرەبان و نەرم و نیان خۆی دەنواند، چونکە هەموو کاتێک ئەو بە ئیش و کارەوە سەرقاڵبوو و کەسێک لە دڵسۆزی ئەم ئەرکەدا نەیدەتوانی ببێتە جێگرەوە و جێنشینی ئەو، چەندین جار گۆتەی لەنێوان خۆی و ژنەکەیدا دەکردە ناوبژیوان ، باوەڕی وابوو، کە لە هەندێک لە مەسەلەکاندا لە چێژی بێخەوشدا تێکڕای پیاوان یەک هەڵوێست و یەک دەنگن، ئەفسوس گۆتەی هونەرمەند بوو و لەم ڕووەوە وەفای بۆ ڕەگەزی نێر نەبوو.

مێردەکـان سـەبارەت بەو عاشـقانەی، کە بەچـاکی بیـر دەکەنەوە، واتە هاوبیری ئەوانن هەست بە خۆشەویسـتی و ڕێزێـک دەکەن، بەڵام لەو عاشقانەی،کە زیان بە دەسەڵاتی مێردەکانیان دەگەیەنن بەڕاستی قێز و نەفرینیان لێدەکەنەوە.

بێرنـــانتۆ هەر ئەوەی،کە دەیبینـــی ژنەکەی لەگەڵ فرانکفـــۆرت هۆگری پەیدا ناکات، ڕەخنە لە شێوازی ژیانی خانەوادەیەکی بەڕێـز و خاوەن پێشینە دەگرێت، هەمیشە قسـە لەبـارەی مۆسـیقا و کتێـب و بابەتە زیانبەخشەکانی دیکە دەکات، گەیشتە ئەنجام و ئەم گەیشـتنە ئەنجامەش بێ هۆکار نەبوو، کە بێگومان  ئامۆژگـاریکەرێکی بێکەڵـک چەنـد شـتێکی پـێچەوانەی ژیـانی ژن و مێردایەتـی بەو دەدا، ئەم دوژمنە بێجگە لە گۆتەی لاو کەسێکی دیکە نەبوو.

هەر ئەوەی،کە ئەم شـتە گرنگـانەی ئاشـکراکرد هەڵسـوکەوتی لەگەڵ گۆتەدا بـۆ شـێوەیەکی وەهـا ساردوسـڕ و تونـدوتیژ گـۆڕا، کە گۆتەی لەم ماڵەدا تووشی بـارودۆخێکی سـەخت و دژوار کـرد، ئەگەر وەکـــو ئەوەی پێویســـتی دەکـــرد وەڵامـــی ئەوی بە تونـــدوتیژانە بـدابوایەوە، ئەوا ناچـار بـوو چیتـر نەگەڕێـتەوە، بەڵام بەرگەگـرتن و بێـدەنگیش لەبەرامـبەر ئەم سـوکایەتی پێکردنـانە ئەو مەترسییەشـی هەبوو، کە دەبوە هۆی زێدەکردنی ئەو سوکایەتی پێکردنـانە، خـودی ماکسیش بە زوویی لەم ململانێیانەی کە تێکـڕای چێژەکـانی تێکـدەدا

تەنگەتاو بوو و داوای لە گۆتە کرد،کە هۆشیار و بەئاگا بێت و کەمتر بێتە دیدەنی پێیگوت:

(بــۆ ئاســوودەیی مێشــکی خــۆم ئەم داوایە لە ئێــوە دەکەم، بەردەوامی بوونی ئەم بارودۆخە شـتێکی نـاکردەنی و نەشـیاوە)،گۆتە لە ژوورەکەدا هەنگـاوی گەورەی دەهاوێشــت و دەهــات و دەچــوو و تێکــڕای ئەم ڕســـتەیەی بە ورتە ورت دووبـــارە دەکردەوە: (نـــا، بەردەوامبوونی ئەم بارودۆخە شتێکی نەشـیاوە)،ماکس کە بـارودۆخی پەشێوی گۆتەی دەبینی ویستی ئارامی بکاتەوە و گوتی: ( تکادەکەم بەسـەر خۆتـدا زاڵ بە! بیـری ئێـوە و زانیارییەکـانی ئێـوە و چێـژ و سەلیقەتان بەلێنی چ دڵخۆشیەکتان پێدەدات، پیاوی چاک بە، گۆتە لەبەرچــی منــی یەکێکــت هەڵبــژاردووە، ڕێــک هەمــان کەسـێک کە پەیوەندی بە کەسێکیترەوە هەیە؟

گۆتە گەڕایەوە ماڵەکەی خۆی و لەکاتێکدا،کە بەلێنی دابوو چیتـر نەچێتەوە لای ئەو، بەڵام داماو بوو و لەگەڵ خۆیدا بە دەنگێکی بەرز و خرۆشـاوییەوە قسـەی دەکـرد، بەم بڕیـارە دەیتـوانی لەڕێـگەی خۆشـبەختیدا هەمیشـە ڕووبەڕووی یاسـا بێکەڵکـە کۆمەڵایەتییەکـان ببێتەوە، ئەو ئاسایشی ڕۆح و چالاکی و چێژی بێئاگایـانەی تەنیـا لە گفتۆگـۆ میهرئـامێز و هەمیشــەییەکانی ژنەکە دەبینــی و بــۆئەوەی بتوانێت سوود لەم کامەرانییە وەربگرێت ناچاربوو یـان ئـازادی خـۆی کۆت و زنجیر بکات، یان ئەو کەسەی کە خۆشیدەویست بە (گونـاه و

کڵۆڵی)تاوانبار بکات، هەرگیز جەنگی ئارەزووەکانی تاکەکەس و یاسا کۆمەڵایەتییەکـان هێنـدە بەشـێوەیەکی تـاقەت پـڕوکێن بە مێشـکیدا نەهـاتبوو... شـارلۆت؟... ئەمجارەیـان شـارلۆت کیسـتنەری خـۆش ویست، بەڵام ماکس نەیدەتوانی مێردە ڕۆن فرۆشـەکەی خـۆی خـۆش بوێت و تەنانەت خواست و ئارەزووی خۆشویستنیشـی نەبـوو، لەگەڵ ئەمەدا وا پێویستی دەکرد ڕادەسـت بێـت.( زانیـاری و سـەلیقەکەتان ئێوە خۆشبەخت دەکات) چ گاڵتەجاڕییەک. زانین کـۆنە و داری ژیـان سەوز، پاشان خودی زانستیش بە بێتوانایی مرۆڤ سنووردار دەبێـت، ئایـا گەورەتـرین زاناکـان چـی دەزانـن؟ دەربـارەی مـاهییەتی کەلوپەلەکان شتێک نازانن، مرۆڤ چیـیە؟ لە هەمـان ئەو سـاتەی،کە پێویستی بە خودی هێز و تواناکانی کەماڵ هەیە، ئەوا لێیان بێبەشە

مەگەر نا ؟ دیلی شادی و غەمی خۆیەتی و هەمیشە لەهەمان ئەو چرکەساتەی، کە ئومێدەوارە لە بێپایانیدا لەناوبچێـت بە ژەهـری غەم هەست بە گەمژەیی خۆی دەکات.لەناکاو خۆی بە ئارام و زاڵ بەسـەر خۆیدا دەدۆزێتەوە و بەشێوەیەک بەسەر بیرە غەمزەدەکانی خۆی زاڵ دەبێت وەک بڵێی ئەم بیرانە هـی ئەو نەبـوون، خۆیشـی نازانێـت کە ئەم گۆڕانکـارییە چـۆن لەودا هاتەکـایەوە بە خـۆی دەگـوت: ( بەڵـێ، یەروزاڵیمیش دەبووایە بەم شێوەیە لێکدانەوەی بکردایە... و بێگومان ڕوداوی خۆکوشتنی ئەو لەدوای دیمەنێک بووە هاوشێوەی ئەوەی، کە من لەکۆتاییدا لەگەڵ ماکسدا هەمبوو) ئەو کاتە لەناکاو بە دانـاییەکی

سەرسوڕهێنەرانە بینی، كە چەند بە چاكی دەتوانێت بەسەرهاتی شوومی كۆتایی خۆی لەگەڵ چیرۆكی مردنی یەرۆزالیم ئاوێتە بكات، هەڵبەتە بەسەرهاتی كۆتایی كەمتر لە ڕووداوی یەرۆزالیم ناكام بوو و ڕەنگە هەر نەبووبێت، گۆتە بەچاكی دەیزانی كە ئەم ڕووداوە بەم سادەییە دەمێنێتەوە، بەڵام ڕەهەند و ڕەنگێكی غەمناك و كاریگەری بەدەستەوە دەدا، كە تا ئەو كاتە بەلایەوە نەزانراو بوو.

لەم كاتەدا بوو، كە وەك بڵێی ماكس و مێردەكەی و شارلۆت و كیستنەر و گۆتە و یەرۆزالیم توانەوە و تێكەڵ بەیەكتر بوون و بوونە موستەحیل لەكاتێكدا، كە ڕەگەز و بەشەكانیان لە پانتاییەكانی مێشكی ئەودا بە خێراییەكی باوەڕنەكراو و بە ئەندازەیەكی گونجاو وێنەی پێكهاتەیەكی نوێیان بەدەست دەهێنا، ئەم ڕستە جوان و دڵگیر بوو و گۆتەش بێئەندازە خۆشبەخت بوو.

لەو كاتەدا سێ ڕووخساری ڕاستەوخۆ دروست بوون: ڤارتەر،شارلۆت و ئەلبێرت. ڤارتەر هەمان ئەو گۆتەیە بوو، گەر ڕەهەندی هونەرمەندی تێدا نەبووایە، ئەلبێرت كیستنەر بوو، بەڵام كەمێك بێدەسەڵاتر لەگەڵ هەبوونی بەخیلی بێرنانتۆ و عەقڵی خودی گۆتە تێیدا، شارلۆت هەمان ئەو لۆتەیە بوو، بەڵام لۆتەیەك، كە بەدەستی خاتوو دولاڕوش پەروەردە كرابێت و كتێبەكانی ڕۆسۆ و كلۆپستۆك[٦٣] بخوێنێتەوە.

---

[٦٣]. Klopstock شاعیری ئەڵمانی(١٧٢٤-١٨٠٣).


alamy stock photo

-٩-

کاتێک گۆتە کتێبی (ئازارەکانی ڤـارتەری لاو)ی تەواوکـرد، وەکـو ئەوەی لەبەردەم قەشەیەک دانی بە هەموو گوناهەکانی خۆیـدا نابێـت خۆی بە شادمانی و سەربەستییەوە بینی. ئارەزووەکان، گومانەکـان، پەشیمانییەکان و هەوا و هەوەسـەکان گشـتیان بە دونیـای نەمـری و زەرووڕەتەوە لکابوون، کڵێسایەکی مەزن بنیاتنرابوو کۆتا بیرۆکەکانی خولقێنەر لە پەرژینی بینایەکە چووبوونە دەرەوە، بەڵام ئەنـدازیارەکە لە حەرەمی خامۆشـی کڵێسـاکە لە چـاوەڕوانی هەوەڵـین باوەڕدارانـدا دانیشـتبوو، ژیـانی ڕابـردوو ئیتـر لە نـاخی گـۆتەدا نەبـوو، بەڵکـو لەبەرامبەری بوو، ئەم ژیانە جوان بـوو و لەبەرئەوەی گـۆتە لەنـاوەوە بە هێواشیەکی سەرکەوتووانە لێیدەڕوانی، بەشـێوەیەکی نادیـار بیـری لە ژیانێکی نوێ، کە ئێسـتا ئەو مـافەی هەبـوو،کە دەسـتی پێبکـات، دەکردەوە.

وا بڕیار بوو، کە کتێبەکە لە کاتی کردنەوەی بازاڕی (لایپزگ)دا بخاتە پێشانگای فرۆشتنەوە، بەڵام نووسەر نەیتوانی ئەوەندە ئارام بگرێت تا دانەیەکی بۆ شارلۆت بنێرێت، زۆربەی کات هەوڵیدەدا کاریگەریی کتێبەکە لەسەری بێنێتە بەر چاوی خۆی ، ڕەنگە شارلۆت لە شەوێکدا دەست بە خوێندنەوەی کتێبەکەی ڤارتەر بکات، کە لەناو جێگەدا خەوتووە و سینە قیت و بەرزەکەی چەرچەفە نەرم و ناسکەکەی بۆ سەرەوە بەرزکردۆتەوە، لەوانەشە لەو کاتەی،کە لەسەر کورسییە قۆڵدارەکە بەرامبەر کیستینەر دانیشتووە، کتێبەکە بخوێنێتەوە، لەکاتێکدا کە مێردەکەی بە کەمێک بەخیلی شاراوەوە چاودێری کاریگەرییەکانی خوێندنەوەی کتێبەکەیە لەسەر ڕوخساری ئەودا، یەکەمین جار شارلۆت لە خوێندنەوەی ئەم کتێبەدا درک بەوە دەکات،کە عیشقی گۆتە بۆ ئەو چۆن بووە، کاتێک بە دیمەنە پڕ جۆشەکانی کۆتایی کتێبەکە بگات و چیرۆکی ئەو ماچە داغدارانە بخوێنێتەوە،کە لە ڕاستیدا گۆتە هەرگیز ماچێکی لێ نەسەندووەو ئێستا بە هێز و توانای هونەری دەتوانرێت بگوترێت نەمرانە لەسەر ئەو باری دەکرد، لە شەرماندا سوور هەڵدەگەڕیت... بەڵام ئەی ماکسی بێرنانتۆی ئازیز بە چ شێوەیەک؟ ئەویش بێ گومان ماوەیەکی درێژ لە بیرکردنەوەدا نقوم دەبێت.

هەر ئەوەی،کە یەکەمین نووسخەکانی لە بڵاوکەرەوە وەرگرت زەرفێکی نارد، کە دوو نووسخەی تێدابوو، یەکێکیان بۆ شارلۆت و

ئەوەیتر بۆ کیستنەر و لەسەری نووسی: ( لۆتە ئەم کتێبە بچووکە چەنــدە بەلای مــنەوە ئــازیزە، تــۆ دەتــوانی ئەم شــتە لەکــاتی خوێندنەوەی کتێبەکەدا درک بکەی، بەتایبەت ئەو نوسخەیەی، کە بۆ تۆم ناردووە هێندە لای من گرانبەهایە، کە وابیردەکەمەوە لە جیهاندا بێهاوتا و یەکانەیە، لۆتە ئەم نوسخەیە هی تۆیە، من ئەو نووسخەیەم سەد جار ماچ کردووە و لە شوێنێکدا شاردۆتەوە تا کەسێک دەستی لێنەدات، لۆتە! ... دەمەوێت هەر یەکێک لە ئێوە بە تەنیا ئەم کتێبە بخوێننەوە،تــۆ بە تەنیــا، کیســتنەر بەتەنیــا، هەریەکێکتــان چەنــد ڕستەیەک دەربارەی کتێبەکە بۆ من بنووسێت. لۆتە، خوات لەگەڵ)

کیســتنەر و ژنەکەی زەردەخەنەیەکیــان کــرد و هەوڵیانــدا، کە ئەم شــێوازە پەیــڕەو بــکەن، هەریەک لەوان نوســخەیەکی هەڵگــرت و بە تامەزرۆییەکی زۆرەوە کردیانەوە:

شارلۆت کەمێک پەشۆکا بوو، چونکە سروشتی پڕ جۆشـی گـۆتە و خۆپارێزی ئەو لە خۆویستی و یـاخی بـوونی ئەوی لە قبـووڵکردنی کـۆت و بەنــدە سوودبەخشــە کۆمەڵاتییەکــان دەناســی و شــارەزایی لەبارەیانەوە هەبوو،لە ژیانی واقیعیـدا تـرس لە کـۆت و بەنـد بـوون و وازهێنــان لە ئــازادی تــا ئەنــدازەیەک جـڵەوی بەم لافــاوە خرۆشــاوە گرتبوو، بەڵام کاتێک کە گۆتە بەتەواوەتی ئازاد بێت چی دەکات؟

هەر لەم لاپەڕانەی سەرەتادا شارلۆت تێگەیشت، کە بەرگەگرتنـی ئەوە بەلای مێـردەکەیەوە شــتێکی ســەخت و دژوار دەبێــت، دیمەنــی

کـوڕی ســەماکە،کە لە یــادگەی ئەودا هێنــدە ســادە و پــاک بــوو نەیــدەزانی لەبەرچــی لەم کتێــبەدا خەســڵەت و تایبەتمەنــدییەکی شـــەهوانی خرۆشـــێنەرانەی لەخـــۆ گرتـــووە.( لە باوەشـــگرتنی بۆنخۆشترینی بوونەوەران! فڕین لەگەڵ ئەودا هاوشێوەی ڕەشەبایەک! بینینی هەموو شتێک لە دەوروبەری خۆتدا لە بارودۆخێکی ئاڵۆز و زووتێپەڕ! هەست... لەو کاتەدا من پەیمانمدا، کە هەرگیز لێنەگەڕێم ئەو ژنەی، کە خۆشم دەوێت بێجگە لەخۆم لەگەڵ کەسێکی دیکە سەما بکات، تەنانەت ئەگەر ئەو شتە بە نرخ و بەهای ژیانم کۆتایی بێت، تۆ لە مەبەستی من دەگەی).

شارلۆت لە بیرکردنەوەدا نقووم بوو، ڕاستیەکەی ئەوە بوو، کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە دەیزانــی،کە گــۆتە ئەوی بەم شــێوەیە خــۆش دەوێت، ئەمە بیرۆکەیەک بوو،کە لەقووڵایی ناخیدا ڕەگی داکوتا بوو و ئەو ئەو بیـــرەی بە وردی شـــاردبوویەوە و مـــاوەیەک لەمەوبەر توانیبووی ئەم بیرۆکە دڵەڕاوکێکەرە فەرامۆش بکات، لەگەڵ ئەوەدا لە قووڵایی هۆشیدا مابووەوە، چونکە بە خوێندنەوەی هەستی بە کاریگەرییەکی سازگار و پەرێشانکەری بیرکەوتنەوە دەکرد.

کاتێـک گەیشـتە ئەم دەربڕینـانە:( ئـاە! کاتێـک کە بەڕێـکەوت پەنــجەم بە پەنــجەی دەکەوت، یــا قاچەکانمــان لەژێــر مێــزەکەدا بەڕێــکەوت بەریەک دەکەوت، چ ئاورێــک لە دەمارەکانمــدا هــاتوچۆ دەکات،من وەکو ئەوەی لەگەڵ گڕەیەک بەریەک کەوتبم لەناکاو خـۆم

دەکێشایە دواوە، بەڵام هێزێکی پەنهانی سەر لەنوێ منی بەرەو خۆی کێشدەکرد، گێژبوونێک ڕووی تێدەکردم، هەستەکانم پەرێشان و ئاڵۆز دەبوون. ئاە! بێگوناهی و پاکی ئەو لێنەدەگەڕا تاکو بزانێت، کە کەمترین میهرەبانییەکانی تا چ ئەندازەیەک من ئازار دەدەن، کاتێک کە لەناو قسەکردندا دەستی لەناو دەستم دادەنا...) شارلۆت کتێبەکەی وەلانا و ماوەیەکی درێژ لە بیرکردنەوەدا نقووم بوو، ئایا بەڕاستی خودی ئەو بە گشتی بێگوناە بوو؟ ئایا هەمیشە لەو چرکەساتانەی،کە دەگەیشتە وەسفی خۆی و دەیخوێندەوە درکی بە پەرێشانی گۆتە نەدەکرد؟ ئایا چێژی لەم پەرێشانی و دڵەڕاوکێیە وەردەگرت؟ ئایا ئێستاش لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەدا شادمانییەکی سەرسوڕهێنەری بۆ دروست نەدەبوو؟ مەکربازی خۆی سەرکۆنە کرد، لە مێردەکەی ڕوانی، کە بەرامبەری دانیشتبوو و بەخێرایی لاپەڕەکانی کتێبەکەی هەڵدەدایەوە و سەر و سیمایەکی دڵتەنگ و نیگەرانی هەبوو.

لەپاش ماوەیەک ئەویش چاوەکانی هەڵگرت و لە ژنەکەی پرسی، کە بیر لە چی دەکاتەوە، تووڕە و نائاسوودە دەهاتە بەر چاو و بە دەنگێکی زبر و توند گوتی:

**(کارێکی چروکە... گۆتە کەسانێک وەسف دەکات، کە لە سەرەتادا هاوشێوەی ئێمەن، پاشان ڕوون نییە چۆن ئەوان بۆ کەسایەتییە چیرۆکی و دروستکراوەکان دەگۆڕێت..)**

ئەو لۆتە بەهەستەی،کە بێ پچڕان لەسە دەستی ڤارتەر فرمێسک هەڵدەڕێژێت چ بوونەوەرێکە؟ ئایا تۆ هەرگیز لەو کاتەی، کە سەیری ئاسمانت دەکرد ئەمەش لەگەڵ گەنجێک،کە بۆیەکەمین جار بینیبووت گوتووتە: (ئەی کلۆپستۆک؟) بەلای منەوە شتێکی سەختە، کە لە لە ڕۆڵێکی وەهادا وێنای تۆ بکەم... ئێستا دەبینین،کە گۆتە هەرگیز ڕەمزی نەرم و نیانی و سەرنجڕاکێشی تۆی درک نەکردووە، شارلۆت تەنیا من، تەنیا من...

ئەوەی، کە لە تۆدا مایەی خۆشویستنە لە چاوی مندا، ڕێک ئەم سادەییە تەواو و بەجێیەی تۆ و ئەم ژیرییە چوست و چالاکە و سروشتییەیە،کە هەر بیرێکی خراپ دەربارەی تۆ لە مێشکی مرۆڤ دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەو تەنانەت وێنەی خۆیشی تێکداوە! هەڵسوکەوتی گۆتەی حەقیقی زۆر چاکتر بووە لە ڤارتەر، لەم چوار مانگەدا لە پێوەندی نێوانماندا جوامێری و بەخشندەییەک هەبووە، کە ئەو نەیتوانیوە بیخاتەڕوو.

ئایا کە منی بەو ئەندازە بێهەستە وەسف کردووە، من کە بەوتەی ئەو دڵم (لەرووی هاودەردییەوە بە خوێندنەوەی کتێبێکی ئازیز ناکەوێتە خورپە)،ئایا بەڕاست من هێندە وشکم؟ ئاه شارلۆت، چاک دەزانم کە ئەگەر تۆم لەدەست دابووایە، ئەوا من دەبووم، کە دەبوومە ڤارتەر).

لەم کاتەدا ژن و مێردەکە لێک نزیک بوونەوە و بەدوای ئەوەدا دیمەنێکی کورتی میهری ژن و مێردایەتی هاتەپێشەوە، شتێک کە ڕەنگە هاوتای ئارەزووی نووسەری کتێبەکە نەبوو بێت، ئەو کاتە لە نزیک یەکتر دەست لەناو دەستی یەک پێکەوە خوێندنەوەی چیرۆکەکەیان تەواو کرد، ئەم خوێندنەوەیە لانیکەم بۆ کیستنەر بە حاڵەتی توڕەبوونێکی زۆر توند کۆتایی پێهات، گۆڕینی چیرۆکە سادە و مەزنەکەی ئەوان بۆ ڕووداوێکی وەها ناکام لە هزریدا بەڕاستی سەیر و ناسروشتی خۆی دەنواند.

بەڵێ، لە ڕاستیدا ئەم پاڵەوانە دوو سەرە، تێکەڵەیەک لە گۆتە و یەرۆزالیم دێوێک بوو، هەڵبەتە کیستنەر بە چاکی ئەوەی دەبینی، کە چیرۆکی دواهەمین دیداری ڤارتەر لەگەڵ دڵخوازەکەی بە تەواوەتی لە نامەیەک وەرگیراوە، کە خۆی دەربارەی مردنی یەرۆزالیم بۆ گۆتەی نووسیبوو، بەڵام لەبەرئەوەی لەم چیرۆکەدا ژنە پاڵەوانەکە ناوی لۆتە بوو و لە سەرەتای کتێبەکەشدا بە ڕوخسار و سیمای لۆتە وەسفی کرابوو، ئەو هێندە ئازاری دەچەشت، کە وەک بڵێی نیگارکێشێکی بەدڕەوشت ڕوخسار و جەستەی ژنەکەی کردۆتە بابەتێک دوور لە پەردەی شەرم و ئابڕوو.

شارلۆت لە ڕاستیدا زیاتر خرۆشان بەسەریدا زاڵ بوو تا ناڕازیبوون، بەڵام بە هاوسۆزییەوە بیر و خەیاڵی لای هەستەکانی مێردەکەی بوو و بۆ دڵدانەوەی ئەو پاڵپشتی لە قسەکانی دەکرد، لە

ڕوویێکی دیکەوە، هەمان نیگەرانییەکانی ئەوی هەبوو. لە دەوروبەری ئەواندا خەڵک چ قسە و قسەڵۆکێک هەڵدەبەستن؟ هەموو هاوڕێیانە ڤێتسلار و بگرە هاوڕێیانی هانۆڤەریش نەدەکرا ئەوان لە کتێبەکەدا نەناسنەوە، چۆن دەیانتوانی بۆ هاوڕێیانیان بابەتە ڕاستەقینەکانی کتێبەکە لە بابەتە ناڕاستەقینەکانی، کە لەبەر چاوی خودی خۆشیاندا تەواو سەیر بوو، جیابکەنەوە؟ چۆن دەکرا لە شەڕی چەنەبازیی ئاژاوەگێڕەکاندا، کە شتێکی تەواو ئاسایی بوو هەڵبێن؟

ئەگەر کەمێک سنگ فراوانبووان، دەیانتوانی پێشبینی ئەوە بکەن، کە بەهێزی پەرجووئاسایی بیرچوونەوە و گوێپێنەدان، کە دەتوانرێت بگوترێت گشت خەڵک هەیانە ئەو بەسەرهاتەی، کە هێندە بەلایانەوە گرنگ بوو شەش مانگ دواتر ڕاستەوخۆ لەبیر دەکرا، بەڵام عەقڵ و ئازار زۆر کەم لە شوێنێکدا پێکەوە کۆدەبنەوە، وا دەهاتە بەرچاو، کە ژیانی خۆشبەخت و لێوەشاوەی ئەوان بەهۆی بێ سەرنجی هاوڕێکەیان تا کۆتایی تەمەن شێواوە.

## -١٠-

بەیـانی ئەو ڕۆژە کیسـتنەر نـامەیەکی بە دەنـگ و سـەدایەکی سامناک، کە لە غەمباری و دڵتەنگیدا هەڵقوڵابوو بۆ گـۆتە نووسـی: ( ئەمە ڕاستە،کە ئێوە لە هەر یەکێک لە کەسایەتییەکانی چیرۆکەکەدا هەنـدێک وەسـفتان داوەتە پـاڵی، کە بـۆ ئەو شـتێکی نـامۆیە و لە ڕاستیدا وەسفی چەند کەسێکتان لە کەسێکدا کۆکردۆتەوە، ئەم کـارە شـتێکی چـاکە، بەڵام ئەگەر لەم ئیشـەی پێکەوەچنـین و پـێکەوە ئـاوێتەکردنەدا ڕاوێـژت لەگەڵ دڵـی خۆتـدا بکردبـووایە، ئەوا ئەو کەسـایەتییە ڕاسـتەقینانەی،کە تایبەتمەنـدییەکانت لـێ وەرگرتـوون هێندە نزم و پووکاوە نەدەبوون، ئێوە ویستووتانە بەرامبەر سروشـت نیگارکێشی بکەن تا دیمەنەکەتان حەقیقەت بەرجەستە بکـات، بەڵام هێنـدە شـتی دژیەکتـان پـێکەوە تـێکەڵ کـردووە، کە لە مەرامەکەی خۆتان لاتان داوە.. لـۆتەی واقیعـی ئەگەر وەکـو لـۆتەی ئێـوە بێـت، ئەوا زۆر دامـاو و بەدبەخـت دەبێـت... مێـردی لـۆتە (کە ئەوت بە هاوڕێی خۆت داناوە و خـوا دەزانێـت، کە ئایـا بەڕاسـتی هـاوڕێی ئەو بوویت) هەمان بارودۆخی هەیە.

ئەلبێرتی ئێوە چ بوونەوەرێکی داماوە! ئەگەر وا پێویسـتی دەکـرد کە ئەو بە خراپی نیشان بدەیت، ئایا پێویستی دەکرد،کە ئەو هێنـدە بە گەمـژە وەسـف بـکەی تـا بتوانیـت بـاڵایی خـۆت بەرامـبەر بەو بە

تەواو لەخۆبـــایبوونەوە بچەســـپێنیت و بڵێیـــت: ( ســـەیرکەن مـــن چ کوڕێکی شادمان و چوست و چالاکم!)

گـــۆتە چەنـــد ڕۆژێـــک بە نائـــارامییەکی تەواوەوە لە چـــاوەڕوانی هەڵسەنگاندنی کیستنەر و لۆتەدا مـابووەوە، ئومێـدەوار بـوو، کە دوو نامەی پڕ جۆش و خـرۆش و تەواو شـیکراوەی پێبگـات، بە ژمـاردنی چەنـد بەشـێک،کە زیـاتر کـاریگەری لەسـەر ئەوان هەبـووە و یـا گوتنەوەی چەند دەربڕینێک و بیرکەوتنەوەی چەند ڕووداوێک کە ئەو نووسینی ئەوانەی لە کتێبەکەدا لەبیر چووبوو، یا خۆی لێ بواردبـوو، نامەکەی بە سەرنج و وردبییەکی شادی ئـامێزانە کـردەوە و واقـی لەم ڕەخنەگرتنە توندە وڕما. بیریکردەوە (چۆن! ئایا دەشـێ کە پیـاوێکی ئاقڵ تا ئەو ئەندازەیە لە مانای کتێبەکە بیئاگا بێت، چەنـدە سـوورە لەسەر ئەوەی،کە ڤارتەر خودی گۆتە بێت؟ بەپـێچەوانەوە کوشـتنی ڤارتەر بۆ لەدایکبوونی گۆتە شتێکی پێویسـت بـوو، بێگومـان چەنـد ڕەگەزێک لە مندا لەناو ڤارتەردا بوونیان هەیە، بەڵام لەناکـاو بەهـۆی شتێک، کە ناوی پلانی پتەوە دەربـاز بـووم، ئەگەر خواسـت و مەرام لە ناخی گۆتەدا بسڕینەوە ئەوا ڤـارتەر دەمێنێـتەوە، هەروەهـا ئەگەر هێـزی خەیـاڵ لە گۆتە بسـەنینەوە، ئەوا ئەلبێـرت بەدەسـت دێنـین، لەبەرچـی دەڵێـت ئەو ئەلبێـرتەی کە مـن وەسـفم کـردووە بـوونی کەسـێکی بێـنەوایە؟ مـن چ مەبەســتێکم هەبـووە،کە ئەلبێـرت بە بـوونەوەرێکی خـراپ وەسـف بـکەم، ئەوەی مـایەی جـوانی بـابەتی

کتێبەکەی منە ئەمەیە کە ئەلبێرت و ڤارتەر ڕێک دژی یەکترن، بەڵام هاوتای یەکیشن، سەرەڕای ئەمە کیستنەر لە کوێوە وا گومانی کردووە، کە ئەلبێرت خودی خۆیەتی؟ وا گومان دەکات من ناتوانم پیاوێکی ئاقڵ لە ناخی خۆم بدۆزمەوە؟...)

هەرچەندە زیاتر بیریدەکردەوە، هەرچەندە زیاتر نامەکەی کیستنەری دەخوێندەوە کەمتر سەری لێدەردەکرد و زیاتر سەری سوڕدەما، لەگەڵ ئەمەدا ئەم وێنایەی،کە ئەم کتێبە بۆتە مایەی غەم و خەفەتی هاوڕێکانی بەلایەوە ئازاراوی و ناخۆش بوو ، ماوەیەکی زۆر بەدوای ئامرازگەلێکدا دەگەڕا تا بتوانێت ئەوان هێمن بکاتەوە، بەڵام چی دەکرد؟ چیرۆکەکەی بڵاونەدەکردەوە؟ نەیدەتوانی ئەم کارە بکات، پاشان وەڵامی نامەی هاوڕێکانی بەم شێوەیە نووسی: **(هاوڕێ ئازیز و ڕەنجاوەکانم ناچارم،کە یەکسەر نامەیەکتان بۆ بنووسم و دڵی خۆم لەم پەشێویە ڕزگار بکەم، کار لەکار ترازاوە و کتێبەکە بڵاو بۆتەوە، ئەگەر دەتوانن من ببەخشن، لەمبارەیەوە نامەوێت هیچ شتێک ببیستم تا ئەوەی کە ڕوداوەکان ئەوە دەسەلمێنێت،کە ترسی ئێوە چەندە زێدەڕۆییانە بووە و خۆتان لە خودی کتێبەکەدا لە ئاوێتەیەکی بێخەوشی وەهم و حەقیقەتدا ببینن... و ئێستا ئازیزانی من هەر کاتێک، کە ئاگری تورەییتان هەڵگیرسا بیربکەنەوە تەنیا بیر بکەنەوە، کە گۆتەی هاوڕێی دێرینی ئێوە هەمیشە و ئێستاش زیاتر لە هەر کاتێک لە خزمەتی ئێوەدایە).**

بڵاوبوونەوەی کتێبەکە بەهەمان ئەو شێوەیەی،کە کیستنەرەکان مەزەنـــدەی دەکەن[٦٤] بـــووە هـــۆی ئەوەی،کە خەڵـــک داوای ڕوونکردنەوەیەکی پـاتکراوەی لێبکەن و هاوسۆزی دەربخەن، بـرای لۆتە (هـانز بـۆف) بۆچـوونی دانیشـتوانی مـاڵی بـاوکی بەوان گـوت، لانیکەم لەوێدا هەموویان گۆتەیان دەناسی و ئازارەکـانی ڤـارتەری لاو ببـووە مـایەی پێکەنینێکـی شـێتانە، هـانز بـۆف نووسـیبووی : ( بەڕاستی ئێوە ڤارتەرتان خوێندۆتەوە؟ چ سەرنجێکتان سـەبارەت بەو هەیە؟ لەوێـدا دیمەنێکـی سەرنجڕاکێشـی هێناوەتەکـایەوە، لە تەواوی شاردا لە دوو نووسخە زیاتر لەم کتێبە چنگ ناکەوێت، چونکە هەموو خەڵــک دەیانەوێــت ئەو کتێــبە بخــوێننەوە و کتێــبەکە لەیەکتــری دەڕفێنن. دوێنی شەو مـن و بـابە و کـارۆلین[٦٥] و لێـل[٦٦] و ڤیلهـێلم[٦٧] پێکەوە لەسەر نوسخەیەک،کە بەرگەکەی دڕابوو دەمانخوێنـدەوە، هەر لاپەڕەیەکی کتێبەکە پێنج دەستی دەکـرد... ڤـارتەی دامـاو! لەکـاتی خوێندنەوەی ئەم کتێبە زۆر پێکەنیم، ئایا خۆیشی لەکـاتی نووسـینی ئەو کتێبەدا پێکەنیوە؟)

کیستنەر ناچار بوو بە هـاوڕێ نائاسـوودەکانی، کە دڵنەوایـی ئەویـان دەدایەوە بە دڵنیـاییەوە بڵێـت پێوەنـدییە خێزانییەکـانی زۆر باشـە و

---

[٦٤] Hans Buff.

[٦٥] Caroline

[٦٦] Llele

[٦٧] Wilhelm. :

ژنەكەی هەمیشــــە ئەوی خـــۆش ویســـتووە و  هەرگیـــز وای لە گـــۆتە نەكـــردووە،كە بیـــر لە خۆكوشـــتن بكـــاتەوە و چیـــرۆكەكە هەرچـــی بێـــت چیرۆكە، سەرەنجام شارلۆت توانی ئەو ناچار بكات، كە بۆ داوای لێبوردن و پۆزش هێنانەوە نامەیەک بۆ گۆتە بنووسێت.

مایەی چاوپۆشی بوو، نووسەرە گەنجەكە سەرمەست بـوو، سەرانسـەری وڵاتی ئەڵمانیـا ئەشـكی بـۆ چارەنووسـی ڤـارتەر هەڵدەڕشـت، كـوڕانی لاو لەسەر شێوازی ڤارتـەر ئێلەگی زەرد و كـۆتی شـین و لاسـایی كراسـەكانی شارلۆتیان دەكـردەوە، بەتـایبەت ئەو كراسـە سـپییەی،كە گـوڵی سـووری تێدابوو و لە یەكەمین دیدار لەگەڵ دۆستەكەی لەبەری كردبـوو، لە هەمـوو باغچەكاندا كەسە دڵ ناسكەكان بەیادی ڤـارتەر مـاڵی بچووكیـان دروسـت دەكرد.لاولاوەكان ڤارتەرئاسا خۆیـان لە دەوری گوڵـدانە گەورەكـان  لـوول دەدا. دەربارەی ڤارتەر چەند گۆرانی و شیعرێک دادەنرا، فرەنسـییەكانیش كە زۆربەی كـات هەمـوو شـتێک سەرزەنشـت دەكەن، بە تـامەزرۆییەوە پێشـوازییان لەم پەیڕەوكـارەی قوتابخـانەی ڕۆسـۆ كـرد، لە سـەردەمی بڵاوبوونەوەی هیلۆییزی نوێ[٦٨] تا ئەو كاتە هـیچ كتێبێـک وەهـا ئەوروپـای نەخرۆشاندبوو.

گۆتە بە دەنگێكەوە،كە هێندە ئاسەواری پەشـیمانی تێـدانەبوو وەڵامـی كیستنەری دایەوە: ( ئێوە ئەی كەم باوەڕان!ئەگەر دەتانتوانی یەكێک لەو هەزار بەها و واتایەی،كە ڤارتەر بۆ هەزاران دڵ هەیەتـی درک بـكەن، ئەوا ئەو قوربـانییەی كە سـەبارەت بەو داوتـانە هەژمارتـان نەدەكـرد... مـن

[٦٨]. Nouvelle Heloise ڕۆمانە نامەئامێزە بەناوبانگەكەی ژان ژاک ڕۆسۆ. و.فارسی.

هەرگیز نامەوێت بۆئەوەی ژیانی خۆم ڕزگار بکەم چاو لە ڤارتەر بپۆشم، کیستنەر باوەڕ بکە، باوەڕ بەم قسەیەم بکە،کە ترس و پەرێشانییەکانی تۆ وەکو تارماییەکانی شەوان لەناودەچن، ئەگەر جوامێر بن و ئازارم نەدەن، ئەو نامە و فرمێسک و ئاهانەی،کە بوونەتە شاباشی ڤارتەر بۆ ئێوە دەنێرم و ئەگەر بڕواتان هەیە باوەڕ بکەن،کە کارەکان دێنەوە سەر ڕێچکەی خۆیان و چەنەبازی ئەم و ئەو هیچ بەهایەکی نییە.. لۆتە خوات لەگەڵ، کیستنەر منت خۆش بوێت و دڵتەنگم مەکە).

لەم ڕۆژە بەدواوە نامەنووسینی ئەو لەگەڵ خانەوادەی کیستنەر بەشێوەیەکی مەبەستدارانە کەم بووەوە:

ئەوان لەوە بەدواوە لە دەربڕینەکانی کتێبەکەی ئەودا مۆمیایی کرابوون و بەپیرۆزییەوە پارێزگارییان لێکرابوو، بەشێکی زۆری واقیعیەتی خۆیان لەدەستدابوو، تا ماوەیەکی زۆر ساڵانە چەندین نامەی بە ناونیشانی (ڕۆڵە ئازیزەکانم) بۆیان دەنووسی و پرسیاری لە بارودۆخی خانەوادەکەیان، کە بەرەو فراوانی و زۆربوون دەڕۆیشت دەکرد، پاشان کیستنەری میهرەبان کۆچی دوایی کرد.

لە ساڵی ١٨١٦دا خاتوو سکرترین کیستنەر، کە بێوەژنێکی پەنجا و نۆ ساڵان بوو، سیمایەکی ناشرین، بەڵام سادەییەکی دڵگیری هەبوو لەگەڵ جەنابی وەزیر (بەڕێز گۆتە) لە ڤایمار[٦٩] دیدەنی کرد، ئەو ئومێدەی هەبوو، کە ئەو پیاوە گەورە یارمەتی ئۆگۆست[٧٠] و تیۆدۆری[٧١] کوڕی بدات،

---


[٦٩] Weimar .
[٧٠] Auguste .
[٧١] Theodore .

بەتايبەت يارمەتی تيۆدۆر بدات،كە دەيويست خەريكی خوێندنی زانستە پەتييەكان بێت.

پيرەمێردێكـــــی بەڕێـــــز و بێهێـــــزی دۆزيەوە، كە لە قەڵافەتيـــــدا بەبێهودەييەوە بەدوای نيشانەيەكی سيما و ڕوخساری گەنجە شێتەكەی ڤێتسلار دا دەگەڕا، گەنجێك كە ئەستەم بوو كەسێك هاوڕێی نەبووبێت، قسەكردن ئەوانی نەگرتەوە، گۆتە كە نەيدەزانی چی بڵێت چەند وێنە و ڕووەكێكی وشككراوەی بەو نيشاندا، هەر يەكێكيان شۆكی و واق وڕماوی لە چاوی ئەوەيتردا دەبينی، سەرەنجام جەنابی وەزير شوێنی خۆی لە هۆڵی شانۆكەدا بە خاتوونە پيرەكە ناساند و پۆزشی خواست، كە ناتوانێت خۆی لەگەڵيدابێت، خاتوونەكە لەكاتی هاتنە دەرەوە بيری كردەوە:

( ئەگەر بەڕێكەوت و بەبێ ئەوەی ناوی بزانم ديدەنيم بكردبوايە، ئەوا بينينی هيچ كاريگەرييەكی لەسەر من پەيدا نەدەكرد).

هۆكارەكەی ئەمە بوو،كە لەڕاستيدا ماوەيەكی زۆر لەمەوبەر ئيتر نە دكتۆر گۆتەيەک بوونی هەبوو نە خاتوو لۆتە بۆف، كە هێندە لە سەماكردن و پياسەكردن لەبەر خۆردا چێژی وەردەگرت، لە تەواوی كەسايەتييەكانی ئەم چيرۆكەدا،كە يەكێكيان هێشتا زيندوو بوو ، ئەويش ڤارتەری داماو بوو.




**وێنەی بەرگی رۆمانەکە بە زمانی ئینگلیزی**

# دەربارەی ئازارەکانی ڤارتەر

## پێیر بێرتۆ

## وەرگێڕانی: فەریدە مەهدەوی


alamy stock photo

له ساڵی ١٧٧٤دا به بۆنەی ڤیستیڤاڵی پاییز له شاری لایپزیک کتێبفرۆشییەک بەناوی (ڤیگاند) ڕۆمانێکی بچووکی بڵاوکردبووەوە، کە تەنیا سەد و پەنجا لاپەڕە بوو ناونیشانی کتێبەکە (ئازارەکانی ڤارتەری لاو) بوو، ناوی نووسەرەکە ئاشکرا نەکرابوو، دەسەڵاتە خۆجێییەکان وایدەبینن، کە ئەم کتێبە بانگەوازێکە بۆ خۆکوژی، لە ئەنجامدا بە کتێبێکی بەدڕەوشت هەژمار دەکرێت، ئەوان فرۆشتنی کتێبەکەیان قەدەغەکرد، کە بەڕاستی کارێکی بێسوود بوو، تەنانەت ئەم قەدەغەکردنە بووە مایەی ئەوەی، کە ئەم کتێبە سەرکەوتنێکی چاکتر و خۆشەویستییەکی زیاتر پەیدا بکات، بە زوویی کتێبەکە هەوادارێکی زۆری پەیدا کرد، سەرەنجام لەوە تێدەگەن، کە نووسەری کتێبەکە گەنجێکە لە بەشی یاسا و پیاوێکی بیست و پێنج ساڵانە بەناوی دکتۆر گۆتە لە فرانکفۆرت، ئەم ناوە بە زوویی ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد.

**ناپلیۆن** بە خودی خۆی لەبەردەم گۆتەدا دانی بەوەدا ناوە، کە شەش یا حەوت جار ڤارتەری خوێندۆتەوە، بگرە لە کاتی لەشکرکێشی بۆ سەر میسریشدا! ناپلیۆن دواتر لەگەڵ نووسەری ئەم کتێبەدا دەکەوێتە دەمەتەقێ و گۆتە بەرەو ڕووی درک بەوە دەکات، کە ئیمپراتۆر بە واقیعی لەگەڵ ئەم کتێبەدا ئاشنایەتییەکی زۆر قووڵی هەبووە، ڕێک هاوشێوەی دادوەری دادگایەک،کە دۆسیەی لێکۆڵینەوەی بەردەمی خۆی چەندین جار بە تەواوەتی خوێندۆتەوە).

**مادام دی ستایل** لە ساڵی ١٨٠٣دا کتێبی (دیلفین)ی خۆی بڵاوکردەوە،کە ڤارتەرێکە لەسەر شێوازی ژنانە، دی ستایڵ ئەم بەرهەمەی گۆتەی بە چاکترین کتێب لە مێژووی ئەدەبیاتی ئەڵمانی داناوە و ڕایدەگەیەنێت:

**( ئەڵمانییەکان بە شانازییەکی زۆرەوە دەتوانن لە ڕیزی شاکارەکانی زمانانی تری دابنێن).**

ڤارتەرگەرایی بووە هۆی ئەوەی، کە (**شاتۆبریان**)یش کتێبە جوانەکەی خۆی (ڕینێ)لە ساڵی ١٨٠٢ دا بنووسێت، بە جۆرێک کە (**ئەلفرێد دی ڤینی**)لە ساڵی ١٨٣٦ دا بەبێ هیچ ناسیاوییەک لەگەڵیدا لەربارەی ئەم کتێبەوە دەڵێ: ( ڕینێ بە جوانی لاسایی کردنەوەی ڤارتەرە)، هەروەها ڤارتەر بووە هۆی ئەوەی، کە (**سینانکۆر**) کتێبی (ئۆبێرمان)خۆی لەساڵی ١٨١٦ دا بنووسێت و (**بینیامین کۆنستان**)یش لە هەمان ساڵدا کتێبی (ئەدۆڵف)ی خۆی بنووسێت، (نۆدیە)ش سێ یا چوار بەرهەمی خۆی بە ئیلهام وەرگرتن لە ڤارتەر نووسیووە.

**ستاندالْ** بەشێک لە کتێبەکەی خۆی (سنوری عیشق)ی بۆ دۆن ژوان و ڤارتەر تەرخان دەکات، تەنانەت نووسەرانی وەک (سانت بۆڤ و ڤیکتۆر هۆگۆ و ڤینی)یش کاریگەری خوێندەوەی ڤارتەریان لەسەرە.

**(لامارتین)** دەڵێت: ( لەیادمە لە قۆناغی لاوێتی خۆمدا جارەهای جار ڤارتەرم خوێندەوە ... ئەو کاریگەریانەی،کە ئەم کتێبانە دەیخستە سەر ڕۆحم، هەرگیز لەناو نەدەچوون و هەرگیز کپ نەبوونەوە، دڵتەنگی و خەفەتێکی قووڵ کە لە هەستە دڵدارییە مەزنەکاندا هەیە، هەمیشە لەڕێگەی چیرۆکی ڤارتەر لە ناخمدا لەئارادایە ... من بەم کتێبە دەستم بە کۆتایی ناخی مرۆڤ گەیشت... پێویستە مرۆڤ دە ڕۆحی هەبێت تا بتوانێت ڕۆحی تەواوی سەدەیەک بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە ...) تەنانەت کاریگەریی ڤارتەر دەتوانرێت لە کتێبی (دۆمەنیک)ی بەرهەمی (فرۆمینتین)یشدا ببینرێت، هەر بەم جۆرەش لە کتێبی (یادەوەرییەکانی هەڕەتی منداڵی و لاوێتی)ی بەرهەمی (ڕینان) ەوە بگرە دەتوانرێت لەسەر نووسەرانی هاوچەرخی وەک ئەندریێ ژید ئەم پێوەندی و کاریگەربوونە بە کەسایەتی ڤارتەرەوە ببینرێت.

چوار ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبە گۆتە بۆ خاتوو (دی ستین) دەنووسێت: ( خودا من دوور بخاتەوە لە نووسینی چیرۆکێکی هاوشێوەی ڤارتەر).[٧٢]

---

[٧٢] . ئەم بۆچوونانە هی **(پێیر بێرتۆ)**یە و لە پێشەکی کتێبی: رنجهای ورتر جوان، ترجمە فریدە مهدوی، چ١، نشر مهر، تهران، ١٣٨١ وەرگیراوە.

## ژیانی یۆهان ڤۆلفگانگ ڤۆن گۆتە

له ١٧٤٩/٨/٢٨ له شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لەدایکبووه و له ٢٢ی مارسی ١٨٣٢ له ڤایماردا کۆچی دوایی کردووه، گۆتە نووسەر و ئەدیب و نیگارکێش و مافناس و مرۆڤناس و فەیلەسووف و سیاسەتمەداری ئەڵمانی بوو ، یەکێکە لە پایە هەرە بڵندەکانی ئەدەبیاتی ئەڵمانی و ئەدەبیاتی جیهانی بەگشتی.

ژیانی لەنێو هەردوو ڕێبازی کلاسیزم و ڕۆمانسیزمدا بەسەر بردووە، سەرەتا لە بزاڤی (زریان و لافاو)دا بووه و پاشان لە ڕۆمانسیزم هەڵگەڕایەوە و گوتی: ڕۆمانسیزم نەخۆشییە، زۆر کاریگەر بووه بە شیلەر و ڕۆسۆ و ئەدەب و کلتوری خۆرهەڵات بەتایبەت شیعرەکانی حافزی شیرازی و زمانی عەرەبی و عیبری.

لەلای باوکی و مامۆستایەکی تایبەت زۆربەی زانستەکانی وەرگرت، بەتایبەت زمانەکانی لاتینی و یۆنانی و فرەنسی و ئینگلیزی و عیبری بەچاکی فێربوو.

گۆتە لەنێوان سالانی ١٧٦٥-١٧٦٨دا لە لایپزگ چووه بەر خوێندنی یاسا و لەساڵی ١٧٦٨ دا گەڕایەوە شوێنی لەدایکبوونی بەبێ ئەوەی زانکۆ تەواو بکات، لە ساڵی ١٧٧١ دا دووبارە چوویەوە بەر خوێندن و لە ساڵی ١٧٧١دا لە زانکۆی ستراسبۆرگ بەکالۆریۆسی لە یاسا وەرگرت و لە ١٧٧٥دا چووه ڤایمار و لەوێدا بۆماوەی دە ساڵ بووه وەزیری دەوڵەت پاشان تا ساڵی ١٧٨٨

چـووە ئیتاڵیـا و لەوێـدا ڕووی لە هـونەر و پەیکەرتاشـی کـرد و سەرقاڵی کارەکانی مایکل ئانژ و ڕافایل بوو، لە ١٧٨٨دا گەڕایەوە ڤایمار و تەواوی ژیانی لەوێدا بەسەر برد.

ئەم نووسـەرە زۆرتـرین ڕێـزی لە ئەڵمانیـا لـێ گیـراوە و ئێسـتا گەورەتـرین پەیمانگـای وڵاتەکەی بەنـاو کـراوە و هەروەهـا میـدالیای گۆتە هەر لەم پەیمانگایە ساڵانە بە کەسایەتییە ئەدەبییەکانی جیهان دەدرێـت،کە لەو مـاوەیەدا ئەم پەیمانگـایە دووبـارە بەرهەمەکـانی کۆکردۆتەوە و بە ئۆنلاین بڵاویکردۆتەوە، کە تەنیا نامەکانی ٥٦بەرگە و تا ئێستا پێنج بەرگی لێ بڵاوکراوەتەوە.

**بەرهەمەکانی:**

١ .ئانیتە ١٧٧٠ (دیوانی شیعری).

٢ .گانیماد١٧٧٠- ١٧٧٥ (شیعری درێژ).

٣ .ئۆرفاوست١٧٧٢- ١٧٧٥ (شانۆنامە).

٤. گۆتز ڤۆن بریشینگین ,١٧٧٣

٥ .دەربارەی هونەری تەلارسازی لە ئەڵمانیادا ١٧٧٣.

٦ .ئازارەکانی ڤارتەر ,١٧٧٤

٧. پاشای تولا١٧٧٤ (بالاد).

٨. پرۆمیسیۆس١٧٧٤ شیعر.

٩. کلافیگۆ١٧٧٤ (شانۆنامەیەکی تراژیدییە).

١٠. دیدەنی و ماڵئاوایی١٧٧٥ (شیعری درێژ).

١١ .ئیگمۆنت١٧٧٥ (شانۆنامەیەکی تراژیدییە).
١٢ .ئارڤین و ئیلمێر١٧٧٥ (شانۆنامەی لیریکی).
١٣ .شتیلا ١٧٧٦ (شانۆنامە).
١٤ .خوشک و برا١٧٧٦ (شانۆنامە).
١٥ .ئیفیگینا لە تاورِس١٧٧٩ (شانۆنامە).
١٦ .تۆرکواتۆ تاسۆ١٧٨٠ (شانۆنامە).
١٧ .پاشای خێوەکان١٧٨٢ (بالاد).
١٨ .لاواندنەوە رۆمانییەکان. ١٧٨٨-١٧٩٠ (شیعر).
١٩ .سەرکەوتنی ویژدانی١٧٧٨ (شانۆنامە).
٢٠ .مەسخی رووەکەکان١٧٩٠.
٢١ .ریناری رێوی ١٧٩٥ (داستان).
٢٢ .مارە سەوزەکە و لیلی جوان١٧٩٥ (حیکایەتی ئەفسانەیی).
٢٣ .حوکم لە ڤینیسیا١٧٩٦ (کۆمەڵە شیعرێکی تەنز ئامێز).
٢٤ .گەنجە جادوبازەکە١٧٩٧ (شیعری درێژ).
٢٥ .دیارییەکانی سەر خوان١٧٩٧ (چەند شیعرێکی داشۆرینی سیاسی).
٢٦ .هێرمان و دوروتیا ١٧٩٧ شیعری داستانی شوانکارەیی.
٢٧. ڤینکلمان و سەردەمەکەی١٨٠٥ (لێکۆڵینەوەی ئیستاتیکی و رەخنەیی).
٢٨ .کێشکردنە سەرپشکەکان١٨٠٩ (رۆمان).

٢٩ .باندۆڕا ١٨٠٩-١٨١٠ (شانۆنامە).

٣٠ . تیۆری ڕەنگەكان١٨١٠ (بابەتێكی زانستییە لەبارەی ڕەنگەكان)

٣١ .شیعر و حەقیقەت... لە ژیانمدا ١٨١١/١٨٣١ (یادداشتنامە).

٣٢ .گەشتی ئیتاڵیا١٨١٦ (گەشتێكە بۆ ئیتاڵیا).

٣٣ .ساڵانی گەڕیدەیی ویلیام مایستەر١٨٢١ (ڕۆمان).

٣٤ . لاواندنەوەی مارینباد١٨٢٣.

٣٥ . دەربارەی شیعری داستانی و شیعری درامی بە هاوبەشی لەگەڵ شیلەر[٧٣] ١٨٢٧.

٣٦ .هەڵوێست و ڕامانەكان (وتەكانی گۆتە)دوای مردنی ١٨٣٣

٣٧ .فاوست (داستانی شیعری لە دوو بەشدا).

٣٨ .دیوانی خۆرهەڵاتی، دیوانی خۆرئاوایی.

[٧٣]. تەواوی زانیارییەكان لەبارەی ژیان و بەرهەمەكانی گۆتە لە ئینسكلۆپیدیای عەرەبی و فارسییەوە وەرگیراون.




**وێنەی بەرگی رۆمانەکە بە زمانی ئەڵمانی**




**وێنەی بەرگی ڕۆمانەکە بە زمانی عەرەبی**

# وەرگێڕەکان

● هیمداد حوسێن بەکر لە ساڵی ١٩٦٤ لە دایکبووە.

●لە ساڵی ٢٠٠١ دکتۆرای لە ئەدەبیات و ڕۆژنامەوانیی کوردی لە زانکۆی سلێمانی وەرگرتووە.

●لە ساڵی (١٩٩٥)ەوە لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر پرۆفیسۆری ئەدەبیاتی نوێی و ڕۆژنامەوانیی کوردییە و سەرپەرشتی ژمارەیەک خوێندکاری دکتۆرا و ماستەری لە بەشەکانی کوردی و فارسی و ڕاگەیاندندا کردووەو زیاتر لە ٣٠ کتێبی چاپکراوی هەیە

●سکرتیری ڕۆشنبیریی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

..........................

●سەنگەر نازم حسین لە هەولێر لە ساڵی ١٩٨٩ لە دایکبووە.

●ساڵی ٢٠١١ بەکالۆریۆسی لە زمان و ئەدەبی کوردی لە زانکۆی کۆیە وەرگرتووە.

●ساڵی ٢٠١٥ ماستەری لە ئەدەبی نوێی کوردیدا وەرگرتووە. ناونیشانی نامەکەی بریتییە لە:وێنەی پیاو لە شیعرەکانی کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فەروخزاد.

* ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی کۆیە.